# عەبدولڕەحمان قاسملوو

## ژیانو ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا

1930 -1989

*"توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە"*

هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی

2706 کوردی 2007 زاینی

www.pertwk.com

# عەبدولڕەحمان قاسملوو
## ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا

نووسینی: هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی

تایپ: مەحەمەد بابۆڵ

نەخشەسازیو بەرگ:

چاپی یەکەم

شوباتی 2007

تیراژ: 1000 دانە

ژمارەی سپاردنی (          ) وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی (          ) ی پێدراوە
لە کۆمەڵگای چاپەمەنی شەهاب لە هەولێر چاپ کراوە

## ڕوون کردنەوەیەکی پێویست

- ئەم کتێبە لـە بنەڕەتـدا تێزێکـی ماسـتەرە پێشـکەش بەبەشـی مێژووی کۆلێجی پەروەردە / زانکۆی کۆیە کـراوە بەسەرپەرشـتی بـــەڕێز ( پرۆفیســـۆری یاریـــدەدەر د.عەبـــدوڵڵا مەحەمـــەد عـــەلی عەلیاوەیی ). لە 2006/8/5 گفتوگۆی لەسەر کراوەو وەك خـۆی بە پلەی ( زۆر بـاش ) وەرگیراوە.
- جگە لە کـاری زانسـتی سـەرجەم مافـەکانی وەرگێـرانو چـاپو بڵاوکردنەوە پارێزراوە بۆ نووسەر

# پێشکەشە بە

- دایكو باوكم، دوو مۆمی ڕووناك لەڕێگەی ژیانم.
- خۆشەویستانی ڕێگای ژیانم، ماردینو سان.
-هێلین قاسملوو، مرۆڤێكی بە وەفا بۆ كورد و كوردستان.

## سوپاس و پێزانین

سوپاسی مامۆستای خۆشەویستی کۆرسەکانی خوێندن و سەرپەرشتیاری نامەکەم (پ.ی.د.عەبدوڵڵا محەمەد عەلی عەلیاوەیی) دەکەم، کەبەسەرنج و تێبینی ورد، دیدوبۆچوونی زانستیانە ڕێنمایی پێویستی کردووم و پشتیوانێکی سەرەکی تەواو کردنی ئەم نامەیە بووە.

سوپاس بۆ بەڕێز (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) سکرتێری پێشووی حدکا، لەپێدانی سەرچاوەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم و ڕێنیشاندانم، لەهەمان کاتدا لەڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی تێزەکەم درێغی نەکرد.

سوپاس بۆ مامۆستایانی خۆشەویستی کۆرسەکانی خوێندن، بەتایبەتی (د.کەمال عەلی و د.دلێر ئەحمەد) کە لەڕێنمایی کردن و هاوکاری کردنم درێغیان نەکرد.

سوپاس بۆ برای بەڕێزو خۆشەویستم (م.سەروەر عەبدولڕەحمان) کەلەپێدانی سەرچاوەی پێویست و ڕێنیشاندانم درێغی نەکرد.

سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێز (د.یاسین سەردەشتی) لەپێدانی سەرچاوەو ڕێنمایی کردنی زانستیانە لەسەرەتای هەڵبژاردنی بابەتەکە، هەروەها (مومتاز حەیدەری)، کە بەسینگێکی فراوانەوە کتێبخانەکەی خۆی خستە بەردەستم و سوودم لێی وەرگرت.

سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە ئامادەبوون چاوپێکەوتنم لەگەڵدا بکەن و وەڵامی پرسیارەکانیان دامەوە، (هێلینا کرۆلیش (نەسرین خان)، جەلیل گادانی، سەلاحوددینی موهتەدی، کریس کۆچێرا، مستەفا هیجری، حەسەن شەرەفی، حسێن مەدەنی، کاوە بەهرامی، پ.د.عیزەددین مستەفا رەسوڵ، د.جەوهەر شاوەیس).

سوپاس بۆ هاوڕێی بەڕێزو خۆشەویستم (محمد بابۆڵی) کە کاری کۆمپیوتەرو تایپ کردنی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆی خۆی.

سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکاریان کردم، بەتایبەتی بەڕێزان (پ.ی.د.وەلی محمود، م.جەمال فەتحوڵڵا، گۆران ئازاد، بەختیار عەلی، مقداد محەمەد، م.هۆشەنگ فاروق، م.حەیدەر لەشکری، پ.د.صلاح حەیدەری، عەلی ئیلنجاغی).


www.pertwk.com

- گەل - یێك ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات.

- باشترین پاداشت بۆ شەهیدان درێژە پێ دانی ڕێگایانە.

- خراپترین دیموکراسیم، لەباشترین دیکتاتۆری پێ باشترە.

لە وتەکانی

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو

## لیستی هێماو ناوە کورتکراوەکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران | = | حدکا. | بۆ پارت و ڕێکخراوەکان |
| پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق | = | پ. د. ك. | |
| یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان | = | ی. ن. ك. | |
| حزبی شیوعی عێراق | = | حشع. | |
| پارتی کرێکارانی کوردستان | = | پ. ك. ك. | |
| حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | = | حسك. | |
| پارتی سۆسیالیستی کورد | = | پاسۆك. | |
| سەرچاوەی پێشوو | = | س. پ. | بۆ سەرچاوە کوردی و عەرەبی و فارسییەکان |
| هەمان سەرچاوە | = | ه. س. | |
| هەمان سەرچاوەی پێشوو | = | ه. س. پ. | |
| لاپەڕە | = | ل. | |
| بەرگ | = | ب. | |
| چاپ | = | چ. | |
| زایینی | = | ز. | |
| هەتاوی | = | ه. | |
| وەرگێڕ | = | و. | |
| ترجمە | = | ت. | |
| جزء | = | ج. | |
| طبع | = | ط. | |
| دوکتۆر – الدکتور | = | د. | |
| بێ ساڵی چاپ | = | ب. س. | |
| بێ شوێنی چاپ | = | ب. ش. | |
| لاپەڕە | = | L. | بۆ سەرچاوە کوردییەکان بە پیتی لاتینی |
| بێ ساڵی چاپ | = | b. S | |
| بێ شوێنی چاپ | = | b. Sh | |
| لاپەڕە | = | p. | بۆ سەرچاوە ئینگلیزییەکان |
| سەرچاوەی پێشوو | = | Op.Cit., | |



www.pertwk.com

هەمان سەرچاوە = Ibid,


www.pertwk.com

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | 5 -1 |
| **بەشی یەکەم: ژیانی عەبدولڕەحمان قاسملوو** | 30-6 |
| **باسی یەکەم: بنەماڵەکەیی و قۆناغی منداڵی** | 11-6 |
| یەکەم: بنەماڵەکەی | 7-6 |
| دووەم: لەدایکبوونی | 10-8 |
| سێیەم: ژیانی منداڵی | 11 |
| **باسی دووەم: سەردەمی گەنجی و پێگەیشتنی** | 21-12 |
| یەکەم: قۆناغەکانی خوێندنی | 16-12 |
| دووەم: پێکەوەنانی خێزان (ژیانی هاوسەری) | -17<br>21 |
| **باسی سێیەم: تایبەتمەندییەکانی کەسێتی** | 30-22 |
| یەکەم: ناسناوو ناوە نهێنییەکانی | 23-22 |
| دووەم: زمان زانینەکەی | 25-24 |
| سێیەم: تایبەتمەندیی و ئارەزووەکانی | 30-26 |
| **بەشی دووەم: ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەماوەی دەسەڵاتداریێتیی شاهەنشاهیی ئێران دا** (1945-1978) | 59-31 |




www.pertwk.com

| | |
|---|---|
| **باسی یەکەم: سەرەتای کاری سیاسیی قاسملوو** | 44-31 |
| یەکەم: ڕۆڵی لەڕێکخراوە پیشەییە کوردییەکاندا | 37-32 |
| أ- یـــەکێتیی لاوانـــی دیمـــوکراتی کوردســـتانی ئێران. | 34-32 |
| ب- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا. | 37-35 |
| دووەم: کاری سیاسیی قاسملوو لە حیزبی توودەی ئێران دا (1948- 1968) | 44-38 |
| **باسی دووەم: ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەسالأنی ( 1953- 1978 ) دا** | 59-45 |
| یەکەم: سەرەتای ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە حدکا (1953-1960) دا | 50-45 |
| دووەم: ڕۆڵـی سیاسـیی قـاسملوو لـە بزووتنـەوەی ڕزگارخوازیی کورد لە ساڵانی (1970- 1978) دا | 59-51 |
| **بەشی سێیەم: ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەماوەی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا 1979- 1989** | 98-60 |
| **باسی یەکەم: خەباتی سیاسیی قاسملوو لەنێوان ساڵانی 1979- 1988 دا** | -60 81 |
| یەکـەم: هەڵوێسـتی قـاسملوو بەرامبـەر بـە کۆمـاری ئیسلامیی ئێران. | -60 64 |
| دووەم: هەوڵەسیاســـــییەکانی قـــــاسملوو بــــۆ | -65 |

| | |
|---|---|
| چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دا. | 75 |
| سێیەم: گۆڕانە فیکریو سیاسییەکانی قاسملوو لەساڵانی 1980- 1988و ڕەنگدانەوەی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. | 81-76 |
| **باسی دووەم: گفتوگۆو چارەنووسی قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران 1988 -1989** | 98-82 |
| یەکەم: هۆکارەکانی بەستنی گفتوگۆ | -82 84 |
| دووەم: قۆناغەکانی گفتوگۆ: | 90-85 |
| أ-خولی یەکەمی گفتوگۆ (1988/12/28- 1989/1/20). | 87-85 |
| ب-خولی دووەمی گفتوگۆ (12 و 1989/7/13). | 90-87 |
| سێیەم: ئاکامەکانی گفتوگۆو تیرۆرکردنی قاسملوو | 95-91 |
| چوارەم: هەڵەکانی قاسملوو لەگفتوگۆدا | 98-96 |
| **بەشی چوارەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەری کوردستاندا** | -99 119 |
| **باسی یەکەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باشووری کوردستان دا** | -99 110 |
| أ- حزبی شیوعیی عێراق. | -100 |



www.pertwk.com

| | |
|---|---|
| ب- پارتی دیموکراتی کوردستان. | 101-102 |
| ج- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. | 106-106 |
| د- لەگەڵ پارتەکانی دیکە. | 109-109 |
| **باسی دووەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان دا** | 110-111 |
| یەکەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باکووری کوردستان | 115-111 |
| أ- حزبی سیۆسیالیستی کوردستانی تورکیا. | 113 |
| ب- پارتی پێشەنگی کرێکاریی کوردستان لە تورکیا. | 111 |
| ج- پارتی کرێکارانی کوردستان . | 111 |
| دووەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دا | 111-113 |
| **باسی سێیەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵە لەرۆژهەلاتی کوردستان دا** | 114-115 |
| **بەشی پێنجەم: دیبلۆماسیەتی دەرەکیی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا** | 116-119 |
| | 120-155 |

**باسی یەکەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دا** 120-136
یەکەم: پەیوەندیی قاسملوو بە پارتە ئێرانییەکانەوە: 120-130
أ- توودە. 120-123
ب- ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەڵکی ئێران 124-124
ج- موجاهیدینی خەڵکی ئێران 125-127
دووەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لەسەر ئاستی ئێران دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی 128-136
أ- خەباتی قاسملوو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرگری 128-133
ب- هەوڵی قاسملوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی لەسەرانسەری ئێران دا 133-136
**باسی دووەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لە سەرئاستی دەرەوە** 137-155
یەکەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان دا 137-144
أ- عێراق 137-142



www.pertwk.com

| | |
|---|---|
| ب- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین | 142 |
| ج- کۆماری دیموکراتی یەمەن | -142 143 |
| د- لەگەڵ وولاتانی دیکە | 143 |
| دووەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەبیروڕای گشتیی جیهان | -144 155 |
| ئەنجام | -156 157 |
| لیستی سەرچاوەکان | -158 178 |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی (ملخص البحث) | -179 180 |
| پاشکۆی بەڵگەنامەکان | -181 207 |
| پاشکۆی وێنەکان | |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی (Abstract) | |

# پێشەکی

**گرنگی توێژینەوەکە:**

بەدرێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد ڕۆڵی دیاریان لەبەرپاکردنی شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکان هەبووەو بەشی زۆری تەمەنی خۆیان بۆ ئەم بوارە تەرخانکردووە.

یەکێك لەو کەسایەتییە سیاسیە دیارانەی کورد (د.عەبدولڕەحمان قاسملوو)ە، کە بۆماوەی نزیك بە (40) ساڵ لەهەوڵی بەردەوامی سەرخستنی ئەوبزوتنەوەیە بەگشتی‌و بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دابووەو لەوماوەیەشدا دەستکەوتی جیاجیای هەبووە. بۆیە توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە بەو وەك کەسێتیەکی سیاسیی کورد، بەناونیشانی (عەبدولڕەحمانی قاسملوو، ژیان‌و ڕۆڵی سیاسیی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا )و ماوەی توێژینەوە کەشمان بەلەدایك بوون‌و تیرۆرکردنی لەنێوان ساڵانی (1930–1989) دەستنیشانکردووە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

چەند هۆکارێکی بنەڕەتی ئێمەی هاندا ئەم بابەتە دەستنیشان بکەین، وەك: تا ئێستە توێژینەوەی زانستی سەربەخۆو تەواو لەپلەی ماستەر لەسەر ژیان‌و ڕۆڵە سیاسیەکەی ئەنجام نەدراوە، لەهەمان

کاتدا قاسملوو لەئاستی لێپرسراویەتی جۆراوجۆرداو لەچەند قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا ڕۆڵی خۆی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا بەگشتی و لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەتایبەتی گێڕاوە، بۆیە وەك کەسایەتی یەکی سیاسیی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەهێنێ توێژینەوەی لەم جۆرەی لەبارەوە ئەنجام بدرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

خستنەڕووی کەسێتی سیاسیی قاسملووو ڕۆڵی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، هەروەها ئاشکراکردنی پێگەی ڕاستەقینەی ئەو لەبزوتنەوەکەو ئەو ئاراستانەی دیبلۆماسیەتی کوردی پێ دەستنیشانکردوون و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەهەردوو ئاستی نێوخۆیی و جیهانیدا.

**گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:**

لەئەنجامدانی ئەم توێژینەویەدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ بووینەوە، کەپێویستە لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەین:-

نەبوونی سەرچاوەی زانستی پێویست، یەکێك لەگرفتە سەرەکیەکانمان بووە، پاشان بۆئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسایەتییە سیاسیی و هاوەڵە نزیکەکانی کەپێویست بوو بکرێت، وەك: (مام جەلال، دانیال میتران، شێخ عزەددینی حوسێنی و...هتد )، یان نەمان توانیوە بیان بینین،

بەتایبەتی بۆ ئەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، کە پێویست بوو گەشتی دەرەوەیان بۆ بکەین، یانیش بەشێکی ئەوکەسێتیانە، لەبەر هۆی سیاسیی نەیان ویست وەلامی پرسیارەکانمان بەڕاشکاوی بدەنەوە. هەروەها بەهۆی نەزانینی زمانە ئەوروپاییەکانو بەتایبەتی (فەرەنسیو ئەڵەمانی) لەلایەن ئێمەوە، نەتواندراوە وەك پێوویست سوود لەسەرچاوەکانی تایبەت بەژیانو لایەنە جیاوازەکانی دیکەی ژیانی د.قاسملوو ببینرێت بەتایبەت ئەوەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت داهەیە.

سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، پەنامان بۆ ژمارەیەکی جیاواز لەسەرچاوەو بەڵگەکان بردووە، کە دەکرێ لێرەدا بەسەر چەند پۆلێکدا دابەشیان بکەین:-

ئەو کتێبو نامیلکانەی، کە لەلایەن خودی خۆی نوسراون و بلاوکراونەتەوە، وەك: (کوردستانو کورد، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیدا، باسێك لەسەر سۆسیالیزمو...هتد). جگە لەمەش ئەو کتێبانەی کە تایبەت لەسەر ژیانو ڕۆڵە سیاسیەکەی نووسراونو بلاوکراونەتەوە، وەکوو کتێبەکانی (کاکشار خورشیدیو شەهاب خالیدی) بە پیتی لاتینیو کتێبەکانی (ح. ماردینو کاوە بەهرامی) کە کۆکردنەوەی زۆربەی بابەتەکانی تایبەت بە ژیانو کەسێتی قاسملووە، سوودمان لێیان وەرگرتووە.

ئەو نووسین و بڵاوکراوانەی کە لەلایەن حدکاوە بڵاوکراونەتەوە، یاخود لەلایەن کەسانێکی بەرپرس لەنێو ڕیزەکانی حدکا نووسراون، وەك (عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نیو سەدە تێکۆشان)و (جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات)و (غەنی بلوریان: ئاڵە کۆك)و (کەریمی حیسامی: لە بیرەوەرییەکانم)و....هتد. نووسینی ئەم نوسەرانە گرنگی تایبەتی خۆیان هەبووە بۆ توێژینەوەکەمان، چونکە ڕاستەوخۆ لەپاڵ قاسملوودا بەشداری جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوون. ولە نزیکیشەوە قاسملوویان ناسیووەو بە ووردی ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ژیانی و ڕۆڵی سیاسیی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوسەرانە ئەگەرچی لەنێو چوارچێوەی یەك ڕێکخراویشدا کاریان کردووە، بەڵام لەهەندێك مەسەلەدا بیروڕای جیاوازیان سەبارەت بە قاسملوو هەبووە.

هەروەها سوودمان لەو یادداشت و بیرەوەرییانەش وەرگرتووە کە لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتیەوە نووسراون کە لەو ڕۆژگارەدا ژیاون و ئاماژەیان بە قاسملوو کردووە، لەوانە: (فاتح رەسوڵ ، ئەحمەد بانیخێلانی، احسان طبری ، نورالدین کیانوری و...هتد).

لەم نووسینەدا سوود لەهەندێك لەو سەرچاوانەش وەرگیراوە کە لەلایەن نووسەرە بێگانەکانەوە نووسراون و تێڕوانینی خۆیان هەبووە سەبارەت بە قاسملوو. بەشێك لەوانە گرنگی زۆریان هەبووە بۆ باسەکەمان و سوودمان لێ بینیوون، وەك (کریس کۆچێرا، نادر ئینتیسار و...هتد). جگە لەوانە ژمارەیەك لە نووسەرانی عەرەب و فارس بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك سەرچاوە بەرهەمەکانیان

نووسیووەو گرنگیەکی زۆریان هەیە بۆ کەسێك کە لە قاسملوو بکۆڵێتەوە، وەك نووسینەکانی: (محەمەد عەلی سوڵتانیو حەمید شەوکەتو مازیار بهروزو...هتد). بەشێوەیەکی گشتیی لەم نووسینانەدا کۆمەڵێك زانیاری باش هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە ئەو نووسەرانە لەهەندێك بابەتدا بەچاوێکی تەسك بینانەوە لە قاسملوو دواون.

هەروەها سوود لە بەشێکی زۆری ڕاپۆرتە سیاسییەکانی حدکاو پارتو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرگیراون کە لەکۆنگرەو کۆنفرانسەکانیاندا نووسیویانەو گوزارشت لەبیرو بۆچوونی ڕێکخراوەکانیان بەگشتییو قاسملوو بەتایبەتی دەکەن، وەك: راپۆرتە سیاسییەکانی حدکا بۆ کۆنگرەکانی (3-8) کەلەلایەن خودی قاسملوو نوسراونو پێشکەش کراون، هەروەها (راپۆرتە سیاسییەکانی حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) کە لەلایەن جەلیل گادانی نووسراونو پێشکەش کراوە، ئەم راپۆرتانە گرنگی زۆریان هەبوو و سوودی زۆرمان لێوەرگرتوون، چونکە بەڕوونی بیرو باوەڕو بۆچوونی سیاسی قاسملوویان بۆ دیاری کردووین.

هەروەها سوود لەهەندێ دۆکۆمێنتو بەیاننامەو بەڵگەنامەی کەسی وەرگیراوە، وەك: هەندێ بەڵگەی دەزگەی نهێنی ساواكو هەندێك لەبەیاننامەی حدکاو پارتەکانی دیکە، بەتایبەتی نامە کەسییەکانی کە لەلایەن خودی قاسملوو نووسراون، گرنگی تایبەتی بۆ باسەکەمان هەبوو، زۆر لایەنی بیرو بۆچوونو کەسێتی قاسملوویان بۆ ڕوون کردووینەتەوە.



www.pertwk.com

بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکە، هەوڵمان داوە سوود لەزانیارییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت وەربگرین، کەبەشێکی زۆریان بۆ توێژینەوەکەمان بە سود بوون، وەك: چاوپێکەوتنی قاسملوو لەساڵی 1980 لەگەڵ بەشی فارسی بی بی سی لەلایەن بەهرۆز زادە. هەروەها چاوپێکەوتنی نەسرین قاسملوو لەگەڵ ڕۆژنامەی پەیام لەلایەن هەرێم جاف...هتد. جگە لەمانەش چەندین بابەتی دیکە وەك: قوربانیەکانی دەستی تیرۆر لەلایەن دەوڵەتی ئێران‌و تاوانبارکردنی ئێران بە تیرۆری قاسملوو بەتایبەتی ڕەفسنجانی‌و مەحمود ئەحمەدی نەژاد، کە گرنگترینیان بەیانی وەزارەتی ناوخۆی نەمسایە لەبارەی تاوانبارکردنی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بە تیرۆرکردنی قاسملوو لە ساڵی 1989.

سوودێکی زۆرمان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وەرگرتووە، بەتایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، سەبارەت بەو بابەتانەی کە لەلایەن قاسملوو خۆیەوە نووسراوەو تێیدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها ئەو چاوپێکەوتنانەی کەلەگەڵی ئەنجام دراون لە ڕۆژنامەی کوردستاندا. جگە لەمەش بەشێکی زۆری چاوپێکەوتنەکانی قاسملوو لەگەڵ ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە ئەوروپایی‌و ڕۆژهەڵاتییەکان کە لەگەڵیان ئەنجام داوەو ڕۆژنامەی کوردستانیش وەری گێڕاوەو بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها ئەو بەیاننامەو بڵاوکراوانەی حدکا کە گوزارشت لە بۆچوونی سیاسیی قاسملوو و هەڵوێستەکانی دەکات سوودیان لێ وەرگیراوە، چونکە سەرجەمیان سوودی زۆریان هەبوو بۆ توێژینەوەکەمان‌و چەندین


www.pertwk.com

لایەنی جیاوازی ژیانو کەسێتیو ڕۆڵی سیاسیی قاسملووی لە بزووتنەوەی کوردییدا بۆ خستووینەتەڕوو.

بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەو دەستخستنی زانیاری زیاتر، سوودمان لەچاوپێکەوتنی هەندێك کەسایەتی وەرگرتووە کەیان بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبووە لە بزووتنەوەی کوردیدا، یان لەنزیکەوە قاسملوویان ناسیووە کەخۆمان ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا سازمان داوەو سەرجەم ئەو چاوپێکەوتنانەش لە ئەرشیفی نووسەری ئەم تێزەدا پارێزراون. چاوپێکەوتنەکانی (هێلینا کرۆلیش "نەسرین قاسملوو"، پ.د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ، جەلیل گادانی، سەلاحوددینی موهتەدیو عەبدوڵلا حەسەن زادە)،...هتد. ئەم چاوپێکەوتنانە گرنگی زۆریان هەبوو و گەلێ لایەنی تاریکی ژیانی قاسملوو و ڕۆڵە سیاسیەکەیان لە بزووتنەوەی کوردیدا بۆ ڕوون کردینەوەو زانیاری پێویستیان پێداین.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

خۆی لەچەند ڕێبازێکی جۆراوجۆری مێژووییدا دەبینێتەوە، بەتایبەتی میتۆدی کۆکردنەوەو خستنەڕووی دەقە مێژووییەکانو شیکردنەوەیان.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم نامەیە لە پێشەکیو پێنج بەشو ئەنجامو لیستی سەرچاوەکان پێك هاتووە، کە بەم شێوەیە دابەشمان کردووە:-

بەشی یەکەم: باس لە (ژیانی عەبدولڕەحمان قاسملوو) کراوەو لە سێ باس پێك هاتووە. لە یەکەم دا باس لە (بنەماڵەکەیی و قۆناغی منداڵی) کراوەو بەسەر سێ تەوەری جیاواز دابەش کراوە. باسی دووەم: (سەردەمی گەنجی و پێگەیشتنی) خراوەتە ڕو، بەسەر دوو تەوەری جیاواز دابەش کراوە. باسی سێیەمیش تەرخان کراوە بۆ (تایبەتمەندی کەسێتی قاسملوو)و بەسەر سێ تەوەری جیاوازدا دابەش کراوە.

بەشی دووەم: باس لە (ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەماوەی دەسەڵاتدارێتیی شاهەنشاهیی ئێراندا 1945- 1978) دەکات، کەبەسەر دوو باس دابەش کراوە. باسی یەکەم باس لە (سەرەتای کاری سیاسیی قاسملوو) کراوەو لە دوو تەوەری جیاوازدا: (ڕۆڵی لەڕێکخراوە پیشەییە کوردییەکان)و (کاری سیاسیی قاسملوو لە حیزبی توودەی ئێراندا 1948- 1968) خراوەتە ڕوو. باسی دووەم (ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەساڵانی 1953- 1978دا) لە دوو تەوەری جیاوازدا باس لە (سەرەتای ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە حدکا 1953- 1960 دا)و (ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ساڵانی 1970- 1978دا) کراوە.

بەشی سێیەم: باس لە (ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەماوەی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا 1979- 1989) کراوەو بەسەر دوو باسدا دابەش کراوە. باسی یەکەم (خەباتی سیاسیی قاسملوو لەنێوان ساڵانی 1979- 1988) بەسەر سێ تەوەری



www.pertwk.com

جیاواز دابەش کراوە، دووەم (گفتوگۆو چارەنووسی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران 1988- 1989) بەسەر چوار تەوەری سەرەکی دابەش کراوە.

بەشی چوارەم: (دیبلۆماسیەتیی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەری کوردستاندا) بەسەر سێ باسی جیاواز دابەش کراوە، یەکەم (پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باشووری کوردستان) لە چوار لقی جیاوازدا خراونەتەڕوو. دووەم (پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان) بەسەر دوو تەوەردا دابەش کراوە. سێیەم تەرخان کراوە بۆ (پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان).

بەشی پێنجەم: کە دوابەشی توێژینەوەکەیە (دیبلۆماسیەتی دەرەکیی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا) بەسەر دووباسدا دابەش کراوە. یەکەم باس لە (دیبلۆماسیەتی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دا) کراوەو لە دوو تەوەری سەرەکی دا خراوەتەڕوو. دووەم باس لە (دیبلۆماسیەتی قاسملوو لە سەرئاستی دەرەوە) کراوەو لە دوو تەوەری سەرەکی دا، (دیبلۆماسیەتی قاسملوو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیان)و (دیبلۆماسیەتی قاسملوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەبیروڕای گشتیی جیهان) باسکراوە.

لەکۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستۆتە ڕوو، کە لەتەواوی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین، لە گەڵ لیستی سەرچاوەکاندا.

# بەشی یەکەم
# ژیانی عەبدولڕەحمان قاسملوو

## باسی یەکەم
## بنەماڵەکەیی و قۆناغی منداڵی

یەکەم: بنەماڵەکەی

دووەم: لەدایکبوونی

سێیەم: ژیانی منداڵی

## باسی دووەم
## سەردەمی گەنجی و پێگەیشتنی

یەکەم: قۆناغەکانی خوێندنی

دووەم: پێکەوە نانی خێزان (ژیانی هاوسەری)

## باسی سێیەم
## تایبەتمەندییەکانی کەسێتی


www.pertwk.com

یەکەم: ناساوو ناوە نهێنییەکانی

دووەم: زمان زانینەکەی

سێیەم: تایبەتمەندی و ئارەزووەکانی

# باسی یەکەم
## بنەماڵەکەیی و قۆناغی منداڵی

**یەکەم: بنەماڵەکەی:**

باوکی عەبدولڕەحمان ناوی (محەمەد)ە، لەنێو خەڵکی نێوچەکەی خۆیاندا بە (مەمەد ئاغا) ناسراوە، سەر بەهۆزی (دێبوکری)یە.[1] محەمەد ئاغا پیاوێکی موڵکداری حاڵ خۆش بووە،[2] لە ساڵانی 1870- 1964 ژیاوە، خاوەنی (حەوت دێ)[3] بووە، ناوی یەك لەو دێ یانە گوندی قاسملوو یەو بۆتە ناسناوی بنەماڵەکەیان.[4] باوکی

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی)، دوکان، 31ی ئابی 2005. موهتەدی 1938/12/25لە دێی قوڵقوڵەی ناوچەی بۆکانی مەڵبەندی موکریان لەدایك بووە. ساڵی 1962لەڕیزەکانی کۆمیتەی تارانی حدکاو پاشان بەشداری لەشۆڕشی باشوری کوردستان کردووە. لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستانە(1963-1965). بەهۆی کاری سیاسی چەندجارێك زیندانی کراوە. لەگفتوگۆیەکانی گەر حکومەتی ئێران ساڵی 1979 ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد بووە.

[2] میر بصری: ناودارانی کورد، و. عەبدولخالق عەلادین، چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002، ل53.

[3] جگە لەگوندی قاسملوو شەش گوندەکەی دیکە ئەمانەن:(بەڕۆژ یان بەڕۆژۆك،حاجی بەرکۆلی،مام مورادی، شێرە،سەیلان،نیش دەرەش) کاوە بەهرامی:د.قاسملوو،ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دیموکرات،چ1، ل13.

[4] بڕوانە نەخشەی گوندی قاسملوو، لە پاشکۆی ژمارە (1).

عەبدولڕەحمان لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەحمەد شای قاجار ناسناوی (وثوق الدولة)ی پێدراوە،[5] هەربۆیە خەڵکی ورمێ و نێوچەکە بە (محەمەد ئاغای وثوق الدولة) بانگیان کردوەو ناسیویانە.[6]

محمد ئاغا مرۆڤێکی زیرەك و بێ زیان بووە، جیا لەدەرەبەگەکانی دیکەی ناوچەکە، لەجوامێریدا بەناوبانگ بووە، مرۆڤێکی ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین بووە، دەرگەی ماڵەکەی بۆ هەموو کەس چ هەژارو چ دەوڵەمەند ئاوالا بووە،[7] کوردێکی نیشتمانپەروەری ناودار بووەو لەنێو کوردو عەجەمی مەڵبەندی ورمێ بەپیاو ماقووڵ و ڕێزدار سەیر

---

[5] بلال غازی کاك أمین: دیپلۆمات و سیاسەتمەداری گەورەی کورد شەهیدی نەمر د.عبدالرحمانی قاسملوو، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ئەڵقەی یەکەم، ژمارە (173)، دووشەممە 1992/8/24، ل3؛ تەها تازەقەڵایی: هەڵبژاردەیەك لەبارەی ژیان و تێکۆشانی سەردەمی لاوێتیی د.قاسملوو، لاوان (گۆڤار)، ئۆرگانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە (8)، گەلاوێژی 1380هـ، (ئابی 2001ز)، ل10.

[6] کاوە بەهرامی: س. پ، ل13.

[7] تەها تازەقەڵایی: س. پ. ل10؛ کاوە بەهرامی: س. پ، ل13.

کراوه.[8] ژنێکی له ئاشوورییه ئاوارەکانی جۆلەمێرگ هێناوەو دایکی عەبدولڕەحمان بووه.[9]

لەم بارەیەوە، (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)[10] دەڵێت: "باوکی عەبدولڕەحمان (3) یان (4) ژنی هەبووەو یەك لەوان ئاشووریی و دایکی عەبدولڕەحمان بووه".[11]

---

8 کەریمی حیسامی: پێداچوونەوە، ب2، چ1، چاپخانەی کتێبی هەرزان، ستۆکهۆڵم، 1997، ل92.

9 د.عبدالرحمن قاسملوو: اربعون عاما من الکفاح من اجل الحریه، موجز من تاریخ الحزب الدیمقراگی الکردستانی الایرانی، ترجمه وتقدیم وهوامش: د.عزالدین مصگفی رسول، ج1، اربیل 1991، ل4.

10 عەبدوڵڵا حەسەن زادە ساڵی 1938 لەدایك بووە. خەڵکی ئاوایی (سی سێر)ی نێوچەی سەردەشتە. خوێندنی ئاینی تەواوکردوە. ساڵی 1953 بۆتە ئەندامی حدکاو چەندین لێپرسراویەتی جۆراوجۆری وەرگرتووە، پاشان بۆتە سکرتێری گشتی حدکا بۆ ماوەی نزیك بە (10) ساڵ (ساڵانی 1995-2004) . بۆزیاتر بڕوانە: (کورتەی ژیانی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران 1324-1384ه/ 1945-2005ز، ئامادەکردنی: سید ڕەزا دروودگەر، لەبڵاوکردنەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یادی 60ساڵەی دامەزراندنی حزب، 1384ه، ل43).

11 چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، شەممە، 3/9/ 2005.



www.pertwk.com

دایکــی عەبــدولڕەحمان نــاوی (فاتیمــە) بــووە، ژنێکــی یــەکجار ڕوخۆش و میهرەبان بووە، هەمیشە چاوی لەهەژاران بووە، بۆیە لەنێو خەڵکی نێوچەکەدا ڕێزو حورمەتێکی یەکجار زۆری هەبووە.[12]

لـەبارەی منداڵـەکانی (محەمـەد ئاغـا) کـە زۆربـەی سەرچـاوەکان باسـیان لێـوە کـردوون، دەبیـنین (5) منـداڵ، (4) کـوڕو کچـێکی هـەبووە.[13] لەنێویشیاندا خۆی بچوکترین کوڕو منداڵی دایكوباوكی بووە.

محەمـەد ئاغـا هـەر لەبـەر ناسـراوی‌ودەوڵەمەندی‌و دەسـەڵاتەکەی، لـەمانگی تشـرینی دووەمـی 1941 لەگـەڵ ئەنـدامانی دەسـتەی کـورد گەشتی سۆڤیەت دەکەن، کەباوکی قاسملووش وەك یـەکێك لـەپیاوە ناودارەکانی کورد بەفەرمی بۆ باکۆ بانگهێشت دەکرێت.[14]

سـەبارەت بەمـە، کریس کۆچێرا نوسیوێتی: "دەوڵـەتی شـوورەوی میـوانی جۆربـەجۆری بـۆ بـاکۆ بـانگ دەهێشـت، واتـە هـەموو چەشـنە پیـــاوی پایەبـــەرزی بـــاوەڕپێکراوی ســـوننی مەزهـــەبی کـــوردی تێـدابوو،...، محەمـەدی قـاسملووی بـاوکی عەبـدولڕەحمان لەلایـەن کوردەکـــانی دەوروبـــەری ورمـــێ وە داوەت کرابـــوو، ئـــەو کەســـە

[12] کاوە بەهرامی: س. پ، ل14.
[13] بڕوانە درەختی بنەماڵەکەی لەپاشکۆی ژمارە (2).
[14] کاوە بەهرامی: س. پ، ل13-14.


www.pertwk.com

باوەڕپێکراوانە لەڕۆژی 22ی تشرینی دووەم تا 5ی کانونی یەکەمی 1941 لە باکۆ مانەوە".[15]

عەبدولڕەحمان قاسملوو خۆشی باسی ئەو گەشتەی باوکیمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "بابم یەکێك لەئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو...، براو ئامۆزاکانم باسی ئەوەیان دەکرد کە بابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ هەق و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاست و ڕەوان لە بابم پرسی ئەدی مافی کوردان چی لێهات؟ وەڵامی دامەوە کەدڵنیابە جێبەجێ دەبێ".[16]

بەم جۆرە بنەماڵەی قاسملوو لەبارودۆخە نالەبارەکانی کوردستاندا نەخشی خۆیان گێڕاوە، تووشی ناخۆشی و گرفت بوونەتەوە، کە ئەمانەش هەمووی لەدواییدا ڕەنگدانەوەیان لەسەر ژیانی منداڵیی عەبدولڕەحمانی قاسملوو هەبووە.

---

[15] کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی 19و 20دا، و. محمد ڕیانی، تاران، ب. س، ل252.

[16] عبدالرحمان قاسملوو: چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازدای، ب1، چ2، 1988، ل61-62.


www.pertwk.com

دووەم: لەدایکبوونی:

ساڵی 1309ه- 1930ز لەشاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،[17] لەدرێـژترین شـەوی ساڵدا،[18] واتـە لـە یەکـەم شـەوی زسـتانی سـاڵی 1930،[19] کـە دەکاتـە 22ی کـانوونی یەکـەم،[20] ئـەو سـاڵەی دەوڵـەتی

---

[17] ح. مــاردین: چــەپکە بۆچــوونێك لەســەر گــەورە شــەهیدی گــەلی کــورد د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو، چ1994،1، ل9.

[18] کە دەکاتە (شەو زستان- شب یلدا): وشـەی یەڵـدا سریانیەو بەمانای زاین یـان لەدایکبوونـە، بەدرێـژترین شـەوی سـاڵ دادەنرێـتو بـەو پێیـەش ڕۆژی یەکـەمی زسـتانو چـلەی گـەورە بـەکورت تـرین ڕۆژی سـاڵ دەژمێردرێـت. ئەگەرچی شەوی یەڵدا بۆ وەرزێرانو خاوەن زەوییەکانی کشتوکاڵ، بۆ بەرهەمە کشـتوکاڵییەکانی سـاڵی ڕابردوویـانو شـوکرانەی کۆتـایی هـاتنی وەرزێکـی کشـتوکاڵیو بـەهیوای بـارینی بـەفرو بـارانو پێشـوازی زسـتانو سـاڵی تـازە، جەژنو شاییو هەڵپـەڕکێیان بـۆ کـردوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا شـەوی یەڵـدا بـۆ گـەلی کوردو تێکۆشەرانی حدکا ئـەوەی تێـدا بـەدی دەکرێـت کـە شـەوی لـەدایکبوونی عەبـدولڕەحمانی قـاسملووە. (م. قـادری: شـەوی یەڵـدا لەئاوێنـەی مێـژوودا، کوردســتان (ڕۆژنامــە)، ئۆرگــانی حــدکا، ژمــارە (331)، 21ی دیســامبەری 2001ز، ل7).

[19] اربعون عاما من الکفاح من اجل الحریة، ل4.

[20] ب.ئیڤا(الترجمة):عبـدالرحمن قاسملو رجـل الحـوار والسـلم، 1998،ل5-6؛ بـەرزا مـورادی:لـەیادی سیاسـەتمەداری کـورد د.عەبـدولڕەحمانی قاسملوودا، دەنگی میللەت (ڕۆژنامە)، ژمارە 77، شەممە، 2000/7/1، ل3.



www.pertwk.com

ئێـران (سمکـۆی شـکاکی)[21] بـەناوی وتوێـژ بانگهێشـت کـردو کوشـتی،[22] لەبنەماڵەیـەکی خـاوەن مـوڵکی دەسـت ڕۆیشـتوو کوڕێك بوو ناویان نا عەبدولڕەحمان.[23]

سەبارەت بەشوێنی لەدایکبوونی عەبدولڕەحمان بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك پێیان وایە لەشاری (ئورمییە- ورمیە- ڕەزائیە)،[24] یان

[21] ئیسماعیل ئاغا ساڵی 1895ز لە دایك بووەو لەلایـەن هۆزەکەیـەوە بە سمکۆ بانگ کراوە، لەسەرەتای ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرکردایەتی کردنی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـوردی لەڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان دا گرتـە دەسـتو پاشان ساڵی 1930 لەلایـەن ڕژێمـی ئێرانەوە تیرۆر کـرا. بڕوانـە: (یاسین خالد حسن: كردستان الشرقية، دراسة في الحركة التحررية القومية فيما بين الحربين 1918- 1939، رسالة ماجستر غير منشور، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، 1995، ل52- 62).

[22] تەها تازەقەڵایی: س. پ، ل10.

[23] پوختەیـەك لـەژیانی پـڕ بەرهـەمی دکتـۆر قـاسملوو، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی حـدکا، ژمـارە (163)، پووشـپەڕی 1369هـ - تمـوزی 1990ز، ل1؛ بلال غازی كاك أمين: س. پ، ئەڵقەی یەکەم، ل3.

[24] kak sar xorsidi: jiyan u raman ، shahide nemir Dr. Ebdul rehman QasimLo، wesana: kocER u komeley Asti bo Kurdistan, 2001, L2.

لەنزیك شاری ورمێ لەدایك بووە،[25] بەڵام هەندێكی تر پێیان وایە لەدۆڵی قاسملوو یاخود گوندی قاسملوو لەدایك بووە.[26]

بۆ ئەم مەبەستە گەر چاوێك بەرابڕدووی خزمو كەسەكانی عەبدولڕەحماندا بخشێنینەوە، دەبینین لەكۆنەوە لەدۆڵی قاسملوو نیشتەجێ بوونو گوزەراندوویانە، ئەو ناوچەیەش پێنج گوندی لەخۆ گرتووەو ناوەندەكەیان گوندی قاسملوویە، كە دۆڵی قاسملووش شەش (فرسخ) ێك[27] لەشاری ورمێ دوورەو موڵكی دوو برای بەنێو محەمەد ئاغاو عێززەتی قاسملوو بووە.[28] ودەكەوێتە نێوان هەردوو شاری شنۆو ورمێ،[29]

بەم جۆرە دەبینین بەهۆی نزیكی دۆڵی قاسملوو لەشاری ورمێ، لەلایەن زۆربەی نووسەرانو سەرچاوە مێژووییەكان، شوێنی لەدایكبوونی عەبدولڕەحمان بەشاری ورمێ دانراوە، بەڵام بنەماڵەی

---

[25] كاوە بەهرامی: س. پ، ل14.

[26] میر بصری: س. پ، ل53.

[27] فرسەخ: مەودایەكی ڕێگایە بەرانبەر بە 6 هەزار مەتر. بڕوانە: (عەبدولڕەحمان شەرەفكەندی (هەژار): هەنبانە بورینە، فرهنگ كردی– فارسی، ب2، ج1، سروش، تهران، 1369هـ، (1990ز)، ل518).

[28] كاوە بەهرامی: س. پ، ل12.

[29] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی كوردستان، ب. س، ل243.

عەبدولڕەحمان لەدۆڵی قاسملووەوە سەریان هەڵداوەو بەشاری ورمێ و دەورو پشتیدا بڵاوبوونەتەوە.[30]

بەم شێوەیە دوای تاوتوێ کردنی زانیارییەکان و خستنەڕووی بۆچوونەکان سەبارەت بەشوێنی لەدایك بوونەکەی دەتوانین بڵێین کە عەبدولڕەحمان خەڵکی دێیەکە، ئەو دێیەش لەناو دۆڵێك دایە، یان وەك خەڵکی نێوچەکە پێی دەڵێن، لەناو گەلییەك دایەو پێی دەڵێن دۆڵی قاسملوو کە لەنزیك شاری ورمێیە.[31]

لەهەمان کاتدا سەبارەت بە ساڵی لەدایك بوونەکەشی ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، یان بەشێوەیەکی ڕوونتر دەتوانین بڵێین کە سەرچاوەکان ڕۆژو مانگ و ساڵی جیاوازیان خستۆتە ڕوو. بۆ نمونە، کریس کۆچێرا دەڵێت: "عەبدولڕەحمان خۆی وای دەزانی لە 12ی دیسامبەر(کانونی یەکەم)ی 1930 هاتۆتە دنیاوە، لەمێژووی ڕاستی لەدایکبوونی بێ ئاگا بوو، کەخۆی بۆی گێڕاومەوەو دەیگوت: (دایکم دەیگوت، ساڵی شەهیدبوونی سمکۆ (1930) بوو، بەڵام ئەو لەگەڵ ئامۆزایەکمدا کەتەمەنی باوکمی هەبوو، لەسەرکاتی لەدایکبوونی من هەمیشە ناکۆك بوون، دایکم دەیگوت: لەزستاندا لەدایك بووی و

---

[30] کاوە بەهرامی: س. پ، ل12.

[31] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی)، دوکان، 31ی ئابی 2005.

ئامۆزاکـەم دەیگـوت لەهاویـنـدا مـانگی حـوزەیران کـە کـەمێك میـوە لەبازاڕدا هەبوو".[32]

وەختێك عەبدولڕەحمان خۆی نەیتوانیوە ڕۆژو مانگی لەدایکبوونی خۆیمان بۆ دەست نیشان بکات، بۆیە لای ئێمـەش کارێکی ئەستەمە ئەمە بەتەواوی دەستنیشان بکەین، جگە لەمـە دەتوانین لەسـەر ساڵی لـەدایك بوونەکەشـی قسـە بکـەین، ڕاسـتە کەزۆربـەی نووسـەران و عەبـدولڕەحمان خۆشـی جـەخت لەسـەر سـاڵی 1309ھ/ 1930ز دەکەنەوە، بەڵام گەربێت و ئێمە بەوردی زانیاریـەکان بـەراورد بکـەین، ئـەوا لەسـاڵی لـەدایك بوونەکەشـی گومـان دەکـەین، چـونکە کاتێـك کۆچـێرا سـاڵی لـەدایك بـوونی بـاوکی عەبـدولڕەحمان مـان بەسـاڵی (1870ز)[33] بۆ دەست نیشان دەکات و عیزەددین مستەفا ڕەسووڵیش پێمـان دەڵێـت کـە بـاوکی عەبـدولڕەحمان لەتەمـەنی (63) سـاڵیدا عەبدولڕەحمانی بووە.[34] ئەوا بۆمـان دەردەکـەوێت ئەگـەر بـەو پێیـەو بەو زانیارییانە بێت، ساڵی لـەدایك بوونەکـەی عەبدولڕەحمان دەبێت بەساڵی 1933ز. لـەم بارەشـەوە تاکە سەرچاوە لەسـەر ساڵی لـەدایك بوونی عەبدولڕەحمان کەخۆی لـەنزیکی ئـەم ساڵە بدات، ووتارەکـەی

---

[32] بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆیی، و. ئەکرەمی میهرداد، ب2، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، 2003، ل18.

[33] ھ. س، ل18.

[34] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل4.

کـەریم زەنـدە، کـەدەڵێت: "عەبـدولڕەحمان لەسـاڵی 1934ز چـاوی بـەدنیا هــەڵهێناوە"،[35] بــەڵام زانیارییــەکانی کــەریم زەنــد لایــەنی زانسـتیان پێـوە دیـار نیـە، بۆیـە دەتـوانین بڵـێین عەبـدولڕەحمان لـە (1930/12/22) لـەدایك بـووە، چـونکە وەك لەناسـنامەکەی خۆشـیدا دەردەکـەوێت، ئـەم مێـژووە بـۆ ڕۆژو مـانگو سـاڵی لـەدایك بـوونی تۆمارکراوە.[36]

سێیەم: ژیانی منداڵی:

قۆناغی مێر منداڵیی عەبدولڕەحمان لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهـانی هاوکـاتبووە، ئـەم جەنگـەش ڕاسـتەوخۆ کاریگـەریی لەسـەر کوردسـتانو دەوروبـەری دانـاوە، بۆیـە بـارودۆخی سیاسـیی کوردســتان کاریگــەریی بەســەر ژیــانی منــداڵیی عەبدولڕەحمانــەوە هـەبووە، چـونکە کاتێك سـوپای سـۆڤیەت لەسـاڵی 1941دا باکووری ئێـران داگیر دەکـا، دەبیـنین بنەماڵـەی قـاسملوو ڕووبـەڕووی ژیـانێکی

---

[35] قــاسملوو- هێمــای کوردســتان- لەمێــژووی شــکۆداردا 1934- 1989، شەهید (گۆڤار)، گۆڤارێکە بنکەی ڕۆشنبیری شـەهید ڕێبـاز دەریـدەکات، ژمـارە (6)، ساڵی دووەم، تەموزی 1999، ل2.

[36] پیتر پیلچ: ئیسکۆرت بەرەو تاران، د.قاسملوو چۆن بەرەو مەرگ ڕکێش کـرا، و. لەئەڵمانیەوە: حەسەن ئەیوب زادە، چ1، ب. س، ب. ش، ل97.



www.pertwk.com

دژوارو ناخۆش بوونەتەوە، هەتا ئەو ڕادەیەی هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی خاکی کوردستان جێ بهێڵن و ڕووبکەنە عێراق.[37]

عەبدولڕەحمان لەتەمەنی منداڵیدا دەبێت کە گەلەکەی لەڕەوشێکی دژواردا گوزەراندوویانە.[38] لەهەمان کاتیشدا دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەداو نەبوونی پێداویستیە سروشتییەکانی منداڵان بۆ یاری کردن تووشی ناڕەحەتیی کردوە، چونکە ئەو سەردەم ژیانی لادێ زۆر سادەو ساکار بووە، بۆیە یاریی منداڵانیش زۆربەی کات ئەو یارییە فۆلکلۆری یانە بووە کەتا ئێستەش لەزۆربەی گوندەکانی کوردستاندا باوە.[39]

بۆیە ئەم جۆرە ژیانەو پەروەردەی ئاغایانەی باوکو بنەماڵەکەی جۆرە بەربەستێکی لەلا دروست کردوە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانێت بەئارەزووی خۆی وەك منداڵانی دیکەی لادێ قۆناغی سروشتی منداڵیی خۆی ببڕێت. سەبارەت بەمە عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێت: "عەبدولڕەحمان لەبارەی ژیانی منداڵی خۆیەوە، باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە بەهۆی ئەوەی کوڕە ئاغا بووە ڕێگەی پێ نەدراوە بچێتە دەرەوەو لەگەڵ منداڵی ئاسایی و کوڕە جوتیارو

---

[37] تەها تازە قەلایی: س. پ، ل10؛ کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب2، ل19.

[38] kak sar xorsidi: S.P,L2.

[39] کاوە بەهرامی: س. پ، ل15.

کرمانج یاری بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆخۆی دەیگوت ئەوە بۆمن گرێیەك بوو کە منداڵ بەتەنیا یان لەگەڵ خەڵکی لەخۆی گەورەتر لەناو خێزانەکەیدا یاری بکات، بۆیە بەردەوام خۆم دەدزیەوەو بەدزی باوکم و ماڵەوەمان دەچووم لەنێو منداڵاندا یاریم دەکرد، کەهەندێك جار لێیان دەدام یاخود من لەوانم دەدا، بەڵام پاشان کە دەچوومەوە ماڵەوە سەرزەنشتیان دەکردم، لەگەڵ ئەوەش ئەوە منی سارد نەدەکردەوەو بەردەوام دەگەڕامەوە بۆ نێو منداڵانی لادێکەمان بەمەبەستی یاری کردن.[40]

بۆیە دەکرێت بڵێین عەبدولڕەحمان ڕاستە لەنێو خێزانێکی دەوڵەمەندو ناوداردا ژیاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك زۆربەی منداڵانی تری لادێ حەزی لەیاریو ژیانی منداڵی بووەو بەردەوام هەوڵی داوە لەگەڵ منداڵانی گوندی قاسملوو تێکەڵاو بێتو یارییان لەگەڵدا بکات. کەپاشان ئەمە بەتەواوی لە قۆناغەکانی ژیانیدا ڕەنگی دایەوە.

## باسی دووەم

## سەردەمی گەنجیو پێگەیشتنی

### یەکەم: قۆناغەکانی خوێندنی:

---

[40] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.



www.pertwk.com

سەردەمێك خوێندن بەگشتی لە كوردستانو بەتایبەت لە گوندەكاندا وەك پێویست نەبوو، بەڵام باوكی قاسملوو هەموو منداڵەكانی دەنێرێتە خوێندنو زۆر گرنگی بەخوێندەواركردنی منداڵەكانی دەدات.[41] هەرچەندە باوكی دەرەبەگو خاوەن دەسەڵات بووە، بەڵام عەبدولڕەحمانو منداڵەكانی دیكەشی ناچارنەكردووە دووربن لەخوێندن، بەڵكوو بەپێچەوانەوە ڕێگەی فێربوونی زانستو زانیاری بۆ منداڵەكانی دەستەبەر كردونوو هانی داون بۆ تەواو كردنی قۆناغەكانی خوێندن، كە لەنێو منداڵەكانیشیدا عەبدولڕەحمان یەكێك بووە لەوانەی ڕێگەی فێربوونو خوێندنی گرتۆتەبەر.[42]

بۆیەش عەبدولڕەحمان لەكاتو تەمەنی شیاوی خۆیداو لەتەمەنی 6 ساڵان بۆ خوێندنی قۆناغی سەرەتایی دەچێتە قوتابخانەی (ئۆردوویی) لەشاری ورمێ.[43] وپاشان لەتەمەنی 12 ساڵیدا دواقۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە شاری ورمێو دەورو بەری تەواو كردوە.[44]

---

[41] كاوە بەهرامی: س. پ. ل14.

[42] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل4.

[43] كاوە بەهرامی: س. پ. ل14-15.

[44] ح.ماردین، س، پ، ل9؛ اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل4؛ پوختەیەك لەژیانی پڕبەرهەمی د.قاسملوو، س. پ، ل1-4 ل9؛ kak sar xorsidi: S.P, L2.



www.pertwk.com

بارودۆخی سیاسیی کوردستان‌و بوونی کۆماری کوردستان لەمەهاباد،[45] هاوکات دەبێت لەگەڵ خوێندنی عەبدولڕەحمان، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئەو سەردەم کاری خراپ ناکاتەسەری، بەڵکوو هاندەریشی دەبێت بۆ درێژەپێدانی خوێندن. بەمەش دەبینین لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا عەبدولڕەحمان خوێندکار بووە،[46] چونکە بەهۆی نزیکایەتیی زۆری بنەماڵەکەی لەگەڵ قازی محەمەدو خزمەتکردنیان بەکۆماری کوردستان، دوو کەسی نزیکی بنەماڵەکەی لەڕێگەی کۆماری کوردستانەوە بۆ خوێندن دەنێردرێن بۆ باکۆ، ئەمەش وا لەعەبدولڕەحمان دەکات لەو هەل‌و مەرجە تایبەتییەی بنەماڵەکەیاندا خەریکی خوێندن بێت‌و لەدرێژەپێدانی خوێندن بەردەوام بێت.[47]

عەبدولڕەحمان بەو جۆرە گەورە دەبێت‌و قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری ورمێ‌و دەورو بەری تەواو دەکات، پاشان بۆ درێژەپێدانی خوێندن‌و تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی ڕوو دەکاتە شاری

---

[45] لەم بارەیەوە بڕوانە: (برهان ابابكر ياسين: كوردستان في سياسة القوى العظمى 1941- 1947، ت. هوراس، ط1، مطبعة هاوار- كوردستان- دهوك، 2002، ل125-134).

[46] د.محمد علی الصويركي: معجم اعلام الكرد (في التأريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان و خارجها)، مطبعة مؤسسة حمدي للطبع والنشر، من منشورات بنكەی ژین، السليمانية، 2006، ل425.

[47] تەها تازە قەڵایی: س، پ، ل10.


www.pertwk.com

تــاران،[48] لــەوێش لەخوێندنگــەی (الــبرز) یــاخود (کــالج)، خــەریکی خوێنــدن دەبێــتو ســاڵی 1947-1948 خوێنــدنی ئامــادەیی تــەواو دەکات.[49]

بەم شێوەیە عەبدولڕەحمان بۆ خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی، ڕووی کردۆتە قوتابخانەکانی ورمێ و تاران،[50] بەڵام بۆ بەسەربردنی ماوەی پشوو لەهاویناندا گەڕاوەتەوە بۆ دۆڵی قاسملوو و لەوێ لەگەڵ لاوانی گوندو هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیدا خەریکی یاری ڕۆژانە دەبێت و بەخۆشی و شادییەوە دەیگوزەرێنێت و بەم جۆرە پشووی هاوین بەسەر دەبات.[51]

عەبدولڕەحمان وەك لاوێکی زیرەك و بەتوانا، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کوردستان و ئێراندا تەواو کردوە، سەرباری دۆخی نالەباری کوردستان و نێوچەکە، سەردەمی بوونی کۆمــاری کوردســتان لەمــەهابادو پاشــان هەرەســی ئــەم کۆمــارە، ڕاســتەوخۆ کــاری کردۆتــە ســەر ژیــانی عەبــدولڕەحمان و بۆتــە هــۆی ئــەوەی بــۆ درێــژەدان بەخوێنــدن و تــەواو کردنــی قۆناغــەکانی دیکــەی خوێنــدن بچــێتە دەرەوەی ئێــران و وڵاتــانی ئــەوروپا. بۆیــە دوای

---

[48] kak sar xorsidi: S.P, L2.

[49] تەها تازە قەڵایی: س، پ، ل11؛ کاوە بەهرامی: س. پ. ل18.

[50] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل4.

[51] تەها تازە قەڵایی: س، پ، ل11؛ کاوە بەهرامی: س. پ. ل18.



www.pertwk.com

رووخانی کۆماری کوردستان لەمەهاباد بەماوەیەك، بۆ قۆناغەکانی دیکەی خوێندن ڕوو دەکاتە ئەوروپاو بۆ ئەم مەبەستەش بەرەو وڵاتی فەڕەنسا کۆچ دەکات.[52]

سەبارەت بە کۆچی عەبدولڕەحمان بۆ فەڕەنسا، غەنی بلوریان دەڵێت: "لە کالج لەگەڵ ڕەحمانی قاسملوو ئاشنا بووم، بەڵام ئەو زۆر نەمایەوەو ساڵی 1945 بۆ خوێندن چووە پاریسو منو چەند هەڤاڵێك لە فرۆکەخانەی تاران ئەومان بەڕێکرد.[53] بۆیە ئەگەر بەم پێیە بێت ئەو زانیاریانەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێ دان پێچەوانە دەبنەوە، بەڵام جگە لە بلوریان، سەرچاوەیەکی تر نابینین کە ئاماژە بۆ ساڵی 1945ز بکات، بەڵکوو زۆربەی سەرچاوەکان سەبارەت بەم مەسەلەیە واباس دەکەن، کە عەبدولڕەحمان لەتەمەنی (18)ساڵیداو لەساڵی 1948، دوای ئەوەی سەردەمی منداڵی دەبڕێتو پێ دەنێتە قۆناغی لاوی، دەچێتە پاریس پێتەختی وڵاتی فەڕەنساو تیایدا نیشتەجێ دەبێ.[54]

لەم قۆناغەشدا محەمەد ئاغای باوکی زۆر یارمەتی دەرو هاوکاردەبێت بۆدرێژەپێدانو تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی، هەتا ئەگەر لەدەرەوەی کوردستانو وڵاتانی ئەورووپیش بێت. ئەمەش

---

[52] ب. أ. ایڤا: س. پ، ل97.

[53] غەنی بلوریان: ئاڵەکۆك، سوید، 1997، ل98.

[54] ح. ماردین: س. پ، ل9؛ kak shar xorshidi: S. P, L3.

ئەو کات لە کوردستان و لەنێو خەڵکدا دەنگدانەوەی زۆری هەبووە، لەم بارەیەوە کەریمی حیسامی بۆمان باس دەکات و دەڵێت: "ئەو دەم لەمەجلیسان زۆر باسی ئەوە دەکرا کە مەمەد ئاغای وثوق کوڕەکانی هەموو ناردۆتە دەرەوە بۆ خوێندن و تاکە کوردێکە ئاوا بە کوڕەکانی دەخوێنێت".[55]

عەبدولڕەحمان لەگەڵ ئەحمەدی برای کەپێشتر لەپاریس دەی خوێند، دەست دەکات بەخوێندن. لەم ڕووەوە سوود لەهاوکاریی ماددی لەلایەن باوکیەوە بەهۆی دەوڵەمەندی و دابین کردنی کورسیی خوێندن لەلایەن دەوڵەتەوە وەردەگرێت.[56] بەمەش ساڵی 1948 دوای ئەوەی لەپاریس نیشتەجێ دەبێت بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی ئابووری دەچێتە زانکۆی سۆربۆن،[57] بەڵام بەهۆی ئەوەی ساڵی 1948 لەئێران تەقە لە شا دەکرێت، عەبدولڕەحمان ناتوانێت لەوە زیاتر لەپاریس بمێنێتەوەو درێژە بەخوێندن بدات، بەهۆی بەشداری کردنی لەکاری سیاسی دا لەپاریس و قسەکردن لەسەر ئەم ڕووداوەو دژایەتی کردنی شا لەنێو خوێندکاراندا، دەبینین بەهۆی

---

[55] لەبیرەوەرییەکانم: ب1، ب. س، ب. ش، ل225.

[56] کەریمی حیسامی: پێداچوونەوە، ب2، ل92.

[57] پیتر پیلچ: س. پ، ل52.

فشاری ئێران، حکومەتی فەڕەنسا ناچاری دەکات وڵات جێ بهێڵێت.[58]

دوای ئەمە عەبدولڕەحمان تووشی گیروگرفت دەبێت، چونکە کورسی خوێندنی لەدەست داوە، بەڵام هەرزوو ئەم گرفتەی بۆچارەسەر دەکرێت و لەڕێگەی "یەکێتی نێونەتەوەیی خوێندکاران" بۆتەواو کردنی خوێندنەکەی وەك یەکەم بوورسیەی ئێرانی، کە ئەو سەردەم لاوانی پێشکەوتن خوازی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لەخوێندنی خۆڕایی وەردەگرت، ڕوودەکاتە "پراگ" پێتەختی وڵاتی "چیکۆسلۆڤاکیا" و لەبەشی ئابووریی زانکۆی پراگ لە کۆتایی ساڵی 1949دا درێژە بەخوێندن دەدات و[59] سەرەتای ساڵی 1952 هەر لەم زانکۆیەدا، بروانامەی بکالۆریۆس لەزانستی ئابووری سیاسی وەردەگرێت.[60]

سەبارەت بەژیانی خوێندکاریی عەبدولڕەحمان، پێویستە ئەوە بزانین کە زۆرجار بەهۆی بارودۆخی سیاسی و بەشداری کردنی

---

[58] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم: ب1، ل225؛ پێداچوونەوە، ب2، ل92-93.

[59] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو.، ب2، ل19؛ اربعون عاما من الکفاح من. . . ، ل6.

[60] بەرزان مورادی: س. پ، ل3؛ پوختەیەك لەژیانی بەرهەمی د.قاسملوو، س. پ، ل5.

لەکاری سیاسیدا کۆسپو لەمپەری هاتۆتە پێش و بەهۆیەوە بۆ چەند ساڵێك لەدرێژەدان بەخوێندن دوا کەوتوە، بۆ نموونە ماوەی ساڵانی حکومەتی (د.مصدق[61]) (1951- 1953) لە پراگەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری سیاسی، دوای هەرەسی مصدق یش چالاکیی سیاسی لەخەباتی نهێنی درێژە پێ دەدات و پاشان بەناچاری ساڵی 1958 ئێران جێ دێڵێ و ڕوودەکاتە عێراق،[62] بەڵام لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دا، بەهۆی چەند تۆمەتێکی سیاسی، وەك لایەنگری لەچەپ و بیروباوەڕی کۆمۆنیستی، ساڵی 1960 لەعێراق دەردەکرێت و جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ پراگ.[63]

---

[61] (د.مصدق): 1879/5/19 لەدایك بووەو لەماوەی ژیانیدا چەندین پلەو پایەی جۆراوجۆری وەرگرتوە لەحکوومەتی ئێران. لە 1950/1/12 بۆتە ئەندامی مەجلیسی شورای ئێران و لە 1950/3/15 پڕۆژەی خۆماڵی کردنی نەوتی پێشنیار کردوەو لە 1951/5/6 حکوومەتی پێك هێناوە، بەڵام لەساڵی 1953 دا کودەتای بەسەردا کراو لەدەسەڵات دوورخراوەتەوە. (د.محمد وصفي أبو مغلي: دليل الشخصيات الايرانية، 1983، ل107-111) ؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (مركز البحوث والمعلومات: الموسوعة الايرانية المعاصرة، بغداد، 1985، ل434- 438).

[62] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل6-7.

[63] میر بصری: س. پ، ل53؛ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای . . .، ب2، ل20-21.

دوای ئـەوەی دەگەڕێتـەوە بـۆ پـڕاگ هـەرزوو هـەوڵ دەدات درێـژە بەخوێندن بداتەوەو لەبوارەکەی خۆیدا خوێندنی باڵا تـەواو بکات.[64] لەهـەمان کاتـدا دەیـەوێت لەڕێگـەی خوێندنەکەیـەوە خزمـەت بەگـەل و نیشـتمانەکەی بکـات و توێژینـەوە لەسـەر بابـەتێك بکـات، کـەگرنگیی خـۆی هـەبێت لەناسـاندنی کێشـەی کـورد بـەدنیای دەرەوەدا، هەربۆیـەش بابـەتی توێژینەوەکـەی بـۆ لاپەڕەیـەکی جیـاوازی ژیـانی نەتەوەیی کورد تەرخان دەکات، بەناوی "کوردستان و کورد".[65] وەك تێـزی دوکتۆراکـەی و پاشـان لەسـاڵی 1962 پێشکەشـی بەشـی ئـابووریی زانکـۆی پراگـی دەکـات، دوای گفتوگـۆکردن لەسـەری بڕوانامـەی دکتـۆرای لـەبواری زانسـتی ئـابووری سیاسـی دا پـێ دەدرێت.[66]

دوای ئەمـە عەبـدولڕەحمان پـێ دەنێتـە قۆنـاغێکی نـوێ و وەك مامۆستا لە زانکۆی " سانت کارلس– SANTCHARLE" دەست دەکـا بەوانـە وتنـەوە.[67] لەهـەمان کاتـدا لەهەلومـەرجی ژیـانی

---

[64] ب. أ. ایڤا: س. پ، ل98.

[65] د.کمـال مەزهـەر ئەحمـەد: مێـژوو، مطـابع دار افـاق عربیـة، بغـداد، 1983، ل211-212.

[66] قەلا: ئاوڕێك لەخەباتی د.قاسملوو، قەلا (گۆڤار)، ژمارە (6)، ساڵی یەکەم، تەموزی 1991، ل3.

[67] کـریس کۆچـێرا: بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـوردو هیـوای سـەربەخۆیی، ب2، ل20.



www.pertwk.com

مامۆستایەتیو وانە وتنەوەی لە زانکۆدا ڕووبەڕووی کێشەو گیروگرفت بۆتەوە، بۆ نموونە کاتێك کوڕی (نوتنی) سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی چیکۆسلۆڤاکیا لەئەزموونی خوێندن دەرناچوێنێت، بۆیەکەم جار لەگەڵ گیروگرفتی بیروکراسیی زانستی چیکۆسۆلۆڤاکیا ڕووبەڕوودەبێتەوە.[68] لەگەڵ ئەوەش وەك مامۆستایەکی مۆڵەت پێدراو لەبوارەکەی خۆیدا- زانستی، ئابووریی، سیاسی- لە گوتنەوەی ئابووری سەرمایەداریو ئابووری سۆسیالیستیو تیۆری سەرهەڵدانی ئابووری لە زانکۆی پراگ تاك ساڵی 1970 بەردەوام دەبێت.[69] دواتر بەهۆی هەلومەرجی ژیانو بارودۆخی سیاسی، پراگ جێ دێڵێو ساڵی 1970 ڕوودەکاتە شاری بەغدا.[70]

بەم شێوەیە لەبەغدا نیشتەجێ دەبێتو لەژیانی زانکۆش دوورناکەوێتەوەو شان بەشانی کاری سیاسی، وەك مامۆستا لەبەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، بابەتی مێژووی کوردی گوتۆتەوە.[71] لەهەمان کاتدا وەك پسپۆر لە وەزارەتی نەخشەکێشانی

---

[68] پیتر پیلچ: س. پ، ل53.

[69] مەتین: دبیر هاتنا د.قاسملوویێ شەهیددا، مەتین، (گۆڤار)، ژمارە (22)، خولی سێ، 1993، ل13.

[70] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیو هیوای سەربەخۆیی، ب2، ل21.

[71] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل8.



www.pertwk.com

عێراق[72]، لەسەر پرۆژەی (25) ساڵە بۆ حکومەتی ئەو کاتەی عێراق کاری کردوە.[73] پاشان لەساڵی 1974ز دا بەهۆی هەل و مەرجی سیاسیی عێراق و باشووری کوردستان جارێکی دیکە ڕوودەکاتەوە چیکۆسلۆڤاکیا، بەلاّم بەهۆی دژواریی دۆخی سیاسی ئەو ولاّتە، ساڵی 1976 ڕوودەکاتە فەرەنساو لەنێوان ساڵانی 1976- 1978 خەریکی وانە وتنەوە دەبێت لەبەشی زمان و شارستانیەتی کورد لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس.[74] بەمەش عەبدولڕەحمان قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی دەبڕێت و لەبواری خۆیدا خزمەتێکی زۆری زانست و زانیاری لە زانکۆکانی پراگ و بەغداو سۆربۆن دەکات.

---

[72] کاری لەم جۆرەی عەبدولڕەحمان بەمەبەستی بژێوی ژیانی بووە، وەکو (حەمەدەمینی سیراجی) لەبارەیەوە دەڵێ: "د.قاسملوو مانگی بە سێ سەد دینار لەوەزارەتی نەخشەکێشانی عێراق کاری کردوە"، وەرگیراوە لە: (غەنی بلوریان: س. پ، ل282).

[73] پیتر پیلچ: س. پ، ل53.

[74] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل173-174؛ ح. ماردین: س. پ، ل9؛ میر بصری: س. پ، ل53.



www.pertwk.com

**دووەم: ژیانی هاوسەری (پێکەوەنانی خێزان):**

عەبدولڕەحمان کاتێك خوێندکاری زانکۆ دەبێت لە چیکۆسلۆڤاکیا، کچێکی ئەم وڵاتە دەناسێ و پاشان وەك هاوسەری ژیانی هەڵی دەبژێرێت.

ئەم کچە چیکیە ناوی (هێلینا کرولیش- HELENE KRULICH)ە، ساڵی 1950 لەکاتێکدا کە (هێلینا) دەرچووی ناوەندیو قاسملوو خوێندکاری زانکۆ بووە، لە چیکۆسلۆڤاکیا عەبدولڕەحمان قاسملووی ناسیوە.[75]

سەبارەت بەناسینی یەکتری، (هێلینا) خۆی بۆمان باس دەکاتو دەڵێت: "منو عەبدولڕەحمان لەئاهەنگێکی زانکۆی پڕاگدا بەیەك گەیشتین، ئەو تەمەنی (20) ساڵ بوو منیش (17) ساڵان بووم، کە گۆرانیمان دەگوت لەگەڵ بەشداربووانی ئاهەنگەکە، بەم شێوەیە عەبدولڕەحمان ئاشقم بوو، منیش ئاشقی ئەوو کوردستان بووم".[76]

بۆیە پێمان باشە بەرلەوەی باسی قۆناغی هاوسەری یان بکەین، بزانین کە (هێلینا)ی ئاشقی عەبدولڕەحمان کێیە؟

هێلینا خۆی پێمان دەڵێت کە خەڵکی چیۆسلۆڤاکیایە، ناوەکەی ناوێکی ئاینیەو بەچەند شێوەیەك، وەك ( -Alena- Helena

---

[75] تەها تازە قەڵایی: س. پ، ل12؛ بەرزان موورادی: س. پ، ل3.

[76] وەڵامی فاکسی (هێلینا کرۆلیش) بۆ توێژەر، لە 2005/8/15، (پاریس). بۆ دەقی وەڵامەکەی بە زمانی ئینگلیزی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3).

(Milada- Ludmila) بەکارهاتوە. دوای ئەوەی ڕەگەزنامەی فەڕەنسی وەردەگرێت ناوەکەی بۆ تەنیا یەك ناو کورت دەکرێتەوەو بە (Helena–هێلینا) ناو دەبرێت. نازناوی باوکی (Krulich)ە، بۆیە بە (هێلینیا کرۆلیش) ناو دەبرێت.[77] هێلینا ئافرەتێکی ڕۆشنبیرو زیرەك و بەتوانایە، زمانەکانی چیکی، ئینگلیزی، فەڕەنسی، فارسی و کوردی دەزانێت،[78] دوای ئەوەی فەلسەفەو ئینگلیزیی تەواو دەکات، ساڵی 1958 نامەی ماستەر لە فەلسەفەو زمانی ئینگلیزیدا وەردەگرێت.[79]

سەبارەت بەچۆنیەتیی پێکەوەنانی خێزان و چوونە ژێرباری قۆناغی هاوسەری یەوە لەلایەن عەبدولڕەحمان، دەبێت ئەوە بزانین کە عەبدولڕەحمان بەهۆی ژیان لەئەورووپاو ئاشنا بوون و تێکەڵاو بوونی بەداب و نەریتی کۆمەڵگەی ئەورووپی بەرلەوەی ژیانی هاوسەری

---

77 هـ. س.

78 طارق جوهر سارمەمی: ڕۆژانەی ڕووداوەکانی تیرۆرکردنی شەهید د.عبدالرحمن قاسملو، برایەتی (ڕۆژنامە)، ژمارە (1702)، دووشەممە، 1993/7/26، ل2؛ کریم زەند: س. پ، ل2.

79 Payam، London- based Kurdish paper, issue number, 25-26, by Harem Jaff, p.1, 20/6/2005, http://www.kurdishmedia.com



www.pertwk.com

لەگەڵ هێلینا بەشێوەیەکی فەرمی پێك بێنێت، ئەوا پێشتر یەکتریان ناسیوەو ئاشقی یەکتر بوونەو پەیوەندی یان لەگەڵ یەك هەبووە.[80]

هێلینا لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئێمە کە پێشتر یەکترمان ناسیبوو، پاشان لەساڵی 1951 دا بەیەك گەیشتینەوە، بڕیاری ژیانی هاوسەریمان دا، منو عەبدولڕەحمان لەباڵوێزخانەی ئێران لە پڕاگ ئەڵقەی هاوسەریمان گۆڕیەوەو چووینە ژیانی هاوسەری یەوە".[81]

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەساڵی 1951 لەشاری پڕاگ ژیانی خێزانی لەگەڵ (هێلینا) پێك هێناوە،[82] بەڵام ئەم هاوسەریەتییەی نێوان عەبدولڕەحمانو هێلینا لە وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا ناچێتە چوارچێوەیەکی یاساییەوە، بەڵکوو بەهاوسەرێتی نا فەرمی لەقەڵەم دەدرێت.

---

[80] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.گادانی کوڕی ئەحمەد خەڵکی مهابادەو ساڵی 1933 لە مهاباد لەدایك بووە.ساڵی 1948 بۆتە ئەندامی حدکا. بکالۆریۆسی لە زمانی فەرەنسی هەیە. ساڵی 1988 لەگەڵ بەشێك لەئەندامانی دیکەی ڕێبەری، لە حدکا جیابونەوەو پارتێی دیکەیان بەناوی حدکا–ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دامەزراند، پاشان لەساڵی 1997 هاتەوە نێو ڕیزەکانی حدکا. بڕوانە:(کورتەی ژیانی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران 1945–2005ز، ل51).

[81] (هێلینا کرۆلیش)، وەڵامی فاکسی پێشوو.

[82] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل6.



www.pertwk.com

لەم بارەیەوە هێلینا بۆمان باس دەکاو دەڵێت: "هەرچەندە ئێمە لەساڵی 1951 ژیانمان پێك هێنا، بەڵام ساڵێك دوای ئەوە واتە لەساڵی 1952 لەهۆڵێکی ناوشاری پراگ ناچاربووین بۆ جاری دووەم زەماوەند دووبارە بکەینەوە، چونکە ئەو سەردەم یاسای چیکۆسلۆڤاکیا رێگەی نەدەدا زەماوەند کردنم لەگەڵ کەسێکی ئێرانی بێت، بۆیە دووبارە بەڵگەی هاوسەریمان بەپێی یاسای چیکۆسلۆڤاکیا دووبارە کردەوە.[83]

هەرچەندە هێلینا بەشێوەیەکی یاساییو بەپێی یاسای چیکۆسلۆڤاکیا دەبێتە هاوسەری قاسملوو، بەڵام وەك هاورێ نزیکەکانی قاسملوو باسی لێ دەکەن، قاسملوو خۆی ئامادەی زەماوەندی دووەم جاری نابێت بۆ مارە برینی هێلینیا بەشێوەیەکی یاسایی، چونکە هەروەکوو د.کارل لێرخ دەڵێت: "قاسملوو مرۆڤێکی خاوەن بیروباوەری شۆرشگێرانە بوو، لەهاوینی ساڵی 1952 دا کاتێك خەریکی تۆمارکردنی بەڵگەنامەی هاوسەریی هێلینا بووین، قاسملوو بەهۆی هەندێك کاری سیاسی گەڕایەوە بۆ کوردستانو خۆی نەی توانی ئامادەبێت، بۆیە من لەجیاتی ئەو ئامادە بووم".[84]

---

[83] وەڵامی فاکسی پێشوو.

[84] An interview with Dr. karl yekh, Qassimlous close friend, Payam، London- based Kurdish paper, issue number, 25-26, by Harem Jaff, p. 2, 20/6/2005, http://www.kurdishmedia.com

جگە لەمە هێلینا خۆشی پێمان دەڵێت: "زەماوەندی دووەممان بەبێ عەبدولڕەحمان بەڕێوە چوو".[85]

سەبارەت بە چۆنیەتیی بەڕێوە چوونی زەماوەندی هاوسەرییان، هێلینیا بەم شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە: "هەردوو بۆنە جیاوازەکەمان لەسالانی 1951، 1952 زۆر سادە بوون، چونکە نە عەبدولڕەحمان و نە منیش مەبەستمان نەبوو کە خۆمان لەڕێی ئاهەنگی ئاساییەوە بناسێنین".[86]

بەم جۆرە دوای ئەوەی هێلینا ساڵی 1952 بەشێوەیەکی یاسایی دەبێتە هاوسەری عەبدولڕەحمانی قاسملوو لەماوەی ژیانی هاوسەری یاندا دوو منداڵیان دەبێت، کە هەردووکیان کچن و بەناوەکانی (مینا) لەساڵی 1953 لە پراگ لەدایك بووە، (هیوا) لەتاران ساڵی 1955 چاوی بەژیان هەڵ هێناوە".[87]

هەردوو کچەکەی عەبدولڕەحمانی قاسملوو تا ئێستەش لەژیاندا ماون. (مینا) ئەندازیارەو (هیواش) ئابووری ناس، زانیاریی تەواویان لەبارەی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی هەیە.[88]

---

85 هێلینا کرۆلیش، وەڵامی فاکسی پێشوو.

86 هـ. س.

87 کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب2، ل19.

88 هێلینا کرۆلیش، وەڵامی فاکسی پێشوو.



www.pertwk.com

هێلینا لەماوەی سالآنی ژیانی دا، تووشی گیروگرفتو بەشداری کاری سیاسییش بووە. جگەلەوە بەهۆی سەرقاڵیی د.قاسملوو بەکاری سیاسییەوە، زۆرجار بۆماوەی چەند ساڵێك لێی دوور بووە، بۆیە د.قاسملوو خۆشی پێ لەو ڕاستییە دەنێتو سەبارەت بە دووری لەخێزانو ماڵو منداڵی، خۆی لەبەرامبەریاندا بەخەتابار زانیوە.[89]

سەبارەت بەبەشداری کردنی کاری سیاسی هێلینا لەگەڵ قاسملوودا، کاتێك عەبدولڕەحمان ساڵی 1952 لەسەردەمی د.مصدق دا بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی گەڕاوەتەوە ئێران، دوای ماوەیەك هێلینا خۆی دەگەیەنێتە قاسملوو، بۆئەوەی لەنزیکەوە هاوکاریی بکات.[90] لەم پێناوەشدا ڕووبەڕووی ئێشو ئازارو گیروگرفت بۆتەوە، کاتێك لەگەڵ قاسملوو لەتاران بەنهێنی ژیان بەسەر دەبەن بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناچاردەبن ئێران جێ بهێڵنو هێليناو منداڵەکانی تووشی ژیانی ئاوارەییو دەربەدەری دەبن دوای ئەوەی لەڕێگەی (سمایلی قاسملوو)ی ئامۆزایەوە دەگەیەنرێتە سلێمانی.[91] ساڵی 1958 لەگەڵ د.قاسملوو لەشاری

---

[89] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب. س، ب. ش، ل170.

[90] پیتر پیلچ: س. پ، ل53.

[91] غەنی بلوریان: س. پ، ل195.

بەغدا نیشتەجێ دەبن،[92] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەمەینەتیەکانی ژیان دوور نابن، کاتێك د.قاسملوو ناچار دەکرێت عێراق جێ بهێڵێت، هێلیناش بە پاسەپۆرتی عێراقی و بەناوی نهێنی (مەدیحە کاظم)، دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا.[93]

هێلینا دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا دووبارە بەهۆی کاری سیاسی د.قاسملوو ڕووبەڕووی گیروگرفتی ژیان دەبێتەوە، چونکە کاتێك دەوڵەتی چیکۆسلۆڤاکیا ساڵی 1968 د.قاسملوو ناچار دەکا ئەم وڵاتە جێ بهێڵێت، دەبینین کەهەرچەندە هێلینا خۆی چیکۆسلۆڤاکیە، بەڵام بەهۆی د.قاسملووەوە، ئەویش ناچاردەکات دەست لە قاسملوو هەڵگرێت، یان چیکۆسلۆڤاکیا جێ بهێڵێت، بۆیە بەناچاری هێلینا ڕێگەی دووەم هەڵ دەبژێرێت و ڕوو دەکاتە وڵاتی فەڕەنساو لەشاری پاریس لەگەڵ د.قاسملوو درێژە بەژیانی هاوسەریی خۆی دەدات.[94]

---

[92] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب2، ل20.

[93] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل6؛ کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب2، ل69.

[94] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب2، ل21.

هێلینا سەبارەت بەبەشداری کردنی لەکاری سیاسی و چۆنیەتیی پێکەوە ژیانی لەگەڵ د.قاسملودا دەڵێت: "ژیان لەگەڵ عەبدولڕەحمادا بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ کاروباری سیاسیدا تێوەی دەگلاندین، لەژیانی هاوسەریماندا هەریەك لەئێمە بەشێوەیەکی ئاشکرا هەڵوێستو بیرکردنەوەو نەریتەکانی یەکترمان فراوان دەکرد، عەبدولڕەحمان زۆر بەقووڵی کاریگەریی لەسەر هەموو ژیانم داناوە، بەڵام لەڕاستیدا ناتوانم بڵێم کە تا چ ئاستێك من کاریگەریم لەسەر ئەو هەبووە".[95] هەروەها دەڵێت: "ساڵانی یەکەمی نهێنیمان لەئێراندا حەزم دەکرد کە هاوبەشی بکەم لەجی بەجێ کردنی ئەرکەکانی کە لەتوانامدا هەبوو، پاشان لەلایەن (حدکا) شەرەفی سەرپەرشتی کردنی ئەژماری بانقم پێ بەخشرا لەگەڵ پەیوەندی یە دەرەکییە گشتییەکاندا، دواتر لەنێوان ساڵانی 1986-1992 دا، نوێنەرایەتیی هەریەك لە عەبدولڕەحمان و صادق شەرەفکەندیم کردوە ".[96]

لەگەڵ ئەوەی کە زانیمان هێلینا بەشداری کاری سیاسیی لەپاڵ د.قاسملوو لەنێو خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردا کردوە، پێویستە

---

[95] هێلینا کرولیش، وەڵامی فاکسی پێشوو.

[96] هـ. س.

ئەوەش بزانین کە هێلینا لە نێو کوردا بەناوی دووەمی کە (نەسرین خان)یان (خوشکە نەسرین)ە، ناسراوەو ناودەبرێت.[97]

سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ناوی دووەمی بە (نەسرین)، هێلینا خۆی بۆمان ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: "زۆربەی کاتەکان من لەئێران و عێراقدا دەژیام، کەپێویست بوو لەسەرمان خۆمان بشارینەوەو بەنهێنی بژین، بۆیە کاتێك لەشاری بەغدا نیشتەجی بووین، مێژووی ژیانی نهێنی من دەستی پێ کرد، بەمجۆرە هاتینە سەر ئەو بۆچوونەی کەناوێکی تازە بۆمن بدۆزنەوە، بۆیە کاتێك لەلایەن (جەلال تاڵەبانی)[98] پێشنیاری ناوی (نەسرین)م بۆکرا،

---

[97] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب2، ل83؛ اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل6.

[98] مام جەلال: لە هاوینی ساڵی 1933دا لە گوندی کەلکانی بناری چیای کۆسرەت هاتۆتە دنیا، لەتەمەنی لاوییەوە تێکەڵ بەکاری سیاسیی و خەبات لەپێناوی ئازادی گەلی کورد بووە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق، وەك یەکەم کورد بەسەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ بۆ ماوەی یەك ساڵ (2005–2006) هەڵبژێردرا، پاش بەدەستهێنانی سەرکەوتنی گەورە لەکارەکەی و ئەنجامدانی کاری دیبلۆماسی بۆ نوێ کردنەوەی دەوڵەتی عێراق، بۆ جاری دووەمیش لە(2006/4/22) بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە وەك سەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردرایەوە. بۆ زیاتر بڕوانە: (پوختەیەك لە ژیاننامەی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (3950)، یەك شەممە، 2006/4/23، ل3-4).

ئێمەش ڕەزامەندیی خۆمان نیشان داو بەمجۆرە بێ هیچ هۆكارێكی دیاریكراو ئەم ناوە بەمنەوە نووسا وەك ناوی دووەمی خۆم".[99]

هەرچەندە (نەسرین خان) تا ئێستاش لەژیاندا ماوەو تەمەنی نزیكەی (74) ساڵە،[100] لەژیانی هاوسەریی خۆی لەگەڵ عەبدولڕەحمانی قاسملوو وێڕای ناخۆشیو گیروگرفتەكانیشیان بەهۆی كاری سیاسیو دووری لەیەكتری، توانیویانە بەسەركەوتوویی درێژە بەژیانی هاوسەری بدەن بێ هیچ كێشەو گرفتێك، تا ڕۆژی (1989/7/11) كە بۆدواجار عەبدولڕەحمان جێی هێشتوە بەیەكەوە ژیانیان بەردەوام بووە.[101]

---

[99] وەڵامی فاكسی پێشوو.

[100] چاوپێكەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، كۆیە، 2005/9/3.

[101] هێلینا كرولیش، وەڵامی فاكسی پێشوو.



www.pertwk.com

# باسی سێیەم

# تایبەتمەندییەکانی کەسێتی

**یەکەم: ناسناوو ناوە نهێنییەکانی:**

عەبدولڕەحمان لەژیانی سیاسیو فەرهەنگیی خۆیدا چەند ناسناوو ناوی نهێنی لەبەرچەند هۆیەك بۆی بەکارهێنراوە، یاخود وەك ناسناوێك پێی ناسراوە، کەلێرەدا هەوڵدەدەین زۆربەیان بخەینەڕوو.

سەرجەمی ناسناوو ناوە نهێنیەکانی هەندێکیان بێ مەبەستو هەندێکی تریش مەبەستدار بوون، کەئەمانەش هەموویان چەندین هۆ پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی ئەم ناسناوو ناوە نهێنییانەی پێوە بلکێنرێت. یەکێك لەگرنگترین ئەو هۆیانەی هاندەر بوون بۆ ئەم ناوانە دەبینین لەسەردەمانی کاری سیاسیو ڕێکخراوەییدا زۆرجار لەسەری پێویست بووە، کەخۆی بەنهێنی بشارێتەوە ئەمەش وای کردوە لەگەڵ گۆڕینی شوێنە نهێنییەکانی ناوی خۆشی بگۆڕێتو ناسناوو ناوی نهێنی بۆخۆی دابنێت.[102]

یەکێك لەناسناوە دیارو بەرچاوەکانی عەبدولڕەحمان، کەزیاتر لەمێژووی کوردو مێژووی جیهان پێی ناسراوە بریتی یە لەناوی (قاسملوو).[103] ئەم پاشگرە یان ناسناووە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەماڵەکەیانو شوێنی لەدایکبوونی خۆی دەگەڕێتەوە، لەم

---

[102] هێلینا کرۆلیش، وەڵامی فاکسی پێشوو.

[103] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل4.



www.pertwk.com

بارەیەوە عەبدولڕەحمان بۆخۆی لە چاوپێکەوتنێکیدا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: "لەوانەیە بەلاتانەوە سەیر بێت گوندێك هەبێت بەناوی قاسملوو، کەمن بەناوی ئەو گوندەوە کراوم".[104]

جگە لەقاسملوو ناسناوەکانی دیکەی لەکاری سیاسی و ڕێکخستنی حزبایەتیدا بۆی دانراوە، لەساڵانی پەنجای سەدەی بیستەم لەناوچەی بانە بەناوی نهێنی (حسێن) ناسراوە،[105] هەروەها لەکۆنفرانسی یەکەمی حدکا لەهاوینی 1955ز. بەناوی نهێنیی (حەسەن) بەشداریی کردوە،[106] هەر لەو ماوەیەشدا بەناوی نهێنی (شادی) نامەی بۆ کادیرە حیزبیەکان نووسیووە.[107] پاشان لە کۆتایی ساڵی 1968 لە چیکۆسلۆڤاکیا ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ

---

[104] Struggle against oppression, a fundamental concern in Dr. Ghassemlous life, BBC Persian services Behruz Yusef-zad in an interview with Dr. Ghassemlou (in late 1980s), p.1, 20/6/2005, http//:www.pdk-iran.org

[105] وتووێژ لەگەڵ (قادر عەبدوڵڵاهی) ناسراو بە مامە قالەی سووتوو، تێکۆشەر، (نامیلکەی ناوخۆی حدکا، دەورەی 2، ژمارە (73)، خەرمانانی 1381هـ، (ئابی 2002ز)، ل61.

[106] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل98.

[107] جەلیل گادانی: بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ب. ش، ب. س، ل17.

(برایم) .[108] هەروەها لەساڵانی خەباتی نهێنیدا لە ساڵی 1978 لەشاری مەهاباد بەناوی نهێنیی (شەریف) خۆی دەناسێنێ.[109] جگە لەمانە دەبینین لە نامەکانی کادیرانی حدکا ناوی خواستراوو نهێنی بۆ قاسملوو وەك (ڕەحیمی، بابی هیوا، بابی مینا) بەکارهێنراون.[110] لەهەمان کاتدا قاسملوو بۆخۆشی لەنامەکانیدا ناوی نهێنیی بۆخۆی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لەگەڵاڵە، لە نامەیەك دا بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا ناوی خۆی بە (شێرۆ) بردوە.[111]

دوای ئەمانە لەکاری فەرهەنگی و نووسینیشدا، بەناوی خواستراوو نهێنی خۆی ناساندوەو کاری کردوە، بۆیە کاتێك وەك مامۆستا لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وانەی گوتۆتەوە بەناوی (عەباسی ئەنوەری) خۆی ناساندوە، کەلەنێو خەڵك و خوێندکارەکانیدا بەو ناوە ناسراوەو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.[112] هەرچەندە لەکاری نووسین و

---

[108] حاجی حسین حداد: کوا ئاوێنەی ڕاستی یەکان؟، ب. ش، سەرماوەرزی 1380هـ- نوامبری 2001ز، ل55.

[109] غەنی بلوریان: س. پ، ل281-282.

[110] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب3، ل184؛ لەبیرەوەرییەکانم، ب4، ل160؛ لەبیرەوەرییەکانم (1975- 1979)، ب5، ستۆکهۆڵم، 1991، ل78،71.

[111] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب5، ل208، 209، 211، 216.

[112] اربعون عاما من الکفاح من اجل الحریة، ل8؛ کاوە بەهرامی: س. پ، ل171، 175؛ کریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب2، ل117.

بڵاوکردنەوەی بابەت و وتار لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا کەمتر ناوی نهێنی و خواستراوی بەکارهێناوە،[113] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو وتارانەی دەربارەی کۆماری کوردستان نووسیونی بە واژۆی (ع.وریا) بڵاوی کردوونەوە.[114]

بۆیە دەکرێت بڵێین لەگەڵ ئەوەی عەبدولڕەحمان ناسناوو ناوی نهێنیی زۆری بۆ بەکارهێنراوە، بەڵام ئەو ناوەی لەسەرووی هەموویانەوە لەمێژووی کورد بەتایبەتی و جیهان بەگشتی دا پێی ناسراوە (قاسملوو) ە.

[113] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[114] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل8.



www.pertwk.com

**دووەم: زمان زانینەکەی:**

سەبارەت بەزانینی چەند زمانێك لەلایەن عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوە مێژووییەکان بەشێوەی جیاواز لەیەکتری نووسیویانەو بۆیان خستووینەتەڕوو، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەشێکیان بخەینە بەرچاو.

گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد لەم بارەیەوە نووسیویێتی: "د.قاسملوو یەکێکە لەزاناو ڕووناکبیرە ناسراوەکانی کوردو چەند زمانێکی ڕۆژهەلاتی و ئەوروپایی دەزانی".[115] میر بصریش دەڵێ: "قاسملوو سەردارێکی ڕۆشنبیر بوو، بەچەند زمانێکی ئەوروپی و ڕۆژهەلاتی دەدوا".[116] عبداللە حسن زادەش دەڵێ: "د.قاسملوو ڕووناکبیرێکی گەورە بوو، چەند زمانێکی زیندووی دەزانی...".[117]

هەرچەندە ئەم سەرچاوانەی کەخرانەڕوو، ڕاستەوخۆ پێمان ناڵێن کە بەتەواوی چەند زمانی زانیون، بەلام بەگەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی کە بەژمارە ئاماژەیان بۆ زمان زانینەکەی د.قاسملوو داوە، ئەم مەسەلەیەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆ نمونە: کریس کۆچێرا نووسیویێتی: "قاسملوو دەی توانی بە (6 یان

---

[115] هەڵبژاردنی د.قاسملوو، بەرگی دووەم/ بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری ، بغداد، 1974، ل944.

[116] ناودارانی کورد، ل54.

[117] نیوسەدە تێکۆشان، ب2، ب. ش، 1996، ل43.

7) زمان بدوێ". [118] سەرچاوەیەکی تریش ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات و دەڵێ: "قاسملوو کەسایەتییەکی گەورە بوو لە جوولانەوەی نەتەوایەتیی کورد دا، کە (8) زمانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئەورووپایی دەزانی". [119] بەڵام لەسەرووی ئەمانەوە عزەددین مستەفا رەسوڵ دەڵێ: "د.قاسملوو تێکۆشەر بوو، زانایەکی لێزان بوو، بەشێوەیەکی زۆر باش (10) زمانی ڕۆژهەلاتی و جیهانیی بەکاردەهێنا". [120]

بەشێوەیەکی گشتی د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو زمانەکانی: (کوردی، فارسی، ئازەری، تورکی، عەرەبی، فەرەنسی، ئینگلیزی، چیکی، ڕووسی) بەباشی زانیون. [121] لەهەمان کاتیشدا توانیوێتی بەچەند زمانێکی دیکەی وەك (ئەڵمانی و پۆڵۆنی) گفتوگۆ بکات. [122]

---

[118] بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و هیوای سەربەخۆیی، ب2، ل22.

[119] هارڤی موریس- جورج بلوخ: لا اصدقاء سوى الجبال التاريخ المأساوي للاكراد، ترجمة: راج ال محمد، تعليق وتقديم: هادى العلوي، سوريا- دمشق، بدون سنه ومكان طبع، ل182.

[120] چاوپێکەوتن لەگەڵ (پ. د.عیزەددین مستەفا رەسول)، سلێمانی، 2006/2/9.

[121] ح. ماردین: س. پ، ل9؛ بەرزان موورادی: س. پ، ل3.

[122] د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: ئەو ڕابەرەی لەگشت بوارەکاندا لێ هاتوو بوو، کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ. (272)، ئۆرگانی ناوەندیی (حدکا)، 1992، ل7؛

بەڵام لەگەڵ ئەوەی توانیویێتی بەم چەند زمانە جۆراو جۆرە گفتوگۆ بکات، پێویستە ئەوەش بزانین کەڕادەی زانینی زمانێك بۆ زمانێکی تر لەلای د.قاسملوو جیاوازیی هەبووە، چونکە ئاستی زانینی د.قاسملوو بۆئەو زمانانە، وەك یەك نەبووە.

سەبارەت بەزانینی زمانی کوردی، هەرچەندە شێوەزاری ئاخاوتنی بنەماڵەکەیان کرمانجی بووە، بەڵام قاسملوو بۆخۆی زمانی کوردی بەهەردوو شێوەزاری بادینیو سۆرانی زانیوە.[123] لەڕێنووسی کوردییشدا وەك نووسەرانی موکریانو سلێمانی نووسیویێتی.[124]

لەبارەی زانینی زمانی عەرەبی-یشەوە، وەك کریس کۆچێرا دەڵێت: "..... زمانی عەرەبی باش لەبیرمابوو، چونکە ئەو نەی دەشاردەوە کەسەردەمێکی باشی لەگەڵ تەسەووفو عیرفان - مەبەست لەسەردەمی سالانی خوێندنی ئایینی یە - گوزەراندبوو"،[125] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە د.قاسملوو بەدرەنگەوە فێری زمانی عەرەبی بووە، چونکە وەك

---

پوختەیەك لەژیانی پڕ بەرهەمی د.قاسملوو، س. پ، ل5؛ کریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب2، ل126.

[123] میر بصری: س. پ، پەراوێزی (5)، ل54.

[124] اربعون عاما من الکفاح من اجل الحریة، ل12.

[125] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب2، ل19.

هەژاری شاعیر باسی کردوە، د.قاسملوو پشتی بەو بەستاوە لەزمانی عەرەبی دا وەك وەرگێڕ، پێش ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببێت.[126]

بۆیە دەکرێت بەم شێوەیە دەستنیشانی ئاستی زمان زانینەکەی د.قاسملوو بکەین و بڵێین: "زمانی فارسی بەپلەی یەکەم و زمانەکانی کوردی و تورکی و فەرەنسی وەك یەك و لەزمانە ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاواییەکانی دیکەشدا زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ڕووسی، بولغاری و پۆڵۆنی) لەکاتی پێویستدا، توانیویێتی بۆ نووسین و ئاخاوتن بەکاریان بهێنێت".[127]

---

126 وەرگیراوە لە: (اربعون عاما من الکفاح من اجل الحریة، ل6).

127 چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.



www.pertwk.com

سێیەم: تایبەتمەندی و ئارەزووەکانی:

هەروەك باسکرا سروشتی ژیان و پەروەردەی خێزان، کاریگەریی زۆریان بەسەر کەسێتیی مرۆڤدا هەیەو ئەمەش لەکاتی لاوی و پێگەیشتنیدا بەرجەستە دەبێت. لەم ڕووەشەوە د.قاسملوو پەروەردەی دەستی خێزانێکی دەرەبەگ و دەوڵەمەندو خاوەن دەسەلات بووە، کەبەشێوازی جیاوازو پەروەردەی تایبەتیی خۆیان کاریگەرییان لەسەری بووە، بەوەی کەهەوڵیان داوە بەژیانی خەڵکی ئاسایی و لەگەڵ منداڵانی دیکەدا هەڵس و کەوت نەکات.

جگە لەوەی ئەم سروشت و پەروەردەی خێزانییەی کاریگەریی لەسەری هەبووە، لەهەمان کاتدا ژیانی تایبەتیی خۆشی و بردنەسەری بەشێکی زۆری ژیانی سیاسی و بڕینی قۆناغەکانی خوێندنی لە وڵاتانی ئەوروپی، لەسەر کەسێتی قاسملوو کاریگەر بووەو تاڕادەیەکیش بەخراپ لەسەری کەوتوە، چونکە بەهۆی سروشتی ئەم جۆرە ژیانەوە تاڕادەیەکی بەرچاو لەگەڵ فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردەواریدا نامۆ بووە، ئەمەش زۆرجار تووشی گیروگرفتی کردوە.[128]

هەرچەندە قاسملوو لەبواری ئابووری و کاروباری ڕۆژانەی خەڵك زۆر شارەزا بوو، هەوڵی زۆری دەدا لەگەڵ جووتیارانی لادێ بگونجێت و بەدوور لە ژیانی دەرەبەگایەتیی باوکی خۆی وەك کوڕی

---

[128] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل160.



www.pertwk.com

شارو دێ بناسێنێ،[129] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمو کوڕی لەکەسێتیدا بەرجەستە بووە، بەهۆی زۆر لەهەستی کۆمەڵایەتیو شێوازی تێکەڵاو بوونو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی ئاساییو ڕەشۆکیدا زۆر شارەزا نەبووەو لەم ڕووەوە سەرکەوتوو نەبووە.[130] ئەمەش بۆ سروشتی ژیانی تایبەتی خۆییو پەروەردەی خێزانی دەگەڕێتەوە، بەلام سەرباری ئەم کەمو کوڕییانەش د.قاسملوو وەك سیاسەتمەدارێکی شارەزاو ناودار، خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەتیی خۆی بووە .[131]

یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی کەسێتیی د.قاسملوو ئەوە بوو کەلەژیان بێزار نەبووە، بەڵکوو ژیانی بەهەموو بوونیەوە خۆش ویستوە. کاتی پشوودانی خۆی بەخوێندنەوەی پەرتووك‌و سەیرکردنی فیلم‌و گوێگرتن لە مۆسیقاو ئەنجامدانی کاری بەسوود لەگەڵ هاوڕێیانیدا بردۆتە سەر .[132] لەم بارەشەوە د.قاسملوو خۆی بۆ مان باس دەکات‌و دەڵێ: "من هەمیشە مرۆڤێکی گەشبین بووم، ولەسەختترین بارودۆخەکاندا توانای دان بەخۆدا گرتنم هەبووە، کەتا

---

[129] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل12.

[130] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3..

[131] بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حدکا بەبۆنەی یەکەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی د.عبدالرحمن قاسملوو، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (163)، 1990، ل2.

[132] قاسملوو بەفەرهەنگ، هونەر دۆست‌و ئەویندارى ژیان بوو، کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ. (163)، 1990، ل30.

ئێستەش نەگۆڕاوم. جگە لەمە زۆر حەز لەخوێندنەوە دەکەم و هەمیشە بەدوای گۆڤارو ڕۆژنامەی دەرەکی و ئێرانی دەکەوم و دەخوێنمەوە، لەهەمان کاتدا زۆر حەز لەخوێندنەوەی ڕۆمان و بابەتی زانستی دەکەم..." .[133]

لایەنێکی دیکەی کەسێتیی قاسملوو ئەوەیە کە زۆر میهرەبان بوو، هەتا ئەگەر لەلایەن کەسێکەوە دژایەتییش کرابا، ئەو بەلەخۆبووردنەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردو کاری پێچەوانەی لەبەرامبەردا نەدەنواند.[134] لەم ڕووەشەوە هێلینا بۆمان ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: "قاسملوو مرۆڤێکی چاك و نوێخوازو زانا بوو، لەبارەی زانایی و شانازی بەخۆ کردنەوە سیفەتی وای نیشان نەداوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە توانای دروستکردنی برادەرێتیی هەبوو، لەهەمان کاتدا مرۆڤێکی زۆر سادە بوو".[135]

یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی کەسێتیی قاسملوو، ئەوە بوو کە لەزۆر بواری جۆراو جۆردا شارەزا بوو، یەکێك لەوانە شارەزایی لەسەر زۆربەی وولاتانی دونیا هەبوو، زانیاریی لەسەر وولاتانی

---

[133] An interview with Dr. Ghassemlou, OP.Cit., p.2.

[134] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ب. ش، 1995، ل105.

[135] interview with Helena Qassimlou, Payam، London-based Kurdish paper, issue number, 25-26, by Harem Jaff, p. 2, 20/6/2005, http://www.kurdishmedia.com

ئـەورووپاو لایـەنی ڕەوشـتو دابو نـەریتوکلتوریان هـەبوو.[136] لـەم بارەیەوە د.کارل یێخ ی هاوڕێی دەڵێت: "د.قاسملوو زۆری دەربارەی مێژووی چیکۆسلۆڤاکیا دەزانی، تەنانـەت زۆر لـەمن زیاتر دەربارەی مێـژووی وڵاتەکـەمی دەزانـی، بەشـێوەیەك کـە مـن هەسـتم بەشـەرم دەکرد".[137]

بەمەش دەکرێت بڵێین د.قاسملوو بەتەنیا سەرکردە نەبووە، بەڵکوو زانـاو مێـژوونووسو ئـابووری زان بـووە. لەئـەدەبیاتی ڕۆژئـاوادا شـارەزایەکی بـاشو لەئـەدەبی کـوردیو فارسـی دا پسـپۆرو زانـا بووە.[138] جگە لەوەش زۆر شەیداو خولیای شیعرو مۆسیقا بوو، لـەم ڕووەوە زۆر شـارەزا بـوو، چـونکە باشـترین شـیعرەکانی بابـە تـاهیرو ئەحمـەدی خـانیو گـۆرانی لەبـەر بـوو، شـارەزایی لـە مۆسـیقادا

---

[136] اربعـون عاما مـن الكفـاح مـن اجـل الحريـة، ل12؛ لەئەرشـیفی تایبـەتی قاسملوو کە لەلایەن م. س. حدکا لـە کۆیـە پارێزراوە، چەندین کاسێتی وێنەو دەنگـی لـە خـۆ گرتـووە تایبـەت بەڕەوشـتو دابو نـەریتو کلتـوری وڵاتـانی ئەورووپاو ئەفریقیاو گەلانی ئاسیا بەگشتی، کە قاسملوو بۆ وەرگرتنـی زانیاری سـوودی لێ بینیـوون. (چـاوپێکەوتن لەگـەڵ (کـاوە بـەهرامی)، کۆیـە، 2005/10/10).

[137] An interview with Dr. karl yekh, Qassimlous close friend, Payam، London- based Kurdish paper, issue number, 25-26, by Harem Jaff, p. 2, 20/6/2005, http://www.kurdishmedia.com

[138] مەتین: س. پ، ل13.

بەڕادەیەك بوو كە گوێی لەهەر پارچە مۆسیقایەك بوایە ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دانەرو ژێنەرەكەی دەكرد، لەگەڵ ئەوەش ئارەزووی كوردانەی لە مۆسیقا ناگۆڕیو زۆر حەزی بە مۆسیقاو ئاوازی كوردی دەكرد.[139]

لەمەش بترازێ د.قاسملوو بۆخۆی پێمان دەڵێ: "زۆر حەز لەو هۆنراوانە دەكەم كە لە كوردستاندا دەی هۆننەوە، بەتایبەتییش حەز لەهۆنراوەی شاعیرە كلاسیكییەكانی وەك حافیز، سەعدی، خەیام، بابەتاهیر، ئۆریانو فیردەوس دەكەم، هەروەها زۆر حەز لەشیعرەكانی شاعیرە نوێخوازەكان دەكەم، بەتایبەتی شیعرەكانی گۆران كەشاعیری سەدەی بیستە، جگە لەمەش حەز لەشیعرەكانی ئەحمەدی خانی دەكەم كەشاعیرێكی كلاسیكە. لەشاعیرە نوێیەكانیش حەز لەشیعرەكانی نادری پوورو ئەحمەد شەماڵ دەكەم. لەخوێندەوەشدا حەز لەكارەكانی (پارڤێن ئیتاسامی) دەكەم، چونكە هەست دەكەم زۆر لەناخی منەوە نزیكە".[140]

دەربارەی ئارەزووی هونەری د.قاسملوو، د.مارف خەزنەدار دەڵێ: "بەدەگمەن ئەوچێژە هونەرییە بەرزە حەقیقییە لەسیاسیاندا دەردەكەوێ، بەڵام بەڕاستی قاسملوو نموونەی ئادەمیزادی هۆشیارو تێكۆشەری خەباتگێڕو زاناو نووسەرو هونەر پەروەر بوو، كە دەی

[139] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل12.

[140] An interview with Dr. Ghassemlou, OP.Cit., p.2.



www.pertwk.com

تـوانی لـەژیانی پراکتیکیـی تایبـەتیی خۆیـدا بەشـی هـەموویان بپارێزێو جێیـان دیاری بکات".[141] سـەبارەت بەتایبەتمەندییـەکانی دیکـەی د.قـاسملوو (مـارک کراوێتـز) دەڵـێ: "هـەم لـەباری سـەرنج ڕاکـێش بـوونی کەسـایەتیو هـەم لەشـیکردنەوەی دابو نەریتـەکانی خـەباتی گەلەکـەی پیـاوێکی بـێ هاوتـا بـوو... ئـەو ژیـانی لـەنێو پێشـمەرگەکان لـە خانوویـەکی قـوڕ، لـەقووڵایی دۆڵو سـنوورەکانی نێـوان ئێـرانو عێـراق، زیـاتر پـێ خـۆش بـوو، ...، کتێبخانەکـەی هەمیشـە لەگـەڵ دابـوو، هـۆگرو ئەوینـداری پـەرتووکو شـەرابی چاك بوو، دیارە زۆر بەهاسانی دەی توانی چاوپۆشی لەدووهەمیان بکات، بەڵام لەیەکەمیان نا. وەك چۆن زۆر بەسانایی لەسەر مێزی خواردن لـەپاریس دادەنیشـتن، هـەر بـەو ئاسـانیەش، تـەنیاییو ژینـی سـادەی لەهـەوای سـاردی زسـتانە سـەختەکانی چیاکانی کوردسـتان بەرگـە دەگرت...، جگـە لەمـەش هـۆگری مێـژوو و ئـەدەبیات بـوو، بەتایبـەتی لەشـیعری کـوردیو فارسـی شـارەزا بـوو...، سـەرباری ئەمانـەش ئارەزووی لەنوکتەو قسەی خۆش بوو".[142]

دەکرێ بوترێ د.قاسملوو سیاسەتمەدارێکی بیر ورد، دیپلۆماتێکی لێـزانو بـەتوانا، ڕێبـەرێکی ئـازاو چـاونەترس، خـەباتگێڕێکی سـەر سـەختو گـەش بین، پیـاوێکی لەسـەرەخۆو ڕووخـۆشو زمـان شـیرین

[141] وەرگیراوە لە: (کاوە بەهرامی: س. پ. ل190).
[142] هـ. س.پ، ل164- 165.

بـــووە. بۆیـــەش کەســـایەتییەکی وەك (د.کۆشـــنێر)[143] لەبارەیـــەوە وتوویـەتی: "کەسـێکی دەم بەخەنـدەو پێکـەنین بـوو، کـەدەی تـوانی لەبەرامبـەر هـەموو شـتێك‌و هـەموو کەسـدا دەم بـەبزەبێ. کەسـێك بـوو فەرهـەنگی دەوڵەمەنـد بـوو، ڕوانینـی مێژوونووسـانەی هـەبوو، چـاوی بەهـــەموو شـــتێکدا دەخشـــاند تـــا بتوانـــێ کـــەڵکی لێ وەربگـــرێ‌و لێکدانـــەوەی وردو جـــوان بەدەســـت بێنـــێ".[144] ئەمانـــەش زۆر جـــار لـەژیانی سیاسـی‌و ڕۆژانـەی خۆیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، چـونکە وەك نەوشـێروان مسـتەفا لەبارەیـەوە نووسـیویێتی: "د.قاسملوو زۆرجـار بـاوەڕی جیـددیی خـۆی لـەقالبی گاڵتـەدا دەرئـەبڕی، بەپێکەنینـەوە قسەکانی دەخستەڕوو".[145]

دووبـارە قسـەکانی کەسـایەتیەکی وەك (د.کوشـنێر) دێنینـەوە کـە دەڵێـت: "دەتـوانم بەڕاشـکاوی بڵـێم بـۆم دەرکـەوتوە کـە لـەدونیای سێهەمداو لەنێو کەسێتی‌و سـەرۆکەکاندا د.قاسملوو بـێ هاوتـا بـوو. زانـــایی، لێبـــووردوویی، ئاشـــنایی بەچـــەندین زمـــان‌و فەرهـــەنگی

---

[143] وەزیری پێشووی کاروباری مرۆیی دەوڵەتی فەڕەنسا.

[144] وەرگیراوە لە: (ح. ماردین: س. پ، ل37).

[145] پەنجـەکان یـەکتری ئەشـکێنن، چ2، چـاپخانەی خـاك، سـلێمانی، 1998، ل159.

نەتــەوەکانی دیکــە، ئاشــتی خــوازی، دڵپــاکی و بــێ کینــەیی، بەشــێك بوون لەتایبەتمەندییەکانی کەسێتیی د.قاسملوو".[146]

خۆ ئەگەر لەهەندێك ڕووەوە زیادە ڕۆیی کرابێت لەبارەی ناساندنی کەســێتیی د.قــاسملوو، ئــەوا بێگومــانین لــەوەی کــە د.قــاسملوو کەسـێتییەکی دیـارو بـەرزی هـەبووە، چ لەسـەر ئاسـتی نێوخـۆو چ لەسەر ئاستی دەرەوە.[147] لەم بارەشەوە ئەوەی زیاتر ئەم لایەنەمان بۆ ڕۆشـن دەکـات، ئەوڕێز لێگرتنـەی بیرو ڕای گشـتیی جیهانیەیـە لـە د.قاسملوو، کە وەك یەکەم کورد لەهـەموو مێـژووی کوردستاندا کرا بەکاندیـدی وەرگرتنـی خـەڵاتی ئاشـتیی نۆبێـل بـۆ سـاڵی 1990ز.[148] ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە د.قاسملوو مـرۆڤ دۆسـت بـوو، ڕێـزی بۆ مافی مرۆڤو مرۆڤەکانی بەرامبەری دادەنا، لەهـەمان کاتـدا عاشـقی ئاشــتی بــوو، بڕوایــەکی قــووڵی بــە ئاشــتیی نێــوان گــەلان هــەبوو، کەبەکردەوەش بۆ ئەم مەبەستە گرنگە هەوڵی دەدا. جگە لەوەش دژی

---

[146] ڕێو ڕەسمــی ســاڵڕۆژی شــەهیدبوونی قــاسملووی مــەزن لــە ئــەوروپا، کوردســتان (ڕۆژنامــە)، ئۆرگــانی ناوەنــدیی حــدکا، ژمــارە (164)، گەلاوێــژی 1369هـ/ ئوتووی 1990ز، ل9.

[147] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل97.

[148] بڕوانە: (د.قاسملوو کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نوبێل، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (158)، ڕێبەندانی 1368هـ/ فیوریـەی 1990، ل1-3).

تیرۆرو ڕەشە کوژی بوو، تیرۆری بەهەموو شێوازەکانیەوە مەحکووم دەکرد، بەکردەوەیەکی دژی مرۆڤایەتیی لەقەڵەم دەدا.[149]

سەبارەت بەهیواو ئاواتەکانی، گرنگترینیان ئەوەیە کە د.قاسملوو بۆخۆی بۆمان باس دەکاتو دەڵێت: "حەز دەکەم بچمەوە نێو خەڵکی خۆمان، بۆیە هیوادارم ڕۆژگار بەشێوەیەك بگۆڕێ کە وڵاتەکەم سەربەخۆو هێمن بێت، و کاتەکانیشم لەماوەی خانەنشینیدا لەیەکێك لە گوندەکانی کوردستان بەسەر ببەم، بەتایبەتی لە گوندی قاسملوو، چونکە حەز دەکەم لەم گوندە خۆم بەخوێندنو نووسینەوە خەریك کەم تا کۆتایی ژیانم".[150]

بەم شێوەیە جگە لەوەی د.قاسملوو بەردەوام ئارەزووی لەخوێندنو فێربوونی زانستو زانیاری بووە، بەدرێژایی تەمەنی بیری لەبەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی نەکردۆتەوە، بەتایبەت لەبارەی ماددییەوە، چونکە تا ڕۆژی تیرۆرکردنیشی خاوەنی سەروەتو سامان نەبووە، جگە لەوەش خۆی بەخاوەنی کتێبەکانی خۆشی نەزانیوە،[151] چونکە بەپێی نووسراوێك کەلەشێوەی وەسیەتنامە لەساڵی 1981 بەزمانی فەرەنسی بۆ خێزانەکەی خۆی نووسیوە،

[149] دووهەمینساڵرۆژی شەهیدبوونی د.قاسملوو، کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (175)، ژووئیەی 1991ز، ل2.

[150] An interview with Dr. Ghassemlou, OP.Cit., p.3.

[151] ح. ماردین: س. پ، ل29.

دەڵێت: "هەرشتێکی بەناوی من هەیە، ئەوە هی من نیە، بەڵکوو هەمووی هی (حدکا)یە، بۆیە ئەگەر هاتو من مردم یان شتێکم لێ بەسەر هات، خێزانم دەبێت بیان داتەوە بە (حدکا)" .[152] ئەمەش ڕەنگدانەوەی کەسێتیی بەرزی د.قاسملوو بووە، چونکە لەناخەوە زۆر باوەڕی بە دیموکراسی هەبووە، زۆر دژی دیکتاتۆریو پاوان خوازی بووە، بۆیە زۆرجار بەشانازییەوە ڕای گەیاندوە کە (خراپترین دیموکراسیم، لەباشترین دیکتاتۆری پێ باشترە".[153]

بەم شێوەیە د.قاسملوو خۆشیو جوانیەکانی ژیانو سروشتی بەتەواوی خۆش دەویست، بەڵام پێی وابوو ژیان بەبێ ئازادی هیچ مانایەکی نیە، بۆیەش کەسێتیی بەهێزی قاسملوو لەسەرەتای تەمەنی لاویەتییەوە بۆتە هۆی بەشداری کردنی کاری سیاسیو لەم ڕووەشەوە درێخی نەکردوە.

---

[152] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[153] د.قاسملوو و بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران،کوردستان(ڕۆژنامە)،ئۆرگانی حدکا، ژمارە(163)،1990،ل10.



www.pertwk.com

# بەشی دووەم
# ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەماوەی دەسەڵاتداریێتیی شاهەنشاهیی ئێران دا
(1978 -1945)

## باسی یەکەم
### سەرەتای کاری سیاسیی قاسملوو:-

**یەکەم: ڕۆڵی لەرێکخراوە پیشەییە کوردییەکان:**

**أ- یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران.**

**ب- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا.**

**دووەم: کاری سیاسیی قاسملوو لە حیزبی توودەی ئێران دا**
(1968 -1947)

## باسی دووەم
### ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەساڵانی (1978 -1953) دا

**یەکەم: سەرەتای ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە حدکادا**
(1960-1953)

## دووەم: ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگارخوازیی کورد لە ساڵانی (1970- 1978) دا

## باسی یەکەم
## سەرەتای کاری سیاسیی قاسملوو

سەرەتای ئاشنابوونی قاسملوو بەکاری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی لاوێتی، بەهۆی کاریگەری سروشتی بنەماڵەکەیو ئاشنابوونیان بەکاروباری سیاسیی ئەو سەردەمی کوردستانو تێکەڵاوبوونو بەشداربوونیان لەڕووداوەکاندا، سەرنجی قاسملووی بۆ لای کاری سیاسیی ڕاکێشاوەو لەم بارەیەوە هۆشیار بۆتەوە، چونکە لەسەر پێشینەی بیروبۆچوونی سیاسیی باوکی، لەسەردەمی منداڵیو پاشان تەمەنی لاوێتیدا، قاسملوو بەکێشەی سیاسیو بیروبۆچوونی ئازادیخوازانە ئاشنا بووە.[154]

هەر لەم بارەیەوە قاسملوو بۆخۆی دەڵێ: "هەرچەندە تەمەنم (11) ساڵ بوو، بەڵام وەك زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشابووم".[155] لەجێگەیەکی دیکەش قاسملوو دووبارە جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکاتەوەو دەڵێ: "یەکێك لەبابەتە گرنگەکان ئەوەیە، من هەر لەسەرەتای تەمەنی گەنجییەوە دەستم کردوە

---

[154] مصطفی فاتح: ستاره ای که هرگز غروب نخواهد کرد، یادداشتهایی از زندگی و مبارزه سیاسی زنده یاد دکتر عبدالرحمن قاسملو دبیرکل حزب دمکرات کردستان ایران، ل1،
http://www.shahnvand.com/backissues/598fateh.htm
.(2005/4/20)

[155] عبدالرحمن قاسملوو: چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، ب1، ل61.

بەخەبات کردن و شەڕ دژی زوڵم و جیاوازیی نەتەوایەتی".[156]

جگەلەمانە ڕۆژنامەی (پۆندیکی یۆنانی) سەبارەت بە قاسملوو نووسیوێتی: "د.قاسملوو زۆر بەگەنجی چۆتە نێو جولانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد".[157]

بۆدەستنیشانکردن و خستنەڕووی سەرەتای کاری سیاسیی قاسملوو لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسی یان پیشەییدا، پێویستە ئاوڕێك لەخەبات و ڕۆڵی قاسملوو لەنێو ڕێکخراوە پیشەییەکاندا بەپێی قۆناغەکانی ژیانی سیاسی بدەینەوەو ڕۆڵی ئەو لەو ڕێکخراوانەدا دەستنیشان بکەین.

---

156 An interview with Dr. Ghassemlou, OP.Cit., p.4.

157 بە وەرگێران لە (ح. ماردین: س. پ، ل32).

## یەکەم: ڕۆڵی قاسملوو لەڕێکخراوە پیشەییە کوردییەکان دا:-

### أ/ یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی 1945ز دامەزراوە،[158] زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کەسەرەتای کاری سیاسیی قاسملوو لەچوارچێوەی ئەم ڕێکخراوەدا بووە. هەروەك لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حدکا نووسیویێتی: "قاسملوو لەتەمەنی زووی منداڵیدا (1941) لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان ئاشنا بووەو بیروباوەڕی ئازادیخوازانە لەمێشکیدا چەکەرەی کردوەو پاشان لەساڵی 1945 دا تێکۆشانی سیاسیی خۆی بەدامەزراندنی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەشاری ورمێ دەست پێ دەکا".[159] عزەدین مستەفا ڕەسول یش ئاماژەی بۆ ئەوە کردوەو دەڵێ: "بارودۆخی گونجاوی خێزانەکەی پاڵی بە عەبدولڕەحمان نا بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتای تەمەنی لاویەوە دەست بکات بەتێکۆشان لەپێناوی کوردستانداو لەساڵی 1945 دا کەتەمەنی (15) ساڵ بوو یەکێتیی لاوانی لەشاری ورمێ دامەزراند".[160] جگە لەمانە سەرچاوە مێژووییەکانی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، قاسملوو لەتەمەنی (15) ساڵی دا

---

[158] لاوان (گۆڤار)، ئۆرگانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ژمارە (25)، بانەمەڕی1365هـ(1986ز)، ل34.

[159] پوختەیەك لەژیانی ڕێبەرهەمی د.قاسملوو، س. پ، ل4.

[160] أربعون عاما من الكفاح من اجل الحريه، ل5.



www.pertwk.com

تێکۆشـان و کـاری سیاسـیی خـۆی بەدامەزرانـدنی یـەکێتیی لاوانـی دیموکراتی کوردستان لەشاری ورمێ دەست پێ کردوە.[161]

بەم شـێوەیە دوای ئـەوەی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا بزووتنـەوەی نەتەوایەتی دەستی بە بووژانەوە کردو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـران لەسـاڵی 1945 دا دامـەزرا، سـەرنجی گـەنجانی ڕاکێشـاوەو لەدەوری خۆی کۆکردوونـەوە، کەیـەکێ لـەو گەنجانـە عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو کە هێشتا تەمەنی (15) ساڵان بوو.[162]

سەرچـاوە مێژووییـەکان زۆربـەیان سـەرەتای کـاری سیاسـیی قاسملوو دەگەڕێننـەوە بـۆ دامەزرانـدنی یـەکێتیی لاوانـی دیمـوکرات لەشـاری ورمـێ، بەڵام پێویسـتە لێرەدا ئـەوە بخەینـەڕوو کەبەتـەواوی ڕوون نییـە ئایا قاسملوو سـەر بەیـەکێتیی لاوانـی دیمـوکراتی مهاباد بووە، یـان لـەباڵی یـەکێتیی لاوانـی فیرقـەی دیمـوکراتی ئازربایجانـدا کاری کردوە.

لەبـەر ئـەوەی قاسملوو بەرپرسـی یـەکێتیی لاوان بـووە لـە ورمـێ، پێویسـتە ئـاوڕێکی کـورت لـە سـنووری چـالاکیی یـەکێتیی لاوانـی دیموکرات بدەینەوە.

---

[161] خالیـد کـریم کـورە داوی: لـەیادی شـەهید قاسملووی نـەمردا، هاوکـاری (ڕۆژنامـە)، ژمـارە (1304)، 1991/11/16، ل3؛ Sehab Xalidi (Berhevkiri): Dr. Qasimlo Banga astiu azadiye, b. s, b. sh, L15.

[162] Rahman Ghassemlou (1930-1989), Abdul Rahman GHASSEMLOU MAN of PEACE and DIALOGUE, p. 1, 20/6/2005, http//:www.pdk-iran.org

سەبارەت بەیەکێتیی لاوانی دیموکرات لەسەردەمی کۆماری کوردستان دا، بزووتنەوەی جەماوەریو دیموکراتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەو ناوچانەی کۆمار دەسەڵاتی پێ ڕاگەیشتوە پەرە سەندووتر دەبوو، بەتایبەتی لە نێوان لاواندا کەڕێکخراوەی خۆیان لەژێر ناوی (یەکێتی جەوانانی دیموکرات)دا دامەزراندو خاوەنی بلاوکراوەو هەڵوێستی نیشتمانیی خۆیان بوون.[163]

بەم پێیە گومان دەکرێ لەبوونی ڕێکخراوی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ورمێ، چونکە کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان، ئەو سەردەم ناکۆکییان لەسەر بەڕێوەبردنی شارەکانی ئوستانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا (کە ورمێ یەکێك لەو شارانە بوو)، هەبوو، هەرچەندە کۆماری کوردستان ئەو ناوچانەی بە کوردستان دادەنا، بەلام تەنیا لە ورمێ و میانداو نوێنەری هەبوو[164]، بەکردەوە هەر چوار شارەکە،[165] لەلایەن حکومەتی میللیی ئازەربایجانەوە ئیدارە دەکران.[166] شاری ورمێ نەك

---

[163] د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (1939- 1979)، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2003، ل160.

[164] بۆماوەیەکی زۆر (مامە غەنی خەسرەوی) نوێنەری کۆماری کوردستان بووە لەشاری ورمێ. (چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27).

[165] واتە شارەکانی (خۆی، سەلماس، ورمێ و میانداواو).

[166] عبدالرحمان قاسملوو: چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، ب1، ل90.



www.pertwk.com

لـەڕووی کارگێڕییــەوە، بـەڵکوو لـەبواری کـاری حیزبــیو چـالاکی سیاسییشـەوە دەسـەڵاتی کۆمـاری کوردسـتانو حیزبـی دیمـوکراتی تێدا لاواز بووە. سەبارەت بەمە گادانی لەچاوپێکەوتنێکدا بەئاشکرا ئـەوەی ڕاگەیانـد لەبـەر ئـەوەی دەسـەڵاتمان بەسـەر شـاری ورمـێ دا نـەبوو، لەهـەمان کاتیشـدا ڕێکخسـتنێکی فراوانیشـمان ئـەو کـات لـە ورمێ نەبوو، بۆیە لەبوونی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی ئەو سەردەم لەشاری ورمێ دڵنیا نیمو گومانم هەیە.[167]

یـەکێتیی لاوانـی دیمـوکرات سـاڵی 1945 لەلایـەن (مـیرزا علـی خوسرەوی)[168] سەرپەرشتی کراوەو لەشاری مهاباد بنکەو بارەگایان

---

[167] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.

[168] مـیرزا علـی خوسـرەوی: تێکۆشـەرێکی کـوردی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانەو خـەڵکی شـاری مهابـادە، کـوڕی بنەماڵەیـەکی شۆڕشـگێڕی کـورد پـەروەرە، لەسـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان سـاڵی 1945 لەشـاری مهابـاد کـادیرێکی چالاكو گـەنجێکی تێکۆشـەر بـووە، لێپرسـراوی یـەکێتیی لاوانـی دیمـوکراتی سـەردەمی کۆمـار بـووە. دوای ڕووخـانی کۆمـار لەتێکۆشـانی سیاسـیی دوورکەوتۆتەوەو ماوەیەکی زۆر لەشاری تاران درێـژەی بەژیانی ئاسایی خـۆی داوە، هەرچـەندە تـا ئێسـتەش لەژیانـدا مـاوە، بـەلام بـەهۆی ئیفلـیج بـوونی دەماغەوە لەشـاری مهاباد کەوتوەو باری تەندروسـتیی زۆر خراپـە. هەربۆیـەش توێـژەر کاتێك لـە 2005/12/10 سـەردانی ئێرانـی کـرد بەمەبەسـتی دیـدەنیو وەرگرتنی زانیاریی تایبەت بە بوونی ڕۆڵی د.قاسملوو لـەنێو یـەکێتیی لاوانـی دیموکرات دا، بەهۆی نەخۆشیو خراپی باری تەندروسـتییەوە هـیچ سـوودێکی لێ نەبینرا.

هەبووە بۆ کۆکردنەوەی لاوان لەدەوری خۆیان[169]، بەڵام جگە لەم چەند زانیارییە تایبەت بەو یەکێتییەش، زانیاریی دیکە لەبەردەست دا نیە سەبارەت بەکارو چالاکیەکانی ئەو یەکێتییە لەشارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابین کە د.قاسملوو لەنێو یەکێتیی لاوان لەشاری ورمێ سەر بەیەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە یان نا.

لەچاوپێکەوتنێکدا عزەدین مستەفا ڕەسول ئەوەی ڕون کردەوە کە لەدیدەنییەکیدا لەگەڵ (محمد تقی زیهتابی) کە لەساڵانی 1945-1946 دا لێپرسراوی گشتیی لاوانی ئازەربایجان بووە، محمد تقی زیهتابی پێی ڕاگەیاندوە کە د.قاسملوو لەشاری ورمێ لەساڵی 1945 دا، لێپرسراوی کۆمیتەی لاوانی ورمێ بوو لەئازەربایجان.[170]

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە قاسملوو لەو سەردەمدا چالاکیی سیاسیی خۆی لەچوارچێوەی ڕێکخراوی لاواندا نواندوە، بەڵام لێرەدا گرنگ ئەوەیە، کە ئایا د.قاسملوو سەر بەیەکێتیی لاوانی دیموکراتی مهاباد بووە یان یەکێتیی لاوانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان؟ بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین بڵێین کاتێک قاسملوو لەقۆناغی خوێندنی ناوەندی دا بووە لەشاری ورمێ لەچوارچێوەی ڕێکخراوی یەکێتیی لاوانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کاری کردوەو ڕۆڵی سیاسیی خۆی نواندوە، بەڵام کاتێک (گۆڤاری هاواری

---

[169] جەلیل گادانی: بانەبێتە درۆی پاش مردو، ل264.

[170] چاوپێکەوتن لەگەڵ (پ. د.عزەددین مستەفا رەسوڵ)، سلێمانی، 2006/2/9.

نیشتمان) ئۆرگانی لاوانی دیموکراتی کوردستان بانگەوازی بۆ لاوان دەکرد لەدەوری کۆببنەوە، قاسملوو بەدەم ئەم بانگەوازەوە چووەو ئەو ماوەیە تا ڕوخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، چالاکیی سیاسیی و ڕۆڵی ڕێکخراوەیی خۆی لەچوارچێوەی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دا نواندوە.[171]

ب/ ڕۆڵی لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا:

دوای جەنگی جیهانیی دووەم، بزووتنەوەی دیموکراتی لەنێو خوێندکاراندا بەشێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەند، بەڵام بەهۆی کەمیی ژمارەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کە یارمەتیی دروست بوونی ڕێکخراوێکی خوێندکاران بدا، هەلومەرجی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا تا ساڵی 1949 دوادەکەوێ،[172] بەڵام کاتێک قاسملوو ساڵی 1948 ڕوودەکاتە فەڕەنساو خوێندکاری زانکۆ دەبێت لەگەڵ چەند خوێندکارێکی

---

[171] قادر – ج: دەبێ وشەو ڕیشەکانی لاوان لەجاران ئاگراوی تربن، لاوان (گۆڤار)، ژمارە (34)، خەزەڵوەری 1368ﻫ (تشرینی دووەمی 1989ز)، ل41.

[172] د.کمال فوئاد: کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لەئەوروپا، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان– لقی سلێمانی، 1972، ل4؛ بێ ناوی نوسەر: بزاڤا قوتابیین کورد لە ئەوروپا، ڕوناهی (گۆڤار)، ژمارە (3)، ساڵی (1)، کانوونی یەکەمی 1960، ل25. .

دیکـەی کـورددا، لـەکۆتایی سـاڵی 1949 دا کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کورد لە ئەوروپا دادەمەزرێنن.[173]

سـەبارەت بـەرۆڵی قـاسملوو وەك ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێنـەری کۆمەڵــەی خوێنــدکارانی کــورد لەئــەوروپا، ئــەوا لەلایــەن هەنــدێك لەسەرچـاوەکانەوە پـەراوێزکراوەو ئامـاژەی پـێ نـەدراوە، سـەبارەت بەدەسـتەی دامەزرێنـەری ئـەم کۆمەڵەیـە (د.کـەمال فوئـاد)[174] دەڵـێ: "سـەرەتای سـاڵی 1949 چەند خوێنـدکارێکی کـورد، کـە ئەوکات لـە ئـەوروپا دەیـان خوێنـد، (نورالـدین زازا- عیصـمت شـریف وانلـی- عبدالله قادر- شوکت عقراوی)، کۆدەبنـەوەو بۆ خوێنـدکارانی کـورد بڕیاری دروست کردنی ڕێکخراوێکی سیاسیاندا، تا ئەمانیش شان

---

[173] Sahab Xalidi: S.P، L.16.

[174] (د.کەمال فوئاد): ناوی تـەواوی (کـەمال عەبدولکـەریم فوئـاد)ە، 1932/9/4 لە شاری سلێمانی لـەدایك بووە، خوێنـدنی ئامادەیی لـە هـەولێر تـەواو کـردوە. سـەرەتا ئەنـدامێکی چـالاکی حشـع بـووەو پاشـان لەسـاڵی 1957 چـۆتە نێـو ڕیزەکانی پارتی و بەشداریی باشـی هـەبووە لـەڕیزەکانی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئەوروپا پاش دامەزراندنـەوەی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپا سـاڵی 1956. لـە سـاڵانی 1959- 1963 دا سـکرتێری گشـتی و لەسـاڵانی 1963- 1968 سـەرۆکی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپا بـووە. پاشـان بۆتـە ئەنـدامێکی چـالاکی (ی. ن. ك)و دەسـتەی دامەزرێنـەری ئـەم حیزبـەش. وەك سـەرۆك پەرلـەمانی کوردسـتانیش کـاری کـردووە، تـاوەکوو ڕۆژگـاری ئـەمڕۆ ئەندامی مەکتـەبی سیاسـیی (ی. ن. ك) و چەندین لێپرسـراوەتیی جۆراوجـۆری لەو حیزبەدا وەرگرتوە.

بەشانی خوێندکارانی جیهان بتوانن تێکۆشانی خۆیان یەك بخەن بۆ ناساندنی گەلی کوردو مەسەلە نیشتمانییەکەی بەگەلانی جیهان".[175]

هەرچەندە کەمال فوئاد، قاسملووی بە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ئەژمار نەکردوە، بەڵام زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکانی دیکەی بەردەست وەك (کەریمی حیسامی، هاوڕێ باخەوان، ح. ماردین، ڕۆژنامەی کوردستانی حدکا) جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەنەوەو دەڵێن: "لەساڵی 1949 دا بەهاوکاریی چەند خوێندکارێکی کورد لە ئەورووپا، وەك (عصمت شریف وانلی- نورالدین زازا- عبدالله قادر- عبدالرحمن قاسملوو- ئەحمەد قاسملوو)، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دامەزرا".[176]

کورد لەئەورووپا ئەو سەردەم ڕێکخستن و حیزب و ڕێکخراوەی بەرچاوی نەبوو، بۆیە لەجیاتی هەموو ئەمانە تاکە ڕێکخراو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لەئەورووپا، کە هەموو خوێندکارە کوردەکانی ئەورووپای لەدەوری خۆی کۆکردبۆوەو یەکێك لەکادیرە چالاکەکانی ئەو کۆمەڵەیەش عبدالرحمانی قاسملوو بوو.[177]

---

[175] د.کمال فوئاد: س. پ، ل8.

[176] کریمی حیسامی: پێداچوونەوە، ب2، ل92؛ هاوڕێ باخەوان: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردو کوردستان، سلێمانی،1999،ل216؛ ح.ماردین: س. پ، ل9؛ کوردستان(ڕۆژنامە)، ژمارە(163)،1990،ل4.

[177] چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.جەوهەر شاوەیس)، هەولێر، 2005/12/29.(جەوهەر صدیق عەلی شاوەیس) 1940/12/17 لە شاری



www.pertwk.com

یەکێك لەچالاکیەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا بەشداری کردنیان بوو لە میهرەجانی دووەمی لاوان و قوتابیانی جیهان دا، کەهاوینی ساڵی 1949 لەشاری (بوداپیست) بەستراو نوێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە توانیان بەشداری بکەن و دەنگی کورد بگەیەننە دەرەوەو باسی بارودۆخی ئەوسای کورد ڕابگەیەنن.[178]

قاسملوو ڕۆڵی باشی لەو کۆمەڵەیەدا بینیوە، بەڵام بەهۆی سیاسەتی ئەوکاتی حیزبی توودەی ئێران و هەڵوێستیان بەرامبەر بەخەباتی نەتەوایەتی،[179] پێیان وابووە کە بوونی ئەم کۆمەڵەیەو مانەوەی قاسملوو وەك کادیرێکی دیارو چالاکی کۆمەڵەکە، دوورە لەباوەڕی مارکسی، چونکە خەباتی نەتەوایەتی لەگەڵ خەباتی چینایەتیی مارکسی لاسەنگە، بۆیە لەسەر پێشنیاری (ئیرەجی ئەسکەندەری)، قاسملوو لەم کۆمەڵەیە دێتە دەرەوەو بەم جۆرە

---

سلێمانی لەدایك بووە. لە تەمەنی لاویەوە چۆتە نێو تێکۆشانی سیاسی و ساڵانی 1962-1966 لەبەندیخانەکانی (سلێمانی-نگرە سلمان-بغداد-کەرکوك) بەندبووە. ساڵانی 1967-1968 ڕووی کردۆتە ئەوروپاو ساڵی 1973 دبلۆم و ماستەرو ساڵی 1980 دکتۆرای لەبواری مێژوودا لە ئەڵمانیا بەدەست هێناوە. چەند ساڵێك سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا.

[178] د.کمال فوئاد: س. پ، ل8؛ سێزدەهەمین فیستوالی جیهانیی لاوان و خوێندکاران، لاوان (گۆڤار)، ژمارە (34)، خەزەڵوەری 1368ھ ، (تشرینی دووەمی 1989ز)، ل8.

[179] چونکە ئەوکاتە قاسملوو ئەندامی حیزبی تودە بووە.



www.pertwk.com

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا هەڵ دەوەشێتەوەو جارێکی دیکە چەند خوێندکارێکی کورد ساڵی 1956 دا کۆمەڵەکە دادەمەزرێننەوە،[180] بەڵام قاسملوو ئەگەر باوەڕی بەچوونە دەرەوە لەو کۆمەڵەیەش نەبووبێ لەژێر فشاری سیاسەتی حیزبی توودەدا ئەوا لەسەر فەرمانی حزبەکەی لە کۆمەڵە دوورکەوتۆتەوە.[181]

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کەتەمەنی کۆمەڵە هەرچەندە کورت بوو، بەڵام سەرەتایەك بوو بۆکۆکردنەوەی خوێندکارانی کوردو ڕێکخستنی تێکۆشانیان.[182] هەر لەوکاتەدا دوورکەوتنەوەی قاسملوو بۆماوەیەك لە کۆمەڵە مانای ئەوە نییە، کە ئەم ڕێکخراوەی هەڵوەشاندبێتەوە، چونکە ساڵانی دواتریش لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا، بەردەوام بەشداریی چالاکییەکان و کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی ئەو کۆمەڵەیەی کردوەو بۆچوونەکانی خۆی بۆ ڕێکخستن و یەکگرتنی جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەو سەردەمدا خستۆتەڕوو.[183]

هەرچەندە قاسملوو لە ڕێکخستنەکانی حزبێکی ئێرانی ئەندام بووە، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا لە ئەنجامدانی چالاکی سیاسیی و خستنەڕووی کێشەو مەسەلەکانی تایبەت بە بزووتنەوەی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەچوارچێوەی

---

[180] کریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب2، ل127.

[181] چاوپێکەوتن لەگەڵ (پ. د.عەزەددین مستەفا رەسوڵ)، سلێمانی، 2006/2/9.

[182] د.کمال فواد: س. پ، ل8.

[183] چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.جەوهەر شاوەیس)، هەولێر، 2005/12/29.



www.pertwk.com

ڕێکخراوێکی پیشەیی وەك کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپادا بۆ ماوەیەکی دیار ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

### دووەم: کاری سیاسیی قاسملوو لە حیزبی توودەی ئێران دا (1948-1968):

حیزبی توودە وەك حزبێکی مارکسی، لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1941 دا لە ئێران دامەزراو دەستی بەکاری سیاسی کرد و لەماوەیەکی کەمدا بوو بەدیارترین پارتی نەیار لەئێراندا، چونکە ئەم پارتە کرێکاران و ڕەنجدەران و رووناکبیرانی لەخۆ گرتبوو.[184]

لە ساڵانی چلەکاندا توودە دەبێتە پارتێکی تەواو (مۆدێرن)[185]، لەڕووی ئەو تایبەتمەندیانەی کەهەی بوو، لەبەرنامەیدا، لەتەرزی ڕووبەڕووبونەوەیدا، لەچۆنیەتی باس و گفتوگۆکانی و لەخۆپیشاندانەوە بگرە تا کۆڕو کۆبوونەوەو ڕەخنەو ڕۆژنامە چاپ کردن، بۆیە دەبێتە دیارترین پارتی ئەو ڕۆژگارە کەلەهەموو

---

[184] د.احمد عثمان ابوبكر: كردستان ايران في دراسة لدكتور عبدالرحمن قاسملو، الثقافة (مجلة)، عدد (3- 4)، أزار- نيسان، 1984، ل116.

[185] مۆدیرن: لەڕوانگەی ڕۆمانییەکانەوە وشەی مۆدێرن واتای تازەی دەبەخشی، بۆ یەکەمجار ڕۆمانییەکان لەسەدەی شەشەمی زاینیدا لە وشەی (modo) واتە (لەنوێتی)یەوە دایانتاشی، کەواتە بە بۆچوونی ئەوان مۆدێرن بوون واتە هۆشیاربوون لەسەردەمی خۆی دا. (رامین جەهانبە گلو: مۆدێرنیتە، دیمۆکراسی و ڕۆشنبیران، و. موسلح ئیروانی و مراد حەکیم، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2002، ل9).



www.pertwk.com

ڕێکخراوەکانی دیکە هاوچەرخ ترو مۆدێرن ترو ئەوروپایی تر دەبێت لـــەئێران،[186] چـــونکە تاڕادەیـــەك تـــوانی ئـــازادی خـــوازان و زەحمەتکێشـانی ئێرانـی دژی دیکتـاتۆری لـەئێران، لەچوارچـێوەی ڕێکخـراوی جیاجیـادا بـەناوی ڕێکخـراوی: کرێکـاران، جووتیـاران، ژنـان، خوێنـدکاران، نوسـەران و مامۆسـتایان...هتـد، کـۆ بکاتـەوەو تێکـەڵ بـە سیاسـەتیان بکـا و ڕایـان بهێنێـت کـە بـە چ شـێوازێك بـۆ وەدەستهێنانی خواستە دیموکراتییەکانیان تێ بکۆشن.[187]

لـەم هــەڵ و مەرجــەداو لــەبارودۆخی دوای ڕووخــانی کۆمــاری کوردستان لەمەهاباد دا، قاسملوو دوای ئەوەی ساڵی 1947 لە تاران خوێنـدنی قۆنـاغی ئامـادەیی تـەواودەکات، پەیوەنـدی بـەڕێکخراوی یـەکێتیی خوێنـدکارانی حیزبـی تـوودەوە دەکـات و لەڕێگـەی ئـەو ڕێکخراوەشەوە دەبێتە ئەندامی حیزبی توودە.[188] لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:-

1- قاسملوو وەك لاوێك زۆر باوەڕی بە مارکسیزم و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنستی هەبووە لەو سەردەمدا، کەزۆربەی ئەو بابەت و کتێبانەی

---

[186] سەردار محمد: کورد لە یادداشتەکانی سەرانی حیزبی توودەدا (ئیحسان تەبەری و نورەدینی کیانوری)، گەلاوێژی نوێ (گۆڤار)، ژمارە (16)، چاپخانەی دانار، 1999، ل68.

[187] د.یاسین سەردەشتی: هەڵوێستی حیزبی توودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی ی گەلی کورد لەئێران (1941- 1983)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2005، ل6.

[188] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 27/ 12/2005.



www.pertwk.com

دەخوێندەوە کەلەسەر مارکس و مارکسیزم نوسرابوون، بۆ نموونە کتێبی "لینین گەورەترین پیاوی شۆڕش".[189]

2- دروست بوونی بۆشاییەکی سیاسی لەرۆژهەلاتی کوردستاندا پاش دارمانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەلایەن شورەوی و بەریتانیاوە.

3- حیزبی توودە ئەو سەردەم لەدیارترین پارتە سیاسییەکانی ئێران بووەو لەپاڵ ئەویشدا ڕێکخراوی یەکێتیی خوێندکارانیان لەپەرەسەندن و بەهێزیدا بوو.

4- خودی قاسملوو ئارەزووی زۆری بۆ کاری سیاسی و نواندنی چالاکیی سیاسیی لەدژی ڕژێمی دیکتاتۆری ئێران بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافە دیموکراتیەکانی دیکەی گەلانی ئێران هەبوو.[190]

5- وەك زۆربەی لاوە دڵ گەرمەکانی ئەودەمە کاریگەری دروشم و قسە خۆشەکانی لێنین ی لەسەربوو. پێ ی وابوو کە کوردستانەکەی تەنها بەبیرێکی شۆڕشگێڕانەی وەك ئەوەی مارکسیزم- لێنینیزم ئازاد دەبێت.

بەم شێوەیە قاسملوو دوای نەمانی تێکۆشانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ڕۆڵی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی لەنێو یەکێتیی خوێندکارانی حیزبی توودە لەساڵی 1947 لەشاری تاران

---

[189] کاوە بەهرامی: س. پ، ل16.

[190] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 3/9/ 2005.

درێــژه پــێ داوەو پــەیڕەویی لەقوتابخانــەی کۆمۆنیســتی کــردوەو چالاکیی سیاسیی دژ بەڕژێمی شای ئێران ئەنجام داوە.[191]

بۆیــە بەلەبەرچــاوگرتنی زانیاریــەکان ئــەوە بەدیاردەکــەوێ کــە قـاسملوو ئەنـدامێکی کـارای تـودە بـووە بەرلەچـوونی بـۆ فەرەنسـا و بەشداری کردنی لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا.

دوای ساڵێك‌و چەند مانگێك لەئەنجامـدانی خـەباتی سیاسـی لـەنێو ڕێکخـراوی یـەکێتیی خوێنـدکارانی تـوودەو بـوون بەئەنـدامی لـەو حیزبـە، درێـژه بەچـالاکییە سیاسـییەکانی خـۆی دەدات تـا سـاڵی 1948و پاشـان بـۆ تـەواو کردنـی قۆناغـەکانی خوێنـدن ڕوودەکاتـە وڵاتی فەرەنسا.[192] بەم جۆرە تێکۆشانی سیاسیی قاسملوو لـەتاران کۆتـایی دێ، بەڵام لە وڵاتـی فەرەنسا پەیوەندی بە حیزبـی توودەوە بەردەوام دەبێـت‌و وەك ئەنـدامێکی تـوودە کاروبـاری سیاسـی ئـەنجام دەدا.[193]

بــەهۆی ئەنجامــدانی کــاری سیاســی، بەتایبــەتی بــەرپاکردنی خۆپیشـاندان‌و قسـەکردن لـەدژی شـای ئێـران لەلایـەن قـاسملووەوە لەسـاڵانی 1948 – 1949 دا، لــەژێر فشــاری بــاڵوێزی ئێــران لــە

---

[191] محمـد علـی سـلطان: اوضـاع سیاسـی اجتمـاعی تـاریخی ایـل بـارزان، بـە انضمام اسرار بارزان- دكتر اسماعیل اردلان- 1325 شمسی، سازمان اسـنادو كتابخانة ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران، 1383ھ (2004ز)، ل634.

[192] کاوە بەهرامی: د.قاسملوو ڕێبـەرێکی مۆدێرن‌و شۆڕشـگێڕێکی دیمـوکرات، ل18.

[193] کریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب2، ل93.

فەڕەنسا دەردەکرێت بەهۆی ئەو هەڵوێستە سیاسیانەی دژ بەشا، بۆیە بەناچاری و بەهاوکاریی توودە ڕوودەکاتە وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا.[194]

قاسملوو لەپراگی پێتەختی چیکۆسلۆڤاکیا بەشداریی کاری سیاسی دەکات و لەماوەی خوێندنی زانکۆیی لەو وڵاتەدا، وەك ئەندامێکی چالاکی حیزبی توودە لە تێکۆشانی سیاسی بەدوور نەبووە.[195] چونکە لەچوارچێوەی ڕێکخراوی یەکێتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانی سەر بەحیزبی توودە دا، درێژەی بەخەباتی سیاسیی خۆی داوە و لەساڵی 1951 دا بەنوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێرانی لەچەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان دا بەشداریی کردوە.[196]

سەبارەت بەکارو چالاکییە سیاسیەکانی قاسملوو لەو سەردەمدا، کارل ێرخ ی هاوڕێی دەڵێت: " قاسملوو کە سەرکردەیەکی خوێندکارانی بیانی بوو لە چیکۆسلۆڤاکیا، ئێمە لە ساڵی 1951 دا بەیەکەوە چوین بۆ بەرلین و بەشداریمان لەڤیستیڤاڵی لاواندا کرد، ئەو کات پەیوەندیی لەگەڵ زۆر لەسیاسەت مەداراندا هەبوو و باسی کێشەی نەتەوایەتیی لەلا دەخستنەڕوو".[197]

---

[194] مصطفی فاتح: س. پ، ل1؛ Shab Xalidi: S.P, L.15.

[195] ح. ماردین: س. پ، ل9-10.

[196] پوختەیەك لە ژیانی پڕ بەرهەمی د.قاسملوو، س. پ، ل3-4.

[197] An interview with Dr. karl yekh, Qassimlous close friend, Op.Cit., p.3.

لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کاری ڕێکخراوەیی و سیاسیی قاسملوو ساڵی 1951 دا لەچوارچێوەی یەکێتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران لە چیکۆسلۆڤاکیا لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی حیزبی توودە دا بووە ، بۆیە ناکرێ قاسملوو ئەو سەردەم باسی نەتەوەو نەتەوایەتیی هێنابێتە ئاراوەو لەم ئاراستەیەوە کاری کردبێت، بەڵکوو وەك ئەندامێکی توودە لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی ئەو حیزبەدا وەك ئێرانییەك خەباتی سیاسیی ئەنجام داوەو بەگشتی کاری بۆ گەلانی ئێران کردوە، بۆیە قاسملوو سەرجەمی ئەو چالاکییە سیاسیانەشی لەو سەردەمدا وەك ئێرانییەك و توودەییەك بووە نەك وەك کوردێك.

قاسملوو لەچیکۆسلۆڤاکیا لەنێو حیزبی توودەدا درێژەی بەخەباتی سیاسی داوەو پاشان لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سیاسیی ئێران و هاتنە سەرکاری د.مصدق و فەراهەم بوونی ئازادیی سیاسی بۆ نواندنی چالاکیی سیاسی لەلایەن پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، قاسملووش وەك ئەندامێکی توودە دەگەڕێتەوە تاران و لەچوارچێوەی ئەم حیزبەدا درێژە بەخەباتی سیاسیی خۆی دەدات.[198]

سەرەتای کارکردن بۆ مەسەلەی کوردو پەیوەندی کردنی قاسملوو و نواندنی ڕۆڵی سیاسیی و حیزبی لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی توودەدا لە کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری 1953، ئەویش دوای ئەوەی چەند کادیرێکی (حدکا) پەیوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ توودەدا دادەمەزرێنن بۆکاروباری حیزبی لە کوردستان و

---

[198] غەنی بلوریان: س. پ، ل113؛ kak sar Xorsidi: S.P, L3.



www.pertwk.com

پـەیڕەوی لــە سیاســەتەکانی تــوودە دەکــەن، کۆمیتەیــەك لەلایــەن تــوودەوە بــەناوی (کــاك)[199] پێـك دێـتو نوێنـەری کوردسـتان دوای صارم الدین صـادق وەزیـری، قاسملوو دەنێرنـە کوردسـتان بـۆ کـاری سیاسیو حزبی لەنێو حدکا.[200]

هـۆی دەستنیشـانکردنی قـاسملوو لەلایـەن تـوودەوە بەنوێنـەری کوردستان،جگە لەوەی قاسملوو خۆی ساڵانی پێشتر لە کوردستانو ئــەوروپا ئەنــدامی تــوودە بــوو، لەهــەمان کاتیشــدا بنەماڵەکــەی پێشینەیەکی توودەییان هەبوو،وەك ئەحمەد قاسملووی برایو میرزا حبیــب اللــە خــانی ئــامۆزای، کــە دوو کــادیری چــالاکی تــوودە بوون،ئەمانــە هــەمووی هۆکــاربوون بــۆ پــێ سـپاردنی ئــەو ئەرکــە بــەقاسملوو.[201] دوای ئــەوەی قــاسملوو لەلایــەن تــوودەوە دەکــرێ

---

[199] (کاك): واتە کۆمیتـەی ئازەربایجانو کوردستان، ئەم کۆمیتەیە لە 3 کەس پێـك هـاتبوو، لـە بەرپرسـێك کـە ئەنـدامی هەیئـەتی ئیجرائـی تـوودەو 2 ئەنـدام کەیەکیان بەرپرسی کوردستانو ئەوی دیکەشیان بەرپرسیـ ئازەربایجان بوو. تـا کودەتـای 28ی گەلاوێـژی سـاڵی 1953 بەرپرسـی کوردسـتان صـارم الـدین صادق وزیری بوو، بەڵام پاش کودەتاکە صارم الدین صـادق وزیری دەگیرێتو زیندانی دەکرێت، بۆیە عەبدولڕەحمان قاسملوو دەبێت بەنوێنـەری کوردسـتان. (د.عبـدالرحمن قاسملوو: چل ساڵ خـەبات لـەپێناوی ئازادی، فەسـڵی سـێهەم، چ1، کۆمسیۆنی تەبلیغاتی حدکا، 1370هـ- 1991ز، پەراوێزی ل75).

[200] جـەلیل گـادانی: 50 سـاڵ خـەبات، ب1، ل96؛ هـاوڕێ باخـەوان: س. پ، ل218.

[201] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.



www.pertwk.com

بەنوێنەری کوردستان،وەك شارەزایەکی سیاسی ڕێڕەوی ڕێکخستنی بەشێوەیەکی دیکە ڕێکخست بۆ ئەوەی لەگرتن و داپلۆسین بە دووربن، لەم بارەیەوە سوودی زۆری بۆ جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەبووە، وەك بلوریان دەڵێ: "کۆمیتەی ئێمە لەو کاتەوە هێزو توانای بەخۆوە گرت کە قاسملوو هاتە لامان. قاسملوو بەهەموو شێوەیەك هاوکاریی دەکردین، بەڵام بەئەندامی (حدکا) نەدەژمێردرا".[202]

لێرەدا گرنگ ئەوە نیە قاسملوو لە (حدکا)دا ئەندام بووبێ یان نا، بەڵکوو ئەوە گرنگە قاسملوو کەسێکی سیاسیی هەڵسووڕاو بووەو توانیویەتی ڕۆڵی خۆی وەك تووەدەییەك لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەو کاتەدا بخاتەڕوو.

قاسملوو بۆ ماوەیەك لەسەر کارە سیاسییەکانی لە کوردستان بەردەوام دەبێت و پاشان بەشکستی حکوومەتی مصدق و جارێکی دیکە قەدەغەکردنی چالاکیی پارتە سیاسیەکان، چالاکییەکانی خۆی بەنهێنی لەتاران و کوردستان درێژە پێ دەدات.[203]

بارودۆخی سیاسیی ئێران دوای ڕووخانی حکوومەتی مصدق و خراپیی باری حزبی توودە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ساڵی 1954 ڕێکخراوی نهێنیی نیزامیی توودە لەلایەن دەسەڵاتدارانی شای

---

[202] غەنی بلوریان: س. پ، ل114.

[203] مصطفی فاتح: س. پ، ل1؛ د.فوزیە صابر محمد: بەرهەڵستکارانی ئێران دژ بەڕژێمی شا 1963– 1971، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (147)، بەشی یەکەم، بغداد، 1997، ل58.



www.pertwk.com

ئێرانەوە ئاشكرا دەكرێت‌و ژمارەیەكی زۆری كادیرەكانی توودە یان گوللە باران دەكرێن یان دەگیرێن‌و بەشێكی زۆریشیان ئێران جێ دێڵن، ئەمەش دەبێتە هۆی لەبەر یەك هەڵوەشانەوەو تێكچوونی ڕێكخستنەكانی توودەو پەرت بوونی ڕابەرەكانی بۆ دەرەوەی ئێران.[204]

دوای ئەم ئاڵوگۆڕانە قاسملوو وەك كادیرێكی توودە لەكارو چالاكیی ڕێكخراوەیی‌و خەباتی نهێنیدا لەتاران وەك توودەییەك پەرە بەچالاكییەكانی خۆی دەدا.[205] هەموو ئەو تێكۆشان‌و كارە سیاسییانەی لەوكاتدا لەچوارچێوەی سیاسەت‌و دروشم‌و تاكتیكی حیزبی توودە دا بەڕێوە بردوە بێ ئەوەی لەمەسەلە نەتەوایەتییەكان نزیك بووبێت،[206] بەڵام قاسملوو گەر دەرەتانی تێكۆشانی نەتەوەیی لەچوارچێوەی پارتێكی كوردی نەتەوەیی بۆ نەڕەخسابێت، مانای ئەوە نییە كە مەسەلەی كوردو كاری بۆ نەتەوەی كورد بەتەواوی فەرامۆش كردبێت.[207]

قاسملوو لەماوەی نێوان سالانی 1953- 1959دا تێكۆشانی سیاسیی خۆی هەرچەندە لەچوارچێوەی سیاسەت‌و ئایدۆلۆژییەتی توودە دا پەرە پێداوە، بەڵام لەزۆركاتیشدا ڕەخنەی توندی لەوحزبە هەبووەو هەوڵی داوە لەپاڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد لەئێران

---

[204] سەردار محمد: س. پ، ل69؛ غەنی بلوریان، س. پ، ل153- 154.

[205] غەنی بلوریان، س. پ، ل154.

[206] كەریمی حیسامی: پێداچوونەوە، ب2، ل93.

[207] چاوپێكەوتن لەگەڵ (د.جەوهەر شاوەیس)، هەولێر، 2005/12/29.

دەرەتـــانی کـــاری سیاســـی بۆخـــۆی بڕەخســـێنێت، بـــەڵام بـــەهۆی سیاسـەتی دوولایەنـەی قاسملوو، هـەم لـە تـوودەو هـەم لـەدیموکرات ئەمەی بۆ نەچۆتەوە سەرو لەلایـەن کادیرەکانی (حدکا)و لەسـەرووی هەمووشـیانەوە لەگـەڵ (عەبـدوڵڵا ئیسـحاقی)[208] تووشـی نـاکۆکیو ململانێی توند بۆتەوە.

بـەم جـۆرە تـا سـاڵانی 1957-1958 کـارو تێکۆشـانی سیاسـیی خـۆی لـەئێرانو کوردسـتانو عێـراقو ئـەوروپادا درێـژە پـێ داوەو پاشـانیش دوای سـەرنەکەوتنی لـەململانێی حیزبـی لەگـەڵ عەبـدوڵڵا ئیســـحاقی، بەشـــێوەیەکی ناشایســـتە لەســـاڵی 1960دا لـــەعێراق دەردەکرێتو بۆیە جارێکی دیکە تێکۆشانی سیاسی خۆی دەباتـەوە

---

[208] عەبدوڵڵا ئیسحاقی: کوڕی محەمەد ئەمینەو لە مهاباد لەدایك بووە، ناسراوە بە (ئەحمەد تۆفیق). دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، لەساڵانی پـــەنجای ســـەدەی بیســـتەم وەك کەســـێکی نەتـــەوەیی ڕۆڵـــی هـــەبوو لـــە زیندووکردنـەوەی ڕێکخسـتنەکانی حـدکا بـەهاوکاری تـوودە. چـەند سـاڵێك بەنهێنی لە کوردستانو تاران ژیاوەو پاشان لەساڵی 1958 چۆتە باشووری کوردستان. لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی نزیکایـەتی زۆری هـەبووەو تـەواو لـەژێر کاریگـەری ئـەودا بـووە، لەسـاڵانی 1960- 1970 وەك سـکرتێری حـدکا کـاری کـردووەو لەگـەڵ قاسملوو بـەردەوام لـە ململانـێ دابـووە. دواتـر لەلایـەن مـەلا مستەفا لە ناوەڕاستی شەستەکان دوورخراوەتەوە بۆ نێوچەی کانی ماسی لە بادینـانو لـە سـەرەتای حـەفتاکان ڕووی کردۆتـە بەغـداو لـە 1973 لەلایـەن دەزگـەی هـەواڵگری عێـراق دەسـتگیر کـراوەو بەشـێوەیەکی نهێنـی شـوێن بـزر بووە. (محمد علی سلطانی: س. پ، ل637، 638).

چیکۆسلۆڤاکیا.[209] قاسملوو لە چیکۆسلۆڤاکیا لەچوارچێوەی توودە دا درێژە بەخەباتی سیاسیی خۆی دەدات و بەکردەوە وەك ئەندامێکی توودە بەشداری لە کۆبوونەوەکانیاندا دەکا.[210] چونکە ئەوکات ئەوروپای ڕۆژهەڵات گرنگترین ناوەندی کاری حیزبی بوو بۆ توودە. بەتایبەتی دوای ئەوەی لەساڵی 1959 دا بنکەی ڕابەری لە مۆسکۆ گواستەوە بۆ لایپزیك لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات.[211]

دەکرێ بڵێین قاسملوو لەساڵانی 1960- 1970 لەرێکخراوەکانی حدکا دووربووەو لە چیکۆسلۆڤاکیا پەرەی بەکاری سیاسی داوە، کە بەکردەوە وەك ئەندامێکی توودە لەکۆڕو کۆبوونەوەکانیاندا بەشدار بووە.[212] بەپێی بەڵگەنامەکانی دەزگەی سیخوری ساواك زیاتر ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، چونکە ئاماژە بەوە دراوە کە قاسملوو لەساڵانی شەست دا چالاکیی سیاسی لە ئەوروپا بەهاوکاریی توودە لەشارەکانی پڕاگ و میونخ ئەنجام داوە.[213]

---

[209] مقدمة من الكفاح من اجل الحرية، ل7- 8؛ حاجی حسين حداد: س. پ، ل16-17.

[210] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی (حدکا)، ژمارە (37)، ئوتووی 1975، ل1- 3.

[211] سەردار محمد: س. پ، ل69.

[212] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[213] وەرگیراوە لە: (حمد علی سلطان: س. پ، ل487- 490)؛ بۆ دەقی بەڵگەنامەکە بە زمانی فارسی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (4).



www.pertwk.com

شایانی باسە لەماوەی نزیکەی 20 ساڵ خەباتی سیاسیی قاسملوو لەنێو توودەدا، وێڕای ئەوەی لەسەرەتادا زۆر باوەڕی بەتوودەو سیاسەتەکانی هەبوو، بەڵام لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ئەزموونی سیاسیی خۆی لەگەڵ توودەدا، بەهۆی چەند هۆکارێکی سەرەکییەوە وردە وردە لەم حیزبە دووردەکەوێتەوە، لەوهۆکارانەش:

1- ئاشنابوونو ناسینی قاسملوو لەگەڵ زۆر لەکادیرە دیارو بەرچاوە کۆنەکانی حدکا کەساڵانێك بوو لەزیندانەدا بوونو دوای ئازاد بوونیان لەنزیکەوە تێکەڵوییەکی زۆریان لەگەڵ قاسملوو هەبوو، زانیاریی زۆریشیان لەبارەی کۆماری کوردستانو بارودۆخی کوردستان پێداوە.

2- هەڵەکانی حیزبی توودە لەسەردەمی مصدقو دوای تێکچوونی حکوومەتی مصدقیش، هۆکاری گرنگ بوون بۆ گۆڕانی بیری قاسملوو بەلایەنی نەتەوەیی دا.[214]

3- گۆڕانی فیکری قاسملوو لەماوەی ساڵانی 1960- 1968 لە چیکۆسلۆڤاکیاو هاوکاریو هاوسۆزیی ئەو بۆ ئەلکسەندەر دوپچیك[215] و پشتیوانی کردنی سیاسەتو چاکسازییەکانی لە چیکۆسلۆڤاکیا.[216]

---

[214] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.

[215] ئەلکسەندەر دوپچیك: ساڵی 1921 لەدایك بووە، ساڵی 1939 چۆتە ڕیزەکانی حزبی کۆمەنیست. ساڵی 1963 بۆتە سکرتێری حزبی کۆمۆنیست لە سلۆڤاکیا، سەرەتای ساڵی 1968 بۆتە سکرتێری حزبی کۆمۆنیست لە چیکۆسلۆڤاکیا، بەرنامەیەکی ریفۆرمی بەناوی "بیری سۆسیالیستیو لایەنی



www.pertwk.com

4- ڕەخنەگرتن و ناڕەزایی دەربڕین لە سیاسەتەکانی سۆڤیەت و حیزبی توودە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ساڵی 1968 چیکۆسلۆڤاکیا لەلایەن سۆڤیەتەوە داگیرکرا، ئیدی بەیەکجاری ئەو وڵاتەی جێ هێشت و ڕووی کردە فەرەنسا.[216]

بۆیە دەکرێ بوترێ بەهۆی سیاسەتە چەوت و ناڕۆشنەکانی توودە بەرامبەر بەکێشەی کوردو پشت گوێ خستنی مەسەلەکانی تایبەت بە کوردو وازنەهێنان لە وابەستەیی بە سۆڤیەتەوە، سەرەنجام ژمارەیەك لە کوردەکان – وەك: کەریمی حیسامی، محەمەد موهتەدی، حەسەن شەتەوی- ڕیزەکانی توودەیان جێ هێشت و هەوڵیان دا لەگەڵ ئەندامە پەرتەوازەکانی دیکەی حدکاو سازمانی ئینقیلابیی

---

مرۆڤایەتی" گرتەبەر کە لەلایەن کەسانی ڕاست ڕەو لە چیکۆسلۆڤاکیا دژایەتی کراو پاشان بووە هۆی هاتنە ناوەوەی سوپای سۆڤیەتی پێشوو بۆ نێو وڵاتەکەی. ئەمەش لەلایەن ڕۆژنامە ڕۆژئاواییەکانەوە بە (بەهاری پراك) نێو دێر کرا. ڕووبەڕووبوونەوەی دۆپچیك لەگەڵ سۆڤیەت بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی لەساڵی 1969داو بەیەکجار لەکاری سیاسی دوور کەوتەوە. بڕوانە: (د.عبدالوهاب الکیالي وأخرون: موسوعة السیاسة، ج2، ط2، ل691).

[216] مازیار بهروز: شورشیان ارمانخواه ناکامی چپ در ایران، ترجمة: مهدی پرتوی، چ2، چاپ شمشاد، تابستان 1380ه (هاوینی 2001ز)، ل222؛ محمد علی سلطانی: س. پ، ل634.

[217] حمید شوکت: نگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتوگو باایرج کشکولی، ل128؛ د.گوینتەر دێشنەر: کورد، گەلی لەخشتەبراوی غەدرلێکراو، و. محمد کریم عارف، چ2، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1999، ل35.

حـدکا، سـەرلەنوێ حـدکا لەسـەر ڕێبـازێکی نەتـەوەیی پێشـکەتوو خوازانـەی سـەربەخۆ بنیـاد بنێنـەوە،[218] د.قاسملوو یـەکێك بـوو لـەو کوردانەو بە فەرمی لەحزبی توودە کشایەوەو پەیوەنـدیی بـە حـدکاوە کرد.[219]

[218] د.یاسین سەردەشتی: هەڵوێستی حیزبی توودە...، ل86، 88.

[219] د.گوینتەر دێشنەر: س. پ، ل36.

# باسی دووەم
# ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا لەساڵانی (1953 -1978)

## یەکەم: سەرەتای ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لە حدکا دا (1953-1960):

دوای ڕووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهابادو لاوازبوونی جوولانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەوبەشەی کوردستاندا، بە چەند ساڵێك هەندێك لەکادیرەکانی حدکا بەهاوکاریی لەگەڵ حیزبی توودە ڕێکخستنەکانی حدکا دەبووژێننەوەو چالاکیی سیاسیی خۆیان لەسەر ڕاسپاردەو ڕێنماییەکانی توودە لە کوردستان بەناوی حدکا لەسەرەوەو لەژێرەوەش وەك توودە درێژە پێ دەدەن. بۆیە پەیوەندیی و هاوکاریی نێوان حدکاو توودە لەساڵانی 1948-1953 دا بەشێوەیەك بووە کە حدکا وەك لقی کوردستانی توودە سەیرکراوەو هاوکاریی و ڕێنوێنی کراوە.[220]

پێشتر ئاماژە بەوە درا کە قاسملوو ماوەی 20 ساڵ لە حیزبی توودە دا ئەندام بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتای پەیوەندیی و ڕۆڵی سیاسی لە حدکاو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دوای هەرەسی کۆماری کوردستان لەسەرداواکاریی و پێشنیاری کادیرەکانی

---

[220] جلیلی جلیل، م. س لازاریف، أ. حرستیان، شاکرومحۆ، ئۆلگاژیگالینا: حرکة الکردیة في العصر الحدیث، ت: د.عبدی حاجی، ط1، بیروت، 1992، ل208؛ مازیار بهروز: س. پ، ل221.



www.pertwk.com

حدكا لەلایەك و صارم الدین صادق وزیری كادیری توودە لە تاران لەلایەكی دیكەوە، قاسملوو ساڵی 1953 دەكرێتە بەرپرسی یەكەمی پەیوەندییەكانی نێوان حدكاو توودە لە كوردستان[221] و ئەمەش بەسەرەتای كاری سیاسیی قاسملوو لەنێو حدكادا دادەنرێت.

سەبارەت بە سەرەتای ڕۆڵی سیاسیی لە حدكا دا، قاسملوو بۆخۆی نووسیویێتی: "لەبەهاری ساڵی 1953ز دا ڕاستەوخۆ لەتێكۆشانی حدكادا بەشداریم كردوەو لەئۆرگانەكانی بەڕێوەبەریی حیزبیشدا لێپرسراویەتیم هەبووە"[222].

قاسملوو ڕۆڵی سیاسیی خۆی لەنێو حدكاو لەچوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا پەرەپێ داوەو نەخشی گرنگی لەو بزووتنەوەیەدا بینیوە، هەروەك گادانی دەڵێ: "دوای ناردنی د.قاسملوو لەلایەن حیزبی توودەوە بۆ كوردستان، حدكا دەگەشێتەوەو بواری تەشكیلاتی پەرەی پێ دەدرێ و بۆ یەكەم جاریش لەساڵی 1953ز دا كلاسی ئاموزشی[223] -

[221] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل83.

[222] عبدالرحمن قاسملوو: چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، ب1، ل10.

[223] لەیەكەم فێرگەی كادیری قاسملوو وانەی بەوانە وتوە: (جەلیل گادانی، ئەحمەد تۆفیق، قاسمی ئەڵڵا وەیسی، سلێمانی موعینی و چەند مامۆستایەكی حیزبی لە دواناوەندی شاری مهاباد) كە تیایدا هەفتەی چەند كاتژمێرێك وانەی سیاسیی پێ گوتوون. (چاوپێكەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، كۆیە، 2005/12/27).


www.pertwk.com

پەروەردەیی– کادیر پێك دێت و بەم شێوەیە لەزۆربەی شارەکانی کوردستاندا لایەنگرو ئەندام پەیدا دەکەن و گەشە دەکەن".[224]

کارێکی گرنگی دیکەی قاسملوو لەو ماوەیەدا کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی بەشێکی زۆری ئەندامە کۆنەکانی حدکا بوو کەبەپیرەکانی حیزب ناسرابوون، لەم بارەیەوە بلووریان نووسیوێتی: "ئێمە کۆمیتەیەکمان پێك هێنابوو بۆ سەرجەم ئەندامە کۆنەکانی کە بەتەمەن بوون و وەك باوکی ئێمە بوون، ڕابردوویەکی دووریان لە حدکادا هەبوو، چونکە ئێمەیان لەبەر کەمیی تەمەن قبوڵ نەبوو کەسەرپەرشتیان بکەین، قاسملوو کە خەڵکی مهاباد نەبوو، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەندامی حیزب بێ[225]، ئێمە بۆ ئەو کارە کەڵکمان لەو وەرگرت".[226]

بەم شێوەیە قاسملوو لەنێو حدکادا درێژەی بەچالاکییە سیاسییەکانی خۆی دا، بەڵام پاش کودەتای ساڵی 1953 بەسەر د.مصدق دا، قاسملوو ناچار بوو خۆی بشارێتەوەو بەنهێنی لەنێوان

---

[224] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل83– 84.

[225] ئەو کات پەیوەندییەکی تەشکیلاتی بەهێز لەنێوان حدکاو توودە هەبوو، ئەگەر ئەندامێکی حدکا لەتاران ڕاستەوخۆ بە ئەندامی توودە دادەنرا، بەهەمان شێوەش ئەندامێکی توودە لە کوردستان ڕاستەوخۆ بە ئەندامی حدکا دادەنرا، (د.عبدلرحمن قاسملوو: چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، فەصڵی سێهەم، ل72).

[226] غەنی بلوریان: س. پ، ل130.

کوردستانو تاران دا ژیانی سیاسی بەرێتەسەر،[227] بەڵام چالاکیی سیاسیی فەرامۆش نەکردو لەخەباتی قۆناغی نهێنیدا بوو بەسەرچاوەی چالاکییەکان لەکوردستانو ئێرانداو کە بەم هۆیەش ماوەیەکی زۆر لە ماڵو منداڵی دوور کەوتۆتەوە.[228]

لەساڵانی دوای ڕووخانی د.مصدق دا قاسملوو بەنهێنی درێژە بەخەبات دەداتو لەماڵی پێشەوا قازی محەمەد لە مهاباد خۆی دەشارێتەوەو بەهاوکاریی (مینا خانم)[229] درێژە بەخەبات دەداتو پاشان بەنهێنی لەشارەکانی تەورێزو ورمێو تاران چالاکیی سیاسی دەنوێنێت.[230] لەم قۆناغەدا قاسملوو هەوڵ دەدات پەرە بەخەبات بدات، وەك حیسامی دەڵێت: "لەو سەردەمدا عەبدولڕەحمان گوتی: حیزب بۆ خەباتی پارتیزانی ئامادە دەکەین، لەبەهاردا شەڕی پارتیزانی دەست پێ دەکەین. پێویستە ناوی ئەوکەسانەی کە دەتوانن لەخەباتی پارتیزانی دا بەشداربن بنووسرێت".[231] پاشان

---

[227] Shahab Xalidi: S.P، L.16.

[228] وەڵامی فاکسی (هێلینا) بۆ توێژەر لە 2005/8/15.

[229] مینا خانم: خێزانی پێشەوا قازی محەمەدە، ڕۆژی 28ی ڕێبەندانی ساڵی 1376هـ- (1998/2/17ز) لەتەمەنی 90 ساڵی لەشاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردوەو تەرمەکەی لە گۆڕستانی بداغ سوڵتانی مەهاباد بەخاك سپێردراوە. (کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدکا، ژمارە (254)، ڕێبەندانی 1376هـ/ فیوریەی 1998ز، ل16).

[230] جلیلی جلیل واخرون: س. پ، ل246.

[231] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب1، ل243.



www.pertwk.com

بەهۆی گۆڕانە سیاسییەکانی ئێران و ڕووداوە نێوخۆییەکان قاسملوو ناتوانێت ئەم ئەرکە جێ بەجێ بکات، بۆیە لە مهاباد بە بارێکی زۆر شپرزەو ناخۆش ژیان دەباتە سەر، بەڵام بەدڵ گەرمییەوە کاری حیزبی و خەبات و تێکۆشان ئەنجام دەدات و بۆهەر بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی لەگەڵ کادیرەکانی دیکەی حدکا بڵاوکراوەی تایبەتی بڵاودەکەنەوە.[232]

ساڵی 1953 کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حدکا پێك دێت و[233] قاسملوو بەرپرسیاریەتیی ئەم کۆمیتەیە دەگرێتە ئەستۆ.[234] لەگرنگترین هەنگاوەکانی کۆمیتەی کوردستان و بەچەشنێکی گشتی ڕێکخراوەکانی حدکا لەم ماوەیەدا، پێکهێنانی یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دەبێت لەبەهاری ساڵی 1955دا لەناوچەی سەری مەیدان لەنزیك مهاباد.[235]

کۆنفرانسی یەکەمی حدکا دوو بڕیاری گرنگ لەخۆیدا دەبینێتەوە، یەکەمیان بڕیاری پچڕینی پەیوەندیی ڕێکخستن لە حیزبی توودەی

---

[232] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل96-97.

[233] عبدالرحمن قاسملوو: چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، فەصڵی سێهەم، ل70.

[234] نەخشی د.قاسملوو لە حدکادا، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدکا، ژمارە (163)، پووشپەڕی 1369ﻫ – تەممووزی 1990ز، ل12.

[235] عبدالله حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل16.

ئێـران و بەدەسـتهێنانەوەی سـەربەخۆیی تەشـکیلاتی بـۆ حـدکا، دووەمیش هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری.[236]

قاسملوو لـە کۆنفرانسـی یەکـەمی حـدکادا وەك بەرپرسـی گشـتی و پەیوەندییـە نێوخـۆو دەرەکییـەکان و ئەنـدامی کـاتیی ڕێبەرایـەتی دەستنیشـان دەکرێـت، کـەدوای ئـەم کۆنفرانسـە کارەکـانی حـدکا بەڕێبـەریی قـاسملوو بەباشـی دەچـنە پـێش و لەهـەمان کـاتیش دا پەیوەندییـەکی بـاش لـەنێوان ئۆرگانـەکان و کادیرەکـانی ناوچـە جیاوازەکانی حیزبی دا پەیدا دەبێت.[237]

دوای ئـەوەی قـاسملوو وەك بەرپرسـی گشـتیی حـدکا دەستنیشـان دەکرێت و بەڵێن بەکادیرەکانی دیکەی حدکا دەدات پەیوەنـدیی خـۆی لەگـەڵ تـوودە بپچـڕێنێت و بەتـەواوی کـار بـۆ بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازیی کـورد بکـات وەك ئەنـدامێکی حـدکا، ئەمـە سـەرەتای کـاری دەبێـت وەك ئەنـدامێك بەفـەرمی لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کورددا و پاشان نەخشی خۆی بەتەواوی لەم بوارەدا بەدەردەخات.[238]

ڕۆڵـی قـاسملوو لـەقۆناغی خـەباتی نهێنـی لـە حـدکا دا بەشـێوەیەك دەبێـت، کـە پـەرە بـە دیموکراسـی و کـۆڕو کۆبوونـەوەو کۆنفرانسـی

---

[236] دیڤیـد ماکـداوڵ: مێـژووی هاوچـەرخی کـورد، و. ئەبوبـەکر خۆشـناو، ب2، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی 2003، ل521؛ کریس کۆچێرا: کورد لەسـەدەی 19و 20دا، ل236-238.

[237] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل98- 101.

[238] غـەنی بلوریـان: س. پ، ل155؛ نەخشـی د.قـاسملوو لـە حـدکادا، س. پ، ل12-13.

حیزبی دەدات، ئەندامانی ڕێبەری لەڕێگەی کۆنفرانسەکانەوە هەڵ دەبژێردران و بنەمای ڕەخنە بوونە هۆی نەهێشتنی کەم و کوڕی و چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەهەمان کاتدا ئەندام و کادیرەکان ڕادەهێنران و پەروەردە دەکران بە کاری ڕێکخراوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییان بۆ پێشخستنی ڕێکخراوەکانی حیزب، هەموو ئەو کارە دیارو بەرچاوانەش لەئەستۆی قاسملوو دا بووە وەك بەرپرسی یەکەمی حدکا.[239]

بۆیە دەکرێ بڵێین قاسملوو ڕۆڵی دیارو بەرچاوی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا لەچوارچێوەی حدکا دا بینیوە، بەتایبەتی لەسەربەخۆ بڕیاردانی حیزب و جیاکردنەوەی لە حیزبی توودەی ئێران، ئەم ڕاستیەشمان لەزاری بەرپرسێکی بەرزی توودە (د.رادمنش) زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێت: "لەسەر قاسملوو تەجروبەمان هەیە، ئەو ئەندامی حیزبی توودە بوو، ئێمە ناردبوومانە کوردستان، بەڵام هۆی بنەڕەتیی لێك پچڕانی حیزبی توودەو حدکا قاسملوو بوو".[240]

قاسملوو لەقۆناغی خەباتی نهێنی لەنێوان ساڵانی 1953- 1959 دا بۆ ماوەیەکی زۆر لە کوردستان و دێهاتەکانی درێژەی بەخەبات داوە، بەڵام دواتر لەساڵی 1959ز دا گیرانی سمایلی قاسملوو – ئامۆزای د.قاسملوو –و دان پێدانانەکانی و گیرانی ئەندامێکی زۆر لە

---

239 کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدکا، ژمارە (291)، 21ی ئووتی 2000، ل14.

240 وەرگیراوە لە: کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب3، ل52.

حـدکا، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بەشـێکی زۆری کادیرەکـانی حـدکا ڕوویکەنـە باشـووری کوردسـتان کەیـەکێك لەوانـە قـاسملوو بـوو،[241] چـونکە ئـەوکات بـەهۆی شۆڕشـی 14ی تـەمووزی 1958 لـەعێراق ئارامی و ئازادی تارادەیـەکی زۆر بـۆ پـارت و ڕێکخـراوە سیاسییەکان فەراهەم بوو بوو.[242]

دوای ئەم ئاڵوگۆڕانەو چوونی قاسملوو بۆ باشووری کوردستان، ڕووبەڕووی بارودۆخێکی دژوار دەبێتەوە، بارودۆخێك کە نەی توانی هاوسەنگیی هێزەکان بەلای خۆی دا کێش بکات و بەتەواوی بیری چەپی لایەنگری تودەی لەڕیزەکانی حدکا بچەسپێنێت. جگە لەمەش قاسملوو لەسیاسەتیدا دوولایەنەی تێدا هەبوو، چونکە پێشتر وەك ئەندامێکی تـوودە سەرپەرشـتیی پەیوەندییـەکانی تـوودەو حـدکای دەکرد، بڕیارەکانی کۆبوونەوەی تاران و کۆنفرانسی یەکەمی حدکای لەبەرچاو نەگرتبوو لەسەر پەیوەندیەکانی خۆی بەڕێبەرانی توودەوە بەردەوام بووە.[243]

عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەبارەی ململانێی قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق (عبداللـە ئیسـحاقی) ەوە دەڵـێ: "هەرچـی د.قـاسملوو بـوو (لەگـەڵ ئـەوەی نـاکرێ لەهـەموو بارێکـەوە بـەبێ خـەتا دابنرێـت) لایـەنگری سەرسـەختی سـەربەخۆیی سیاسـی و سـەربەخۆیی بڕیـاردانی حـدکا

[241] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی)، دوکان، 31ی ئابی 2005.

[242] مسعود البارزاني:البارزاني والحركة التحررية الكردية،الكرد والثورة 14 تموز1958- 11ايلول 1961، ل89.

[243] د.یاسین سەردەشتی: هەڵویستی حیزبی توودە...، ل77.



www.pertwk.com

بوو، بەڵام ئەحمەد تۆفیق حدکای کردبوو بە کلکەیەك لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و لەژێر ڕێبەرایەتیی پارتی و خودی مەلا مستەفادا بەڕێوە دەڕۆیشت".[244] هەرچەندە عەبدوڵلا حەسەن زادە بەرگری لە قاسملوو دەکات بەوەی لایەنگری لە سەربەخۆیی حدکا کردوەو ویستوویەتی لەژێر ڕێنمایی و سیاسەتەکانی پارتی بەدوور بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا دانی بەهەندێك هەڵەی قاسملوو لەم ڕووەوە ناوە بێ ئەوەی هەڵەکانیمان لەم قۆناغەدا بۆ دەستنیشان بکات.

لەڕاستیدا لەبیرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بەو شێوەیە لەلایەن ڕێبەرانی ئەو دەمی حدکاوە -کە قاسملوو یەکێك لەو ڕێبەرانە بووە- و لایەنگری کردن و چوونە ژێر بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای توودەو دانەنانی سنوورو ڕێو شوێنێك بۆ پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا بەتەنیانەك هەر کاریگەرییەکی خراپی لەسەر جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەو قۆناغەدا جێ نەهێشت. بەڵکوو وەك پەتایەکی درێژ خایەن ئاسەواری خۆی لەسەر جووڵانەوەکەو خودی حدکا بەجێ هێشت بەجۆرێك هەر ناکۆکی و دووبەرەکی و پەرت بوونێکی دواتر لەنێو ڕێزەکانی حدکادا سەری هەڵ داوە ماکەکەی بۆ پەیوەندیی نابەرابەری نێوان توودەو حدکا لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە، کە لەودا بەشێکی زۆر بەرچاوی ڕێبەرانی حدکا -بە د.قاسملووشەوە- بەبیری شێواوی ئێرانچێتی و چەپ گەری و دوور لە نەتەوایەتی گۆش کران. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر بەزەرەری جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد

---

[244] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل28.

شکاوەتەوە،[245] چونکە ململانێ و دژایەتی کردنی یەکتری لەنێو ڕیزەکانی سەرکردایەتیی حدکا دا، بەتایبەتی ناکۆکی و ململانێی نێوان قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق بە پلەی یەکەم بووە هۆی ئەوەی بەشێک لەسەرکردەکانی حدکا واز لە ئاراستەی سیاسیی پێشکەوتنخوازانەی خۆیان بێنن کە قاسملوو ڕابەرایەتیی دەکرد، لەئەنجامدا باڵی ڕاستڕەو خۆی بەسەر حدکادا سەپاند.[246] کە ئەم باڵی ناسیۆنالیستیە لەلایەن ئەحمەد تۆفیق وەک کەسێکی ناسیۆنالیستی نەتەوە پەروەر ڕابەرایەتی دەکرا.[247]

بەم جۆرە دەبینین لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لەکادیرەکانی حدکا قاسملوویان وەک بەرپرسی یەکەمی حدکا لەو کاتدا سەیر کردوە،[248] بەڵام لەڕاستیدا بەهۆی چەند هۆکارێکەوە[249]، لەسەرەتای ساڵی 1960 بەدەستی نەیارەکانی (مەلامستەفا بارزانی و ئەحمەد تۆفیق)

---

[245] د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل265.

[246] جلیلی جلیل وأخرون: س. پ، ل247.

[247] چاوپێکەوتن لەگەڵ (صەلاحوددینی موهتەدی)، دوکان، 31ی ئابی 2005.

[248] مقدمة من الكفاح من اجل الحرية، ل6.

[249] گادانی پێی وایە دوو هۆکار هاندەر بوون بۆ ڕۆیشتنی قاسملوو بۆ دەرەوەی عێراق: بێزاربوونی لەململانێی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیقی نەیاری و مەترسیی کوشتنی.(چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە،2005/12/27).

لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەردەکرێت و بەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ پراگ.[250]

هۆی وازهێنان و دوورکەوتنەوەی قاسملوو لە حدکا لەو ماوەیەدا، یاسین سەردەشتی ئاماژەی بەوە داوە کە: "لەبەر عەقڵیەتی توودەیی ئەم ڕێبازە نەتەوایەتییەی ئەحمەد تۆفیقی قبوڵ نەبوو، بۆیە ڕێگەی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی گرتەبەرو گەڕایەوە بۆلای حیزبی توودە".[251]

وابەدیار دەکەوێت قاسملوو هیچ کاتێك باوەڕی بەخەباتی نەتەوایەتی کز نەبووە، بۆیە گەڕانەوەی بۆ ئەورووپاو دوورکەوتنەوەی بۆ ماوەیەك لە حدکادا، لەبەر بێ باوەڕی بەمەسەلەی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکوو سیاسەتی ڕژێمی عێراق و نەیارەکانی وایان کرد بگەڕێتەوە بۆ ئەورووپا.[252]

بەمەش قاسملوو لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات درێژەی بەخەباتی سیاسیی خۆی دا، بەڵام دوور لە حدکا، پاشان دوای توند بوونی ناکۆکیی نێوان کادیرو سەرکردەکانی حدکاو دروست بوونی گرووپێك لەلایەنگرانی قاسملوو بەناوی (کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی

---

[250] سەعید کاوە "کوێستانی": ئاوڕێك لەبەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب. ش، ب. س، ل50- 53؛ Shahab Xalidi: S.P, L.17.

[251] د.یاسین سەردەشتی: هەڵوێستی حیزبی توودە، ل80.

[252] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.



www.pertwk.com

دیمـوکراتی کوردسـتان)[253]، کـه قـاسملووش وەك ئەنـدامێکی ئـەو کۆمیتەیـە هەڵبـژێردرابوو[254]، پاشـان دوورکەوتنـەوەی قـاسملوو لـە تـووده لـەکۆتایی سـاڵی 1970 دا ڕوودەکاتـەوە عێـراق و لەگـەڵ پاشماوەکانی ئەم کۆمیتەیەو چەند کادیرێکی دیکەی حدکا، خەباتی نەتەوایەتی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دا درێژە پێ دەدات.

[253] ئەم کۆمیتەیە لەدۆڵی ئالان هاوینی 1966 دامەزرا، ساڵانی 1967- 1968 شۆڕشێکی چەکدارییان بۆ ماوەی (18) مانگ لە دژی ڕژێمی شا لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان بـەرپا کـرد، بـەڵام دواتـر لەلایـەن ڕژێمـی شـاوە پـاش گـرتن و لەسێدارەدانی سەرکردەکانی کۆتایی پێ هات. (محەمەدی خزری: لاپەڕەیەك لە تێکۆشـان و جوڵانـەوەی سـاڵەکانی 1342- 1347 (1963- 1968)ی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان، سـوید، 2003، ل135)؛ بـۆ زیـاتر بڕوانـە: (یاسـین سەردەشتی: خوێندنەوەیەکی مێژوویی جوڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لەساڵانی 1967- 1968، چ1، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، 2002).

[254] محەمەدی خزری: س. پ، ل133.

**دووەم: ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا لەساڵانی (1970- 1978):**

دوای ئـەوەی قـاسملوو وەك ڕابـەری بـاڵی چـەپگەری پـەیڕەو لەسیاسـەتەکانی حیزبـی تـوودە، بـەکارەکانی ئەحمـەد تۆفیـق وەك ڕابەری باڵی ڕاسـتڕەوی نەتـەوەیی پەیڕەو لەسیاسـەتەکانی (پ.د.ك) ڕازی نابێـت، لـە سـەرەتای سـاڵی1960 بۆمـاوەی نزیـك بـە 10 سـاڵ لەکاروچـالاکی سیاسـی لـەنێو حـدکا دووردەکەوێتـەوە، بـەڵام بەدوورکەوتنـەوەی لەخـەبات و تێکۆشـانی سیاسـی و چـۆڵکردنی مەیـدانی سیاسـەت بـۆ ئەحمـەد تۆفیـق، نەخشـی بەتـەواوی لـە بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازیی کـوردو ڕیزەکـانی حـدکا ڕەش نابێتـەوە، چونکە دوای ڕۆیشـتنی قـاسملوو بـۆ دەرەوە بەماوەیـەکی کـەم، لـەت بوون و دەسـتەگەری لـەنێو حدکادا زیـاتر پـەرەی سـەندو لایـەنگرانی قـاسملوو لـە دژی ئەحمـەد تۆفیـق بـەنهێنی درێـژەیان بـەڕێبازی قاسملوو داو تێکۆشانی خۆیـان لـەژێرناوی (کۆمیتـەی ساغکەرەوەی حدکا)[255] ئەنجام دەدا، بەم جۆرە حدکا بەڕێبـەریی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ چەند کەسێك لەلایەنگرانی تا ساڵی 1970 بەلاوازیو دوور لە

---

[255] ئەندامانی کۆمیتـەی سـاغکەرەوەی حـدکا لـەم کەسـانە پێکهـاتبوون: (قـادر شـەریف، حەسـەن ڕسـتگار، حسـێن مـەدەنی، مـەلا ئەبوبـەکر فەلسـەفی، مـەلا ئـاوارە)؛ (چـاوپێکەوتن لەگـەڵ (حسـێن مـەدەنی، کۆیـە 2005/9/3) ؛ بـۆ زیـاتر بڕوانە: (سەعید کاوە (کوێستانی): س. پ، ل75- 100).

شـیرازەی پارتایـەتی و نـەگێرانی ڕۆڵـی دیـار بـۆ یەکخسـتنەوەی ڕیزەکانی حدکا درێژە بەخەبات دەدەن.[256]

بۆیە لـەباروردۆخێکی ئاوادا حدکا تـەنها ناوێك و چەند ئەندامێکی پـەرش و بـلاوی مـابۆوە[257]، لەهـەمان کاتـدا شـیرازەی ڕێکخستنەکانی بەتەواوی تێك چووبوو، سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لەدەست دابوو، هەرچـەندە بـاڵی چـەپ ڕەو لەسـەرەتای سـاڵی 1970 دا زاڵـتر دەبـن بەسـەر نەیارەکانیانـدا، بـەڵام بـەهۆی نـەبوونی ڕێبـەرێکی بـەتوانا نـاتوانن بەتـەواوی ناکۆکییـەکان کۆتـایی پـێ بهێـنن و حدکا بخەنـەوە جوڵە.[258]

---

[256] عبداللـه حسـن زادە: وتارێـك لـەڕێوڕەسمی دەیـەمین سـاڵەی شـەهیدبوونی د.قـاسملوو و هاوڕێیانیـدا، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدی حـدکا، ژمارە (272)، 22ی پووشپەڕی 1378ه– 13ی تەمووزی 1999، ل4.

[257] حـدکا پـێش سـاڵی 1970 جگـە لـەگروپی ئەحمـەد تۆفیـق، لەچـەند دەسـتەیەکی جیـاوازو پەرتـەوازە پێـك هـاتبوو، کەدەسـتەیەکیان لەگـەڵ (حەمـەدەمینی سیراجی، سمـایلی شـەریف زادە، سلێمانی مـوعینی) لەخـەباتی چـەکداری دابـوون و پاشـان گەڕانـەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان لەنێوچـەی بـەکرەجۆ لای مـام جـەلال گیرسـابوونەوە. دەسـتەیەکی دیکـە لەگـەڵ (ئـەمیری قازی، مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە، م. هێمن) لەنێوچەی شۆڕش مابوونەوە کـە لەکۆیەو قەڵادزێ دەژیان؛ (کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب4، ل12).

[258] بـەیادی د.قـاسملووی ڕێبـەر، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی حـدکا، ژمارە(187)،تەمووزی 1992، ل2.

پاشان بەهاتنەکایەی گۆڕانێکی گرنگ لە باشووری کوردستان بەهۆی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتن نامەی 11ی ئازاری 1970 بەرێکەوتنی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان‌و دەوڵەتی عێراق، تاڕادەیەکی زۆر دەرەتانی تێکۆشان‌و ئەنجامدانی کاری سیاسی بۆ لایەنە سیاسییەکانی دیکەو بەتایبەتی بۆ حدکا هاتە کایەوە،[259] چونکە ڕێککەوتنی 11ی ئازاری 1970و دانی مافی کورد بە خودموختاری لەچوارچێوەی کۆماری عێراق دا، دەرەتانی چالاکییەکانی حدکای زیاد کردو لەئەنجامدا باڵی ڕاسترەو لەسەرکردایەتی کردنی حدکا هەرەسی هێنا، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەحمەد تۆفیق پەیوەندییەکانی لەگەڵ مستەفا بارزانی گرژی تێکەوت،[260] ودوورخرایەوە بۆ گوندی کانی ماسی لەنێوچەی بادینان، بەنهێنی خۆی گەیاندە بەغدا، پاشان لە کۆتاییەکانی ساڵی 1973 لەلایەن ڕژێمی عێراق دەستگیر کراو بەشێوەیەکی نهێنی شوێن بزرکرا،[261] بۆیە گروپەکەی لەریزەکانی حدکا دەرچوون، ئەمەش بووە هۆی ڕێگە خۆشکردنی زیاتر لەپێش چالاکییەکانی هێزە پێشکەوتن خوازەکانی نێو حدکا.[262]

---

[259] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب3، ل187.

[260] هۆکاری ئەم گرژییەی نێوانیان بریتی بوو لە گوێڕایەڵی (پ.د.ك) بۆ سیاسەتەکانی شای ئێران بەرامبەر بە تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

[261] عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار): چێشتی مجێور، چ1، پاریس، 1997، ل515، 516.

[262] جليلى جليل وأخرون: س. پ، ل249.



www.pertwk.com

بەم جۆرە لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرەکانی حدکا لە گوندی (سینەموکە)ی بناری قەندیل، کە هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو کۆبوونەوەیە لە نزیکەوە قاسملوویان نەناسیوە، بەلاّم بەهاتنەوەی بۆ نێو ڕیزەکانی حدکا ڕازی دەبن و بڕیاردەدەن بگەڕێتەوە کوردستان و کاری حیزبیان لەگەڵ بکات.[263]

دوای ئەم کۆبوونەوەیە کۆمیتەی ناوەندی حدکا نامەیەکی بۆ قاسملوو نووسیوەو تێی دا بانگهێشتی کردوە بێتەوە کوردستان بۆ کاروباری حیزب و بەڵێنیشی پیٚ داوە کۆمیتەی ناوەندی لەکاروباری خۆیدا ڕاوێژو هاوکاری لەگەڵ بکات و تەنانەت پەیڕەوی لە بۆچوونەکانیشی بکات.[264] بۆیەش لەهەلومەرجێکی لەم جۆرەی خەباتدا قاسملوو بەهەلی دەزانیٚ و لەکۆتاییەکانی ساڵی 1970 دا دەگەڕێتەوە بۆ عێراق بەمەبەستی گرتنەدەستی جلەوی ڕێبەرایەتیی حدکا.[265] و درێژەدان بەخەباتی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دا.

---

[263] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل155.

[264] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل61.

[265] حمید شوکت: نگاهی از درون بەجنبش چپ در ایران، گفتوگو بە ایرج کشکولی، ل128؛ Shahab Xalidi: S.P, L.17.



www.pertwk.com

لەڕاستیدا بەگەڕانەوەی قاسملوو بۆ کۆڕی خەبات، کادیرو ئەندامە پەرتەوازەکانی حدکا هەموویان ڕێك دەخرێنەوەو پایزی ساڵی 1970 لەشاری کۆیە کۆدەکرێنەوە.[266]

قاسملوو پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان و تێکۆشانی سیاسی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دا، هەوڵ دەدات هەندێك ئاڵوگۆڕ لە بۆچوون و سیاسەتەکانی حدکادا بێنێتە کایەوە،[267] هەربۆیەش جموجۆڵی سیاسی زیاتر پەرەپێ دەدات و وەك یەکەم هەنگاوی گرنگیش لەم بوارەدا بەمەبەستی یەك پارچەتر بوونی ڕیزەکانی کادیرو پێشمەرگە بڕیاردەدرێت تا کۆنفرانس یان کۆنگرە هیچ نەبێت کۆمیتەی ناوەندی بخەنەوە کار، بۆیە بڕیار دەدەن کۆمیتەیەکی کاتی بۆ حدکا هەڵ بژێرن،[268] کە قاسملوو وەك ئەندامی ئەو سەرکردایەتیە کاتییە دەستنیشان دەکرێت.[269]

لەڕاستیدا گەڕانەوەی قاسملوو بۆ کوردستان و چوونەوە ڕیزی خەبات لەنێو حدکاداو یەکگرتنەوەی لەگەڵ گروپە جیاوازەکاندا

---

[266] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب4، ل13؛ غەنی بلوریان: س. پ، 281.

[267] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل43- 44.

[268] کۆمیتەی کاتی حدکا لەم ئەندامانە پێکهاتبوو: (ئەمیری قازی، هێمن، حەسەن رستگار، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، حەمەدەمینی سیراجی، یوسفی ڕیزوانی، کەریمی حیسامی، عەبدولڕەحمان قاسملوو)، (کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب3، ل187-188).

[269] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل157.



www.pertwk.com

سـوودی زۆری گەیاندۆتـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازیی کـورد لـەو سەردەمەدا. لەبارەی ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەو قۆناغەدا، عەبدوڵڵا حەسـەن زادە دەڵێـت: "بـەو یەکگرتنەوەیـە لەگـەڵ قاسملوو کەوتینـە فیکـری دروسـتکردنی تەشـکیلاتێکی ڕێـك و پـێکتر، خۆناسـاندن بـە حیـزب و ڕێکخراوەکـانی کـوردو ئێرانـی و ناوچـەیی و جیهـانی و خـۆ ئامادەکردن بۆ گرتنی کۆنفرانسێکی حیزبی... ".[270]

بەم شێوەیە قاسملوو ڕۆڵـی سیاسیی خـۆی دەردەخـات و بەسـوود وەرگـرتن لەبەرنامـەی چـەند حیـزب و ڕێکخـراوی سیاسـی، بـەپێی ڕەچاوکردنی هـەل و مـەرجی ئەوسای کوردسـتان و بەیارمـەتی چـەند هاوڕێیـەکی، تـوانی بەرنامـەو پێـڕەوی نێـو خـۆی حـدکا دابڕێـژێت و پاشـان لـە کۆنفرانسـی سـێیەمی حـدکا لـە 1971/6/21 دا لەشـاری کۆیە پێشکەشی بکات کە لەو کۆنفرانسەدا پەسند کرا.[271]

کۆنفرانسـی سـێهەم لەمێـژووی حـدکادا خـاڵێکی وەرچـەرخان بـوو، چـونکە بنچـینە شۆڕشـگێڕییەکانی خـەباتی خـۆی زینـدوو کـردەوە،

---

[270] نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل63.

[271] Shahab Xalidi: S.P, L.17 ؛ بۆ زیـاتر بڕوانـە: (بەرنامـەو پێـڕەوی نێوخـۆی حـدکا، پەسـندکراوی کۆنفرانسـی سـێهەمی حیـزب، جـۆزەردانی 1350هـ- 1971ز، ل19-39).

کەیەکێك لەوانە پاراستنی سەربەخۆیی حیزب و پێداگرتنی لەسەر بڕیاردانی سەربەخۆبوون بوو.[272]

قاسملوو لە کۆنفرانسی سێهەمدا بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ دەبژێردرێ و پاشان کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی خۆیدا ڕۆژی 1971/6/24 وەك سکرتێری گشتیی حدکا دەستنیشانی دەکەن. هەڵبژاردنی قاسملوو وەك یەکەم سکرتێری گشتیی حدکا گرنگی و بایەخێکی زۆری هەبوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کەلەم بارەیەوە گادانی نووسیویەتی: "ئەمە بەسەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لەمێژووی حدکا دەژمێردرێت، کە حیزبی لە دەستی ئەم و ئەو دەرهێناو سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بۆ بەدەست هێنا".[273]

دەکرێ بوترێ قاسملوو لەو ڕۆژەوەی لێپرسراوێتیی یەکەمی کەوتە ئەستۆ لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەهۆی ئەزموونی سیاسی و زمانزانین و شارەزایی لەبواری سیاسیی وڵاتانی ئەورووپی، لەچەند ڕووەوە کاریگەریی زۆری لەنێو حدکادا هەبوو، کەلەسەرروویانەوە لەبواری ڕێکخستنەوە لەقۆناغی کۆنفرانسی سێ، نەخشی سیاسیی خۆی گێڕاو ڕێکخستنەکانی بووژاندەوەو حدکای بەرەو پێش برد. قاسملوو هەرچەندە بیروباوەڕی چەپ و مارکسیی

---

[272] لەتاقیکردنەوەی چل ساڵ خەبات، کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (106)، پووشپەڕی 1364هـ- ژوئیەی 1985، ل5؛ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزب، ڕەزبەری 1352- سیپتامبری 1973، ل7-8.

[273] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل163.

بوو، بەلاَم لەهەمان کاتدا مەسەلەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیی لەو قۆناغەدا بەلاوە گرنگ بوو، وەك مەسەلەیەکی بنەڕەتی سەیری کردوەو لەبەرچاوی گرتوە، ئەمەش یەکێك بووە لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا.[274]

بەلەبەرچاو گرتنی ئەمانەی پێشوو کاتێك حدکا ڕۆژی 1973/9/22 لەشاری بەغدا کۆنگرەی سێهەمی خۆی بەست،[275] بەزۆربەی دەنگ قاسملوو وەك سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێرنەوە،[276] لەهەمان کاتدا ڕێبازی سیاسیی و ستراتیژیی حیزب، کە قاسملوو داهێنەری بوو دووبارە کۆنگرەی سێ پەسندی دەکاتەوە، کە تێیدا ڕێبازی ڕاست و دروستی شۆڕشگێڕانەی حدکا زیندوو دەکاتەوە،[277] چونکە بەهۆی ئەوەی قاسملوو زۆر لە ولاَتانی

---

[274] تیشك (گۆڤار): چەپ و هەڵوێستی ئێمە، ژمارە (1)، گۆڤارێکی سیاسیی– ئابووری– مێژوویی گشتی یە کۆمیسیۆنی فێرکردن و لێکۆڵینەوەی حدکا دەری دەکات، جۆزەردانی 1377ھ (حوزەیرانی 1998ز)، ل24.

[275] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب4، ل138–139.

[276] أیت محمدی (کلهر): سیری در تاریخ سیاسی کرد و کردهای قم، چ1، انتشارات پرسمان، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، 1382ھ، (2003ز)، ل149.

[277] بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بەبۆنەی 40 ساڵەی دامەزراندنی حیزب، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدکا، ژمارە (107)، گەلاوێژی 1364ھ– ئووتی 1985، ل21؛ حاجی حسین حداد: س. پ، ل107؛ بۆ زیاتر



www.pertwk.com

ئەورووپای ڕۆژهەڵات ژیابوو، ئاگاداری ژیانی سیاسیی ئەو وڵاتانە بوو، بۆیە بوو بووە خاوەن بیرێکی نوێو پێشکەوتن خواز، بەم بیرەشیەوە یارمەتیی زۆری حدکای داو توانی بەرەو پێشەوەی ببات لەخەباتی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد.[277]

لەڕاستیدا قاسملوو گەلێك دیاردەو پرۆسەی نوێی لەساڵانی 1970- 1973 دا هێنایە نێو حدکا کە لەوەو پێش نەبوون، بۆ نموونە تا بەستنی کۆنفرانسی سێهەم حدکا سکرتێری نەبوو، تەنیا کۆمیتەی ناوەندی یان کۆمیتەی بەڕێوەبەریی هەبوو، لەپاش (کۆنگرەی دووەم) پلەو پایەیەك بەناوی (هەیئەتی سکرتاریا) هەبوو، بەڵام لە کۆنفرانسی سێهەمدا بەپێی بەرنامەی تازەی حیزب بەڕێبەریی قاسملوو دەفتەری سیاسیو سکرتێری گشتیی حیزب هەڵ بژێردران.[278]

هەروەها لەکۆنگرەی سێهەمیشدا سەرەڕای ناکۆکی کەسیو سیاسیو ڕێکخراوەیی، قاسملوو توانی تاڕادەیەکی بەرچاو

---

بڕوانە: (بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حدکا پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەم، ڕەزبەری 1352هـ- سێبتەمبەری 1973ز).

[278] مهدی خانبابا تهرانی: بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لەدەستکەوتەکانی خۆی قەرزاری زانایی و زیرەکیو سیاسیی قاسملوویە، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدکا، ژمارە (272)، 22ی پووشپەڕی 1378هـ- تەموزی 1999، ل31.

[279] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.



www.pertwk.com

ڕیزەکانی حدکا یەك بخاتەوەو کۆمیتەیەکی ناوەندی یەکگرتووی بۆ دەستنیشان بکات، ئۆرگانی ناوەندیی حیزبیش بڵاوبکاتەوە.[280]

جگەلەمەش بەرەو پێش چوونی حیزب چ لەباری سیاسیو چ لەباری ڕاگەیاندنو ڕێکخستنەوە دوای کۆنگرەی سێ ڕەوتێکی خێراتری بەخۆیەوە گرت، ڕێکخراوەکانی حدکا لەزۆر ناوچەی کوردستان بووژانەوەو پەیوەندییە تەشکیلاتییەکان لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزب پتەو بوون.[281] لەهەمان کاتدا گۆڕان بەسەر ناوی حدکا هات، چونکە پێشتر لەسەردەمی (قازی محەمەد)دا ناوەکەی بریتی بوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام دوای زیندوو کردنەوەی حدکاو خستنەسەرپێی لەسەردەستی د.قاسملوو لەو گۆڕانانەی کە دایهێنا لەنێو حیزب گۆڕینی ناوی حیزب بوو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران.[282]

لەسەرووی ئەمانەوە ئەرکێکی گرنگ، کە قاسملوو لەم کۆنگرەیەدا ئەنجامی دا، بڕیاردان بوو لە دیاری کردنی دروشمی سیاسیو ستراتیژیی حدکا کە بڕیاری دا پرەنسیپی (دیموکراتیەت بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران) ببێتە بنچینەی ستراتیژیەتی حیزب. ئەم پرەنسیپەی کە ئاماژەی داوە بە خاڵی هەنگاونان

[280] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل152.

[281] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل85.

[282] کەریمی حیسامی: حیکایەت کردن یان نووسینی مێژوو، ستۆکهۆڵم، 1995، ل7.



www.pertwk.com

لەبەرنامــەی سیاســی بــۆ چارەســەرکردنی ئەرکــەکانی بزووتنــەوەی نەتەوایەتیی کورد لەسالانی حەفتادا.[283]

قاسملوو دووپاتی کردۆتەوە کە بۆیە خود موختاری بۆ ڕۆژهـەلاتی کوردســتانی کردۆتــە دروشمــی ســتراتیژیی خــۆی، چــونکە دەزانــێ ویسـتی سـەرەکیی کۆمـەلانی خـەڵکی کوردسـتانە،[284] بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـاوەڕی بەیـەکێتی نەتـەوەی کـورد هـەبوو، بۆیـە لـەنێوان بەرژەوەنــدی نەتــەوەیی و بــارودۆخی سیاســی ئــەو دروشمــەی بــۆ پارتەکەی هەڵبژارد.

سەبارەت بە دروشمی "دیموکراسیی بۆ ئێران"یش، قاسملوو لـە چاوپێکەوتنێکدا ڕای گەیانـدوە ئێمـە بـە دوو هـۆ دیموکراسـیمان بـۆ ئێران دەوێت:

1- حیزبی ئێمە باوەڕی بەدیموکراسی هەیەو لەسەر ئەم بناغەیە دامـەزراوە. بـاوەڕی ئێمـە ئەوەیـە کـە بـەبێ جێگیرکردنـی دیموکراسـی

---

[283] جلیلی جلیل وأخرون: س. پ، ل251؛ وتوێـژی سکرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری الصیاد، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدکا، ژمارە (106)، پووشپەڕی 1364هـ- ژووئیەی 1985ز، ل32.

[284] جولانـەوەی کوردسـتان و جولانـەوەی سەرانسـەری، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدی حـدکا، ژمـارە (101)، خـەزەلوەرو سـەرماوەزی 1363هـ – نوامبرو دیسامبری 1984، ل33؛ بۆ زیـاتر لـەبارەی بۆ چوونەکانی د.قاسملوو سـەبارەت بـە دروشمـی خودموختـاری بۆ کوردسـتان و دیموکراسـیی بـۆ ئێـران، بڕوانە: (کاوە بەهرامی (کۆکردنەوە): تاڤگەی هەقیقەت (بەشێك لەبەرهەمـەکانی د.قاسملوو)، ، ب1، ب.س، ب.ش، ل285- 314).

لەئێران هەر مەسەلەیەك كە پێوەندی لەگەڵ ئازادییەكان‌و مافەكانی مرۆڤ لەم وڵاتەدا دێنێتە گۆڕێ، شتێكی بێ كەڵك دەبێت، ئێمە بۆ ئازادی خەبات دەكەین.

2- بۆ ئەوەی خودموختاری لەدرێژخایەندا زەمانەتێكی بۆ بەردەوام بوونی هەبێت، لە كورت خایەندا تەنیا زامنی ئەو چەكی پێشمەرگەكانە، بەڵام لە درێژخایەندا تەنیا زامن بۆ بەردەوام بوونی ئەو، دیموكراسیی واقیعی لەئێران دایە.[285]

قاسملوو لەگەڵ ئەوەی سكرتێری گشتی بوو، بەڵام هەرگیز باوەڕی بەسەركردایەتی كردنی تاكە كەسی نەبوو، چونكە خۆی گوتوویەتی: "لەو بارەیەوە ئەزموونی تاڵمان هەیە، نابێ بگەڕێینەوە ڕۆژگاری پێشوو، فەرد پەرستی‌و بوت پەرستی لەهەرشكلێ‌و لیباس‌و ڕەنگێكدا بێت شتێكی خراپە"،[286] چونكە بەدرێژایی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد یەكێك لەخاڵە لاوازەكانی، وابەستەیی‌و گرێدانی ئەم بزووتنەوەیە بەڕێبەرو سەركردەكەیەوە بووەو هەركاتێك ئەم نەمابێت ئەوا بزووتنەوەو شۆڕشەكەشی لەنێو چووە، بەڵام قاسملوو لەم بارەیەوە خاوەنی بیرێكی نوێ بوو، بۆیە لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد دا، ڕۆڵی گرنگ‌و بەرچاوی لەم بوارەدا بینیوەو لەڕووی تیۆری‌و مەیدانییەوە بەكردەوە لە دژی لێكگرێدانی چارەنووسی بزووتنەوە لەگەڵ چارەنووسی ڕێبەرێك، كەسایەتییەك،

---

[285] وتووێژی سكرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری الصیاد، س. پ، ل48.

[286] مەلا حەسەن شیوە سەڵی: بیرەوەری، كوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدكا، ژمارە (163)، پووشپەڕی 1369هـ- تەمووزی 1990، ل22.



www.pertwk.com

یان بنەماڵەو عەشیرەتێك ڕاوەستاوەو كاری بەكۆمەڵو ڕێبەرایەتیی بە كۆمەڵی هێناوەتە نێو فەرهەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد، كە بەهەمووتوانایەوە لە دژی گەورە كردنی نەخشی كەسایەتیو بۆچوونی عەشیرەتیو دواكەوتوانە ڕاوەستاوەو بەوپەڕی لێزانییەوە بۆ بەهێزكردنی نەخشی تەشكیلات لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد دا خەباتی كردوە، لەنێو تەشكیلاتیشدا دژی هەموو جۆرە سەرەڕۆییو تاك ڕەوییەك ڕاوەستاوە.[287]

سەبارەت بە ڕۆڵی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورددا لەم قۆناغەی خەباتدا، كادیرو ڕێبەرانی حدكا جەختیان كردۆتەوە لەسەر ئەم ڕۆڵەی، بۆیە عەبدوڵلا حەسەن زادە نووسیویەتی: "بەڕاستی تەنیا پاش هاوكاری لەگەڵ د.قاسملوو بوو كە ئێمە شتێكمان لە مانای دروستی حیزبایەتیو كاری حیزبیو ئسوولی حیزبی بەرچاو كەوتو كەمو زۆر فێری بووین".[288]

هەروەها گادانی لەم ڕووەوە جەختی لەسەر ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو كردوەو دەڵێت: "جێی خۆیەتی كە ئیشارە بەنەخشی بەرچاوی د.قاسملوو بكرێ، چونكە بەڕاستی د.قاسملوو دەورێكی كاریگەرو بەرچاوی لەیەكخستنەوەی ڕیزەكانی حیزبو تەنانەت زیندووكردنەوەی حیزب لە بواری سیاسیدا هەبوو...، بەهاتنەوەی

---

[287] د.قاسملوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد، كوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدكا، ژمارە (163)، پووشپەڕی 1369هـ- تەموزی 1990، ل7.

[288] نیو سەدە تێكۆشان، ب1، ل63.

د.قاسملوو ناوو ناوبانگی حیزب لە بواری سەربەخۆبوونی حیزب باشتر دەنگی دایەوە، بەچەشنێك كە هەم تا ڕادەیەك پارتی دیموكراتو هەم حكوومەتی عێراق حیسابێكی تایبەتییان بۆ حدكا دەكرد".[289]

لەهەمان كاتدا قاسملوو لەم قۆناغەی خەباتدا هەوڵی زۆری داوە بۆ بەهێزكردنی ڕێكخستنەكانی حدكا لەنێو خۆی ڕۆژهەلاتی كوردستان، وبەرپەرچدانەوەی سیاسەتە دیكتاتۆرییەكانی ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێران كە بۆ ئەم مەبەستەشی بەردەوام لە عێراقەوە كاری دەكرد.[290]

لەڕاستیدا ئەگەرچی قاسملوو لەبواری سیاسیو ڕێكخستنەكانی حدكا لە ماوەی ساڵانی 1971-1978 بۆ بووژانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد لە ڕۆژهەلاتی كوردستان ئەنجام دا، كە هەوڵی داوە كادیری ڕێكخستن ئامادە بكات بۆ خەبات دژ بە ڕژێمی شاهەنشاهی، بەلام دەبینین لەساڵانی 1974- 1978 دا بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد لە ڕۆژهەلاتی كوردستان لاواز بوو، چونكە خەباتو چالاكیی سیاسیی حدكا بەڕێبەریی قاسملوو، لەو قۆناغەدا لەنێو ڕۆژهەلاتی كوردستان تەنیا دەركردنی ڕۆژنامەو نووسراوی

---

[289] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل160.

[290] د.نیفین عبدالمنعم مسعد: صنع القرار في ايران والعلاقات العربية- الايرانية، مركز دراسات الوحدة العربية، ط2، بيروت، كانوون الاول، ديسامبر، 2002، ل25- 26؛ د.كمال مظهر احمد: دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر، مطبعة اركان، بغداد، 1985، ل262، 263.



www.pertwk.com

تایبەت بەخۆی بوو، کە ئەویش یان نەدەگەیشتە دەست خەڵك لەنێو ڕۆژهەلاتی کوردستان، یان بەڕادەیەکی یەکجار زۆر کەم دەگەیشتە دەست خەڵك،[291] چونکە چەند هۆکارێکی ناوەکی و دەرەکی ڕۆڵیان لە لاوازکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا هەبوو، لە هۆکاری ناوەکی دەبینین شۆڕشی سپیی شاو سەرکوت کردنی خەڵك لەڕێگەی دەزگاکانی پۆلیس و وازهێنانی بەشێکی زۆری سەرکردەکانی بزووتنەوە لەخەبات و زیندانی کردنی بەشێکی دیکەیان لەبەندیخانەکانی شاو...هتد، لەهۆکاری دەرەکیش ڕێککەوتنی ساڵی 1975ی جەزائیر لە نێوان دەوڵەتی ئێران و عێراق، بوونە هۆی لەقالب دانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتخوازانەی کورد لەماوەی سالانی 1974- 1978دا.[292]

ئەم بارودۆخە کاریگەریی لەسەر خەباتی سیاسیی قاسملوو لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەبوو، چونکە گەر پێشتر لە ساڵی 1973 دا دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخسابێ بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی لە عێراق و وەرگرتنی یارمەتی و کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتیی حیزبەکەی لە بەغدا، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە هەموو ئەو

---

[291] کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان- ئێران: شەڕی ناوخۆیی لە کوردستان (لێکۆڵینەوەیەك لەسەر شەڕی نا شۆڕشگێڕانەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە)، ب.ش، ڕێبەندانی 1363ھ، (شوباتی 1984)، ل38- 39.

[292] جلیلی جلیل وأخرون: س. پ، ل254؛ بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل250- 270.



www.pertwk.com

یارمەتی و ئەگەرانەی لە قاسملوو سەندەوەو لە عێراقیشدا هاتوچۆی وەك پێویست نەما.[293]

بۆیە دەبینین ژیانی سیاسیی قاسملوو گۆڕانی بەسەردا هاتوەو ئەمەش وای کردوە ماوەیەکی زۆر لە کاری سیاسی لەنێو حیزب و بزووتنەوەکەی دوور بکەوێتەوە، چونکە لە سالآنی 1975 تا 1978 لە دەرەوەی کوردستان و ولآتانی ئەوروپا ژیانی بردۆتەسەر، کە ئەمەش تا ڕادەیەك لە بەشداریی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دووری خستۆتەوە،[294] بەلآم لەگەڵ هاتنە پێشەوەی گۆڕانە سیاسییەکان لە ئێران سالی 1978 و ئەگەری ڕووخانی ڕژێمی شاو ڕوودانی شۆڕشێکی گەورەی گەلانی ئێران، د.قاسملوو لە 1978/9/15 لە پاریسەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەغداو هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە سیاسییەکان دەدا.[295]

پاشان لە کۆتایی سالی 1978 دا بە ماوەی کەمتر لە سێ مانگ پێش

---

[293] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب4، ل160؛ لەبیرەوەرییەکانم، ب5، ل100.

[294] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب2، ل14.

[295] میر بصری: س. پ، ل53؛ عبداللە حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل110؛ کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب5، ل241، 243.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران،[296] بەنهێنی دەچێتە نێوچەی پشدەرو لەڕێگەی سونێ دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد،[297] لەشاری مهاباد بەنیوە نهێنی و ئاشکرا دەست دەکات بەئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسیی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بۆ گێڕانی ڕۆڵیان لە ڕووخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەویدا، کە لەڕاستیدا گەڕانەوەی د.قاسملوو بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان گڕوتینێکی نوێ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەبەخشێت و حدکا لە مهابادو کوردستان بەگشتی دەبووژێنێتەوە.[298]

لەکاتی شۆڕشی گەلانی ئێران قاسملوو وەك ڕێبەری حدکا دوو ئەرکی گرنگی لەسەر شان بوون، یەکەمیان هۆشیارکردنەوەی خەڵك بۆ بەشداری لە شۆڕش دا، دووەمیان ڕێکخستنەوەو کۆکردنەوەی کادیرەکانی حدکا. هەرچەندە بەڕێوەبەری حیزب کە د.قاسملوو بوو درەنگ جووڵایەوە، بەڵام بەگەڕانەوەی ئەم کارانەی بەباشی جێبەجێ کرد،[299] چونکە د.قاسملوو کاریگەریی بەسەر خەڵکەوە هەبوو،

---

[296] دفتر سیاسی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی: کردستان "امپریالیزم و گروهھای وابسته" (1)، چ1، 1359ھ، (1980ز)، ل26؛ نەوشێروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل17.

[297] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 3/9/ 2005.

[298] غەنی بلوریان: س. پ، ل282، 284.

[299] بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بەبۆنەی 40 ساڵەی دامەزراندنی حیزب، س. پ، ل21، 22.



www.pertwk.com

لەهەمان كاتدا توانای باشی لەقسە كردنو هونەری وتاردان هەبوو، هەروەك عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێت: "ئەگەر د.قاسملوو پێش ڕووخانی شا لە میتینگێك دا قسەی بۆ خەڵك كردبایە، ڕەنگ بوو بەقەدەر دوو ساڵ كاری تەشكیلاتی شوێنەواری دانابایە".[300] كە ئەمەش لێهاتوویی سیاسیی قاسملوو دەردەخات.

بەم شێوەیە دوای ئەوەی لە 1979/1/16 دا شای ئێران، ئێرانی بەجێ هێشتو چووە دەرەوە[301]، شارەكانی ئێرانو كوردستان لەخۆپیشاندانو ڕاپەڕینی بەردەوام بوون،[302] لەم هەلو مەرجەدا ناوبانگی قاسملوو لە كوردستان زیاتر دەردەكەوێت[303] و لەهەمان كاتیشدا ژیانی سیاسیو چالاكییەكانی لەبزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی كورد دا، پێ دەنێتە قۆناغێكی نوێ.

---

[300] نیوسەدە تێكۆشان، ب1، ل121.

[301] سەبارەت بە ڕووخانی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی، بڕوانە: (فریدون هویدا: سقوط الشاه، ترجمة وتعليق وتقديم: د.احمد عبدالقادر الشاذلي، مكتبة مدبولی، 1993.

[302] مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی: بیرەوەرییەكانم، سوید، 1997، ل341؛ سەعید كاوە "كوێستانی": س. پ، ل186.

[303] قاسملوو لەماوەی ساڵانی خەباتی سیاسیی تاوەكوو دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لەعێراقو ئێرانو توركیاوسوریا 1٪ ی خەڵك ناوو ناوبانگییان بیستبوو و دەیانناسی لەئاستی كەسانی سیاسییو ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆست دا، بەڵام بەگەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان زیاتر ناوبانگی دەركرد. (چاوپێكەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، كۆیە، 2005/9/3).



www.pertwk.com

# بەشی سێیەم
# ڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەماوەی دەسەڵاتداریێتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا 1979- 1989

## باسی یەکەم
## خەباتی سیاسیی قاسملوو لەنێوان ساڵانی 1979- 1988 دا

یەکەم: هەڵوێستی قاسملوو بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

دووەم: هەوڵەسیاسییەکانی قاسملوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ ڕژێمی کۆمای ئیسلامی ئێران.

سێیەم: گۆڕانە فیکریو سیاسییەکانی قاسملوو لەساڵانی 1980- 1988و ڕەنگدانەوەی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## باسی دووەم
## گفتوگۆو چارەنووسی قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران 1988- 1989

**یەکەم: هۆکارەکانی بەستنی گفتوگۆ.**

**دووەم: قۆناغەکانی گفتوگۆ:-**

**أ-خولی یەکەمی گفتوگۆ** (1988/12/28- 1989/1/20).

**ب-خولی دووەمی گفتوگۆ** (12 و 1989/7/13).

**سێیەم: ئاکامەکانی گفتوگۆو تیرۆرکردنی قاسملوو.**

**چوارەم: هەڵەکانی قاسملوو لەگفتوگۆدا.**

## باسی یەکەم
## خەباتی سیاسیی قاسملوو لەنێوان ساڵانی 1979- 1988 دا

**یەکەم: هەڵوێستی قاسملوو بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران:**

هەڵوێستی قاسملوو بەرامبەر ڕژێمی نوێی ئێران لەدوای ڕووخانی شا، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەسایەی ڕژێمی نوێ دا، هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵانی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دا کاتێك لێکدانەوە سیاسییەکانی قاسملوو بەوە گەیشتن کە لەئایندەی سیاسیی ئێران دوای ڕووخانی شا، خومەینی ڕابەرایەتیی شۆڕشی گەلانی ئێران دەکات، لەسەرەتاوە لەبیری ئەوەدا بوو هەڵوێستێکی سیاسییانەی باش بەرامبەر بە خومەینی نیشان بدات و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی دا چاوی بە خومەینی بکەوێت کەهێشتا لەشاری نەجەف لەعێراق دەژیا. لەساڵی (1973– 1974)دا نوێنەری ناردە لای و داوای دیداری لەگەڵ کرد، بەڵام خومەینی ڕەزامەندیی پیشان نەدا،[304] پاشان کە خومەینی لەفەرەنسا نیشتەجێ بوو، لە ساڵی 1978 قاسملوو سەردانی کرد بەمەبەستی گفتوگۆ کردن لەگەڵی و ڕوون کردنەوەی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە داهاتووی ئێران، بەڵام دووبارە خومەینی داواکەی بۆ دانیشتنی دوو بەدوو پەسند نەکرد

---

[304] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل131؛ بۆ زیاتر بڕوانە: د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل443– 444.

هەرچەند لە میوانخانەکەیدا چاوی پێی کەوت،[305] بەڵام دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵەکانی 1978- 1979دا دەرفەتێکی باش بۆ گەلی کورد ڕەخسا تا بەشێوەیەکی ڕێکخراو سەرلەنوێ لەڕێگەی ڕزگاریی کوردستاندا خەبات درێژە پێ بدات.[306]

پاش ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران بەڕابەری خومەینی یەکلایی کرایەوەو لە 1979/2/1 دا خومەینی لەتاران نیشتەجێ بوو، قاسملوو وەك ڕێبەری حدکا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ڕژێمی نوێ دەربڕی‌و ڕۆژی 9ی شوباتی 1979 پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کرد، بەڵام ئەم هەوڵەش بێ ئەنجام مایەوە.[307] ڕۆژی 1979/2/10 حکوومەتی کاتیی بەسەرۆکایەتیی (مەهدی بازرگان)[308] دامەزراند بۆ

---

[305] عبداللە کیخسروی: مصیبت کرد بودن، چ1، چاپ جعفری، 1381ه، (2002ز)، ل51.

[306] سعید یزدان پناه: یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان باشتر بناسین، ب. س، ب. ش، ل20.

[307] د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل373- 374.

[308] مەهدی بازرگان: ناوی تەواوی (مەهدی حاجی عەباسقلی بازرگان)ە، ساڵی 1907 لەبنەماڵەیەکی مەزهەبی ئاینی لە تاران لەدایك بووە، پلەکانی خوێندنی تەواو کردووەو بڕوانامەی ئەندازیاری بەدەستهێناوە، لەکاری سیاسیی بەشدار بووەو ئەندامی حیزبی (بەرەی میللی) بووە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو بەسەرۆك وەزیرانی ئێران‌و کابینەی حکومەتی لە 1979/2/10 پێکهێنا. (اسناد لانە جاسوسی، شمارە (18)، ب. س، دانشجویان مسلمان پیرو خط امام، ل9-21).

یەکلایی کردنەوەی کێشەکان.[309] قاسملوو لە هەوڵە دیبلۆماسییەکانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەردەوام بوو، بەتایبەتی کاتێك ڕۆژی 1979/3/31 چاوی بەبازرگان دەکەوێت و پشتیوانیی حدکا لەدەوڵەتی کاتی ڕادەگەیەنێت، پاشان داوای کرد ڕێگە بدرێ نوێنەرانی دیموکرات لەڕێگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ گەلانی ئێران شی بکەنەوە، هەروەها داوای کرد بۆ ئەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەیاسای بنەڕەتیدا بگونجێندرێت، ڕێگە بدرێت نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەدانانی ئەو یاسایەدا بەشداربن.[310]

لەم هەل و مەرجەدا قاسملوو وەك ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەم گۆڕانە سەرەتاییانە دڵخۆش بوو، چونکە وێڕای ئەوەی زۆربەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مسوڵمانی سوننی مەزهەبن، لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی خۆیان بەڕووخانی ڕژێمی شاو پێشوازی یان لەهاتنەوەی ڕێبەری شیعە ئیمام خومەینی کرد، چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرد بەلای کەمەوە خودموختاری ڕۆشنبیری یان بداتێ، بەتایبەتی کاتێك کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆچوونی باشیان نواند بەرامبەر بەشۆڕشی گەلانی ئێران.[311]

---

[309] ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل341.

[310] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل144.

[311] د.گوینتەر دێشنەر: س. پ، ل11؛ د.نیفین عبد المنعیم مسعد: س. پ، ل26؛ مارتین وان برونسن: جامعەی کردستان، قومیت، ناسیونالیسم و مسائل

قاسملوو لەم بارودۆخەدا بۆ چوونی دیاری هەبوو، وەك چۆن بۆ لاوازکردن و ڕووخاندنی ڕژێمی شای ئێران لەساڵانی ڕابردوو نواندبووی، بەهەمان شێوەش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەچوارچێوەی دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران دا، لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری خومەینیدا، هەڵوێستی خۆی بۆ پشتیوانی کردن و سەرخستنی شۆڕش دووپات کردەوە، هەروەها جەختی لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کرد لەسایەی ڕژێمی نوێ داو رای گەیاند کە تێ دەکۆشێ بۆ بەدەستهێنانی خود موختاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شایانی باسە پەیوەندیی نێوان قاسملوو و کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە باش نەبوو، چونکە سیاسەتیی بنەڕەتی قاسملوو وەك ڕێبەری حدکا دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو، بەڵام لەبەرامبەردا ویستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی خۆی بەشێوەیەکی پاوان خوازانە بەسەر

---

پنا هندگان، ت/ علی گەلاوێژ، نویسا (گۆڤار)، گاهنامەی، سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شماره اول/ بهار 1383ه (بەهاری 2004ز)، ل64.

[312] وتاری قاسملوو لە گۆڕەپانی مهاباد، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (384)، مارسی 2004، ل5؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (کاوە بەهرامی: تاڤگەی هەقیقەت (بەشێك لەبەرهەمەکانی دوکتور قسملوو)، ب2، سلێمانی، ڕەشەمەی 1384ی ه (شوباتی 2006ز)، ل291- 298).



www.pertwk.com

کوردستان دابوو.[313] دوای ئەمانە هەڵوێستی سیاسیی قاسملوو بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی زیاتر بەشێوەیەکی ڕکەبەرانە دەرکەوت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەوە گەیشت ڕژێمی نوێ لەسەرەتاوە دەیەوێت ویستو ئارەزووەکانی خۆی بەسەر خەڵکی کوردستان دا بسەپێنێت، بەهێنانەکایەی ڕژێمێکی ئیسلامی مەزهەبی دوور لە دروشمی دیموکراسیو ڕێگەدان بە ئازادییە سیاسییەکانو دانی مافی کورد.[314]

بۆیە کاتێك ڕژێمی نوێ ڕۆژی 1979/3/30 ڕیفراندۆمی لەسەرتاسەری ئێران بۆ هەڵبژاردنی جۆری ڕژێمی نوێ لەنێوان ڕژێمی پاشایەتی یان ڕژێمی ئیسلامی ئەنجامدا، قاسملوو بەناوی حدکاوە ڕای گەیاند بەهیچ شێوەیەك بەشداری لەڕیفراندۆمدا ناکاتو دەنگ بەڕژێمێك نادات، ئەگەر بنەماکانی دیموکراسی لەخۆ نەگرێت، لەبەرئەوە لەسەرتاسەری کوردستاندا خەڵکێکی کەم نەبێ کەس

---

[313] مازیار بهروز: س. پ، ل222.

[314] چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەسەن شەرەفی)، کۆیە، 2006/2/11. > حەسەن حمدامین ساڵی 1943 لە شاری مهاباد لە دایك بووە. ساڵی 1973 لە زانکۆی تاران بکالۆریۆسی لە مێژوو وەرگرتووە. خەباتی سیاسی لەڕیزەکانی حدکا دەست پێکردوەو ساڵی 1981 بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. چەندین لێپرسراویەتی جۆراوجۆری وەرگرتوەو ئێستە جێگری سکرتێری حدکایە<.

دەنگی بەهاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەدا،[315] بەڵام کۆماری ئیسلامی بەڕێژەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کەئەمەش یەکەم دۆڕاندنی شەڕی سیاسییانەی کورد بوو لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا.[316]

ئەم هەڵوێستەی قاسملوو گەر وەك فشارێك بووبێت بۆئەوەی ڕژێم داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکات، بەپێچەوانەوە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی بەرامبەر بە قاسملوو و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد توندتر بوو، چونکە لێرەوە ڕژێم کەوتە بانگەشەی ئەوەی قاسملوو مەبەستی سەربەخۆیی کوردستانەو ئەم کارانەش بەفیتی دوژمنانی شۆڕش و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام دەدات.[317]

قاسملوو لەهەڵوێستە سیاسییەکانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بەم جۆرە بەردەوام بوو، هەرکاتێك ڕژێم کارێکی پێچەوانەی دوور لەسیاسەتەکانی قاسملوو ئەنجام دابایە، ڕەخنەی توندی لێدەگرت و

---

[315] ح. حاتمی: ویلایەت یا جمهوری لەئێراندا، تیشك (گۆڤار)، ژمارە (1)، جۆزەردانی 1377هـ، (حوزەیرانی 1998ز)، ل55؛ بۆ زیاتر بڕوانە: عبداللە حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل145- 147.

[316] نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و. عەتا قەرەداخی، ، سلێمانی، 2004، ل72.

[317] دکتر محمد مکری: نەشرقی، نەغربی، جمهوری أسلامی، (اسنادو منابع خبری انقلاب اسلامی ایران دربارە روابط ایران و شوروی)، (1)، مجموعة سنخرانیهاو مصاحبە هاو اخبار منتشرشدە درجراید، مؤسسە انتشارات امیر کبیر، چ1، چاپخانە سپهر، تهران، 1363هـ، (1984ز)، ل606، 609.



www.pertwk.com

هەڵوێستی خۆی لەبارەوە دەخستەڕوو. بۆیە کاتێك قاسملوو بۆخۆی دروشمی خەباتی دژی ئمپریالیستی ئەمەریکای بەرزکردبۆوە، بەڵام کاتێك ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆ چەواشە کردنی خەڵك باڵیۆزەکانی ئەمەریکای لەباڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەتاران بەبارمتە گل دایەوە، قاسملوو بەتوندی بەرامبەر ئەو کارە وەستایەوەو بەکارێکی چەوت و ناڕێکی داناو ئیدانەی کرد،[318] چونکە باوەڕی بەم جۆرە سیاسەتانە نەبوو کە ڕژێمی ئێران پیادەی دەکرد.

ئەم هەڵوێستە سیاسیانەی قاسملوو بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕژێمە لەو قۆناغەدا ڕەنگدانەوەی زیاتری لەسەر ژیانی سیاسیی قاسملوو دانا، بەتایبەتی کاتێك هەڵبژاردن لە1979/8/3 دا لەسەرتاسەری ئێران و کوردستان بۆ ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبر گان) دەستی پێ کرد، وێڕای دژایەتی کردنی زۆری قاسملوو لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و خودی خومەینی یەوە، بەڵام بەبەدەستهێنانی زۆربەی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان، وەك ئەندامی ئەو ئەنجومەنە هەڵ بژێردرا.[319]

هەڵبژاردنی قاسملوو زیاتر ڕۆڵی سیاسیی ئەوی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا دەرخست، بەڵام لەهەوڵە سیاسییەکانی

---

[318] بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا بە بۆنەی 40 ساڵەی دامەزراندنی حزب، س. پ، ل23- 24؛ بۆ زیاتر بڕوانە: عبداللە حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل169- 170.

[319] حمید شوکت: نگاهی أز درون بە جنبش چپ ایران، گفتوگو با مهدی خانبابا تهرانی، ل564- 565.

بەرامبەر کۆماری ئیسلامی بەئاکام نەگەیشت، چونکە کۆماری ئیسلامی و خودی خومەینی کەوتنە دژایەتی کردنی بزووتنەوەی کورد بەگشتیی و قاسملوو بەتایبەتی، و کۆسپ دانان لەبەردەمی بۆ بەشداری نەکردنی لەئەنجومەنی (خبر گان)دا، بۆیەش قاسملوو بەهۆی گرژییە سیاسییەکانی لەگەڵ ڕژێم نەی توانی بەشداری ئەم ئەنجومەنە بێ، مەرامە خراپەکانی خومەینی بەرامبەر قاسملوو زیاتر دەرکەوت، بەتایبەتی کاتێك لەکردنەوەی یەکەم دانیشتنی ئەم ئەنجومەنە لە 1979/8/19 دا بە ئامادەبوانی ڕاگەیاندو گوتی: "أیکاش امده بود، من خیال داشتم أگر بیاد همینجا نگرش دارم"[320] واتە (بریا هاتبا، ئەمن نیازم هەبوو ئەگەر بێ هەر لێرە ڕای گرم)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خومەینی دژایەتیەکی زۆری بۆ قاسملوو هەبوو، وەك گادانی دەڵێت: "خومەینی لەو کاتەدا بەم هەڵوێستەی بڕیاری تیرۆرکردنی قاسملووی دابوو"[321].

کۆماری ئیسلامیی ئێران و خومەینی بەرامبەر بەقاسملوو و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەر بەوەندەوە نەوەستان، بەڵکوو زیاتر هەڵوێستی شەڕخوازانەیان بەرامبەر بە گەلی کورد وەرگرت و بۆ ئەم مەبەستەش خومەینی لە 19ی ئابی 1979 دا فەرمانی جیهادی دا بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان و پاشان بەشێکی زۆری شارەکانی

---

[320] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل159.

[321] بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل38.

کوردستانیان دەست بەسەردا گرت،[322] بۆیەش قاسملوو لەشارەکانی کوردســـتان دوورکەوتـــەوەو لـــەدەرەوەی شـــارەکان و لەشـــاخەکانی کوردســـتان خـــەباتی چـــەکداری و سیاســـیی درێـــژە پـــێ دا.[323] لەچاوپێکەوتنێکیشی لەگەڵ ڕۆژنامەی (لیبراسیۆن) گوتی: "ئێمە خۆ ئامادە دەکەین بۆ شەڕێکی درێژ خایەن، شەڕی پارتیزانی لەهەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران پەرە پێ دەدەین تا سەرکەوتن، تا کوردســـتان خودموختـــاری وەردەگرێـــت لەســـایەی حـــوکمێکی دیموکراسیی لەئێراندا".[324]

بەم جۆرە شەڕ لەسەرەتای مانگی ئەیلولی 1979 دا دەستی پێ کردو ماوەی سێ مانگی خایاند، کە ئەم شەڕەش بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە،[325] بەڵام لەکۆتاییەکانی شەڕی سێ مانگەدا بەهۆی

---

[322] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل160؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل125- 126.

[323] علیرضا نوری زادە: ڕاستە خۆ بۆ سەرو هەر بۆ سەر چوو...، تیشك (گۆڤار)، ژمارە (4)، پووشپەڕی 1378ھ، (تەمموزی 1999ن)، ل46؛ جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل217.

[324] وەرگیراوە لە:(جلیلی جەلیل وأخرون: س.پ،ل277)؛ بۆ زیاتر بڕوانە:(کاوە بەهرامی:س.پ،ب2،ل90- 95).

[325] أیت محمدی (کلهر): س. پ، ل151؛ بۆ زیاتر بڕوانە: جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل215- 240.

بەرگریو بەربەرەکانی کردنی قاسملوو و پێشمەرگەکانی حدکا،[326] خومەینی بەناچاری لەڕۆژی 1979/11/17 دا پەیامێکی بڵاوکردەوە بۆ وەستانی شەڕو ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ گفتوگۆو جێ بەجێ کردنی مافەکانی کورد.[327]

---

[326] فروفیشاڵی رژێمو وەزعی کوردستان، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (96)، جۆزەردانی 1363ھ/ ژووئەنی 1984ز، ل8-9.

[327] بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا بە بۆنەی 40 ساڵەی دامەزرانی حزب، س. پ، ل23- 24؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل411- 415).



www.pertwk.com

دووەم: هەوڵەسیاسییەکانی قاسملوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ ڕژێمی خومەینی:

دوای ئەوەی خومەینی پەیامی ڕاگرتنی شەڕی دەرکردو ئامادەیی بۆ گفتوگۆو چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕاگەیاند، هەوڵە سیاسییەکانی قاسملوو زیاتر دەرکەوت، چونکە چەند ڕۆژێك دوای ئەم پەیامەی خومەینی، قاسملوو لە ڕێگەی ئاشی پشکاوێ (کەوتۆتە خوارووی شاری مهاباد)، چووە شاری مهابادو لە خۆپیشاندانێکی بەربلاوی جەماوەریدا پشتیوانیی لەپەیامەکەی خومەینی دەربڕی و لەقسەکانیدا گوتی: "ئێمە لبیك بەپەیامەکەی ئیمام دەڵێین" پاشان خۆی بۆ گفتوگۆ ئامادەکرد.[328] بەهاوبەشی لەگەڵ کەسایەتی و پارت و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك (شێخ عیزەددین حوسێنی کەسایەتییەکی میللی- ئاینی)و (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان)و (ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران لە کوردستان)، دەستەیەکیان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی پێك هێنا بەناوی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد.[329]

[328] عبداللە حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل160، 175؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل133.

[329] کۆمسیۆنی چاپەمەنیی حدکا (ئامادەکردنی): وتووێژ لەگەڵ عبداللە حسن زادە، سکرتێری گشتیی حدکا بەمەبەستی ڕوون کردنەوەی ڕاستییەکان، ب. ش، سەرماوەزی، 1382ھ، (کانوونی یەکەمی 2003ز)، ل18- 19.



www.pertwk.com

قاسملوو لەدەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا، وەك نوێنەری حدکا بەشداریی کرد کەلەشاری مهاباد لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی (داریووشی فرووهەر) –وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی– دەستیان بە گفتوگۆ کرد، جگە لەوەی قاسملوو لەو دەستەیەدا وتەبێژی کۆبوونەوەکان بوو، لەئامادەکردنی گەلاڵەنامەی داخوازییەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی چەند ماددەیەکی یاسایی دا بەشدار بوو، کەسەرەنجامەکەی هەشت ماددەی لێکەوتەوەو پێشکەش بەنوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کران، کە بریتی بوون لە بەندەکانی (خودموختاری، ئابووری، هێزی پێشمەرگە، ڕۆشنبیری، کلتوری، پیشەسازی، کشتوکاڵو دەرکردنی سەرکردایەتی قیادەی موەقەتە لەئێران).[330] هەوڵەکانی قاسملوو لەنێو دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دا بەرامبەر بە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، وێڕای چەند دانیشتنی هاوبەش، هیچ دەرئەنجامێکی لیٚ نەکەوتەوە، چونکە نوێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ دەسەلاتێکیان نەبوو، بۆیە هیچ یەکێ لەم بەندانە جیٚ بەجیٚ نەکران.[331]

لێرەدا پێویستە بزانین هۆی سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی نوێنەرایەتیی گەلی کورد وێڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەدڵنیاییەوە مەبەستی ڕێککەوتن نەبوو، ڕێکخراوو کەسایەتییەکانیش لەکەمو کوڕی بەدەر نەبوون، چونکە ناکۆکیو

---

[330] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی)، دوکان، 31/ ئاب/ 2005.

[331] دیڤید ماکداولڵ: س. پ، ب2، ل545- 547.

ململانێکانی نێوخۆییان ڕەنگدانەوەی بۆ سەر بارودۆخەکە هەبوو، بەمەش نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەبەر بڵاوی و لاوازیی گفتوگۆکەرانی کورد گەیشتبوون. لەم بارەیەوە بلووریان دەڵێ: "ساڵی 1979 نوێنەرانی حکومەتی تاران هاتبوون بۆ مهاباد، لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد بەنێوی خەڵکی ڕۆشنبیرو ڕووناکبیرو کەسایەتیی ڕوحی نەك گرووپەکانی سیاسیی کۆبوونەوەو لەوێدا د.قاسملوو وەك سکرتێری حدکا، بەڵام ئەوکات بی لایەن بەشداری لەم کۆبوونەوەیەدا کردو پاشان نەخشی بەرچاوی بینی،...، بەڵام نوێنەرانی حکومەت بەهۆی ناتەبایی و دووبەرەکیی نوێنەرانی گەلی کورد تێ گەیشتن و زۆریان گرنگیان پێ یان نەداو تەنیا گوێیان لێ گرتن".[332] ئەوەش پیشەی داگیرکەرانە، کەتێك دەشکێن داوای گفتوگۆ دەکەن و پاشان پاشگەز دەبنەوە.

بۆیە دەکرێ بوترێ قاسملوو وێڕای دژایەتی کردنی لەلایەن هەندێك لەڕێکخراوەکانی بەشدار لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا، ڕۆڵی سیاسیی خۆی باش نواندو هەوڵیدا لەو ڕێگەیەوە چارەیەك بۆ کێشەی کورد لەسایەی ڕژێمی خومەینی دا بەدەست بهێنێت. لەم بارەیەوە گادانی نووسیویێتی: "لەکاتی دانووستاندنەکانی لەگەڵ حکوومەتی ئێران، د.قاسملوو لەڕیزی پێشەوەی ئەندامانی هەیئەتەکان و کەسایەتییەکاندا بوو، لە هەیئەتی هاوبەشی کورد لەساڵی 1979 دا وەك ئەندامی بەرچاوی ئەو هەیئەتەو نوێنەری حدکاو قسەکەرو توێژکەری هەیئەت دانرابوو،

[332] س. پ، ل292- 294.

کەسەرەنجام داخوازییەکانی کورد لەچەند خاڵێکدا ئامادە کرا، هەرچەندە بێ ئاکام مایەوە، بەڵام پێشکەش بە حکوومەتی ئێران کرا بۆ بەدەستهێنانی خود موختاری بۆ کوردستان.[333]

بەم جۆرە دوای ئەوەی قاسملوو مافەکانی کوردی لەچوارچێوەی هەشت مادەدا بەهاوبەشی، پێشکەش بەرژێمی کۆماری ئیسلامی کرد، هەوڵی دا ئەم داواکاریانە جێ بەجێ بکرێت، چونکە لەم ماوەیەدا حدکا لەژێر ڕێبەرایەتیی قاسملوو دا هەرچی لەتوانای دا هەبوو بەکاری برد بۆ ئەوەی گەلی کورد لەسایەی ڕژێمی تازەدا بەلانی کەمی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی بگاو ناچار نەبێت بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی پەنا بۆ خەباتێکی توندوتیژو سەختو دژوار بەرێت.[334] بۆ ئەم مەبەستەش وەفدێکی حدکا ساڵی 1979 بەسەرۆکایەتیی قاسملوو چوونە لای خومەینی لەشاری قوم، بۆئەوەی مافی خودموختاری بۆ کورد پێ بسەلمێنن، بەڵام بێ سوود بوو،[335] چونکە خومەینی بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوو مافی کورد بسەلمێنێت، بەڵام قاسملوو لەهەوڵەکانی بەردەوام بوو، ڕۆژی 16ی تشرینی یەکەمی 1979، بەیاننامەیەکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد لەسەر هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی خود موختاری بۆ کوردستانی ئێران، و لەنێوەڕاستی کانوونی یەکەمی 1979 دا نوێنەرانی حکوومەت سەردانی مهابادیان کرد بۆ وتووێژ لەگەڵ

---

[333] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل220- 221.

[334] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل133.

[335] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل204- 205.



www.pertwk.com

قاسملوو، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیەش هەڵ وەشایەوەو سەری نەگرت، [336] چونکە نوێنەرانی ئێران هیچ جۆرە دەسەلاتێکیان لەئاست چارەسەری کێشەی کورد نەبوو، بەلام قاسملوو لەڕاگەیاندنی بەیاننامەی لەم جۆرە مەبەستی ئەوە بوو، کە دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی لەڕێگای وتووێژی ئاشتیخوازانەو نەسەلماندنی مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، لانی کەم بە خەڵکی کوردستان پیشان بدات، ئەوەی توانیویەتی بۆ گەیشتن بەئاشتیو تەبایی کردوویەتی. [337]

قاسملوو لەسەر هەوڵەکانی بەردەوام بوو، لەساڵەکانی 1979-1980 وێڕای ئەنجامدانی چەندین دیدارو گفتوگۆو ئامادەکردنو پێشکەش کردنی بەرنامە بۆ خود موختاریو خۆ بەڕێوەبردن هەموو هەوڵەکانی بێ ئاکام بوون. [338] جگە لەمانە قاسملوو لەو ماوەیەدا زیاتر هەوڵی دا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ڕێك بخاتو لەبەرامبەر ڕژێمی نوێ دا بەهێزی بکات، بۆیە لەم بارودۆخەدا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی دا، [339] بەمەش لەشوباتی 1980دا کۆنگرەی

---

[336] د.عبدالرحمن قاسملوو، عبدالله حسن زادە: کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چ1، کۆمسیۆنی چاپەمەنیی حدکا، 1381ه-2002ز، ل338.

[337] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل197.

[338] عبدالله کیخسروی: س. پ، ل52.

[339] بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا بە بۆنەی 40 ساڵەی دامەزراندنی حزب، س. پ، ل24.



www.pertwk.com

چوارەمی حدکا لەشاری مهاباد بەسترا، جگەلەوەی ڕێبازی سیاسیی نوێی حدکا پەسند کرا، قاسملوو بەسکرتێری گشتیی حدکا هەڵبژێردرایەوە.[340] گرنگیی ئەم کۆنگرەیە لەوەدا بوو، کە بۆیەکەمجار بوو لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بەئاشکرا لە کوردستان حدکا کۆنگرەی خۆی ببەستێت بۆ پتەوکردن و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا.[341] لەهەمان کاتدا دوای بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حدکا لەساڵی 1980دا، دەستەیەکی ناردە تاران بۆ دیدار لەگەڵ بەنی سەدر (سەرۆك کۆماری ئێران 1980- 1981)، ئەوە بوو لە 3ی شوباتی 1980 دا کۆبوونەوەکانیان دەست پێکرد، لەسەر داوای بەنی سەدر نوێنەرانی کورد شەش مادەو هەشت ڕوونکردنەوە کە بە شەش ئەصڵی خود موختاری ناسرا ئاراستەی شوورای ئینقیلاب کرد، بەڵام ڕاستەوخۆ لەلایەن شوورای ئینقلابەوە ڕەت کرایەوە، بۆیە ئەمە دوایین هەوڵە سیاسییەکان و دیدارەکانی کورد بوو لەگەڵ ڕژێم، بەڵام قاسملوو وەك ڕێبەری حدکا بەردەوام بوو لەسەر بنەماکانی

---

[340] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل228، 231؛ بۆ زیاتر بڕوانە: عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل206-211.

[341] ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا بۆ کۆنگرەی چوارەمی حیزب، ڕەشەمەی 1358- فێوریەی 1980؛ بۆ زیاتر بڕوانە:(بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆی حدکا، پەسندکراوی کۆنگرەی چوارەم، ڕەشەمەی 1358هـ- فێوریەی 1980ز،ل9-16).

ئاشتی خوازیی خۆی.[342] بۆیە لەئازاری 1980 دا نامەیەکی کراوەی ئاراستەی سەرۆکی ئێران بەنی سەدر کرد بۆ سەرلەنوێ دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگەی ئاشتیخوازانە.[343] بەمەش بەنی سەدر ڕازی بوو بۆ سەرلەنوی ئەنجامدانی گفتوگۆو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەئێران، بەلاّم بەهۆی ئەوەی مەرجی چەك دانانی لەپێش ئەنجامدانی گفتوگۆ دانابوو، گفتوگۆ بەئەنجام نەگەیشت.[344] نەك هەر ئەمە، بەڵکوو بەنی سەدر لەوەلاّمی نامەکەی قاسملوو دا ڕای گەیاند: "ئەگەر خودموختارییان دەوێ لەچوارچێوەی ئێران دا، ئەو حکومەتەی کەپێویستە لەچوارچێوەی ئایدۆلۆژییەتی کۆماری ئیسلامی دا بێت، پێویستە لەسەریان موسوڵمان بن، چۆن دەتوانن خودموختارییان بدەینێ لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بۆ هەریەکێك کە پابەند نەبێ و ملکەچ نەبێ بۆ شەریعەتی ئیسلام"،[345] کە مەبەستی بەنی سەدر لێرەدا دژایەتی کردنی بەرنامەی سیاسیی قاسملوو بوو، کە بۆ حدکا دای ڕشتبوو، چونکە قاسملوو لەو قۆناغەدا حدکای وەك حیزبێکی چەپ لەبەرنامەو ستراتیژی دا خستەڕوو، بەشێوەیەك کە

---

[342] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل232.

[343] جلیلی جلیل واخرون: س. پ، ل278.

[344] د.نیفین عبدالمنعم مسعد: س. پ، ل26؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (نادر ئینتیسار: س. پ، ل88- 90).

[345] جلیلی جلیل واخرون: س. پ، ل278.



www.pertwk.com

جەختی لەسەر چەپی دیموکرات دەکردەوە،[346] بەڵام لێرەدا پێویستە بڵێین ڕاستە بەرنامەی سیاسیی قاسملوو بۆ حیزبەکەی بەم شێوەیە بوو، بەڵام ئەمە جگە لەبیانوویەك بەدەست کۆماری ئیسلامی بۆ نەدانی مافی کورد شتێکی دیکە نەبوو، چونکە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بەناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران مەسەلەی پێدانی مافی کوردی لەچوارچێوەی خودموختاری بۆ کوردستان دا بەترسناك دەزانی، کۆماری ئیسلامی و خومەینی بەناوی ئەوەی لەئیسلامدا هەمووومان یەك ماف و یەك خاك و وڵاتمان هەیە، دەیانگوت پێویست بەو جیاوازییە ناکات بۆ کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.[347] لەم بارەشەوە قاسملوو لەچاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە و دەڵێ: "حدکا زۆر هەوڵی دا لەڕێگەی ئاشتی خوازانەوە بەئامانجەکانی خۆی بگات، بەڵام ئایەتوڵڵا خومەینی وشەی خودموختاریی پەسەند نەکرد، چونکە بەبڕوای ئەو ئەم وشەیە لەگەڵ نێوەڕۆکی ئیسلام یەك ناگرێتەوە".[348] بۆیە

---

[346] تیشك (گۆڤار): چەپ و هەڵوێستی ئێمە، ژمارە (1)، جۆزەردانی 1377هـ، (1998ز)، ل21-22.

[347] نادر ئینتیسار: س. پ، ل70؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (ئۆریانا ڤالاچی: گفتوگۆ، (ئیمام خومەینی، مەهدی بازرگان، سەرهەنگ قەزافی، شارۆن، لێخفا لێسا، راکۆفسکی، محەمەد ڕەزا پەهلەوی (شا))، و. محەمەد جەواد مستەفا، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2000، ل10- 21).

[348] وتووێژی سکرتێر گشتی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل32.

پێویستە ئەوە بزانین ئەم بیانووەی ڕژێمی ئێران بەناوی ئیسلام شتێك نەبووە بۆ ڕێزگرتن لەبنەماكانی ئایینی ئیسلام، بەڵكوو دروست كردنی بەربەستێكی ساز كراوی دەستی خۆیان بوو بۆ ئەوەی مافی كورد لەچوارچێوەی ئێران دا نەسەلمێنن، چونكە قاسملوو بەرامبەر بەو بیانووانەی خومەینی و كۆماری ئیسلامی هەنگاوی پێویستی هەڵهێنا، بەتایبەتی كاتێك لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەكانی كورد دا بەرژەوەندی تەسكی حیزبی و بۆچوونە سیاسییە تایبەتییەكانی خۆشی وەلا ناو جەختی لەسەر ئەوە كردەوە، ئەگەر مافی كورد دوور لەدەسەڵاتی ئێمەو حدكا بە كورد بدرێ ئەوا ئێمە پەسندی دەكەین. نەك هەر ئەمەش، بەڵكوو كاتێك خود موختاری بۆ كوردستان لەچوارچێوەی ڕژێمی كۆماری ئیسلامی دا خودموختارییەكی ئیسلامیش بێت ئێمە هەر پەسندی دەكەین و پێی ڕازین،[349] بەلام ئەم بۆچوونەشی لەلایەن ڕژێمی ئێران ڕەت كرایەوە، كەئەمەش نیشانەی نەسەلماندنی مافەكانی كورد بوو لەلایەن خومەینییەوە، بەلام ئەم هەوڵانەی قاسملوو لەم بارودۆخە ناهەموارو دژوارەداو لەگێژاوی فیكری و سیاسیدا ڕۆڵی سیاسیی

---

[349] چاوپێكەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، كۆیە، 2006/1/25. (مستەفا محمدامین ساڵی 1945 لە شاری نەغەدە لە دایك بووە. لە زانكۆی تاران بكالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی وەرگرتووە. ساڵی 1978 بۆتە ئەندامی حدكا و چەندین لێپرسراویەتی جۆراوجۆری بینیوەو ئێستە سكرتێری گشتی حدكایە).بڕوانە: (كورتەی ژیانی ڕێبەرانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران 1324-1384هـ/ 1945-2005ز، ل50).

دیاری لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا نواند، چونکە توانی حدکا لەگێژاوە سیاسییەکانی ئەو سەردەم ڕزگار بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی ماوەیەکی کەم لەئازادیی سیاسیی دوای هاتنە سەرکاری ڕژێمی نوێ فەراهەم بوو، ژیانی پارتایەتی سەری هەڵداو چەندین پارت و ڕێکخراوی جۆراوجۆر هاتنە مەیدان و بەهۆی جیاوازیی بەرنامەو بیروباوەڕە سیاسییەکانیان کەوتبوونە ململانێ لەگەڵ یەکتری و دەربڕینی دروشمی سیاسیی جۆراو جۆر بۆ خەبات لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان ڕێبازی سیاسیی دیاریکراویان دەگرتەبەر، کەهەندێك داوایان دەکرد بێ هیچ مەرجێك گوێ ڕایەڵیی سۆڤیەت بکرێ و هەندێکی تریش سۆڤیەتیان بە سۆسیال ئیمپریالیست دەزانی و بەشێکی تریشیان داوایان دەکرد ڕژێمی کۆماری ئیسلامی برووخێنرێت، بەپێچەوانەشەوە هەندێکی دیکە داوایان دەکرد پشتگیریی لێ بکرێت، چونکە دژی ئیمپریالیستە، بەڵام لەنێو هەموو ئەم بۆچوونە جیاوازانەدا قاسملوو بەپێچەوانەی هەموویان هەوڵی دا حدکا نە گوێ لەمستی وڵاتانی سۆسیالیستی بێت و نە دوژمنایەتییشیان بکات، نەخۆی بداتە دەست سیاسەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و نە ڕێگە چارەی گفتوگۆی ئاشتییانەش ڕەت بکاتەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا توانی ڕێبازێکی جیاوازو سەربەخۆ هەڵ بژێرێت، ڕێبازێك لەهەموویان زیاتر وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی گەلی کوردو بزاڤە ڕزگاریخوازانەکەی بێت.[350] بەمەش حدکا لەساڵانی 1979– 1980 دا ڕۆڵی گرنگی

---

[350] نەخشی د.قاسملوو لە حدکادا، س. پ، ل14.



www.pertwk.com

بینــی لــەبواری حیزبــی و کۆمەڵایــەتی و ســەربازی بــۆ ناوچــەکانی کوردســتان، کــە گڕوتینێکــی نــوێ درا بــە بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازیی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.[351]

قــاسملوو لــەم قۆناغــەدا هەوڵیــداوە بــۆ ئەنجامــدانی چــالاکیی جۆراوجــۆری حیزبــی، وەك تێکۆشــانی سیاســی، ڕاگەیانــدن، کۆمەڵایەتی و...هتد، کەلەبواری حیزبییەوە حدکای زیاتر بەرەو پێش بــرد.[352] هەرلەوکاتــەدا بــۆ بەدەســتهێنانی داواکارییــەکانی کــورد لەسایەی ڕژێمی نوێ دا درێخی نەکردو بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکــردەوە کــە پێویســتە ڕژێمــی خومــەینی مــافی کــورد بــدات لەچوارچــێوەی ئێــران دا بەپێــدانی خودموختــاری و نەهێنانــەوەی هێزەکانی بۆ نێو کوردستان و پارێزگاری کردنی کوردستان لەلایەن هێــزی پێشــمەرگەوە.[353] بەمــەش لەســەرەتاوە تــوانی لــە کوردســتان دەســـەڵاتی خـــۆی بســـەپێنێ و بـــەڕێوەی ببـــات و لەســـەرەتای دەستپێکردنی شەڕی عێراق– ئێراندا، قاسملوو زیاتر هەوڵی دا بۆ بەدەســتهێنانی مافــەکانی کــورد، کەهەڵوێســتی حزبەکــەی لــە

---

[351] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل212– 213.

[352] لاوان (گۆڤار): بەرەو چل و چوارەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی حدکا حیزبی قــازی محمــدی نــەمر، حیزبــی قــاسملووی هەمیشــە زینــدوو، لاوان (گۆڤــار)، ئۆرگــانی یــەکێتیی لاوانــی دیمــوکرات، ژمــارە (33)، گەلاوێــژی 1368هـ، (ئــابی 1989ن)، ل41.

[353] محمــود النجــار: الثــورة الايرانيــة واحتمــالات الخطــر في الخلــيج، معايشــه ورؤية و تحليل، دار السمير للنشر والتوزيع، بيروت– لبنان، 1980، ل100.



www.pertwk.com

1980/10/1 ئاشـــکرا کـــردو داوای کـــرد، کـــە تـــاران دان بـــە پرەنسـیپەکانی خودموختـاری بـۆ کوردسـتان دا بنـێ و هێزەکانیشـی لەو هەرێمە بکشێنێتەوە،[354] بەڵام ئەم هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد بـێ ئاکـام مایـەوە، چـونکە کۆمـاری ئیسلامیی ئێران مەبەستی لەدرێژەپێدانی گفتوگۆ تەنیا بەسەربردنی کات بوو، بۆیە شەش مانگ وتوویێژ هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە، چونکە ڕژێمی نوێ ئامادە نەبوو داواکارییە بنەڕەتییەکانی کورد وەك خود موختاریی و دیموکراسی پەسند بکات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەنێوەڕاستی ساڵی 1980 دا شەڕ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسـت پـێ بکاتـەوەو تەشـەنە بسـێنێت و سەرانسـەری کوردسـتانی گرتەوە، کەبەدرێژایی ئەم قۆناغەی خەباتی سیاسیی قاسملوو شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوو.[355]

لـەم بارەشـەوە ڕۆژنامـەی (پۆنـدیکی) یۆنـانی سـەبارەت بـەڕۆڵی سیاسیی قاسملوو لەو قۆناغەدا نووسیویێتی: "قاسملوو زۆر هەوڵی دا بۆ بەدەستهێنانی خود موختاری بۆ کوردستان و سەپاندنی ئەو دروشمـەی بەسـەر ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران دا، بـەڵام هەوڵـەکانی بـەئاکام نەگەیشتن، چـونکە ئـەو ڕژێمـە زۆر زوو هێرشـی سـەربازی بـۆ سـەر کوردسـتان دەسـت پـێ کـردو هـەروەها حیزبـی

[354] د.نیفین عبدالمنعم مسعد: س. پ، ل213.

[355] پـەیامی سـکرتێری گشـتیی حیـزب بەبۆنـەی 25ی گەلاوێـژ، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (98)، گەلاوێژی 1363هـ- ئووتی، 1984ز، ل4.

قاسملووی بە نایاسایی ڕاگەیاند، بەو شێوەیەش قاسملوو خەباتی سیاسیی گواستوە بۆ شاخەکانی کوردستان".[356]

هەرچەند قاسملوو هەوڵی دا لەڕێگای گفتوگۆوە کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام بەهۆی بۆچوونی توندوتیژی ئاینیی ئیسلام لەسەر سیاسەتی سەرکردایەتیی ئێران، باوەڕی قاسملوویان لەبوونی تواناو هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسایەی ڕژێمی ئیسلامیدا لەق کرد، بۆیە قاسملوو ناچارکرا بەمەبەستی بەدەستهێنانی داوا ڕەواکانی کورد ڕوو لە خەباتی چەکدارانە بکات .[357] بەمەش قاسملوو لەنێو سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی نایە قۆناغی خەباتی چەکداریو شەڕی بەرگری لە کوردستان، و لەنێوان ساڵانی 1981-1983 دا خەباتی چەکداری دەست پێکردو لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە کەوتە بەر فشارێکی بەهێزو لەچەند ناوچەیەکی کوردستان پاشەکشەی کرد.[358]

لەم بارودۆخەشدا قاسملوو بڕیاری بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دا کە لە 1981/12/6دا بەستراو لەوێدا وەك سكتێری

---

[356] وەرگیراوە لە:(لاوان (گۆڤار): ژمارە(34)،ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکرات،خەزەلوەری 1368ه (1989)، ل43).

[357] جليلي جليل وأخرون: س. پ، ل279.

[358] کورش مدرسی: کوردستانو داهاتووی خەباتەکەی، نەورۆز کردوویە بەکوردی، ئینتیشاراتی مەرکەزی کۆمەڵە، گەلاوێژی 1369ه، (ئابی 1990ز)، ل28.



www.pertwk.com

گشتیی حدکا هەڵ بژێردرایەوە.[359] هەر لەم کۆنگرەیەدا قاسملوو سیاسەتی حدکای ڕوون کردەوەو بەرنامەی نوێی حزبەکەی خستەڕوو کە دوو بڕیاری گرنگی تێدا دران: یەکەمیان چوونە نێو شورای نیشتمانیی بەرگری،[360] و دووەمیان هەڵگرتنی (دروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی خومەینی)[361]، ئەمەش جووڵەیەکی باشی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دا،[362] چونکە هێرش و پەلامارەکانیان بۆ سەر ڕژێمی ئێران زیاد کرد بەتایبەتی لەساڵی 1982دا.[363]

دوای بەرگرییەکی باشی پێشمەرگەکانی حدکا بەهاوبەشی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی دیکە، بەتایبەتی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک)

---

[359] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل5، 10.

[360] بڕوانە:(خەباتی قاسملوو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرگریی)، لەباسی یەکەمی بەشی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیە).

[361] پێمان وایە ئەمە بۆچونێکی هەڵەیە، چونکە ئەرکی بزوتنەوەی کوردایەتی نیە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمەبەستی وەرگرتنی دەسەڵات لە تارانی پێتەخت، و قاسملوو بەردەوام باوەڕی بەچارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد هەبوو، کە دەبوو ڕێگای وتووێژ هەڵبژێرێت نەك ڕەتی بکاتەوە، پاشان بەناچاری ئەمەشی پەسەند کردو گیانی خۆشی لەپێناویدا بەخت کرد. بڕوانە: (باسی دووەمی بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە ).

[362] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل11، 17.

[363] د.نیفین عبدالمنعم مسعد: س. پ، ل26.



www.pertwk.com

بەنێوی هێزی پشتیوان[364] ، لەژێر ڕێبەرایەتی کردنی قاسملوو دا، لەچەند شوێنێك سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام دواتر بەهۆی فشاری هێزەکانی ئێران لەچەند ناوچەیەکی کوردستان پاشەکشەیان کرد. لەم هەڵو مەرجە سەختەی خەباتدا قاسملوو بیری لەچارەنووسی حیزبەکەی کردەوەو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بە سەر دووبەش دابەش کرد، بەناوی مەکتەبی سیاسیی ژمارە (1)و(2)، کەخۆی سەرکردایەتیی مەکتەبی سیاسیی ژمارە (2)ی لەئەستۆ گرت لەناوچەی سەردەشتو بانەو باشووری کوردستان.[365]

جگەلەمەش هەوڵی دا لایەنگری خەڵکی کوردستان بۆلای خۆیو حیزبەکەی زیاتر کێش بکات، تا دژی حکومەتی ئێران پشتیوانی لەشۆڕشی چەکداری بکەن، بۆیە وەك سکرتێری حدکا ڕۆڵی گرنگی لەم بوارەوە نواند، هەروەك عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەڵێت: "لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی ئێراندا، د.قاسملوو نەخشی گرنگی گێڕاوە، چونکە لەپەیامێکی ڕادیۆییدا ماوەی نێوان 8/11 تا 1982/10/12 ی وەك مانگی دیفاع لەئازادیو مەوجودیەتی گەلی کورد ڕاگەیاندو وتی: تەواوی خەڵکی کوردستان دەبێ هەموو هێزو تواناو ئیمکانی خۆیان بۆ جەبهە تەرخان بکەن، هەموو شتێك بۆ

---

[364] بڕوانە: (پەیوەندی قاسملوو لەگەڵ ی. ن. ك) لەبەشی چوارەم- باسی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

[365] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل285.

جەبهـەو هـەموو ئیمکانێـك بـۆ سـەنگەر، ئەوەیـە شـیعاری ئـەمڕۆی سەرانسەری کوردستان". [366]

قاسملوو بەم جۆرە لەسالآنی دواتریشدا بەتایبەتی ساڵی 1984 زیاتر جەخت لەسەر شەڕی چەکداری دەکاتەوەو لەپەیامی نەورۆزیی ئەوساڵەدا دەڵێت: "شەڕی ئێمە دژی ڕژێمی خومەینی یە، زۆرجار گوتوومانە ڕژێمی خومەینی بەزۆر، بەخەباتی توندوتیژ بەتایبەتی بەخەباتی چەکدار نەبێت ناڕووخێت، بۆیە دەبێ خەباتی خۆمان لە کوردستان دژی ڕژێمی خومەینی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرە پێ بدەین". [367] پاشان لەکۆنگرەی شەشەمی حدکا، کە زستانی 1984 بەستراو تێیدا وەك سکرتێری گشتیی حدکا هەڵ بژێردرایەوە، [368] جەختی لەسەر دروشمی خەباتی چەکدارانە هەتا ڕووخانی ڕژێمی خومەینی کردەوە، کە لەکۆنگرەی 5ی حدکا بڕیاری لەسەر درابوو،

---

[366] نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل31؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (کاوە بەهرامی: س.پ، ب2، ل175-180).

[367] پەیامی نەورۆزی سکرتێری گشتیی، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (94)، خاکەلێوەی 1363هـ- ئەپریل (نیسان) 1984ز، ل5.

[368] ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا لە 1362/11/12، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (93)، ڕێبەندانی 1362هـ، فوریەی 1984ز، ل6- 7؛ بۆ زیاتر بڕوانە: عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل51- 59.

وەك دروشمـی بنـەڕەتیی حـدكاو جووڵانـەوەی دیمـوكراتی خـەڵكی كوردستان.[369]

دوای ئەم بارودۆخە قاسملوو هەوڵی دا ڕێگەیەكی نوێ بۆ شێوەی خـەباتی چـەكدارانە هـەڵ بـژێرێت، ئـەویش درێـژەدان بەشـەڕو گرتنەبـەری خـەباتی پـارتیزانی بـوو، هەربۆیـە لەنێوەڕاسـتی سـاڵی 1984 دا ئـەم خەباتـەی كردبـووە شـێوەی بـەرگری كـردن و سـەقامگیركردنی شـەڕی پـارتیزانی دژی ڕژێمـی خومـەینی لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا.[370] لەم بارەشەوە دەڵێ:" ئێمە لەنێو ئەشكالی جووڵانەوەی چەكدارانەدا، شكلی شەڕی پارتیزانیمان وەك موناسبترین شـێوەی خـەباتی چـەكدارانە دیـاری كـردوە، بـەڵام لەهەل و مەرجی ئێستەدا نابێ ببێتە میحوەری ئەسڵی كارەكانمان، لە

---

[369] ڕاگەیەنـدراوی دەبـیر خانـەی كۆمیتـەی ناوەنـدیی حـدكا، كوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی حـدكا، ژمـارە (102)، بـەفرانبارو ڕێبەنـدانی 1363، جێنیـوەری و فەبرایـەری 1985، ل16؛ بـۆ زیـاتر بڕوانـە: (ڕاپـۆرتی كۆمیتـەی ناوەندیی بۆ كـۆنگرەی شەشـەمی حدكا، لەلایـەن سـكرتێری گشـتی د.عبـدالرحمن قـاسملووە پێشـكەش كـراوە، ڕێبەنـدانی 1362هـ، ژانوویـەی 1984ز، ل28- 30).

[370] ڕاپۆرتی دەفتـەری سیاسیی بۆ كۆبوونـەوەی كۆمیتـەی ناوەندیی لـەڕۆژی 15ی گەلاوێـژی 1363، كوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی حـدكا، ژ.(99)، خەرمانانی 1363هـ- سیپتامبری 1984ز، ل28.



www.pertwk.com

پــێش هــەموو شــتێکدا دەبــێ بــزانین شــەڕکردن وەســیلەیە نــەك هەدەف..."[371].

لــەم بارودۆخــەدا حکوومــەتی ئێــران هــەوڵی دا وتوویــژ لەگــەڵ قاسملوو ئەنجام بدات و شەڕ ڕابگرێت، لەم بارەشەوە قاسملوو لە وتوویژێکدا باسی هەوڵەکانی ڕژێم بۆ گفتوگۆ دەخاتەڕوو دەڵێت: "زۆرجار حکوومەت داوای وتوویژی کردوەو لەمانگی ئابی 1984 دا چــاوپێکەوتنێك لــەنێو ئێمــەدا ڕووی دا، بــەڵام ئێمــە مەرجــەکانی خۆمانمان پێ ڕاگەیاندن، کە دەبێ وتوویژ بەڕەسمی و بەئاشکرا بێ و ئێمە بەهیچ شێوەیەك نامانەوێت هیچ مەسەلەیەك لەگەلی خۆمان بشارینەوە، خودموختاری قبوڵ بکەن و شەڕیش ڕاناگرین تا گفتوگۆ بەئاکام نەگات"،[372] بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین هەرچەندە ڕژێمی ئێران داوای گفتوگۆی لەگەڵ قاسملوو کردوە بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕ، بەڵام ئەو باش لەمەبەستی ڕژێم گەیشتبوو، کەدەیەوێت ئەم بارودۆخە بەدەرفەت وەرگرێ، وەك بۆخۆی دەڵێ: "ئێمە لەمەبەستی ڕژێم گەیشتین کەنیازی هەبوو بەوەستانی شەڕ بۆ ماوەیەك هێزەکانی ڕووبەڕووی عێراق بکاتەوەو سوودلەم دەرفەتە وەرگرێ، بۆیە ئێمە ڕامان گەیاند کەبەهیچ شێوەیەك گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ڕژێمە ناکەین و

---

[371] بڕوانە: مەلا حەسەن شیوەسەلی: س.پ، ل22.

[372] وتوویژ لەگەڵ گۆڤاری (الیوم السابع)، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (109)، خەزەڵوەرو سەرماوەزی 1364ه- نوامبەرو دیسامبەری 1985ز، ل32.

کار بۆ ڕووخانی دەکەین، هەرچەندە دواتریش ڕژێم زۆر هەوڵی دا بۆ گفتوگۆ، بەڵام ئێمە قبووڵمان نەکرد".[373]

قاسملوو بەم جۆرە درێژەی بەخەباتی چەکداری داو هەوڵی دا لەم ڕێگەیەوە مافەکانی کورد بەدەست بهێنێت، بۆیە شەڕی چەکدارانەی لەگەڵ ڕژێم ڕۆژ بە ڕۆژ توندو تیژتر دەبوو–بەهاوبەشیو هاوکاری لەگەڵ پێشمەرگەکانی ی. ن. ک–.[374] و ڕژێم بەهەموو شێوەیەك بەرەنگاری هێزی پێشمەرگە دەبۆوەو زیاتر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی داگیردەکردەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە ساڵانی 1981–1983 دا هێزی پێشمەرگە لە زۆر ناوچەی کوردستان پاشەکشەبکەن، بەڕادەیەك کەئەم پاشەکشەیە لە کۆتایی هاوینی 1985 دا گەیشتە ڕادەیەك کە کۆماری ئیسلامی نزیکەی هەموو ناوچەکانی کوردستانی داگیرکردەوە، بەمەش قاسملوو لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەرەو ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان (عێراق)پاشەکشەیان کرد.[375] هەروەها بەهۆی بەرگری کردنی پێشمەرگەکانی حدکا، ڕژێمی ئێران کاردانەوەی خراپی لە کوردستان نواند، بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی 1984–1985 دا، دەستی کرد بەڕاگوێزانی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچە کورد نشینەکانی کوردستان بۆ باشووری، هەروەها چەندین کەسی بێ تاوان لە خەڵکی کورد

---

[373] وتووێژی سکرتێر گشتی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل45،47.

[374] بڕوانە: (پەیوەندی قاسملوو لەگەڵ ی. ن. ك) لەبەشی چوارەم– باسی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

[375] کورش مدرسی: س.پ، ل28.

بوونـــە قوربـــانیی سیاســـەتە چـــەوتەکانی ڕژێمـــی ئێـــران و لەسێدارەدران.[376]

ئەمــەش ئــەوە دەردەخــات کــە ڕێبەرایــەتی کردنــی بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوزایی کــورد لەڕۆژهــەڵاتی کوردســتان لــەژێر ســەرکردایەتی کردنــی قــاسملوو، بــەهێزیو بەرپەرچــدانەوەی تونــدی دژ بــەڕژێمی کۆمــاری ئیســلامی هــەبوو، لــەم بارەشــەوە لەدیدەدەنیــەکی لەســاڵی 1985دا دەڵــێ: "بەڕاشــکاوی دەڵــێین و بالەکەســیش شــاراوە نــەبێت، کەئێمــە لــەکاتی ئێســتەدا بــەهێزترین ڕێکخــراوەین لــەناو تــەواوی ئۆپۆزســیۆنی ئێرانــدا، هــەروەها لەگــەڵ ئــەوەی حزبێکــی ناوچــەیین، بـــەڵام بـــەکردەوە گـــەورەترین هێـــزێکین کەلەبەرامبـــەر ڕژێمـــدا ڕاوەســتاوین، بــا ئــەوەش بڵــێین ســەرەڕای ئــەوە کــە زۆربــەی خــەڵك لەئێرانــدا ئــەم ڕژێمــەی قبــوڵ نیــە، بــەڵام لــەکاتی ئێســتەدا هــیچ بەربەرەکانییەکی سەربازی بەکردەوە دژی ڕژێم، بێجگە لەکوردستان نیە".[377]

---

[376] کۆمەڵــەی یەکســانی کوردســتان–ئێــران: ڕاگــوێزان سیاســەتی فاشیســتیی داگیرکەرانی کوردستان، " تێبینــی یــەك ســەبارەت بەسیاســەتی ڕژێمــی جمهوری ئیســلامی بــو ڕاگواســتنی خــەڵکی ناوچــەی سەردەشــت"، ب.ش، گەلاوێــژی 1363ھ، (ئــابی 1984ن)، ل17؛ بۆزیــاتر بڕوانــە: (کمیســیون تبلیغــات حــزب دمکرات کردســتان ایـران: گوشـەی از جنایـات جمهـوری اسـلامی در کردسـتان (1358-1368)، 1369ھ، ل15-50).

[377] وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری (الیوم السابع)، س. پ، ل12.

لەم بارودۆخەدا حدکا لەڕۆژانی 17-1986/12/21دا کۆنگرەی حەوتەمی خۆی بەست و تێیدا وەك پێشوو قاسملوو بەسکرتێری حدکا هەڵ بژێردرایەوە.[378] جگەلەمەش سیاسەتی حدکا داڕژایەوە بۆ بەرەنگاری کردنی ڕژێم لەچوارچێوەی بەدەستهێنانی مافی خودموختاری، بەڵام لەکۆنگرەی حەوتەمدا قاسملوو ڕووبەڕووی بۆچوونی جیاواز بۆوە، سەبارەت بەداواکاریی مافی کورد وەك فیدراڵی و بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام لەسەر هەل ومەرجی سیاسیی ئەوکات و بارودۆخی نێونەتەوەیی کورد، قاسملوو پاساوی بۆ ئەم پێشنیارانە هێناوەتەوەو پێی وابوو بۆ ئەوکات ئەم داواکارییانە پێویست نین،[379] بەڵکوو دوای کۆنگرەی حەوتەم هەوڵی دا لەڕێگەی بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی خەبات پەرەپێ بدات بۆ هێنانە کایەی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی.[380] بەم جۆرە درێژەی بەخەباتی سیاسیی خۆی دا لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دا، بۆیە جارێکی دیکە لەکۆنگرەی هەشتەمی حدکا لە 1988/12/18 دا قاسملوو وەك سکرتێری گشتیی حدکا

---

[378] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل133.

[379] حاجی حسین حداد: س. پ، ل275؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حدکا لەلایەن سکرتێری گشتییەوە هاوڕێ کاك "د.عبدالرحمن قاسملوو"، 26- 29ی سەرماوەزی 1364ه، ل13-36).

[380] بڕوانە: (هەوڵەکانی قاسملوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتویی نیشتمانی لە ئێران)، لەبەشی پێنجەم- باسی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە).



www.pertwk.com

هـەڵ بژێردرایـەوە.[381] لـەم کۆنگرەیـەدا کـە دوایـین کـۆنگرە بـوو بـۆ قـاسملوو، بـارودۆخی ئێـران و کوردسـتانی شـی کـردەوەو جـەختی لەسـەر بـەدیهێنانی مافـەکانی کـورد کـردەوە لەچوارچـێوەی پێـدانی مافی خود موختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران دا، جگە لەمەش پێشهاتە سیاسییەکانی سەبارەت بەئەگەری وەستانی جەنگی ئێران- عێراق لێك دایەوەو سیاسەتی نوێی حدکای خستەڕوو.[382]

بەم شێوەیە قاسملوو بەگەش بینی و ئومێدەوە درێـژەی بەخـەباتی خۆی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و سەرانسـەری کوردسـتان بەگشـتی داو لەهـەل و مـەرج و پێشـهاتە نێوخۆییەکانیشـدا، سیاسـییانە لێکدانـەوەو بەرنامـەی بـۆ دانـاوەو بڕیاری بوێرانەی داوە، بەتایبەتی کاتێك عێراق و ئێران ڕێك کەوتن و کۆتاییـان بەشـەڕی هەشـت سـاڵەی خۆیـان هێنـا، قـاسملوو وەك سکرتێری حدکا لەپەیامی خۆیدا بەبۆنەی 22ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامـەزرانی کۆمـاری کوردسـتان دەڵـێ: "دەرسـێکی دیکـەی کۆمـاری کوردستان ئەوەیە کە بەهیچ جۆرێك و بەهیچ شێوەیەك و لەهیچ هەل و مەرجێکـدا نابێـت ڕێگـە بـدەین ئـەوەی کـە بەداخـەوە لـە کۆمـاری کوردستان ڕووی داو لە کوردستانی عێراقیش تیکرار کرایەوە، ئەوە کە میللەتەکەمان ناوی ناوە ئاش بەتاڵ لە کوردستانی ئێران تیکرار

---

[381] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل158، 167.

[382] بڕوانـە: (ڕاپـۆرتی سیاسـیی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حـدکا بـۆ کـۆنگرەی هەشـتەم، لەلایـەن سـکرتێری گشـتییەوە هـاوڕێ د.عبـدالرحمن قـاسملوو، 28ی بەفرانبار- 2ی ڕێبەندانی 1366هـ، ل11- 43).



www.pertwk.com

بێتەوە"،[383] بەڵام دواتر بۆخۆی بە پێچەوانەی سیاسەتو وتەکانی کەوتە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، جگە لەمەش سیاسەتو گۆڕانە فکرییەکان لەو ماوەی خەباتدا، قاسملوویان تووشی ململانێو لاوازیی نێوخۆی حیزبی کردەوە، بەهۆی سیاسەتەکانیو سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ئەندامانی ڕێبەری حدکا بەجۆرێك بوو، کەڕەنگدانەوەی تەواوی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو.

---

[383] بڕوانە: (عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل192)؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حدکا بە بۆنەی قبوڵ کردنی بڕیارنامەی ژمارە (598)ی شورای ئەمنیەت لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (139)، پووشپەڕی 1367، ژووئیەی 1988، ل1- 4).



www.pertwk.com

سێیەم: گۆڕانە فیکریی و سیاسییەکانی قاسملوو لەساڵانی 1980-1988داو ڕەنگدانەوەی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

قاسملوو تەقەلاکانی لە پێناو بەدەستهێنانی مافی کورددا بەردەوام بوو، بەمەبەستی گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەتی حدکا بەپێی هەل و مەرجی ڕۆژگار، ئەم هەوڵدانەش زیاتر ساڵی 1980 لە فیکرو بۆچوونە سیاسییەکانی قاسملوودا دەرکەوتن، بەتایبەتی هەل و مەرجی دوای کۆنگرەی چوارو ڕاگەیاندنی شەڕی چەکداری دژ بەڕژێمی خومەینی، کەتێیدا لەپێدانی مافی کورد بەڕێگەی گفتوگۆو ئاشتی بێ هیوا بوو، بەڵام ئەم گۆڕانە سیاسییە لە حدکادا قاسملووی ڕووبەڕووی دژایەتی کردنی نێوخۆیی حیزبەکەی کردەوە، چونکە دوای کۆنگرەی چوار لەساڵی 1980دا چەند کەسێك لەئەندامانی ڕێبەریی حدکا، وەك (غەنی بلووریان، فەوزیە قازی، فاروق کەیخسرەوی، ئەحمەد عەزیزی، نوید معینی، د.ڕەحیم سەیفی قازی، م. هێمن)، لەڕاگەیاندراوێکدا جیابوونەوەی خۆیان بەناوی حدکا-لایەنگرانی کۆنگرەی چوار بڵاو کردەوە.[384] بەمەش یەکەمین نیشانەکانی ناکۆکیی فیکریی و لەت بوونی ئایدۆلۆژیا لەئاستی ڕێبەرایەتیدا لەنێو حدکا دەرکەوت.[385]

---

[384] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل250؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکانی یەکتری ئەشکێنن، ل168.

[385] عبدالله کیخسروی: س. پ، ل52؛ جلیلی جلیل وأخرون: س. پ، ل279.



www.pertwk.com

لایەنگرانی کۆنگرەی چوار کەپاشان بە گروپی حەوت کەسی ناودێر کران، هۆیەکانی دژایەتی و جیابوونەوەی خۆیان خستە پاڵ قاسملوو وەك سکرتێری حدكاو بەلادان لەبەرنامەو پەیڕەوی حدکا پەسندکراوی کۆنگرەی چوارو بەرزکردنەوەی دروشمی شەڕی چەکدارانە دژ بەڕژێمی خومەینی و لایەنگری کردن و پەیوەندی گرێدان بەدەوڵەتی عێراق و گوێ نەدان بەئەندامانی ڕێبەری حدکاو سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی بەسەریان دا تۆمەتباریان کرد،[386] هەرچەندە د.قاسملوو سیاسەتەکانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی گۆڕی، پاش ئەوەی لەوە دڵنیابوو کە خومەینی مافی کورد ناسەلمێنێ، و پەیوەندیشی لەگەڵ عێراق لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی و حیزبەکەی لەدەست نەدا،[387] بەڵام لەڕاستیدا هۆکاری جیابوونەوەو دژایەتی کردنی قاسملوو لەلایەن ئەو حەوت کەسەوە، هەوڵی حیزبی توودەو لایەنگرانی بوو دژ بە قاسملوو بۆ لەت کردنی پارتەکەیی و لاواز کردنی.[388]

---

[386] نادر ئینتیسار: س. پ، ل91؛ بۆزیاتر بڕوانە: (غەنی بلووریان: س. پ، ل344- 347).

[387] بڕوانە بەشی پێنجەم، باسی دووەمی ئەم توێژینەوەیە (پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ عێراق).

[388] مازیار بهروز: س. پ، ل222؛ راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حدکا، سەرماوەزی 1361هـ، (کانوونی دووەمی 1981ز)، (دەستنووس)، ل5-6.

جیابوونـەوەی گروپـی حـەوت کەسـی ئاکـامی سیاسـیەتی چـەوتی قاسملوو نـەبوو، بـەڵکوو ئاکـامی سیاسـەتی تـوودە بـوو بەرامبـەر بـە بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازیی کــورد لەڕۆژهــەڵاتی کوردســتاندا لــەژێر ڕێبەرایەتی کردنی قاسملوودا، ئەم ڕاستیەش لـەوەدا بـەدەر دەکـەوێ کەسـەرانی تـوودە لەیادداشـتەکانیاندا بەئاشـکرا دانیـان پـێ دا نـاوە، وەك کیـا نـوری لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: "عـەلی گەلاویـژ لـەدوای شۆڕشـی ئیســـلامیی ئێــــران لێپرســــراوی کوردســــتان بــوو، لەسەرتاســــەری کوردســـتان دەگـــەڕاو شـــانە حیزبییـــەکانی ڕێـــك دەخســـت، گەلاوێـــژ لەمەســـەلەی جیابوونـــەوەی غـــەنی بلووریـــان لـــەگروپی قـــاسملوودا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، لەهەموو کارێکدا ئەوانی ڕێنمایی دەکرد".[389] بۆیە هۆی سەرەکیی جیابوونەوەیان ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی حیزبی توودە بوون، چونکە بەچاوی حیزبی دایك سەیریان دەکرد و کاتێك لـەقاسملوو جیابوونـەوەو دژایـەتییان کـرد، چـوونە ڕیـزی حیزبـی توودە.[390]

دوای ئـەم جیابوونەوەیـە جـەماوەری حـدکاو خـەڵکی کوردسـتان بەزۆری لەدەوری سەرکردایەتیی قاسملوو مانـەوە،[391] بـەڵام دژایـەتی کردنـی ئـەم گروپـە بـۆ قـاسملوو گـورزێکی کاریگـەری لـەقاسملوو و

---

[389] خاطرات نورالدین کیا نوری، مؤسسە تحقیقات وانتشارات دیدگاه، چ2، انتشارات اطلاعات، تهران- 1372ه، (1993ز)، ل533.

[390] سـەید علـی ڕەحمـانی: بەشـێك لەبیرەوەرییـە تـاڵ و شـیرینەکانی ژیـانم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2005، ل172-173.

[391] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل169.

بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازیی کـورد دا،[392] چـونکە لـەت بـوونی حـدکا بەجیابوونەوەی لایەنگرانی کۆنگرەی چوارەم، بووە هۆی لاواز بوونی پێگەی کورد لەخەباتدا لەپێناو بەدەستهێنانی خودموختاری، چونکە ئــەم ململانێیانــە مــاوەی بــەتاران دا کارەکــانی چــالاکتر بکــات بەشێوەیەکی فراوانتر لەناوچەکانی کوردستان، کە لەمانگی تەمموزی 1980 دا هێرشە سەربازییەکانی دەست پـیٚ کرد بۆ داگیرکردنـەوەی کوردســتان.[393] پاشــان چارەنووســی ئــەم گروپــەو بەســتنەوەیان بەتوودەو دواتر لێك هەڵوەشانو پەرتەوازە بوونیان لـەدواڕۆژدا دەری خست سیاسـەتی قاسملوو ڕاستتر بووەو ئەم گروپە لەبەرامبەریدا بەهەڵەدا چوون.

جگە لەمە قاسملوو لەسـەرەتای وەرگرتنـی دەسـەڵاتو ڕێبەرایـەتی کردنـی حـدکادا، هـەوڵی دا لەگۆڕانـە فیکـریو سیاسـییەکان دا حـدکا بەرەو سۆسیال دیموکرات بـەرێ، کـە لەکۆنفرانسـی سـێیەمی حـدکای ساڵی 1971دا، بۆیەکـەمین جار لەمێـژووی حـدکادا باسـی سۆسـیال دیموکراسی هێنایە گۆڕێ، بەڵام نـەك بـەڕوونی، بـەڵکوو بەشـێوەیەکی شـاردراوە، پاشـان لـەکۆنگرەی سـێیەمی حـدکای سـاڵی 1973دا تـا کـۆنگرەی شـەش سـاڵی 1984 هەوڵـەکانی بـۆ کێشـانی حـدکا بـەرەو خەتی سۆسیال دیموکراتی هەر بەردەوام بوون، بەڵام لـەم کۆنگرانـەدا بەهۆی هەلومـەرجی تایبـەتی سیاسـیی نـەی تـوانی بـۆ سـەرکەوتنی

[392] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیو...، ب2، ل68.

[393] جلیلی جلیل وأخرون: س. پ، ل279.



www.pertwk.com

ئەو فکرەیە پێ دابگرێت،[394] بەڵام هەوڵەکانی بۆ گۆڕان لە نێو ئایدۆلۆژیەتی حدکا بەرەو سۆسیال دیموکرات بەردەوام بوو، بەمەش دوای کۆنگرەی چوار لەساڵی 1980 دا سیاسەتەکانی لەم بارەیەوە گۆڕانی بنەڕەتییان بەخۆوە بینی، بەتایبەتی پێش کۆنگرەی شەشەمی حدکا بەنووسینی نامیلکەیەك بەناوی (کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم)،[395] فیکرەی نوێی خۆی خستەڕوو، پاشان لە کۆنگرەی شەش دا بە زۆر بەسەر ئەندامانی حدکا دا سەپاندی، بەمەش ڕێبازی دواڕۆژی حدکا بوو بە سۆسیالیزمی دیموکراتیك.[396] ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی بۆ دژایەتی کردنی قاسملوو لێ کەوتەوە لەنێو خۆی حیزبدا، لەهەمان کاتدا پارتەکانی دیکەی کوردستان و

---

[394] بۆچی کۆنفرانسی چوارەم؟ کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، ژمارە (1)، دەورەی سێیەم، پووشپەڕی 1367- ژووئیەی 1988، ل9؛ ئەوانەی لەگەڵ ڕاستیەکان شۆڕشگێڕانە بەرەو ڕوو دەبن، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدکا، ژمارە (157)، بەفرانباری 1368- ژانویەی 1990، ل9.

[395] بڕوانە: د.عبدالرحمن قاسملوو: کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم، حدکا کۆمیسیۆنی ئینتیشارات و تەبلیغات، ب. س؛ شیکردنەوەیەکی "کورتە باس"، کۆمسیۆنی تەبلیغاتی حدکا، بەنامەڕی 1368ھ، (مایسی 1989ز).

[396] ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنفرانسی چوارەمی حدکا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، 8-13ی پووشپەڕی 1367، کۆمسیۆنی تەبلیغات و چاپەمەنی حدکا ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، ل14-22؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (حاجی حسێن حددا: س. پ، ل230- 233).

بەتایبەت کۆمەڵە دژایەتییان دەربڕی و لە ڕاگەیاندنەکانیاندا کەوتنە بەر پەرچدانەوەی قاسملوو و دژایەتی کردنی ئەو فکرەیەو ناودێر کردنی بە لایەنگری لەچینی بۆرژوا.[397]

قاسملوو لەنێو خۆی حدکادا تووشی ململانێ و دژایەتی بۆوەو تاوانی تاکڕەوی و خۆسەپێنیان خستەپاڵ بەهۆی سەپاندنی فیکرو سیاسەتەکانی ڕێبازی دواڕۆژی حدکا. لەم بارەیەوە گادانی نووسیویێتی: "لەژیانی پارتایەتی و کاری سیاسیی و پێشمەرگایەتی دا، لەسێیەم کۆنگرەوە تا هەشتەم کۆنگرە بە سکرتێری حدکا هەڵبژێردراوەتەوە، بەلام بەهۆی گرژبوونی نێوخۆیی حیزبی و سەرهەڵدانی ململانێ و دژایەتی کردنی قاسملوو، لە کۆنگرەی شەشەمەوە (1984) لەڕاکێشانی کۆنگرە بەویستی د.قاسملوو، ناوبراوی بەرەو ئەوە هاندا کە هەرچی زیاتر بۆ کۆکردنەوەی دەسەلات لەدەستی خۆیدا هەوڵ بدات تووشی تاکڕەوی بێ".[398]

هەر سەبارەت بەلادان و هەوڵەکانی قاسملوو بۆ گۆڕانە فکری و سیاسییەکانی، گادانی لە وتووێژێکدا بە ئاشکرا ئەم هەولانەی قاسملووی بەهەڵە ناودێر کردو گوتی: "هەرچەندە قاسملوو

---

[397] لەم بارەیەوە بروانە: (جەعفەری شەفیعی: حیزبی دیموکرات سۆسیالیزم یان سەرمایەداری؟ کورتە باسێك لەسەر کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم، پێشڕەو (گۆڤار)، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران-کۆمەڵە، ژمارە (10)، 30ی سەرماوەزی 1363ھ/ 21ی دیسامبری 1984ز، ل1-19).

[398] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل292.

لەسەرەتای کارکردنی لەناو حدکادا بەشێوەیەکی دیموکراتیانە مامەڵەی دەکرد، بەڵام ئەو شێوە کارکردنەی تا کۆنگرەی شەش بەردەوام بوو، چونکە لەکۆنگرەی شەشدا هەوڵی دا دوو مەسەلە بێنێتە گۆڕێ و بیان سەپێنێ، کە ئەوانیش (لیستەی فیکس)[399] و (کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم) بوون، کەلەڕاستیدا بەدوو هەڵەی گەورەی د.قاسملوو دادەدنرێت".[400]

هەرچەندە لیستەی فیکس لەکۆنگرەی شەش جێ بەجێ نەکراو ڕەت کرایەوە، بەڵام ڕێبازی سۆسیالیزمی دیموکراتیك بەسەر حدکادا سەپێندرا، کەئەمەش لەسەرەتادا نارەزایی گەورەی نێوخۆیی دژ بەقاسملوو بەدواوە نەبوو، بەڵام لەدوای کۆنگرەی حەوت و جارێکیتر هێنانە گۆڕی دووبارەی لیستەی فیکس نارەزایی و دژایەتیی نێوخۆیی حیزبی بەرامبەری سەری هەڵدا، چونکە لە کۆنگرەی

---

[399] لیستەی فیکس: بریتی بوو لەنووسینی ناوی 25 کەس، کەلەسەر بۆچوونی قاسملوو ئامادە کراو پێشنیاری ئەوە بوو تەنیا ئەو 25 کەسە ببنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو چەند کەسێکی تریش ببنە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی، بێ ئەوەی هیچ کەس بتوانێ یەکیان لەوی دیکە جیا بکاتەوە، یا بەشێوەیەك دەنگ بەیەك لەوان نەداو بە بۆچوونی خۆی دەنگ بەکەسێکی دیکە بدات، لەهەمان کاتدا ئەو ماوە بۆ کەسێك نەڕەخسابوو کەبیەوێت خۆی کاندید بکات، بۆیە ئەم مافە ڕەوایە کە لەپەیڕەوی حدکا هاتبوو کەس نەی دەتوانی کەڵکی لێ وەربگری. (جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب2، ل16).

[400] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.

هەشتەمی حدکای ساڵی 1988دا، لیستەی فیکس بەگشتی دژایەتی کراو بەکارێکی نادیموکراتیانە لەقەڵەم درا،[401] بەڵام قاسملوو لە کۆنگرەی هەشتەمدا وێڕای ئەوەی لیستەی فیکسی سەپاند بەسەر ئەندامانی کۆنگرەدا، لەهەمان کاتدا لەدژی بۆچوونی ئەندامانی کۆنگرە وەستایەوە سەبارەت بە جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت، چونکە پێی وابوو مەسەلەی دانوستاندن و گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی ئێران دژوارتر دەبێت، بەڵام بۆچوونەکەی ڕەت کرایەوەو بەپێچەوانەی ئەو، بەکۆی دەنگ دەنگیان بۆجیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتدا، بەڵام قاسملوو لەدواییدا ئەم بۆچوونەی خۆی بەشێوەیەك سەپاندو دەستکاری بەرنامەی کۆنگرەی کرد، بەوەی کە دین لە دەوڵەت جیایە، تەنیا لەناوچەی خود موختاری کوردستان، واتە تەسکی کردەوە بە تەنیا کوردستان.[402]

لێرەدا پێویستە بڵێین دوای نەمانی قاسملوو بەشێکی زۆری بۆچوونەکانی بەڕاست دەرچوون و بەشێکی تریشیان بەهەڵەو زیانی گیانی خۆی کۆتایی پێ هات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بزانین کە ئەو گۆڕانە فیکری و سیاسییانەی قاسملوو بەتایبەت لەدوای کۆنگرەی شەشەمەوە تا کۆنگرەی هەشتەم، حدکای ڕووبەڕووی لەت

---

[401] 50 ساڵ خەبات، ب2، ل15، 16.

[402] ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنفرانسی چوارەمی حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، ل20-22؛بۆ زیاتر بڕوانە: (بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، پەسەندکراوی کۆنفرانسی چوارەم، پووشپەڕی 1367هـ- ژووئەن و ژووئیەی 1988ز، ل14- 15).



www.pertwk.com

بوونێکی گەورەتر لەپێشوو کردەوە، کەبەشێك لەئەندامانی ڕێبەریی هەڵبـژێردراوی نێـو لیسـتەی فـیکس لـە کـۆنگرەی هەشـتەمدا، وەك (جـەلیل گـادانی، فـەتاح کاویـان، حسـێن مـەدەنی، صـدیق بابـائی، کـەمال کـەریمی، ئەبوبـەکر راد) لەلیسـتەکە دەرچـوون و دژایـەتییان بەرامبەر بەقاسملوو ڕاگەیاند.[403]

بـەم جـۆرە دژایەتییـەکانی ئەمانـە لـەدوای کـۆنگرەی هەشـت بەڕادەیەك گەیشت کە حدکای لەت کرد بۆ دوو بەش و بەشی جیای نوێ بەناوی حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە 21ی ئازاری 1988دا خۆیان ناساندو خەباتیان دەست پێ کرد.[404] گادانی وەك سکرتێری ئـەم باڵـەی حـدکا هۆکـاری سـەرەکیی جیابوونـەوەی خۆیـان لەگـەڵ قاسملوو، ئاماژە بەمەسەلەی لیستەی فیکس دەکات و بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنێت بۆ لەت بوونی حدکا.[405]

هەرچـەند قـاسملوو زۆر هـەوڵی دا ئەمانـە بگەڕێنێتـەوە بـۆ نێـو حیزب، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا،[406] چونکە پێیان وابوو

---

[403] عبداللـه حسـن زادە:نیـو سـەدە تێکۆشـان،ب2،ل164؛ بـۆ زیـاتر بڕوانـە:(لەفتنـەو پـلان گێڕانـەوە بـەرەو خیانـەت و جینایەت،کۆمسـیۆن و تەبلیغات و چاپەمەنی حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر، 1368ه (1989ز).

[404] کورش مدرسی: س. پ، ل42.

[405] 50 سـاڵ خـەبات، ب2، ل15، 19؛ بـۆ زیـاتر بڕوانـە: (هەڵوێست گرتنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، 1367/1/1ه، بەڵگەکانی کۆنفرانسی چوارەمی حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، 8-13ی پووشپەڕی 1367ه، ل95- 99).

[406] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل168.



www.pertwk.com

قاسملوو لە پرەنسیپەکانی حیزب لای داوەو بەرەو دیکتاتۆری و تاکرەوی هەنگاو دەنێت. بۆیەش لە راگەیاندنێکی کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حدکا، دژەکانی لە حیزب دەرکردن و بەلادەر لەقەڵەمی دان،[407] بەلام پێویستە هەوڵەکانیمان لەبەرچاو بێت بۆ گەرانەوەی نەیارەکانی لەپێش جیابوونەوەی باڵی رێبەرایەتی شۆرشگێر، گادانی لەم بارەوە دەڵێت: "دوای ئەوەی لەدژی هەڵوێستی قاسملوو بەشێك لەئەندامانی رێبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی هەشت، نیازی جیابوونەوەیان هەبوو، قاسملوو لەم هەڵوێستەدا نامەیەك بۆ فەتاح کاویان دەنێرێ و داوای لێ دەکات ریزەکانی حیزب بپارێزن و ئاوات دەخوازین دەنگۆی جیابوونەوە لە حیزب هەر قسە بێت و راست نەبێت، پاشان هەریەکێ لەهاورێیان بگەرێتەوە دەستی ماچ دەکەین".[408] بەمەش قاسملوو وەك رێبەری حدکا دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی رووبەرووی شەرێکی خوێناوی نێوخۆیی بۆوەو چەند کەسێك لەهەردولا کوژران، لەم بارەیەوە گادنی وەك سکرتێری پێشووی رێبەرایەتیی شۆرشگێر دەڵێ: "شەری نێوانمان عەیبێکی یەکجار گەورە بوو کە هاتۆتە سەر حدکا، ئێمەو قاسملووش هەریەکەو بەپێی خۆمان عەیبەمان کردوە. لەوانەیە ئێمە

---

[407] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب2، ل23- 25؛ بۆ زیاتر بروانە: (مقال في اذاعة صوت كردستان ايران: توضح حول بلاغ اللجنة السياسية- العسكرية للحزب الديموقراطي الكردستاني الايراني، من منشورات لجنة الاعلام في الحزب الديمقراطي الكردستاني الايراني، 1988/4/21، ل3-16).

[408] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب2، ل32، 39.

لەوکارەماندا هەڵەمان کردبێ، بەڵام ئەوان زۆر ناهەقیان بەرامبەرمان کردو کەسێکی زۆرمان لەیەکتری کوشت".[409]

بەم شێوەیە تا قاسملوو لەژیان مابوو، هەردوولا دژایەتییان بۆ یەکتری بەردەوام بوو،[410] بەمەش دەکرێ بوترێ لەو قۆناغەی خەباتی سیاسیی قاسملوو بەیەکێك لەخاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان دادەنرێت لەژێر رێبەرایەتی کردنی حدکا، چونکە سەرجەمی ئەو گۆرانە فیکریو سیاسییانەی قاسملوو لەو قۆناغەداو بەرهەڵستیو دژایەتییەکانی نێوخۆی حیزبی بەرامبەری، لەکۆتاییەکانی ساڵی 1988دا بەرەو سیاسەتێکی هەڵەیان برد بۆ دانووستان لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی، کە دەرئەنجامێکی زیان بەخشی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بەگشتیو حدکاو رۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی لێ کەوتەوە.

---

[409] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.

[410] ئەم دووباڵە جیاوازەی حدکا پاش 9 ساڵ لە دووبەرەکیو ناکۆکی یەکتری،لە1997/1/8 بەراگەیاندنی بەیاننامەیەکی هاوبەش رێزەکانی خۆیان یەك خستەوە؛ بۆ زیاتر بروانە:(یەکبوونەوەی ریزەکانی حدکا، 19ی بەفرانباری 1375ه- 8ی ژانویەی 1997ز، بانەمەری 1376ه، (مایسی 1997ز)، ل8-16).

## باسی دووەم
## گفتوگۆو چارەنووسی عەبدولڕەحمان قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران 1988- 1989

**یەکەم: هۆکارەکانی بەستنی گفتوگۆ:**

گفتوگۆی نێوان بزوتنەوەی کورد بەڕێبەری قاسملوو و ئێران لەسالآنی (1988–1989)دا بەهۆی چەندین فاکتەرەوە هاتەکایەوە، کە چارەنووسی ژیانی خۆیی و بزوتنەوەکەی پێوە بەند بوو، جگە لەوەی ئەم گفتوگۆیە پێشینەیەکی مێژوویی هەبوو، لەهەمان کاتدا چەند هۆیەکی گرنگیش ڕۆڵیان لەوەدا بینی، کە قاسملوو بەو چاوپێکەوتنە ڕازی بێت و بچێتە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. گرنگترینی ئەو هۆکارانە ئەمانە بوون:–

1– شەڕی عێراق– ئێران، هەرچەندە قاسملوو بەردەوام بانگەوازی بۆ وەستانی ئەم شەڕە دەکرد، بەلآم ڕاگرتنی ئەم شەڕە لە 1988/8/8دا، هەرەشەیەکی گەورەی لەسەر جوولآنەوەکەی دروست کرد، چونکە کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران لەگەڵ عێراق هەلێکی باشی دایە دەست تاران بۆ گەڕاندنەوەی دەسەلآتی ناوەندی بەسەر هەرێمەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران (واتە ڕۆژهەلآتی کوردستان).[411] بەمەش قاسملوو تەنیا نیگەرانییەك کە هەیبوو، ئەگەری هێرشی ڕژێم بۆ سەر نێوچەکانی کوردستان بوو، بۆیە پێی

[411] هارڤی موریس– جورج بلوخ: س. پ، ل177–178.

وابـوو بەهــەر جۆرێــك بێــت، دەبــێ پێشــی ئەوهێرشــە بگــیرێ.[412] هەروەها پێی وابوو کەلەسیاسەتدا پێویستە لەهەموو ڕوویەکەوە بۆ گەیشـتن بەمەبەسـت کـەڵك وەربگـیرێ، چـونکە ئـەو پێچـەوانەی ئـەو کەمینـە ناسیۆنالیسـتە تونـدڕەوە بـوو کـەپێیان وابـوو دەکـرێ بـەزۆرو لەڕێگـەی هێـزی چەکدارەوە ڕژێمـی ئێـران لـە کوردسـتان دەربکرێـت. بۆیە ڕووداوو پێشهاتە سیاسییەکانی ساڵی 1988، ئەویان لەئاکامدا بەو بۆچوونە گەیاندبوو، کە کوردەکانی ئێران بەمەترسیی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێم ڕازی بن.[413] بەتایبـەتی کاتێك ڕاگەیاندنە گشـتی یـەکانی جیهــانو بەشــێکی زۆر لــە وڵاتــە ئیمپریالیســتییەکان، ســەبارەت بەچارەنووسـی گـەلی کـورد ڕایـان گەیانـد کـە دۆڕاو لـە شـەڕی ئێـرانو عێـراق گـەلی کـوردە.[414] لەهـەمان کاتـدا ئـەو بۆچـوونی وابـوو کـەدەبێ کێشـەی کـوردی ئێـران لەڕێگـەی گفتوگـۆو چارەسـەری ئاشـتییانەوە کۆتایی پێ بهێنرێت، چونکە لەڕاستیدا تەواو باوەڕی بـەوە هێنـابوو، کـە جووڵانـەوەی ڕزگـاریخوازیی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان لەڕێگـەی چـەکدارییەوە تـازە سـەرناکەوێت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەبـوو بەهـەر شێوەو نرخێك بێت بچێتەوە نێو ئێرانو کاری سیاسـیی خـۆی درێـژە

[412] علیرضا نوری زادە: س. پ، ل49.

[413] پیتر پیلچ: س. پ، ل90.

[414] یــەکێتی کۆمۆنیســتەکانی ئێــران (کۆمیتــەی کوردســتان): کوردســتان، کێشـانەوەی ئاسـۆی سـەرکەوتن لـە مەڵبەنـدی تێك هەڵچونی دژایـەتی یـەکان، ب.ش،1987،ل12-13؛ بەڵگـەکانی کـۆنگرەی نۆهـەمی حـدکا- ڕێبەرایـەتی شۆڕشـگێڕ، 21-28ی گەلاوێـژی 1369، ڕەزبـەری 1369ﻫ (ئـەیلولی 1990ز)، ل43.

پـێ بـدات، هـەتا ئەگـەر چـەکەکانیش دابنـێن، بۆیـە لـەم بارەیـەوە گفتوگۆی پێ باشترین چارەسەر بوو.[415]

2- لـەکۆتایی سـالانی هەشـتادا پەیوەنـدیی قـاسملوو لەگـەڵ دەوڵـەتی عێـراق بـەرەو لاوازی چـوو بـوو، لەلایـەك بـەهۆی نەنوانـدنی هەڵوێست لەدژی سەرانی بزووتنەوەی کورد لەباشووری کوردستانو ئیدانە نەکردنی ئەو بزووتنەوەیە، ولەلایەکی دیکەشەوە ئیدانەکردنی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، لەلایەن قاسملوو خۆی لـەمانگی مارسی 1988دا.[416] بۆیـە دەبـوو لەرێگەیـەکی دیکـە، چارەسـەرێك بـۆ بزووتنەوەکـەی بدۆزێتـەوە،[417] چونکە عێـراق دوای وەسـتانی شـەڕی لەگەڵ ئێران پێی ڕاگەیاند، کە نابێت جووڵانەوەی چەکدارانە لە دژی ئێران درێژە پێ بدات.[418]

3- قـاسملوو بەشـێوەیەك بـیری کردۆتـەوە، کـەپێی وابـووە چـۆن خومـەینی نـەیاری ئامادەیـە لەگـەڵ دەوڵـەتێکی بێگانـەی وەك عێـراق ڕێك بکەوێ. بەم جۆرەش ئامادەیـە لەگەڵ ئـەو ڕێـك بکـەوێت، چونکە ئـەو هـەم لەچوارچێوەی ئێـران دایـەو هـەمیش داواکارییـەکانیان زۆر گـەورە نییـە، بـەڵکو دەیانـەوێ لەچوارچـێوەی ئێرانـدا مـافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان هەبێت.[419]

---

[415] هارڤی موریس- جورج بلوخ: س. پ، ل178.

[416] بڕوانە:(چاوپێکەوتنی د.قاسملوو لەگەڵ (مجلە کل العرب)، العدد (72)، ینایر 1988، ل33-35).

[417] پیتر پیلچ: س. پ، ل95.

[418] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.

[419] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.



www.pertwk.com

4- بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەسالآنی هەشتادا بەگشتی و لە باشووری کوردستان بەتایبەتی، ڕووبەڕووی دۆخێکی سیاسیی ناهەموار بووبۆوە، کەهەم بەهۆی خراپیی سیاسەتی حکوومەتی عێراق لەڕێگەی کیمیابارانکردن و وێرانکردنی گوندەکان، هەمیش بەهۆی زاڵبوونی حکوومەتی عێراق بەسەر بزووتنەوەکەدا دوای وەستانی شەڕ لەگەڵ ئێران، کورد بێ جێ و ڕێ مابۆوە، بۆیە ڕێبەرانی کورد بەتایبەتی (جەلال تاڵەبانی) وایان بەباش زانی کە گفتوگۆ لەنێوان قاسملوو و ئێران بێتە کایەوە، تا بتوانن لەم ڕێیەوە چارەسەرێکی گونجاو بۆ بزووتنەوەی کورد بدۆزنەوە.[420]

5- حکومەتی ئێران بەردەوام پێشنیاری گفتوگۆی بۆ دەکرد، چونکە ئەو سەردەمە لەلایەك بەهۆی شەڕی کەنداوەوە لاواز بو بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی پشێویی سیاسیی نێوخۆیی تووشی قەیران بوو بوو، بۆیە ئێران ئامادەیی خۆی نیشان دا کەدەیەوێت لەڕێگەی ئاشتییانەوە مەسەلەی کوردەکانی ئێران چارەسەر بکات و کوردەکان لەکۆڵ خۆی بکاتەوە.[421] ئەمەش بەیەکێك لەهۆیەکانی بەستنی گفتوگۆ دادەنرێت، چونکە قاسملوو هەل و مەرجی کاتی پێشنیارەکەی ئێرانی بەوە لەبەرچاو گرتبوو، کەڕژێم بەپێی بنەماکانی خۆی دەبوو بەخۆی دا بچێتەوەو بارودۆخی گشتیی خۆی هەڵ سەنگێنێ و تێ بکۆشێت ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە

---

[420] پیتر پیلچ: س. پ، ل94.

[421] کۆبوونەوە لەسەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە کۆنگرەی ئەمەریکادا، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (246)، جۆزەردانی 1376هـ/ ژووئەنی ز1997، ل8.



www.pertwk.com

جـۆراو جۆرەكـانی ببینێتـەوە، كەیـەكێك لەگرفتـە سـەرەكییەكانی لـەدوای وەسـتانی شـەڕ لەگـەڵ عێـراق، شـەڕی كوردسـتان بـوو، بۆیـە بۆچـــوونی قاسملوویـــان بـــەوە گەیانـــد ئاســـاییە ڕژێـــم بـــیر لەچارەسەركردنی ئەو گیروگرفتە بكاتەوە.[422]

6- كاتێـك ڕەفسـەنجانی دەبێتـە سـەرۆك كۆمـاری ئێـران، چـەند جارێـك هـەوڵی گفتوگـۆو بەڕێگـەی ئاشـتی چارەسـەركردنی كێشـەی كـورد دێنێتـە گـۆڕێو لەڕێگـەی چـەند دۆسـتێكی قـاسملووەوە ئامادەیی خـۆی بـۆ گفتوگـۆ نیشـان دەدات،[423] ئەمـەش وا لـەقاسملوو دەكـات كەبێتـە سـەر ئـەو بـاوەڕە، كەلـەم بـارە ناخۆشـەی ئـەو سـای كورددا ڕەتكردنـەوەی گفتوگـۆ كـارێكی بـاش نییـە، چونكە گـەر هـیچ دەسـكەوتیش بەدەسـت نەیـەت، ئـەوا وەسـتانی شـەڕی نێـوان كـوردو كۆماری ئیسلامی بۆماوەیەك، بەدەستكەوتێكی باش بـۆ بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی كورد لەئێران دادەنرێت.[424]

7- قاسملوو بـەهۆی ململانـێی نێـو خـۆی حیزبـیو جیابوونـەوەی بەشـێك لـەحیزب، لەهـەمان كاتـدا بـوو بـووە جێگـەی سـەرنجو ڕەخنـە لەلایـــەن كوردەكـــانو ئۆپۆزســـیۆنی ئێرانـــی، بۆیـــە دەیویســـت بەهەرنرخێك بێت ڕێگا چارەیەك بۆ كێشەی كورد بدۆزێتەوە.[425]

---

[422] وتوویـــژی ڕادیـــۆیی هـــاوڕێ ســـكرتێری گشـــتیی حیـــزب (د.ســـادق شەرەفكەندی)، كوردستان (ڕۆژنامە)، ژ.(157)، بەفرانباری 1368هـ- ژانویـەی 1990ز، ل3.

[423] مەتین: س. پ، ل12.

[424] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێكۆشان، ب2، ل197.

[425] كریس كۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی.. ، ب2، ل108.



www.pertwk.com

8- چەند هۆیەکی دیکەش لەسەر قاسملوو کاریگەر بوون، وەك درێژخایەنیی شۆڕشەکەی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، کەماوەی (9-10) ساڵ بوو درێژەی هەبوو، ئەمەش پێویستیی بە پشوودانێك هەبوو، هەروەها لایەنی ماددیو خراپی ژیانو گوزەرانی ڕۆژانە، مەسەلەیەك بوو کاریگەریی خۆی هەبوو. جگە لەمانەش شەڕی بەردەوامی لەگەڵ کۆمەڵەو باڵی دووەمی حدکا (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ). وەك گادانی سکرتێری پێشووی ئەم ڕێبەرایەتییە لەچاوپێکەوتنێکدا ئەمەی خستە ڕوو و گوتی: "باڵی قاسملوو ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیان بە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانی، کە پێیان وابوو لەئایندەیەکی نزیکدا جێگەی وان دەگرینەوە، چونکە ئێمە لەگەشەی بەردەوام دا بووینو زۆر بەهێزیش بووین، کادیری زۆر باش لەگەڵ ئێمە بوو، جگە لەمەش قاسملوو کەئێمەی بەخائینو جاش لەقەڵەم دەداو شەڕی لەدژمان دەکردو پێشمەرگەی لێ شەهید دەکردین، بووە هۆی نارەزاییەکی زۆر لەناو خەڵك لەدژیان، کە بۆچی دەیان کوژنو شەڕیان دەکەن خۆ ئەمانە هاوکاری ڕژێمیان نەکردوەو خەبات دەکەن، بۆیە هەموو ئەمانە لایەنی قاسملووی بێ هێز کردبوو"[426].

---

[426] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی سەبارەت بە تیرۆری د.قاسملوو، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حدکا- ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، ژمارە (10-11)، دەورەی سێیەم، جۆزەردان- پووشپەڕی 1368هـ- ژوئەن- ژوئیەی 1989ز،ل1، 13، 25).

بەم شێوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم هۆیانە کەلەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، گفتوگۆی نێوان قاسملوو و ئێران دەستی پێ کرد.

دووەم: قۆناغەكانی گفتوگۆ:

أ-**خولی یەكەمی گفتوگۆ** (1988/12/28 -1989/1/20):

پێشتر لەساڵی 1986 دا ئێران ڕەزامەندیی خۆی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ قاسملوو لەڕێگەی جەلال تاڵەبانییەوە پیشان دابوو، كە لە 1987/7/1 لەڤیەننای پێتەختی نەمسا گفتوگۆ كرا، هەرچەندە هیچ ئاكامێكی دیاری لێ نەكەوتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت بڵێین بناغەیەك بوو بۆ بەستنی گفتوگۆكانی دواتر لەساڵی 1988دا، بەتایبەتی كاتێك د.قاسملوو دەچێتە ئەوروپا بەمەبەستی بەشداری كردن لە كۆنگرەی سۆسیالیستی جیهانی، نامەیەكی لەلایەن جەلال تاڵەبانی یەوە پێ دەگات، تێیدا پێی ڕادەگەیەنێت كە ڕەفسەنجانی نیازی وایە پەیوەندیی پێوە بكات بەمەبەستی گفتوگۆو كۆتایی هێنان بەكێشەی كورد، هەرچەندە لەسەرەتادا قاسملوو زۆر گرنگیی بەمەسەلەكە نادات، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن جەلال تاڵەبانی دووبارە پەیوەندیی پێوە دەكرێتەوە بەمەبەستی گفتوگۆو نیازپاكی ڕەفسەنجانی پێی ڕادەگەیەندرێتەوە، بۆیە ڕەزامەندیی خۆی بۆ گفتوگۆ نیشان دەدات.[427] دوای ئەوە ئێران پێی لەسەر ئەوە داگرت كە وتووێژ تا بەئەنجام دەگات دەبێ زۆر نهێنی بێتو قاسملووش وەك كەسی یەكەمی حدكا بۆخۆی تێیدا بەشداربێت.[428]

---

[427] د.علی نوری زاده: هكذا أغتیل قاسملوو، الدستور (مجلة)، عدد (596)، لندن، 31 تموزی 1989، ل15.

[428] چاوپێكەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، كۆیە، 2005/9/3.



www.pertwk.com

بەم شێوەیە جەلال تاڵەبانی پەیوەندییەکانی نێوان قاسملوو تارانی دامەزراند، بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین لەساڵانی 1983 – 1984دا هێزەکانی (ی.ن.ك) هاوکاریی و پشتیوانی حدکاو قاسملوویان کردبوو لەشەڕ دژ بەڕژێمی ئێران، جگەلەوەی وەك دوو سەرکردەی سیاسی کورد پێوەندیەکی لە مێژینەیان هەبوو،[429] بۆیە ئەم جۆرە نزیکایەتیە لەنێوان جەلال تاڵەبانی و قاسملوودا هەبوو. قاسملوو خۆشی ئارەزووی لە گفتوگۆ هەبوو، بۆیە دوای ئەوەی ئامادەیی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی گفتوگۆ دەربڕی، کات و شوێنی[430] خولی یەکەمی گفتوگۆکان، لەشاری ڤیەننا دانرا.[431]

---

[429] بڕوانە: (پێوەندی قاسملوو لەگەڵ ی.ن.ك) لە باسی یەکەمی بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە.

[430] دیاری کردنی شوێنی گفتوگۆ لەسەر پێشنیاری قاسملوو خۆی بووە، چونکە پێشتر گوتبووی، کە پێم خۆش نیە ئەنجامدانی گفتوگۆ نەلەنێو خاکی ئێران و نە لەنێوباشووری کوردستاندا بێت. بەڵگەشی بۆ ئەمانە ئەوە بووە، کە من ناچم بۆ نێو ئێران و ژێر دەستی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، گەر ئەوانیش بێنم بۆ باشووری کوردستان، دیارە دەبێت بێن بۆ نێو خاکی عێراق و پەیوەندییەکانی منیش لەگەڵ عێراق ڕێگام پێ نادا، کەنوێنەری ئێران بێنم بۆ نێو خاکەکەی، لەبەر ئەوە باشتر وایە بەنهێنی لەشاری ڤیەنناى ولاتی نەمسادا بکرێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی)، دوکان، 31/ ئاب/ 2005.

[431] پیتر پیلچ: س. پ، ل96.

د.قاسملوو پێش دوو ڕۆژ لەوادەی دەستپێکردنی گفتوگۆ، دەگاتە نەمسا بەو هیوایەی زنجیرە گفتوگۆ نهێنییەکانی لەگەڵ نوێنەرانی ڕژێمی تاران، کۆتاییەکی بەرهەم داریان هەبێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران بەشێوەیەکی ئاشتییانە.[432] بەمەش خولی یەکەمی گفتوگۆکان لە (1988/12/28) لەشاری ڤیەننا دەست پێ دەکات، کەلەلایەن ئێرانەوە (سەحرا روودی[433] و مستەفا ئەجوادی[434]) بەشداری دەکەن، لەلایەن کوردیشەوە (قاسملوو و

---

[432] هارڤی موریس– جورج بلوخ، س. پ، ل177.

[433] (محمد جعفر سەحرا روودی): ناوی تەواوی (محەمەد ڕەحیمی شاهرودی)یە، یاریدەدەری سەرکردەی فرقەی پاسداران بووە لە کوردستان، باوەڕپێکراوو جێی متمانەی سەرۆك کۆمار (ڕەفسنجانی) بووە، فەرماندەی قەرارگای هەمزە بوو. زۆر زوو لە کوردستان دەرکەوتوە، لەساڵی 1986 بووە بەفەرماندەی پلان و عەمەلیاتی گوردانی 15ی (پاسداران). ساڵی 1987 فەرماندەیی فەتح لەشارستانی سەقز دەخرێتە ژێر دەسەڵاتیەوە. لەکاتی گفتوگۆکانی لەگەڵ د.قاسملوو، نەخشی سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتیی ئێرانی دەدرێتێ و بە پاسەپۆرتی ئێرانی بەناوی (محەمەد جەعفەری صحراودی) خۆی دەناسێنێت و دەچێتە نەمسا. (د.عەلی نوری زادە: س. پ، ل84؛ پیتر پلیچ: س. پ، ل84).

[434] (مستەفا حاجی فیدائی): یان حاجی مستەفەوی، جێگری دەبیری گشتیی سوپای پاسدارانەو ئەرکی سەرەکیی بریتی یە لەکڕینی چەك و کەل و پەلی تەقەمەنی لەگەڵ ڕێك و پێك کردنی عەمەلیاتی تیرۆر، بەناوی حاجی ئاغاوە ناوی دەرکردوە کە وەزارەتی پاسداران دامەزرا، ئەو کاتە ئەو دەکرێت

عەبدوڵڵا قادری ئازەر[435]) بەشدار دەبن، لەنێویشیاندا جەلال تاڵەبانی وەك نێوبـژیوان بەشـدار دەبێـت.[436] بەمـەش وتوویـژێکی سـەرەتایی

بەنوێنـەری سـەرەکیی بەشـی پەیوەندییـەکانی دەرەوە، لـەکاتی گفتوگۆ لەگـەڵ قاسملوو سـاڵی 1988- 1989، بەپاسـەپۆرتی دیبلۆماسـی دەچێتە نەمسـاو پاشـان دوای تیرۆرکردنـی قـاسملوو بـە پاسـەپۆرتێکی دیکـە لـەژێر نـاوی (محەمەدی ڕەزەوی) ڤیەننا جێ دەهێڵێتو دەگەڕێتەوە بۆ تاران، (د.عەلی نوری زادە: س. پ، ل15؛ پیتر پلیچ: س. پ، ل84-85).

[435] (عبدلله قادری ئازەر): بەهاری ساڵی 1952 لەبنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی شاری نەغـەدە لـەدایك بـووەو خوێنـدنی سـەرەتایی لـەو شـارەدا تـەواو کـردوەو ساڵی 1969 دیبلۆمی هونەری وەرگرتوە. چەند ساڵێك مامۆستا بووە، پاشان دەچـێتە ئەنسـتیتۆتی کاروبـاری هونـەری لـەتاران و دیبلـۆمی بـاڵای لەهونـەر وەرگرتوە. ساڵی 1978 بووە بەئەندامی حدکا و چەند لێپرسراویەییەکی جیا جیای حزبی پێ سپێردراوەو دواتر لە کۆنگرەی حەوتـەمی حدکا ساڵی 1986 دەبێـت بەئەنـدامی کۆمیتـەی ناونـدیو وەك نوێنـەری حـدکا لەدەفتـەری پـاریس بەلێپرسراوی پەیوەندیەکانی دەرەوە دەست بەکاردەبێت و لەتێکۆشانی حزبیی خۆیـدا بـەردەوام دەبێـت، تـا ڕۆژی تیرۆرکرانـی لەگـەڵ قـاسملوو لـە ڕۆژی پێـنج شـەممە 1989/7/13. (کورتەیـەك لـەژیانی پرشـانازی شـەهید کـاك عبداللـە قـادری، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی حـدکا، ژمـارە (151)، پووشـپەڕی 1368ه/ ژوئیـەی 1989ز، ل1-6؛ ئاوڕێـك لـەژیان و تێکۆشـانی شەهید عبدالله قادری، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (163)، پووشپەڕی 1369ه – تەموزی 1990ز،ل4-5).

[436] پیتر پلیچ: س. پ، ل97؛ دیڤد ماکداوڵ: س. پ، ل575.

لەشاری ڤیەننا پێك هات، لەم دانیشتنەدا تەنیا بۆچوونی هەردوولا باس کراو بۆیەکتر خرانەڕوو، بڕیاردرا دواتر وتوویژی زیاتریان لەسەر بکرێ.[437] بۆیە خولی یەکەمی گفتوگۆکان کە ماوەی دوو ڕۆژ درێژەی خایاند بێ ئەوەی بگەنە هیچ جۆرە ئەنجامێکی بەرچاو، ڕێك کەوتن کە لەمانگی یەکی داهاتوودا درێژە بە گفتوگۆ بدەن.

لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری مانگی پێشوو، گفتوگۆی نوێ لە ڕێکەوتی 1989/1/20 دەستی پێکردو پاش گفتوگۆکردن لەسەر داخوازیی و داواکارییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای دیموکراسی بۆ ئێران و خود موختاری بۆ کوردستان، بێ ئەوەی بگەنە هیچ بن بەستێك لەڕێکەوتن، نوێنەرانی ئێران بەڕووکەش لەتێگەیشتنی داواکاری قاسملوو ڕازی دەبن و ئەوە ڕادەگەیەنن، کەپێویست دەکات ماوەیەکیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ تاران و لەگەڵ سەرووی خۆیان داواکانی قاسملوو بخەنەڕوو، دوای تاوتوێ کردنی وەڵامیان بدەنەوە.[438]

[437] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[438] Abdul Rahman GHASSEMLOU MAN of PEACE and DIALOGUE, Op. Cit., P.4.



www.pertwk.com

**ب-خولی دووەمی گفتوگۆ** (12و 1989/7/13):-

پێشتر ئاماژەمان پێ دا کە گفتوگۆکانی خولی یەکەم لە 1989/1/20 دا کۆتایی پێ هات، ئیدی لەم ڕۆژە بەدواوە لەجیاتی ئەوەی ئێران وەڵامی پێویست بۆ داخوازەکانی قاسملوو بداتەوە، یان درێژە بە گفتوگۆکانی بدات، بەپێچەوانەوە کەوتە بڕوبیانوو هێنانەوەو دروستکردنی قسەی نابەجێ بۆ گۆڕینی بەشداربووانی کۆبوونەوەکان، چونکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا مەرام و مەبەستی ئێران لەسەرەتاوە نیاز خراپی و نەخشە دانان بۆ کاری تێکدەرانەو کوشتن و لەنێو بردنی قاسملوو بوو، چونکە بەهۆی ئەوەی لەسەرەتای گفتوگۆکان لەخولی یەکەم دا، جەلال تاڵەبانی بەشداریی دەکردو لەڕووی ئارامی و ئاسایشەوە گیانی گفتوگۆ کەران و بەتایبەتیش قاسملووی بەتەواوی دەپاراست، بۆیە ئێران کەوتە بڕوبیانوو دۆزینەوە بەوەی گوایە ئێمە بڕیارمان دابوو کە (گفتوگۆ نهێنی بێت)[439]، بەڵام ئێستاکە گفتوگۆ ئاشکرا کراوەو خەڵك

---

[439] پێداگرتنی ئێران بۆ ئەوەی گفتوگۆکان نهێنی بن و کەس نەزانێت، بیانووی ئەوەیان بۆ قاسملوو هێناوەتەوەو لەڕێیەوە پێیان سەلماندوە کە گوایە لەنێو دەسەڵاتدارانی ئێراندا دوو باڵ هەیە، باڵی لایەنگرانی ڕەفسنجانی سەرۆك کۆمار دەیانەوێت گفتوگۆ سەربکەوێ و کێشەی کورد چارەسەر بکەن، بەڵام باڵی دووەم لایەنگرانی خومەینی دژی ڕێککەوتن و چارەسەری کێشەی کوردن، بۆیە ئەگەر گفتوگۆکان بەنهێنی بێت ئەوا ئێمە دەگەینە ڕێککەوتن و ئەوکاتە باڵی دژی ڕێککەوتن تووشی بڕیاری چارەنووسساز دەبن، چونکە ئەگەر ڕێککەوتن کرا تازە قسەیان نامێنێ و هیچیان پێ ناکرێت. بەمەش تەواو

زانیویـەتی، ئەمەشـیان بـۆ خـودی جـەلال تاڵـەبانی دەگێڕایـەوە، کـە گوایە نهێنییەکانی نەپاراستوەو ئاشکرای کردوون، هـەموو ئـەو بیرو بۆچـوونانەی ئێـرانیش بـۆ ئـەوە بـوو جـەلال تاڵـەبانی لەهاوکێشـەکە بێننە دەرەوە، چونکە بێگومان نەیان دەویسـت جـەلال تاڵەبانی-یـش بکوژن. بۆیە دوای ئـەوەی ئـەم بۆچـوونانەیان تـەواو لـەبیری قاسملوو چەسپاند، بۆیە خودی قاسملوو بە جەلال تاڵەبانی ڕادەگەیـەنێت، کـە تاوانی ئێوەیە ئێران گفتوگۆی لەگەڵمان ڕاگرتوەو درێژەی پێ نـادات، چونکە ئێوە نهێنیەکانتان نەپاراستوەو درکاندووتانە لەلای خەڵك.[440]

---

بڕوایان بە قاسملوو هێنابوو، قاسملووش تـەواو بڕوای بـە مـام جەلال هێنـابوو کـە گفتوگـۆ نـەماوە، بۆیـە یـەکێتی و مـام جـەلال لـە گفتوگـۆ چـوونە دەرەوە، (چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی، دوکان، 31/ئاب/2005).

[440] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی، دوکان، 31/ئاب/2005.

لەبارەی وەدەرنانی جەلال تاڵەبانی لەگفتوگۆکانی نێوان قاسملوو و ئێران، تاڵەبانی لەچاوپێکەوتنێکیدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "لەدیداری چوارەمدا داوایان لەمن کرد دەست لەو ناوبژیوانییە هەڵگرم تا (فازڵ رەسوڵ)[441] و سەرۆك (بن بلا)[442] ڕێکی بخەن،

---

[441] فازیڵ رەسوڵ: ناوی تەواوی (فازڵ مەلا مەحموود حاجی مەلا رەسووڵ)ە، ساڵی 1947 لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەمنداڵییەوە پارتی بوو، پاشان دەچێتە نێو حیزبی شیوعی و لە لبنان لەگەڵ (عادل عبد المهدی –ئێستا جێگری سەرۆك کۆماری عێراقە–) دەبێتە هاوڕێ و لەڕێگەی ئەو تێکەڵاوی لەگەڵ بنەماڵەی (الحکیم) لەئێران پەیدا دەکات و لەوپەڕی چەپەوە دەبێتە ئەوپەڕی ڕاست و دەچێتە نێو (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی)و دەبێتە ئیسلامی. دواتر لەگەڵ (سۆزانە ڕوکنشاوب) ژیانی هاوسەری پێك هێناوەو ساڵی 1985 بووە بەنەمساوی، لەگفتوگۆکانی نێوان قاسملوو و ئێران دا لەسەر پێشنیاری ئێران بەهۆی هاوڕێیەتی و نزیکایەتی لە قاسلموو نەخشی ناوبژیوانی دەدرێتێ، دواتر لە ڕۆژی پێنج شەممەی 1989/7/13 لەگەڵ قاسملوو تیرۆر دەکرێت، (چاوپێکەوتن لەگەڵ (پ. د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ)، سلێمانی، 2006/2/9).

[442] بن بلا (ئەحمەد بن بلا): ساڵی 1916 لەشاری مارینای نزیك سنووری مەغریب لەدایك و باوکێکی جووتیار لەدایك بووە، لەتەمەنی 15 ساڵیدا چۆتە ڕیزی پارتی گەلی جەزائیر. پاش چەند ساڵێکی کەم بووە بەیەکێك لەسەرکردەکانی ئەم پارتە، پاشان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی پارتی یەکبوون و کارباریان پێك هێناو ساڵی 1954 خەباتی چەکدارانەیان لەجەزائیر دەست پێ کرد، لەخەباتی دژ بەداگیرکەریی فەرەنسا لەوڵاتەکەی تێ کۆشاوەو ساڵانی

ئەوکات لێی حاڵی نەبووم، پاشان تاڵەبانی دەپرسێت: نازانم ئایا بۆ ئەوە بوو کە کەڵك لەو پاسەوانییەی کە من بۆم دابین کردبوو (مەبەستی قاسملووە) نەبینیٚ؟.[443]

دوای ئەم ئاڵوگۆڕانە ئێران لەوە دڵنیا بوو کەبۆچوون و قسە خراپەکانیان لەسەر خودی جەلال تاڵەبانی بۆ وەدەرنانی لەهاوکێشەی گفتوگۆدا بەتەواوی لەلایەن قاسملوو وەرگیراوەو بڕوای پیٚ هێناوە، کەوتەوە هەوڵی ئەوەی جارێکی دیکە خولێکی نویٚ لە گفتوگۆی لەگەڵ دەست پیٚ بکاتەوە بۆ بەجیٚ گەیاندنی مەرام و ئامانجە تایبەتەکانی خۆیان. هەرلەوکاتەدا قاسملوو لەمانگی ئاداری 1989 دا کاتێك کەبینی تاران نیازی وایە وتوویٚژ ڕابگرێت هەستی بەنا ئومێدی کرد، بەڵام لە دوای مردنی خومەینی تیٚ گەیشت کە تاران حەز دەکات سەر لەنویٚ گفتوگۆ دەست پیٚ بکاتەوە.[444] بۆیە کاتێك لە کۆتایی بەهاری 1989 دا دەچێت بۆ ئەوروپا بۆ بەشداری

---

1954 تاکو 1962 لەبەندیخانەکان زیندانی بووەو پاشان لەگەڵ سەربەخۆیی جەزائیر لەبەندیخانە ئازادکراو ساڵی 1963 بەیەکەم سەرۆکی جەزائیر هەڵ بژێردراو ماوەی 3 ساڵ بەسەرۆك کۆمار مایەوە، پاشان لەدۆخی دژواری وڵاتەکەی تووشی بەندیخانە دەبێتەوەو تا ساڵی 1979 جارێکی دیکە ئازاد دەکرێتەوە. بڕوانە: (کماأملاها علی روبیر میرل:مذکرات احمد بن بلة، ترجمة العفیف الاخضر،ط2،بیروت،1979، ل5–10).

[443] وەرگیراوە لە: (منذر الموصلی: الحیاة السیاسیة والحزبیة في کوردستان، ط1، بیروت، 1991، ل350–351).

[444] دیڤد ماکداوڵ: س. پ، ل575.



www.pertwk.com

کردن لە کۆبوونەوەی سۆسیالیستی ئینتەرناسیۆناڵ، ئێران هەوڵ دەدات لەڕێگەی (د.فازل)ەوە پەیوەندیی پێوە بکات بۆ درێژە دان بە وتووێژی ڕابردوو، بەمەش دوای ڕازی بوونی قاسملوو سەرەنجام ڕۆژی 1989/7/11 دەست نیشان دەکرێت بۆ خولی دووەمی گفتوگۆکان.[445]

بەم شێوەیە خولی دووەمی گفتوگۆ نزیکەی حەوت مانگ دوای خولی یەکەم، بەئامادەبوونی لایەنی ئێرانی بەنوێنەرایەتیی پێشوویان (محەمەد جەعفەر سەحراروودی‌و حاجی مستەفەوی)و بەزیادکردنی ئەندامی سێیەم بەناوی (ئەمیر مەنسوور بوزورگیان)،[446] دوای ئەوەی ڕۆژی گفتوگۆ دەگۆڕن بۆ 1989/7/12 لەگەڵ لایەنی دووەم بەئامادەبوونی (قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر)و (د.فازڵ ڕەسوڵ) وەك نێوبژیوان ئامادە دەبێت.[447] بۆیە خولی دووەمی گفتوگۆ 1989/7/12 لەشاری ڤیەننای پێتەختی نەمسا لەماڵی هاوڕێیەکی د.فازڵ دەست پێ دەکات، هەردوولا بیروڕاکانی خۆیان بۆیەکتر ڕوون

---

[445] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل199.

[446] ئەمیر مەنسور بوزرگیان: ئەمە لەبنچینەدا کوردەو پێشتر ئەندامی حدکا بووە، پاشان لەنووسینگەی دەرەوەی وەزارەتی هەواڵگری ئێران کاری کردوە، کارگێڕی پەیوەندی گرتن بووە لەنێوان وەزارەتی هەواڵگری‌و قەرارگای ڕەمەزان دا، لەکاتی خولی دووەمی گفتوگۆکان لەگەڵ قاسملوودا، بەپاسەپۆرتی دیبلۆماسی دەچێتە نەمسا بەناوی ئەرکی پاراستن‌و پاسەوانی کردن. (پیتر پێلچ: س. پ، ل84؛ د.علی نوری زادە: س. پ، ل15).

[447] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.



www.pertwk.com

دەکەنەوە، بێ هیچ ئەنجامێك گفتوگۆ بۆ ڕۆژی دوایی دوا دەخەنو لە 1989/7/13دا لەهەمان شوێنی پێشوو گفتوگۆ دەست پێدەکەنەوە.[448]

سەرەتا لایەنی ئێرانی بەهەمان شێوەی دانیشتنەکانی پێشوویان دەڵێن: ئێمە هیچ پەیامێکمان لەلایەن دەوڵەتەوە نەهێناوە، بەڵکوو هاتووین بزانین ئێوە چۆن بۆ مەسەلەکە دەڕوانن، داخوازییەکانتان چین؟ هەرچەندە قاسملوو لەگفتوگۆکانی پێشوودا بەدرێژی باسی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانو خود موختاریی بۆ کرد بوون، بەڵام هیچ ئاکامێکی باشی لێ نەکەوتبۆوە.[449] بۆیە دووبارە لەچەند خاڵێکی سەرەکیدا بەرنامەی خۆی بۆ خود موختاریی کوردستان دەخاتەوە ڕوو، زۆر بەڕوونی پێ لەسەر بۆچوونەکانی خۆی دادەگرێتو هەوڵ دەدات لایەنی ئێرانی بەبۆچوونەکان ڕازی بن، ئەمەش وەك لەدەقی گفتوگۆکان تۆمار کراوەو تا ئێستا پارێزراوە،[450] تیایدا قاسملوو زۆر هەوڵ دەدات شێوەی خود موختاری بۆ کوردستان لەچوارچێوەی ئێراندا بۆ لایەنی ئێرانی ڕوون بکاتەوە، بەشێوەیەکی زۆر باش بەرگری لەداخوازییەکانی گەلی کورد دەکاتو لێزانانە وەڵامی بۆچوونە دژەکانی بەرامبەر دەداتەوەو بەئومێدەوە

---

448 د.علی نوری زادە: س. پ، ل15.

449 عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل193.

450 زۆر هەوڵماندا بەدەستیان بخەین، بەڵام لەلایەن حدکاوە پێمان نەدرا.



www.pertwk.com

دەڕوانێتە ئایندەی گفتوگۆو ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران،[451] بەڵام لایەنی ئێرانی زیاتر خۆیان بەمەسەلە لاوەکییەکانەوە خەریك دەکەن و لەم ڕووەشەوە کات بەسەر دەبەن، بۆیە بێ ئەوەی ڕازی بوونی خۆیان بۆ قاسملوو دەربڕن و گفتوگۆ بەئەنجام بگات، بەپێچەوانەوە بێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێکی تەواو بەدرێژایی ئەو گفتوگۆیانەیان، گفتوگۆکان بەدیاری کردنی چارەنووسی ژیانی قاسملوو کۆتایی پێ دێنن.[452]

---

[451] بۆ دەقی وەرگێردراو لەکاسێتەکانی گفتوگۆی نێوان قاسملوو و نوێنەرانی ئێران، بڕوانە: (کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و...، ب2، ل88- 107).

[452] پیتر پێلچ: س. پ، ل98؛ هاوڕێ باخەوان: هاوڕێ نامە بۆ مێژووی...، ل328.

**سێیەم: ئاكامەكانی گفتوگۆو تیرۆركردنی قاسملوو:-**

دوای درێژەدان بە گفتوگۆ، كاتژمێر (7,30) ئێوارە، بزرگیان بەبیانووی كڕینی هەندێ خواردنەوە دەچێتە دەرەوە.[453] لەوكاتەدا بكوژەكان بەگوێرەی ئەو كاسێتانەی كە وتەكانی هەردوو لای لەسەر تۆمار كراوە دەردەكەوێت هەردوولا لەكاتی وتووێژ كردندا بوون كەدەنگی چەند تەقەیەكی نزم دێت، دیارە ئەو چەكانەی بەكارهاتوون دەنگ شاراوە بوون، ئیتر لەوكاتەدا قسەكان دەپچڕێن.[454] بەمەش گفتوگۆكان لە ئێوارەی 13ی تەمموزی 1989 بەكارەسات كۆتایی پێ هات، كە جەژنی قوربانی موسڵمانانو چلەی مەرگی خومەینی بوو، بوو بەهۆی شەهید بوونی عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵلا قادری ئازەرو فازیل مەلا مەحمود رەسووڵ[455] و برینداربوونی محەمەد ڕەحیمی.[456]

---

[453] طارق جوهر سارمەمی: س. پ، ل2.

[454] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێكۆشان، ب2، ل194؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (هارڤی موریس- جورج بلوخ: س. پ، ل170-180).

[455] لەساڵرۆژی شەهیدبوونی د.قاسملوودا، ئاڵای ئازادی (ڕۆژنامە)، ڕۆژنامەیەكی سیاسیی هەفتانەیە، مەكتەبی ڕاگەیاندنی حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان دەری دەكات، ژمارە (8)، خوولی دووەم 1993/7/18، ل8؛ مەتین: س. پ، ل12؛ فاتح رەسوڵ: س. پ، ب3، ل613؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (كەریمی حسامی: لەبیرەوەرییەكانم، ب10، چاپخانەی ماردین، سوید، 1996، ل31-34).

[456] نادر ئینتیسار: س. پ، ل96.

پاش ئەم ڕووداوە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی نەمسا ئەوەیان ڕوون کردەوە، برینداربوونی ڕەحیمی بەهەڵە بووە، یان بەهۆی بەربەرەکانی عەبدوڵڵا قادری بووە، کەپاش کوژرانی قاسملوو پەلاماری پیاوکوژەکانی دابێ و ویستبێتی ڕەحیمی بخاتە بەردەم دەستڕێژی گوللەکان و قاسملووی پێ بپارێزێت.[457]

بەم جۆرە دوای ئەوەی قاسملوو ژیانی لەپێناوی نەتەوەکەی بەخت کرد شەهیدکرا. ومەکتەبی سیاسیی حدکا بڕیاری دا لەبەر هەل و مەرجی ئەو کاتی کوردستان، بەشێوەی کاتی تەرمەکەی لە گۆڕستانی پیرلاشێزی پاریس بنێژن و تا بەستنی کۆنگرە یان

---

457 د.علی نوری زادە: س. پ، ل16.

کۆنفرانس (سادق شەرەفکەندی)[458] جێگری سکرتێر، کاروبارەکانی سکرتێری حدکا بەڕێوە ببات.[459]

سەبارەت بەلایەنی تاوانبار لە تیرۆرکردنی قاسملوو و هاوڕێیانی دا، حدکا لەسەرەتای کارەساتەکەدا هەڵوێستی ڕوونیان نەبوو،[460] پاشان لەبەیاننامەی حدکا سەبارەت بە تیرۆرکردنی قاسملوو هەڵوێستیان بەم جۆرە دەربڕی: "ئەو تیرۆرە لەلایەن کام یەك لە دوژمنانی ئازادیو ئینسانیەتەوە جێ بەجێ کراوە بەتەواوی ڕوون

---

[458] د.صادق شەرەفکەندی: ساڵی 1936 لەدایك بووە، برای هەژاری شاعیرە، لەپاریس خوێندنی باڵا لەبواری کیمیایی پیشەسازی لەزانکۆی پاریس تەواو دەکات، ناوی ڕاستەقینەی صادقو لەحزبیشدا بە (دکتۆر سەعید) ناسرابوو، شەرەفکەندی چەند لێپرسراویەتییەکی جۆراو جۆری لە حدکادا بینیوە تا پلەی سکرتێری گشتی، درێژەی بەخەباتی سیاسی داوە تا ئەو ڕۆژەی لە 1992/9/17 لەلایەن تیرۆریستەکانی ئێرانەوە لەتەمەنی 56 ساڵیدا لەبەرلینی پێتەختی ئەڵمانیا تیرۆر دەکرێت. (فەتاح مرشد کاکەیی: ڕۆڵەی هەمیشە زیندو شەهید د.سادقی شەرەفکەندی نەمر، ڕەنگین (گۆڤار)، ژمارە (59)، بغداد، 1993، ل20-21).

[459] بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا لەسەر تیرۆری هاوڕێی تێکۆشەر د.عبدالرحمن قاسملوو سکرتێری گشتیی، کوردستان (ڕۆژنامە)، \ژمارە (151)، پووشپەڕی 1368هـ/ ژووئیەی 1989ز، ل1-2.

[460] بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر تیرۆری د.قاسملوو، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، ژمارە (12)، دەورەی سێیەم، گەلاوێژی 1368هـ/ ئابی 1989، ل4.


www.pertwk.com

نیە، بەڵام ئەو زانیارییانە کە تائێستە وەدەست کەوتوون نیشان دەدەن کە ئەو پیلانە لەلایەن ڕژێمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە چووە".[461]

شایانی باسە هەڵوێستی حدکا لەسەرەتاوە، کە بەم شێوە بووە هەڵوێستێکی ڕاستو دروست بوو، چونکە ڕوودانی کارەساتێکی کتو پڕی لەم جۆرە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی وورد هەیە، تا تاوانباری ڕاستەقینە بەدەربکەوێت، بەتایبەتیش ئەو کات لەسەرەتاوە بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە تیرۆری قاسملوو هەبوو، کەبەشێوەیەکی گشتیی، پێیان وابوو ڕەنگە عێراق دەستی لەم کارەدا بێت، لەترسی نزیك بوونەوەی ئێرانو شۆڕشگێڕانی کورد، لەبەرئەوەی کاتێك حکوومەتی عێراق دەستی دایە کیمیا باران کردنی هەڵەبجە، قاسملوو هەڵوێستی توندو نارەزایی بەرامبەر بەو کارە دەربڕی، یان پێیان وابوو موجاهدینی خەڵق دەستیان لەم کارەدا هەبووبێت، چونکە ڕێککەوتنی قاسملووی لەگەڵ ئێران پێ ناخۆش بوو. یاخود باڵە توندڕەوەکەی نێو ڕژێمی ئێران ئەم کارەیان کردوە بۆ ئەوەی ڕەفسەنجانی، کەلەدوای مردنی خومەینی ساڵی 1988 دەبێت بەسەرۆك کۆماری ئێران بەکەسێکی میان ڕەو دەناسراو جیاواز بوو لەسیاسەتی خومەینیو هاوبیرەکانی، یان باڵەکەی دیکەی حدکا ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیان تاوانبار دەکرد،

---

[461] بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا لەسەر تیرۆری هاوڕێی تێکۆشەر د.عبدالرحمن قاسملوو سکرتێری گشتیی، س. پ، ل1-2.

بۆچوونیش هەبوو ڕەنگە بەفەرمانی ڕەفسنجانی ئەم کارە جێ بەجێ کرابێت و وتووێژیش هەر بۆ خستنە نێو داوی قاسملوو بووبێت.[462]

جگە لەم بۆچوونانە، پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو کە ڕابردووی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران، گومانمان لەلا ناهێڵێت کە تاوانباری ڕاستەقینە دەوڵەتی ئێران خۆی بێت، چونکە لەمێژووی ئێران لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتیی شاهەنشاهی و پاشانیش ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا، چەندین کاری دیکەی تیرۆریستی لەم جۆرە بەدەستی ئەم ڕژێمانە جێ بەجێ کراوە، وەك تیرۆرکردنی (هەمزاغای مەنگوڕ)و (سمکۆی شکاك)[463] و (مەلا ئاوارە، سلێمانی موعینی)و ...هتد.[464] هەروەها لە سێدارەدان و تیرۆرکردنی چەندین شۆڕشگێڕی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەفەرمانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی سالانی 1979- 1989 چ لە کوردستان و چ

---

[462] نادر ئینتیسار: س. پ، ل96- 98.

[463] یاسین خالد حسن: کوردستان الشرقیە، ل50- 62؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (درك کینان: کوردو کوردستان، و. ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 1999، ل57؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران، چ2، سلێمانی، 2005، ل472- 484).

[464] محمد توفیق وردی: قافلة الشهداء الاکراد والشعوب الایرانیة، مطبعة اللواء- بغداد، 1972، ل15- 20؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (کەریم حسامی: کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، 1971ز، ل70- 90).

لەدەرەوەی کوردستان،[465] کە ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران لەئەنجامدانی کاری تیرۆریستی خاوەنی مێژوویەکی ڕەشن، لەم بوارەشدا باڵا دەستن بۆ تیرۆرکردنی نەیارەکانیان لە کوردستان. لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوەش بزانین قاسملوو بەدرێژایی خەباتی سیاسیی خۆی دژ بەڕژێمی کۆماری ئیسلامی، ناوی لە لیستی ئەوانە دا بوو، کە دەوڵەتی ئێران بڕیاری کوشتنی دابوون.[466] جگە لەمانەش بۆ تاوانبارکردنی ئێران چەند بەڵگەیەك ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، وەك:-

1- وەڵامە دژ بەیەکەکانی نوێنەرانی ئێران لەکاتی لێکۆڵینەوەیان لەلایەن پۆلیسی نەمساوە.

2- بەڵگە بۆ ئەوەی کە هیچ کەس لەدەرەوەی شوێنی گفتوگۆکان نەهاتوە دەستڕێژ لەبەشدار بوانی کۆبوونەوەکە بکا، ئەو مەسەلەیە کە بۆچی بکوژ یان بکوژەکان تەنیا ئەندامو نوێنەرانی لایەنێکی وتووێژەکەیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە، بەڵام هیچ کام لە کوردەکانیان نەبواردوە.

---

[465] VICTIMS OF IRANIAN STATE TERROR ISM, name and first name Function, Date of assault, place of assault, P. (1-20), 20/6/2005, http://www.pdk-iran.org

[466] هاوکاری (ڕۆژنامە)، ژمارە (1093)، پێنج شەممە، بەغداد، 1989/7/20، ل1؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (ح. ماردین: س. پ، ل7).

3- ڕاکـردن و خۆشـاردنەوەی سـێیەم نوێنـەری ئێرانـی حـاجی مستەفەوی لە پۆلیسی نەمسا.[467]

هـەروەها ڕۆژنامـەی (القادسـیە) لـەزمانی ڕۆژنامـەی (کـورێری) نەمساوە ڕای گەیاند حکومەتی ئێران لەپشت تیرۆرکردنی قاسملووە، جگە لەمەش امیر منصور بزرگیان و مستەفا حاجی ئەلیاس (حاجی فیدائی) دوای ڕووداوەکە ڕایان کردوە بۆ باڵوێزخانەی ئێران و خۆیان شاردۆتەوە، کەئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەستی ئەوانە لەم کارە تیرۆریەدا هەبێت.[468]

نهێنیی ئەم مەسەلەیە چەند ساڵێك دواتر بەشایەتی دانی (س)[469] کـە لەبـەردەم دادگـەی میکۆنۆسـدا ڕای گەیانـدبوو: "تـۆڕە هەواڵدەرییەکانی بەشی نهێنیی پاسداران ڕای گەیاندوە کە قاسملوو وەك قسەکەری حدکا دەیەوێت گفتوگۆ بکات بۆ ئەوەی هەل و مەرجی سیاسی ئارام بکاتەوە. ئەوە دەتوانرێت بکرێتە فاکتەرێکی سیاسی. لەبەر ئەوە دەبێت ناوبراو لەوێستگەی سەرەتای تێکۆشانەکانیدا کۆتایی بەکاری بهێنرێ و بکوژرێت".[470]

---

[467] چەند پرسیار لە وەزیری نێوخۆی ئوتریش، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (223)، پووشپەڕی 1374هـ- ژووئیەی 1995ز، ل16.

[468] النمسا تعلن رسميا ايران وراء عملية اغتيال قاسملو، القادسيه (صحيفه)، العدد (2956)، السنه التاسعه، بغداد، (20 تموز 1989)، ل1.

[469] ناوی تەواوی (ئەبولقاسم میسباحی یە).

[470] پیتر پیلچ: س. پ، ل85.



www.pertwk.com

حکومەتی ئێران لەماوەی 10 ساڵی تەواو (1979–1989)دا لەژێر دەسەڵاتی خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئێران دا دەستووری کوشتنی سیاسیی دابوو، دوای مەرگی خۆشی، سەرۆك کۆمار (ڕەفسنجانی) تیرۆریزمی دەوڵەتیی بەشێوەیەکی تازە ڕێك دەخات و بۆ جێ بەجێ کردن و بڕیاردانیش لەسەر عەمەلیاتی لەم چەشنە لەساڵی 1989 دا، کۆمیتەیەکی نهێنی دوور لەیاسا بەناوی (کۆمیتەی کارە تایبەتییەکان)[471] دادەمەزرێنێت، لەگەڵ ئەمانەشدا مەرگی قاسملوو یەکێك لەو بڕیارانە بووە، کە خومەینی بۆخۆی واژۆی کردبوو، بەڵام دوای مردنی خومەینی لە 3ی حوزەیرانی 1989دا، کۆمیتەی کارە تایبەتییەکان ئەو کارە دەگرنە ئەستۆی خۆیان و لەسەرەتای چل ڕۆژی تازیەباریدا، بڕیاری کوشتن و تیرۆرکردنی قاسملوو ڕادەگەیەنن و بەتەواوی لەڕۆژی چلەی خومەینی دا کارەکە جێبەجێ دەکەن.[472]

---

[471] (کۆمیتەی کارە تایبەتیەکان): ساڵی 1989 بەفەرمانی ڕەفسنجانی سەرۆك کۆماری ئێران دادەمەزرێنرێ بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی، کەیەکەم کاری گرنگی ئەو کۆمیتەیەش بڕیاردان و جێ بەجێ کردنی تیرۆر کردنی د.قاسملوو بوو، کە ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە کە ئەم کارەیان جێبەجێ کردوەو ڕێوشوێنیان بۆ داناوە، بریتی بوون لەمانە: (عەلی ئەکبەر هاشم ڕەفسنجانی– سەرۆك کۆمار، عەلی خامنەیی– ڕێبەری ئاینی، عەلی فەلاحیان– وەزیری سازمانی ئەمنیەت، شەمخانی – وەزیری سوپای پاسداران، عەلی ئەکبەر ویلایەتی– وەزیری دەرەوە)، (پیتر پیلچ: س. پ، ل85).

[472] دیڤید ماکداوڵ: س. پ، ل575– 576.

بۆیە دەكرێ بوترێ ڕاستە دەربارەی چۆنیەتی شەهید بوونی گەلێ بیروڕای جیاواز هەبوو، تەنانەت گەلێ جار لایەنە كوردیەكانی نەیاری قاسملووی لە ڕۆژهەلاتی كوردستان و هەندێ جاریش حكومەتی عێراقیش تاوان بار دەكران، بەلام لە دوایدا ساغ بۆوە كە حكومەتی ئێران ئەم كارەی ئەنجام داوە.

دوای تیرۆركردنی قاسملوو بەچەند ڕۆژێك، هێلینی خێزانی دەكەوێتە خۆی بۆ ئەوەی لەڕێگەی دادگاوە مافی خۆی بەدەست بێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش پارێزەرێكی تایبەتی بەناوی (پیتەر پیلچ) هەلبژارد، كە تا ئێستەش پارێزەری قاسملووە، كە دوای سالێك لەهەولەكانی دادگایی كردنێك لەشاری ڤیەننای پێتەختی نەمسا لە 18ی تەمموزی 1990ز دا پێك هات و تێیدا هێلین قاسملوو دادگایی كردنەكانی یەك لەدوای یەك دۆڕاند، چونكە دەولەتی نەمسا هەموو كاتێك مافی دەدا بەخۆی،[473] بەلام لەگەل ئەوەشدا كاربەدەستانی نەمسا لە پلەی بەرزدا جەختیان لەسەر تاوانباركردنی ئێران لەم تاوانە كردەوە، بەتایبەتی كاتێك (فرانتس لۆی شتاك) وەزیری نێوخۆی نەمسا لەسالی 1990دا بۆ ڕۆژنامەی (دیر ئیستاندارد) دواو گوتی: "هەموو نیشانەو بەلگەكان وا نیشان دەدەن كە

[473] پیتر پیلچ: س. پ، ل33.

د.قاسملوو و هاوڕێیانی بەدەستی نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران کوژراون".[474]

هەر چەندە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بکوژانی قاسملوو و هاوڕێیانی لەلایەن دادگاوە دەستگیر نەکراون و مامەڵەی یاساییان لەگەڵ نەکراوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتەواوی ڕووی تاوانباری ڕاستەقینە یەکلایی کراوەتەوەو ئێران بە ئەنجامدانی ئەم کارەساتە تاوانبار کراوە، بەتایبەتی کاتێك ڕۆژنامە دەرەکی و ناوەکییەکان و تۆڕی زانیارییە جیهانییەکان، ڕووی تاوانبارکردنی ڕەفسنجانی و محمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆك کۆماری ئێستەی ئێرانیان ئاشکرا کردوە.[475] بۆیە مەسەلەی تیرۆرکردنی قاسملوو بۆتە بابەتی سەرەکیی تاوانبارکردنی ئێران بەئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لەجیهان دا، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەژێر فشارەکانی حدکاو کوردەکان لە ئەوروپاو پارێزەری تایبەتی تیرۆری قاسملوو (پیتەر پیڵچ) لەم دواییانەدا دەوڵەتی نەمسای خستە ژێر فشار بۆ ئەوەی

---

[474] دەوڵەتی ئوتریش دەبێ بەرپۆوەبەرانی ئەسڵی تیرۆری د.قاسملوو بناسێنێ، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (157)، بەفرانباری 1368هـ، تەموزی 1990ز، ل13.

[475] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (414)، 15ی جۆزەردانی 1384هـ- 5ی ژووئەنی 2005ز، ل1؛ ELMUNDO: "ئەحمەدی نژادو ڕەفسەنجانی لە تیرۆری ڕێبەرانی کورددا دەستیان هەبووە"، http://www.peshmergekan.com/qasmlu/terorist-ahmad-nijad2005.htm P.(1-2),8/7/2005.



www.pertwk.com

زیاتر تاوانباران مەحکوم بکات، ئەوە بوو لە 2005/7/6 دا وەزارەتی نێوخۆی نەمسا ڕای گەیاند کەسەرۆکی ئێرانی مەحمود ئەحمەدی نەژاد تاوانبارە بە کوشتنی سەرکردەی کورد عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی 1989 لە ڤیەننادا.[476]

لەگەڵ ئەوەی ئێران بەفەرمی ئەم تاوانە لەسەرخۆی ڕەت دەکاتەوە،[477] بەلاّم تیرۆرکردنی قاسملوو کاردانەوەی لەسەر ئاستی دنیاو نێوخۆ لیّ کەوتۆتەوە.

---

[476] نوروز (مجلة): وزارة الداخلية النمساوية: احمدى نجاد متهم بقتل الزعيم الكردي عبدالرحمن قاسملو في فيينا عام 1989، http://www.NEWROZ.com P. (1-2)؛ بۆ دەقی بەیانەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (5).

[477] ج. پاکنژاد: ترور عبدالرحمن قاسملوو و يارانش ونقش احمدى نژاد؟، پس ازترور، اسناد حزب دمکرات کردستان توسط کی به ایران بردەشد؟، ل1-3، پنجشنبه 16 تیر 1384ه، 2005/10/10ز، http://www.news.gooya.com(gooyanewspolitics).



www.pertwk.com

**چوارەم: هەڵەکانی قاسملوو لە گفتوگۆدا:-**

**1- ڕەچـاونەکردنی ئـەزموونی سـاڵانی ڕابـردوو لەگـەڵ ڕژێمـی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەڵبژاردن و پێداگرتنی خودی قاسملوو لەســەر سیاســەتی دانووســتان و بەڕێگــەی گفتوگــۆو ئاشــتی بــۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، چونکە ڕژێمی ئێران چەندین جاری دیکە کەوتۆتە گفتوگۆ، بەڵام هیچ کاتێك مەبەستی نەبووە کێشەی کورد یەکلایی بکاتەوە، بۆیە هیچ یەکێك لەڕووداوو ئەزموونەکانی پێشوو تری لەگەڵ ئێران ڕەچاو نەکردبوو، هەرلەوکاتەدا تەواو بڕوای**

بـەئێران هێنـابوو [478]، هێنـدە دڵنیـابوو، کەبـەهیچ شـێوەیەك بـیری لەوەنەکردبۆوە کەئەمە داوێك بێتو بۆی دانرابێت. [479]

2- ڕازی بـوونی قـاسملوو بەشـێوازی نهێنیـی گفتوگۆکـان، کـە ئێرانییـەکان زۆر جـەختیان لەسـەر لایـەنی نهێنـیو ئاشـکرا نـەبوونی کردبـۆوە، کەئەمـەش بەیـەکێك لەهەڵـەکانی دادەنرێـت، چـونکە پێشـتر لـەپلنیۆمی حـدکا لەسـاڵی 1984 دا خـۆی نووسـراوێکی نووسـیبوو تیایـدا هێڵـە گشـتیەکانی بـۆ شـێوازی گفتوگـۆ کـردن لەگـەڵ ئێرانـدا دیاری کردبوو، کەدەبێت: وتوێژ لەنێوان حدکاو کۆماری ئیسلامی دا

---

[478] قاسملوو زۆر جار بەگاڵتـەوە گوتویـەتی، کـەنابێت بڕوای تـەواو بـە عەجـەم (ئێرانـی) بکـەین، چـونکە لەسـەردەمی منداڵیمـەوە زۆرجـار بـاوکم ئـەوەی بـۆ گێراومەتەوەو فێری کردووم، کەئەگەر تووشی عەجەم بووی بی کوژە، گەر پێت نەکرا بی کوژی لەبەری هەڵێ، چونکە زمانی بتگاتێ فریوت دەدا. ئەمە خودی قـاسملوو چـەندین جـار بەگاڵتـەوە بـەکادیرو هـاوڕێ نزیکـەکانی خـۆی گوتـوە، هەندێك جـاریش لـەکاتی بینینـی عەجـەم- ئێرانـی دا بەوانیشـی دەوت بەگاڵتـە، بـەڵام بەداخـەوە بۆخـۆی ئـەم قسـەیەی کـەوەك ڕێنمـایی بـەهاوڕێکانی گوتبـوو، لـەکاتی پێویسـتدا ڕەچاو نـەکردو لـە بیری کـرد. (چاوپێکەوتن لەگـەڵ (حسـێن مـەدەنی)، کۆیـە، 2005/9/3). <حسـێن مـەدەنی سـاڵی 1938 لەشـاری مهابـاد لـەدایك بـووە. سـاڵی 1951 بۆتـە ئەنـدامی حـدکاو سـاڵانێکی زۆر ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـیو سـەرکردایەتی حـدکا بـووە، بـەهۆی کـاری سیاسـی چـەند جارێك لە زیندانەکانی حکومەتی ئێران زیندانی بووە>.

[479] ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی سەبارەت بە تیرۆری د.قاسملوو، حدکا- ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، ل1، 13.



www.pertwk.com

بەئاشکراو بەڕەسمی بێت، دەبێ لەسەر داخوازە سیاسییەکانی حدکاو خەڵکی کوردستان بێت، کەبەتەواوی ڕوونن و لەبەرنامەی حزبدا هاتوون، دەبێت وتوێژ لەکوردستاندا بێت، بەلاّم خودی قاسملوو پێچەوانەی ئەم بڕیارانەی خۆی جوولایەوە، چونکە گفتوگۆ نەبەئاشکراو نە لەکوردستانیش بوو، بەڵکوو جگە لەوەی خێزانەکەی خۆی ئاگادارکردبۆوە کەنیازی گفتوگۆکردنی هەیە[480]، بەهیچ شێوەیەك ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ڕۆژو جێگەی وتووێژەکان ئاگادار نەکرد بوو.[481]

3–ئێرانییەکان و قاسملوو لەسەرەتادا ڕازی بوون بەوەی جەلال تاڵەبانی سەرۆکایەتیی ڕێکخستن و پاراستنی وتوێژەکان بگرێتە ئەستۆی، کەئەوە بوو وتوێژەکانی خولی یەکەم پێشکەوتنی باشیان بەخۆیەوە بینی، بەلاّم بلاّوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئاشکرا بوونی

---

[480] لێرەشدا قاسملوو لەباری پاراستنی گیانی خۆی بەهەڵەدا چووە، چونکە وەك حەسەن زادە دەڵێت: "قاسملوو لەپاریس پێش ئەوەی بچێتە ڤیەننا بۆ گفتوگۆ کردن خێزانەکەی ئاگادار کردۆتەوە، بەلاّم کاتێك خێزانی لێی دەپرسێت: باشە تۆ لەباری ئەمنیەوە ناترسیت؟ لە وەلاّمدا پێی دەڵێ: خەمی ئەوەت نەبێت مشووری هەموو شتێکم خواردوە، کە لەڕاستیشدا هیچ مشوورێکی لەم بارەیەوە نەخورابوو".(چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلاّ حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3).

[481] عبداللە حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل195–200؛ وتووێژی ڕادیۆیی هاوڕێ سکرتێری گشتی حیزب (د.صادق شەرەفکەندی)، س. پ، ل3، 4.

کۆبوونەوەکان لەلایەن ئێرانییەکان خۆیان، بەناوی ڕێبەرانی (ی. ن. ک)و خودی جەلال تاڵەبانی، بیانوو گرتن بوو بۆ دوورخستنەوەی جەلال تاڵەبانی وەك ناوبژیوانو پارێزەری گیانی گفتووگۆکەران، ئەمەش بەیەکێك لەهەڵەکانی قاسملوو دادەنرێت دوای ئەوەی کە بەبۆچوونو پڕوپاگەندەی ئێرانییەکان بڕوادێنێتو بەدەرچوونی جەلال تاڵەبانی لە گفتوگۆکان ڕازی دەبێت.[482]

4-دوای دەرچوونی جەلال تاڵەبانی لەنێو بژیوانی کردنی گفتوگۆکان، کەڕۆڵی باشی بینی بوو لەپاراستنی گیانی قاسملوودا بەدابینکردنی پاسەوانی تایبەت بۆی، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەلایەن خودی قاسملوو لەخولەکانی دیکەی گفتوگۆدا بەهەند ناگیرێتو هەڵوەستەی لەسەر ناکرێ، چونکە کاتێك لەسەرەتای خۆ ئامادەکردنی ئێران بۆ دەستپێکردنی خولی دووەمی گفتوگۆ، فازڵ رەسووڵ پێشنیار دەکات کە (ئەحمەد بن بلا) وەك نێوبژیوان بەشداری بکات، ئێرانییەکان هەرچەندە لەسەرەتادا بەم مەسەلەیە ڕازی دەبن، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی کەنەیان ویستوە کەسایەتییەکی عەرەبی وەك بن بلا بکوژن، ئەم پێشنیارەیان ڕەت کردۆتەوە بەبیانووی ئەوەی کەنهێنی گفتوگۆ بپارێزرێت، کەدیارە مەبەستیان ئەوە بووە قاسملوو تەنیا بکەنەوەو لەم مەسەلەیەشدا بڕوای تەواویان بەخودی خۆی هێناوە، چونکە لەسەر خواستی ئێران

[482] هـ. س، ل198.

پێشنیاری نێو بژیوان ڕەت دەکرێتەوە، قاسملووش بەمە ڕازی دەبێت و بەتەنیا ئامادەی گفتوگۆ دەبێت.[483]

5-پێداگرتن و جەخت کردنەوەی زۆری ئێرانییەکان لەسەر ئەوەی دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ قاسملوو خۆیدابێت، بەیەکێك لەو هەڵە گەورانە دادەنرێت کە بەهەندی نەگرتووەو درکی پێ نەکردوە، چونکە کاتێك ئێرانییەکان پێشنیار دەکەنەوە بۆ دەستپێکردنی خولی دووەمی گفتوگۆکان، لەنێوەڕاستی بەهاری 1989 دا لەو کاتەدا سادق شەرەفکەندی لە ئەوروپا دەبێت، بۆیە قاسملوو بەئێرانییەکان ڕادەگەیەنێت پێویست ناکات من بێم بۆ ئەورووپاو جیاوازی نیە لەنێوان من و شەرەفکەندی دا، چونکە هەم جێگری سکرتێرەو هەمیش هەموو بڕیارو دەسەڵاتێکی وەك خۆمی دەدەمە دەست و بۆیە گفتوگۆ لەگەڵ ئەودا بکەن، بەڵام ئێرانییەکان ئەم پێشنیارە ڕەت دەکەنەوەو سوور دەبن لەسەر ئەوەی، کە گفتوگۆکان تەنها لەگەڵ خودی خۆی درێژە پێ دەدەن، کە بەشێوەی هەڵەکانی دیکەی ئەم پێشنیارەش قبووڵ دەکات.[484]

6-یەکێکی دیکە لەهەڵەکانی دەستنیشان کردنی شوێنی گفتوگۆکان بووە،چونکە کاتێك عەبدوڵلا قادری هاوسەفەری پێشنیاری بۆ دەکات،کەشوێنی گفتوگۆ شوێنێکی گشتی بێت،دوور لەچۆلەوانی و داخراوی بێت،[485] قاسملوو نەك گرنگی بەم مەسەلەیە

[483] چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی)، دوکان، 31/ ئاب/2005.

[484] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[485] چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، 2006/1/25.

نـاداو هەڵوەسـتەی لەسـەر ناکات،بـەڵکوو تەنانـەت دەسـەڵاتدارانی نەمسـاش بـۆ پاراسـتنی گیـانی خـۆی ئاگـادار ناکاتـەوە. ئەمـەش لـەوەڵامی پرسـیارێك لەلایـەن وەزیـری نێوخـۆی نەمسـا (فـرانس لویشـناك)، کـە 4ی مارسـی 1995 بـۆ (هـاینس فیشـێر) سـەرۆکی پەرلەمانی وڵاتەکەی،جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەبەهیچ شێوەیەك دەزگە تایبەتییەکانی نەمسا لەپێکهاتنی چاوپێکەوتن و ئامادەبوونی کەسـانێك لـە وڵاتەکەی،کـە گیانیـان لەمەترسـی دا بێـت ئاگـادار نەبوون،چـونکە گـەر دەزگـە ئەمنییـەکانی ئێمـە ئاگـادار بکرابانـەوە،بێگومان بـەگوێرەی پێویسـت ڕێو شـوێنی ئـەمنیمان بـۆ دەگرتەبەر.[486]

دەکرێـت بڵـێین ئـەم کـارە تیرۆریسـتیە چـەندە ئـەنجامی دڕنـدەیی دوژمـن بـووە، لەهـەمان کاتـدا بـەری بێبـاکی و کەمتەرخـەم بـوونی قاسملوو لەم قۆناغەدا بووە.[487] ئەم ڕاستییەش لە کۆنگرەی نۆهـەمی حـدکا لەسـاڵی 1991دا جـەختی لەسـەر کراوەتەوە،کـە لـەراپۆرتی کۆمیتـەی ناوەنـدی بۆ ئـەم کۆنگرەیـەدا لەلایـەن سـادق شـەرەفکەندی گوتراوە،حدکا لەپەیوەندی لەگـەڵ شـەهیدبوونی قاسملوودا ڕەخنـەی لـەخۆی گرتوە،لەبەشـێك لـەو ڕەخنـە لەخۆگرتنـەدا گـوتراوە: "لـەو پەیوەندییـەدا دووهـەمین هەڵـەی ئێمـە لەشـێوەی کـارو ڕەفتارمانـدا بوو،کـە دەتـوانین بەکـەم تەرخەمییـەکی تـەواوی ناوبەرین،چونکە بـۆ

---

[486] چەند پرسیارێك لەوەزیری نێوخۆی ئوتریش ، س. پ، ل16.

[487] م. بۆکـانی: شـەهیدبوونی د.قـاسملوو، مامۆسـتای کـورد (گۆڤـار)، ژمـارە (29)، هاوینی 1995، ل5.

چاوپێکەوتنێکی بەناو نوێنەرانی ڕژێم نەك هەر هیچ چەشنە پێش بینی یەکی ئەمنیەتی لەنەزەر نەگیرابوو،بەڵکوو بەهەوڵدان بۆ نهێنی ڕاگرتنی هەرچی زیاتری ئەو چاوپێکەوتنە،لەڕاستیدا ڕێگە بۆئەنجام دانی هەرچی ئاسانتری پیلانەکە لەلایەن تیرۆریستەکانی ڕژێمەوە خۆش کرابوو".[488] بۆیە قاسملوو لەبەرامبەر ئەم هەڵانەی سەرەوەیدا کەم تەرخەم بووە، کە ئاکامەکەشی بۆتە هۆی ئەوە، گفتوگۆکان بەئەستاندنی گیانو کۆتایی ژیانی خۆی تەواوبن.

---

[488] بڕوانە: (ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا بۆ کۆنگرەی دەهەم (کۆنگرەی 50 ساڵەی حزب) لەلایەن سکرتێری گشتیی حزب(مستەفا هیجری)یەوە پێشکەش کراوە، 23-30 خاکەلێوەی 1374ه، بانەمەڕی 1374ه (نیسانی 1995ز)، ل36- 37).


www.pertwk.com

# بەشی چوارەم
# دیبلۆماسیەتی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەری کوردستاندا

## باسی یەکەم
## پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باشووری کوردستان

أ- حزبی شیوعیی عێراق.

ب- پارتی دیموکراتی کوردستان.

ج- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

د- پارتەکانی دیکە.

## باسی دووەم
## پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان

یەکەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باکووری کوردستان

أ- حزبی سیۆسیالیستی کوردستانی تورکیا.

ب- پارتی پێشەنگی کرێکاریی کوردستان لە تورکیا.

ج- پارتی کرێکارانی کوردستان

.(PKK)

دووەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی

ڕۆژئاوای کوردستان

## باسی سێیەم
## پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵە لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

## باسی یەکەم
## پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باشووری کوردستان

قاسملوو هەوڵی دەدا ڕۆڵی دیبلۆماسییانەی خۆی بگێڕێت بۆ بەهێز کردنی پەیوەندیی خۆیو حدکا لەگەڵ سەرجەم پارتو ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەسەرانسەری کوردستاندا، چونکە باوەڕی تەواوی بە یەکێتیو چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورد لەهەر چوارپارچەکەی کوردستان دا هەبوو، سەرکەوتنی هەر بەشێکی کوردستانی بەسەرکەوتنی گشت کوردستان دەزانی،[489] هەروەها لەو بڕوایەدا بوو، کە دەبێت ڕێکخراوو حزبە کوردستانییەکان پەیوەندیی دۆستانەو برایانەیان لەگەڵ یەکتردا هەبێو لەسەر مەسەلە گشتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتیی کورد ڕێك کەون، بەڵام بەهیچ شێوەیەك دەست نەخەنە نێو کاروباری یەکترەوە.[490] بۆیە قاسملوو بەردەوام ئامۆژگاریی بۆ کادیرو پێشمەرگەکانی حدکا ئەوە بوو کە "لەشۆڕشی گەلانی دیکەو گەلی کورد پەندو ئەزموون وەرگرن، تووشی ئەوە نەبین بۆ بەرژەوەندیی کاتیی خۆمان وەك تاکتیك زیان بە شۆڕشی پارچەکانی دیکەی کوردستان بگەیەنین، کە ئەو هەڵسوکەوتە زیان هێنەرە تووشی زیانی گەورەترمان دەکاتو کەرامەتی نەتەوایەتیمان

---

[489] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل11.

[490] د.قاسملوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، س. پ، ل8.



www.pertwk.com

دەخاتە ژێر پرسیارو وەك مێژوو لەسەرمان تۆمار دەكرێت، كە ئەم زیانە بەهیچ شتێك پاساو نادرێ‌و قەرەبوو ناكرێتەوە".[491]

قاسملوو داوای مافی كوردی لەهەر چوارپارچەی كوردستاندا دەكرد، بەپێچەوانەی دوژمنانی كورد، كە ناوی جودا خوازیان بەسەر كورددا دەسەپاند، دەبینین ئەو لەكتێبی (كوردستان‌و كورد)دا نووسیویەتی: "كوردیش وەك هەموو نەتەوەیەك مافی دیاریكردنی چارەنووس‌و دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆی هەیە. سروشتێكی تایبەتی كە لەمەسەلەی كورددا هەیە، ئەوەیە كە مەسەلەكە بۆ كورد تەنیا جیا بوونەوە نییە، بەڵكوو پێش هەموو شتێك یەكگرتنەوەیە".[492]

لێرەدا پێویستە بڵێین ڕاستە قاسملوو باوەڕی تەواوی بەیەكێتیی‌و چارەنوسی هاوبەشی گەلی كورد لەسەرانسەری كوردستاندا هەبوو، بەڵام وەك سیاسییەكی زاناو تێگەیشتوو ئەوەشی لەبەرچاو بوو، كە كوردستان لەنێو چەند وڵاتێكدا دابەش كراوەو هەركامیان هەل‌و مەرجی سیاسی‌و ئابووری‌و كۆمەڵایەتیی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە لەو باوەڕە دابوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد دەبێ لە دوو بەرەدا خەبات بكات:

---

[491] بڕوانە: (حاجی حسێن حداد: س. پ، ل270).

[492] د.عبدالرحمن قاسملوو: كوردستان‌و كورد (لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی‌و ئابووری)، و.عبدالله حسن زادە، چ1، لەبڵاوكراوەكانی بنكەی پێشەوا، 1973، ل320.

1-بزوتنەوەی کورد لەهەر وڵاتێکدا دەبێت بەهاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی سەرانسەریی ئەو وڵاتە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی تیٚ بکۆشێت.

2-بزووتنەوەی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا بیٚ ئەوەی دەست لەکاروباری یەکتر وەربدەن، ئەوەندەی لەتوانایاندا هەیە هاوکاریی یەکتر بکەن و هەنگاوەکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان نزیك بکەن.[493]

بەم شێوەیە قاسملوو نەك هەر لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو باوەڕی وابوو بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پەرە بسێنێت و بەردەوامیش بۆ ئەم مەبەستە پشتیوانیی خۆی بۆ بزووتنەوەکانی دیکەی کوردستان دووپات کردۆتەوە.[494] هەروەها قاسملوو لەپەیوەندییە نێو خۆییەکانیدا لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، بەرژەوەندیی گشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردی لەبەر چاو گرتووە و هەر لەبەر ئەم بیرو باوەڕەشی بوو پەیوەندیی لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا بەست.[495]

---

[493] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[494] اندیشە های قاسملو جاو دانە است، کوردستان (روزنامە)، ارگان کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران، شمارە (199)، تیرماە 1372ه- ژووئیەی 1993ز، ل2.

[495] قسەکای هاوڕیٚ عبداللە حسن زادە لەسەر گڵکۆی شەهیدان لە پاریس، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا، ژمارە (152)، ئووتی

بۆیە لێرەدا بەکورتی پەیوەندییەکانی قاسملوو بە پارتو ڕێکخراوە کوردییەکانی سەرانسەری کوردستان دەخەینە ڕوو، لەهەمان کاتدا هەڵوێستی وان بەرامبەر بەو باس دەکەین.

**أ- حزبی شیوعیی عێراق (حشع):**

پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ تەیارە چەپەکان لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1950- 1955، بەهۆی بیرو بۆچوونە مارکسییەکانی خۆیەوە هەوڵی داوە ڕۆڵی سیاسیی خۆی باش نیشان بدات لەگەڵیان، بەتایبەتی کاتێك لەساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوودا، کە چەپەکان لە سێ باڵی جیاواز پێك هاتبوون، وەك (وحدة الشیوعیین) و (رایة الشغیلة) و (وحدة العمل).[496] قاسملوو چەند جارێك بەنهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەنێوان ساڵانی 1954 – 1955 دا سەردانی عێراقی کردوو چاوی بەیەکە یەکەی ئەم لایەنە جیاوازانە کەوتوەو هەوڵی زۆری لەگەڵ داون بۆ یەکگرتنەوەو یەك پارچەییان،

---

1989، ل6؛ فاتح رسول: چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی خەباتی گەلی کوردمان (ڕوداوو بەڵگەنامەکان)، ب2، چ1، سوید، 1992، ل167.

[496] ئەم سێ باڵەی حیزبی شیوعیی عێراق لە کۆنفرانسی ساڵی 1956 دا یەکیان گرتەوە، بڕوانە: (غەفوری میرزا کەریم: چەند مەڵۆیەك لە خەرمانی نووسینەکانمدا، چ1، سلێمانی، 2001، ل27).

کەسەرەنجام هەوڵەکانی جێی خۆیان گرت و یەکیان گرتەوە لەژێر ناوی حشع.[497]

پێوەندیەکانی قاسملوو لەگەڵ حشع دا تا ساڵی 1970و دواتریش زۆر باش بووە، حشع یش بەردەوام لەسەر هەڵوێستە باشەکانی قاسملوو، کاری باشیان لەبارو دۆخە دژوارەکاندا بۆ حدکا ئەنجام داوەولە هەل و مەرجی ساڵانی 1975و 1976 شدا لایەنگریی لە حدکا کردوە بۆ مانەوەیان لەعێراق، وەك گادانی نوسیویێتی: "حیزبی شیوعی ئەوکات کە بارەگەیان لەبەغدا بوو لەهەل و مەرجە ناخۆشەکانی ئەو سەردەم زۆر صادقانە لەگەڵ حیزبی دیموکرات جوولانەوە".[498] ئەمەش نیشانەی پەیوەندیی باشی قاسملوو بوو بە حیزبی شیوعیەوە.

قاسملوو لەکاتی بوونی دەسەلاتی لەنێوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات دا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی شا، درێژەی بە پەیوەندیی باشی خۆیو پارتەکەی لەگەڵ حشع داوە،[499] و قاسملوو لەساڵی 1979 دا هەموو جۆرە هاوکارییەکی بۆ حشع دەربڕیوەو هاوکاریی کردوون.[500] لەم بارەشەوە مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی وەك کادیرێکی حشع کە ئەوکات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە، بەم جۆرە باسی

---

[497] چاوپێکەوتن لەگەڵ (پ. د.عیزەددین مستەفا رەسوڵ)، سلێمانی، 9/2/2006.

[498] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل179.

[499] سەعید کاوە (کوێستانی): س. پ، ل266.

[500] ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل343.



www.pertwk.com

هاوکاریی نێوان خۆیان و قاسملوو دەکات و دەنووسێ: "ساڵی 1979 حدکا پەیوەندیی لەگەڵ شیوعی باش بوو، هەرچەندە حدکا چەکداری زۆری هەبوو، بەڵام کادیری سەربازییان کەم بوو، بۆیە شیوعی چەند کادیرێکی وەك (ئەبو تارا، کانەبی، مستەفا قادر، ...هتد)ی ناردە ناو حدکاو سەرپەرشتی ڕێکخستنی هێزەکانیان بۆ دەکردن و بەمەش حدکا لەهاوکاری کردنی شیوعی درێخی نەکرد.[501]

جگە لەمەش قاسملوو بەردەوام هەوڵی داوە زەمینەی ئاشتی و گفتوگۆ بڕەخسێنێ لەنێوان حشع و حکومەتی عێراقی دا بەمەبەستی گەیشتنی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان بەرامبەر ڕژێمی بەعس لەڕێگەی گفتوگۆ چارەسەری ئاشتییانە. بۆیە قاسملوو لەمانگی 10ی 1982 هەوڵی داوە گفتوگۆ لەنێوان حشع و ڕژێمی بەعس بکرێ، بەڵام حشع بەهەوڵەکانی قاسملوو ڕازی نەبووەو لەهەمان کاتدا سوپاس نامەیەکدا بەم جۆرە بۆیان نووسیوە: "ئێمە سوپاسی دڵسۆزی و هەوڵ و تەقەلاکانت دەکەین، بەڵام پێمان وایە هیچ زەمینەو هەل و مەرجێکی ئەوتۆ لە ئارادا نیە ئێمەو ڕژێمی سەدام لەگفتوگۆ نزیك بکاتەوە، هەروەها لامان وایە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی ئێستەدا بێ سوودەو هیچ ئەنجامێکی نابێت وداوای لێبوردنتان لێدەکەین".[502]

---

[501] هـ. س، ل351- 353.

[502] هـ. س، ل444- 445.

بۆیە دەکرێت بڵێین قاسملوو هەر لەسەرەتاوە پەیوەندیی باش و هاوکارانەی لەگەڵ حشع هەبووەو وێڕای هەندێك جیاوازیی بیرو بۆچوون، بەڵام هیچ کاتێك نێوانیان ناخۆش نەبووەو بەردەوام هاوکاری یەکتر بووینە.[503] و بەدرێژایی ماوەی ڕێبەرایەتی کردنی قاسملوو لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، هیچ کاتێك پەیوەندیی لەگەڵ حشع عێراق ناخۆش نەبووە.[504]

## ب- پارتی دیموکراتی کوردستان (پ. د. ك):

قاسملوو لەسەرەتایساڵی 1950 وە هەوڵی داوە پەیوەندیی بە پارتی و خودی مەلا مستەفاوە بەهێز بکات و هاوکاریی یەکتر بکەن.[505] هەربۆیەش لە ساڵی 1956 دا ویستی یەکگرتوویی و تەبایی بخاتە نێو بزووتنەوەی کورد لەباشووری کوردستان بەڕێبەریی پارتی، لەم بارەشەوە عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: "من لەسەرەتای ساڵی 1950، کە لێپرسراوی حشع بووم لە قەڵادزێ، ئاگاداری ئەوەم کە چەند جارێك قاسملوو لەماوەی ساڵانی 1954-1956 لەئێرانەوە بەنهێنی دەهاتە عێراق، بەمەبەستی هاوکاری

---

[503] چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەسەن شەرەفی)، کۆیە، 2006/2/11.

[504] جەلیل گادانی: با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل 59؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (فاتح ڕەسوڵ: س. پ، ب1، ل120- 125).

[505] بلال غازی كاك أمين: دیبلۆمات و سیاسەتمەداری گەورەی کورد شەهیدی نەمر د.عبدالرحمن قاسملو، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (176)، ئەڵقەی سێیەم، پێنج شەممە، 27/8/ 1992، ل3.

کردنی پارتی.[506] بەدوای ئەمەشدا هەوڵی داوە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ مەلا مستەفا پەرەپێ بداتو بۆ ئەم مەبەستەش لە پراگ نامەیەك ئاراستەی مەلا مستەفا دەکا سەبارەت بەکارو چالاکیو زانیاریی تایبەت بە حدکا.[507] بۆیە هاوکاریو نزیکایەتیی قاسملوو لەگەڵ پارتیو بارزانی لە ساڵی 1958 بەشێوەیەك بووە، کە لەبەڵگە نامە نهێنییەکانی دەزگەی ساواك دا وەك کەسی نزیکی بارزانی ئاماژە بۆ قاسملوو کراوە.[508] ئەمەش بەهۆی هەڵوێستی نەتەوەیی بووە لەبەرامبەر پارتیو بارزانیو شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستاندا.

بەم جۆرە قاسملوو لەساڵەکانی پاش شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 ی عێراق دا پەیوەندیی بە پارتیو خودی مەلا مستەفاوە بەردەوام بوو، کە دەیویست هاوسەنگیی ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای دۆستانە بێو هیچ کام دەست لەکارو باری یەکتر وەرنەدەن.[509] بەمەش ڕۆڵی گرنگی بینی لەڕاگرتنی سەربەخۆیی سیاسی خۆیو حدکادا، بەڵام ئەم هەڵوێستەی تووشی هەندێك

---

[506] چاوپێکەوتن لەگەڵ (پ. د.عیزەددین مستەفا رەسوڵ)، سلێمانی، 2006/2/9.

[507] مسعود البارزانی: س. پ، ل253- 254؛ کەریمی حیسامی: پێداچوونەوە، ب2، ل332.

[508] محمد علی سلطانی: س. پ، ل622؛ بۆ دەقی بەڵگەنامەکە بە فارسی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (6).

[509] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە 2005/9/3.



www.pertwk.com

ڕووداوی ناخۆشی کرد، کەیەك لەوانە نەگەیشتنە یەك بوو لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی لەعێراق و پاشان دووبەرەکی و دژایەتی کردنی و دواتر دەرکردنی لەلایەن دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم بەفشاری پارتی.[510] بۆیە سەرەتای ناکۆکی و دژایەتییەکانی پارتی بۆ قاسملوو دەردەکەوێت و بۆ ماوەی دە ساڵ لە ساڵانی (1960- 1970) لەعێراق دەردەکرێت و پەیوەندییشی لەگەڵ پارتی و مەلا مستەفا پەیوەندییەکی لێك دوور دەبێت،[511] بەڵام قاسملوو لەپێناوی بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد دا وەك دیبلۆماتێك هەوڵی داوە بۆ سەرخستنی ئەم بزووتنەوەیە بەلەبەرچاو نەگرتنی دژایەتییەکانی پارتی بۆی، بەپێچەوانەوە لەم ڕووەوە ڕۆڵی خۆی بینیوە، بۆ نموونە لەڕاپۆرتە نهێنییەکانی ڕژێمی شادا ئاماژە بەهەوڵەکانی قاسملوو دراوەو نووسراوە: "قاسملوو 1971/5/25 چۆتە ناوچەی حاجی ئۆمەران و لەوێ لەگەڵ ئیدریس بارزانی گفتوگۆی کردوە بۆ ئەوەی هاوکاریی یەکتر بکەن لەئەنجامدانی چالاکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان".[512] ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو کات قاسملوو هیچ

---

[510] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل7.

[511] بۆ زیاتر بڕوانە: ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن 1961- 1975، چ3، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، 1999، ل228- 233.

[512] محمد علی سلطانی: س. پ، ل578؛ بۆ دەقی بەڵگەنامەکە بەفارسی، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (7).



www.pertwk.com

ناكۆكییەكی لەگەڵ پارتی لەبەرچاو نەگرتوەو هەوڵی داوە پەیوەندیی لەگەڵیان باش بێت.

هەر سەبارەت بەهەڵوێستی باشی قاسملوو بەرامبەر بە پارتی، د.مەحمود عوسمان دەڵێت: "لەسالآنی 1972- 1975 پاش بەیانی 11ی ئازار كە توندوتیژی یەكجار زۆر هەبوو لەنێوان سەركردایەتیی شۆڕشی ئەیلول‌و بەغدا هەروەها كۆسپ‌و تەگەرە زیاد دەبوو لەسەر ڕێگەی جێ بەجێ كردنی ڕێككەوتن نامەی 11ی ئازاردا، د.قاسملوو كە پەیوەندی‌و ڕێزی هەبوو لەلای سۆڤیەتییەكان‌و لای بەغداو لایەنی تریش، هەوڵی زۆری دا بۆ لابردنی كۆسپەكان‌و چەسپاندنی ئاشتی، بەهاوكاریی ناوبژی كەرانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا كە لە كوردستانی عێراق لەو كاتەدا حدكا وەزعی باش نەبوو، بەتایبەتی كە شۆڕشی ئەیلوول ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندیی لەگەڵ تاراندا بەهێزترو پێویستیی بە كۆمەكی ئێران زیاتر دەبوو، لێرەدا قاسملوو پێی باش بوو ئەو سەركردایەتییە سەركەوێت‌و ئاشتی بچەسپێت لەم پارچەیەی كوردستاندا، كە بۆ ئایندەی هەموو كوردستان هەنگاوێك دەبوو بۆ پێشەوە، بۆیە لێرەدا لەبەردەمی بەرژەوەندیی تەسكی حیزبی خۆیاندا نەوەستا".[513]

پاش دەستپێكردنەوەی شەڕی 1974-1975 لەنێوان ڕژێمی بەغداو سەركردایەتی باشووری كوردستاندا، قاسملوو پەیوەندیی خۆی لەگەڵ پارتی‌و خودی مەلا مستەفا باش نیشان دا، هەوڵی دا

---

[513] د.محمود عوسمان: چەند بیرەوەرییەك دەربارەی قاسملوو، كوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدكا، ژمارە (272)، تەمموزی 1999، ل22.



www.pertwk.com

بەهەموو توانایەوە خزمەت بە شۆڕشی ئەیلوول بکاتو هانی کوردی دەدا بۆ بەشداری کردن لەشۆڕش.[514] جگە لەمەش قاسملوو وەك خۆی نەك وەك حدکا چەند جارێك لەسەر داوای پارتیو بەعس بەشداریی لە کۆبوونەوەکانی نێوانیان کردوە بۆ گەیشتنە یەك لەسەر بەیانی 11ی ئازار لەکاتی گرژبوونی پەیوەندیی نێوان شۆڕشو دەوڵەتی عێراقدا، بۆچارەسەری کێشەکان ڕاوێژی پێ کراوە.[515] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قاسملوو بەتەنگ چارەسەرو سەرخستنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بووە لەباشووری کوردستاندا، بەڵام پارتیو مەلا مستەفا بەردەوام دژایەتییان کردوە، وەك گادانی دەڵێت: "دەکرێت بڵێین کە پەیوەندیی د.قاسملوو وەك سکرتێری حدکا لەگەڵ بارزانیو پارتیدا هیچ کات خۆش نەبووە، چونکە هەر لەدوای بوونە سکرتێری د.قاسملوو و ڕێبەرایەتی کردنی حدکا لەلایەن ئەو کەسایەتییەوە، پارتی وێڕای هاوکاری نەکردنی هاوکات دەستەو گرووپی دژی لەنێو خۆی هان داوەو دروست کردوە، بەتایبەتی لەدوای کۆنفرانسی سێیەمی حدکا لەساڵی 1971 لایەنگرانی ئەحمەد تۆفیقی هان داوەو پارتێکیان لەژێر ناوی کۆمیتەی کاتیی حدکا، کە دواتر بوون بە کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دروست کردوە".[516]

---

[514] چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.جەوهەر شاوەیس)، هەولێر، 2005/12/29.

[515] عبداللـة حسـن زادە:نیوسـەدە تێکۆشـان،ب1،ل88؛عەبـدولڕەحمان شەڕەفکەندی (هەژار):چێشتی مجێور،ل512.

[516] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل165، 170.



www.pertwk.com

بەم جۆرە هەڵوێستی پارتیو مەلا مستەفا بەرامبەر بەخودی قاسملوو خراپ بووە، بەڵام قاسملوو بەرژەوەندییە گشتییەکانی کوردی لەبەرچاو گرتووەو بۆیە لەکاتی تەنگانەدا هەڵوێستی نیشتمانیو نەتەوەیی باشی هەبووە بەرامبەر بەشۆڕشی کورد لەباشووری کوردستان. لەم بارەشەوە گادانی نووسیویێتی: "حدکا لەسەردەمی ڕێبەری کردنی لەلایەن د.قاسملووەوە هەڵوێستی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کوردستانی عێراق لەکاتی هەرەسی 1975 ڕوون دەکاتەوە، لایەنگریو پاڵپشتی خۆی بۆ دەردەخاتو بەم جۆرە لە نامەیەکی بەناوی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی هاتوە: ئێستە کە شای ئێران خیانەتی لەگەڵ شۆڕشی کورد کردو لەپشتەوە ڕا خەنجەری لێ دا، کۆمیتەی ناوەندیی حدکا پێشنیار دەکات شەڕ بخەنە ئێرانو با شۆڕشی کورد درێژەی هەبێو بتەنێتەوە، حدکا شان بەشانی خەڵکی کوردستان وەك پێشمەرگەیەك لەژێر ڕێبەرایەتیی پارتیدا بەهەموو تواناوە بەشداری دەکات، تکاتان لێ دەکەین چەك دامەنێن، بڵاوە بە شۆڕش مەکەن، با خوێنی هەزاران لاوی کورد بەفیڕۆ نەڕوات..." .[517]

بەم شێوەیە قاسملوو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پارتی درێژە پێداو دوای گەڕانەوە بۆ ئێرانیش لەساڵی 1979 دا، هەوڵی دا پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ پارتیدا هەبێت، کە ئەوکات بەناوی سەرکردایەتی کاتی (قیادە مەوقەتە) لەئێران خەباتیان دەکرد،

---

[517] هـ. س، ل178.

قاسملوو وەك نزیك بوونەوەیەك ساڵی 1979 لەتاران لەگەڵ مەسعود بارزانی بەشێوەی نیوە نهێنی دادەنیشن و تاڕادەیەك پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەبێتەوە،[518] بەڵام دواتر بەهۆی سیاسەتی ئێران کە لەهەموو ڕوویەکەوە هاوکاریی پارتیی دەکرد بەرامبەر دژایەتی کردنی حدکا، کە پارتی لە شەڕەکانی پاوە دژی حدکا ڕۆڵی سەرەکیان بینی، جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی قاسملوو لەگەڵ پارتی بەرەو ساردی چوون.[519]

پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتی زیاتر بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت، بەتایبەتی کاتێك گفتوگۆکانی نێوان کوردو ڕژێمی نوێی ئێران دەستی پێ کرد، چونکە قاسملوو لە دانانی هەشت بەند بۆ داواکارییەکانی کورد لەئێران بەشدار بوو، کە لەودا بەندی هەشت تایبەت بوو بەدەرکردنی سەرکردەکانی قیادە مەوقەتە لەئێران، پارتی دانانی ئەو بەندەی لەنێو داخوازییەکانی گەلی کورددا خستە ئەستۆی حدکا بەڕێبەریی قاسملوو، بۆیە شەڕی براکوژی لەنێوان هەردوو پارتدا دەستی پێ کرد.[520] کە ئەمە تەنیا بیانویەك بووە، چونکە پارتی بوو بوو بە داردەستی ئێران لەو سەردەمدا، بۆیەش پەیوەندیی قاسملوو تا ساڵی 1981 لەگەڵ پارتی گرژو ناخۆش بوو،[521]

---

[518] جلیل گادانی: بانەبێتە درۆی پاش مردوو، ل54.

[519] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی و ....، ب1، ل54-55.

[520] سەعید کاوە (کوێستانی): س. پ، ل260؛ جەلیل گادانی: با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ل159.

[521] ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل398- 399.



www.pertwk.com

بەتایبەتی لەساڵی 1981 کاتێك حدکا بەدەرهێنان و بردنی تەرمی مەلا مستەفای بارزانی تاوان بار کراو پاشان شەڕی لێ کەوتەوە، ئەمەش بۆخۆی زەبرێکی کاریگەری لە پەیوەندیی برایانەی نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەهەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراقدا وەشاند.[522] ئەم ناکۆکییەش زیاتر تەشەنەی سەندو بنەماڵەی بارزانی لەسەرووی یانەوە شێخ محەمەد خالید سوور بوو لەسەر ئەوەی تۆڵە لە قاسملوو بکەنەوەو شاری شنۆ داگیر بکەن.[523]

بەم جۆرە بەهۆی هەندێك کردەوەی پارتی لە کوردستانی ئێران و دەست تێوەردانی لەکاروبارەکانی حدکا ناکۆکییەکانی قاسملوو لەگەڵیان زیاتر تەشەنەی سەندو شەڕی لێ کەوتەوە، کە بەگشتی زیانێکی زۆری بۆ هەردوو لا بەتایبەتی بۆ حدکا هەبوو.[524]

ئەحمەد بانیخێلانی ئەو کات بۆخۆی لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دابووە، لەم بارەیەوە هەڵوێستی قاسملوومان بۆ باس دەکات و دەنووسێ: "قاسملوو گووتی هەواڵی دڵنیاییمان هەیە، کە ئێرانییەکان فشاریان خستۆتە سەر پارتی کە شاری شنۆیان بۆ بگرن. تۆ کە ئەوان دەبینی تکایان لێ بکە ئەم کارە نەکەن و

[522] عبداللە حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل277، 280؛ کەریمی حیسامی: لەبیرەوەریەکانم، ب10، ل39.

[523] ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل411- 412.

[524] جەلیل گادانی:50 ساڵ خەبات،ب1،ل269؛بۆ زیاتر بڕوانە:(محەمەد حاجی مەحمود: ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك،باسی ڕووداوەکانی (20) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەکات1976- 1996،ب2، ل21- 25).

پەیمانی ئەوەشیان پێ بدە با شنۆ هەر بەناو بەدەستی ئێمەوە بێت و ئەوان ئازادانە کارو هاتوچۆی خۆیانی تێدا بکەن، بەڵام با ئەم هێرشە نەکەن و زیاتر دەستمان نەچێتە خوێنی یەکتر".[525]

بەم جۆرە پەیوەندیی قاسملوو و پارتی خراپتر بوو کاتێك پارتی بەهاندان و دەست لەپشتدانی ئێران سوور بوو لەسەر داگیرکردنی شاری شنۆ، وەك بانیخێڵانی نووسیویێتی: "هەرچەندە پارتی ڕفاندنی تەرمی بارزانی بەنەخشەی عێراق و حدکایان تێدا تاوانبار کرد، چونکە پێشتریش پارتی لەناوچەی هەورامان و نەغەدە هەڵەی لەم جۆرەیان بۆ ئێران ئەنجام دابوو، بۆیەش ئێران ئەم کارەی کرد تا پارتی حدکا لە شنۆ دەربکات".[526]

دژایەتیی پارتی بۆ قاسملوو گەیشتە ڕادەیەك هەوڵ بدەن ئەندامە بەرچاوەکانی حزبەکەی لێ دوور بخەنەوەو بۆلای خۆیانی بەکێش بکەن، وەك کەریمی حیسامی کە ئەو کات لە ئەورووپا بوو، لە بیرەوەرییەکانی دا نووسیویێتی: "ئێوارەی 1981/5/13 د.محەمەد ساڵح جمعە نوێنەری پارتی هاتە لام و گوتی: لەلایەن ڕێبەرایەتی پارتییەوە هاتووم کە واز لەقاسملوو بێنی و بێیەوە لای ئێمە. ئێستە

---

[525] لەبیرەوەریەکانم، ل413.

[526] لەبیرەوەریەکانم، ل414– 415؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (کەریمی حیسامی: لە بیرەوەریەکانم، ب7، چ1، ستۆکهۆڵم، 1993، ل230؛ لەبیرەوەریەکانم، ب6، چ1، کتێبخانەی کتێبی هەرزان، ستۆکهۆڵم، 1992، ل129).

غەنی بلووریانو برادەرانی لای ئێمەن. ئێوە پێکەوە دەتوانن حدکا نەجات بدەن، قاسملوو دوا ڕۆژی نەماوە".[527]

سالآنی دواتریش ناکۆکیو پەیوەندیی ناخۆشی قاسملوو لەگەڵ پارتی هەر بەردەوام بوو، قاسملوو لە چاوپێکەوتنێکدا گوتویەتی: "پارتی بەپێی قازانجی ئێران دەجوولێنەوە، ئەوان تەنیا لەگەڵ عێراق لە حالی شەڕدا نین، بەڵکوو چوار ساڵە کە لەدژی گەلی کورد لەئێرانیش شەڕ دەکەن..."،[528] پاشان قاسملوو لە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشتی حدکا لە ساڵی 1988دا دەڵێت: "لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا (واتە 1986- 1988) لەنێوان حیزبی ئێمەو پارتی هیچ چەشنە تێك هەڵچوونێك نەبووە کەجێگەی دڵخۆشییە. بەبڕوای ئێمە وەختی ئەوە هاتوە کە بەڕێوەبەرانی پارتی دان بە سیاسەتی چەوتی پێشووی خۆیان بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو حزبی ئێمەدا بنێنو پەشیمانیی خۆیان لەسازکردنی شەڕ دژی هێزی پێشمەرگەی ئێمە دەربڕنو ئەمە بەئاشکرا ڕابگەیەنن".[529]

بۆچوونی قاسملوو بەم شێوەیە بوو سەبارەت بە پارتی، بەلآم پارتی جگە لەوەی لە کۆنگرەی نۆیەمی خۆی ساڵی 1979 دانی بەهەڵەکانی پێشووی خۆی دژ بە حدکاو ڕۆژهەلآتی کوردستان دانا،

---

[527] لەبیرەوەریەکانم، ب7، ل143.

[528] وتووێژی سکرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل49- 50؛ وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری (الیوم السابع)، س. پ، ل32- 33.

[529] ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا بۆ کۆنگرەی هەشتەم، ل42.

کە ئەمەش بە ئاشکرا لەڕاپۆرتی مەکتەبی سیاسی بۆ کۆنگرە ڕاگەیەندرا،[530] بەڵام لەساڵانی هەشتادا تا تیرۆرکردنی قاسملوو پەیوەندییەکانیان ئاسایی نەبۆوە، ساڵی 1991 لەگەڵ حدکا بەتەواوی ئاشت بوونەوە.[531]

### ج- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی. ن. ك)[532]:

دوای هەرەسی شۆڕشی 1975و دروست بوونەوەی حیزبو ڕێکخراو لە باشووری کوردستان، قاسملوو پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ بەستن و لەپێش هەمووشیانەوە لەگەڵ ی.ن.ك.[533] لەم بارەشەوە عەبدوڵلا حەسەن زادە دەڵێت: "لەیەکەم ساڵەکانی دوای دامەزراندنی یەکێتیی، چ قاسملوو بۆ خۆیو چ حیزب بە گشتی پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەبوو، دیارە ناسیاویی پێشتری قاسملوو لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ڕۆڵی خۆی لەو پێوەندییە باشەدا گێڕاوە، بۆیە پەیوەندیی نێوان قاسملوو وەك ڕێبەری حدکا لەگەڵ یەکێتی، ئەگەر بیرو بۆچوونی جیاواز لەنێوانیاندا هەبووبێت، ئەوا

---

[530] بۆ راپۆرتی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بڕوانە: (فاتح رسول: س. پ، ب2، ل245- 251).

[531] عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار): چێشتی مجێور، ل574.

[532] دەربارەی یەکێتی بڕوانە: سەروەر عبدالرحمن عمر: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش 1975-1976، سلێمانی،2002.

[533] بلال غازی کاك امین: س. پ، ئەڵقەی سێ یەم، ل3.

هیچ کاتێک تووشی تەنگو چەڵەمەی گەورە نەهاتونو وەك پێوەندییەکی مەبدەئی پارێزراوە".[534]

بەم جۆرە قاسملوو درێژەی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی داوە، لەم بارەشەوە کەریمی حیسامی نووسیویێتی: "سەرەڕای کردەوەو هەڵوێستی خراپی (ی. ن. ك) لەئاست حدکا، د.قاسملوو لە ئەوروپا لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی پێوەندیی دۆستانەو هاوکاری دەپارێزیۆ ئەوەش دەبێتە بیانووی حکوومەتی بەغدا بۆ فشاری زیاتر بۆ سەر کۆمیتەی ناوەندیی حدکا، کە لەعێراق دەژیان".[535]

قاسملوو بەم شێوەیە پێوەندیی خۆی لەگەڵ یەکێتی درێژە پێ دا، بەڵام ساڵی 1979 دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن قاسملوو و حدکا، سەرەتا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتی کەمێك گرژی تێ دەکەوێت، ئەویش بەهۆی دەست تێوەردانی یەکێتی لەکاروباری حدکادا دواتر لەرێگەی حشع لە 1979/6/17 دا لەمەهاباد کۆبوونەوەیەك بەهەردوولا دەکرێتو کۆسپەکانی بەردەمیان یەکلایی دەکەنەوەو بەباشی رێك دەکەونەوە.[536]

لەودەمەوە قاسملوو بەتەواوی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی باش بۆوەو گەلێك هاوکاری یەکتریان کردوە کە لەخزمەت جوولانەوەی

---

[534] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[535] پێداچوونەوە، ب2، ل282.

[536] ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل357– 358.

ڕزگاریخوازیی کورددا بووە. نەوشێروان مستەفا ئەمین دەڵێت: "کاتێك لەساڵی 1979دا شەڕی حدکاو ئێران هەڵ گیرسا قاسملوو داوای یارمەتی لەهەموو حیزبەکانی کوردستانی عێراق کرد یارمەتیی حدکا بدەن لەو شەڕەدا، دوای چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ مام جەلال و نوێنەرانی حسك و حشع، سەرەنجام لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن بۆ پشتیوانی حدکا پێکەوەو لە 4ی ئەیلولی 1979دا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکردو بە ئاشکرا لایەنگری یان لە حدکاو دژایەتی یان لەگەڵ هێرشەکانی ئێران کرد".[537]

هەر لەم بارەشەوە جەلال تاڵەبانی لەوتووێژێکیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتی لە 1975 دا پەیوەندیی لەگەڵ حدکا باش بووە، لەدژی ئێران هاوکاریی حدکای کردوە کە داوای پشتیوانییان لێ کردوە.[538] جگە لەمەش قاسملوو سەبارەت بە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ یەکێتی لە وتووێژێکدا گوتوویەتی: "ئێمە لەگەڵ ی. ن. ك پێوەندیی دۆستانەمان هەیەو ئەم پەیوەندییەشمان نەشاردۆتەوەو عێراقیش دەزانێت".[539] بۆیە دۆستایەتی کردنی قاسملوو وەك ڕێبەری حدکا لەگەڵ ی. ن. ك گەیشتە ڕادەی یارمەتی دانی یەکێتی لەشەڕ شان بەشانی

---

[537] پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل125- 126.

[538] بڕوانە: (جەمال نەبەز: ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆڵم، 1989، ل202، 203).

[539] وتووێژی سکرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل55.

پێشمەرگەکانی حدکا، کە لەساڵی 1982 ی. ن. ك هێزێکی 1500 کەسیی نارد بەناوی هێزی پشتیوان بۆ هاوکاری کردنی حدکا دژی ڕژێمی ئێران.[540]

پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ یەکێتی و خودی جەلال تاڵەبانی زیاتر بەرەو پێش چوو، بەتایبەتی کاتێك تاڵەبانی پشتیوانیی خۆی بۆ قاسملوو دەربڕیوەو بەرگری لیّ کردوە، هەروەك نەوشیروان مستەفا ئەمین نووسیویێتی: "یەکێتی لەشەڕی سێ مانگەدا ئامادەیی ناوبژیوانیی خۆی لەنێوان حدکاو ئێران نیشان داوەو کاتێك ئێران حدکاو قاسملوویان بە هەڵگیرساندنی شەڕ تاوانبار کردوە، مام جەلال زۆر باش لایەنگری و بەرگریی لە حدکاو قاسملوو کردوە"،[541] بەلاّم قاسملوو لەگەڵ بوونی پەیوەندیی باشی خۆی لەگەڵ تاڵەبانی، لەهەمان کاتدا نەی ویستوە دەست بخاتە نێو ناکۆکییەکانی تاڵەبانی و بارزانی،[542] بەڵکوو هەوڵی داوە هاوسەنگیی پەیوەندییەکانی بپارێزێت و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لەدەست نەدات.

قاسملوو بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی دا هەوڵی داوە لەسالاّنی 1983 -1984 زەمینەی گفتوگۆو ئاشتی لەنێوان یەکێتی و ڕژێمی

---

[540] سەعید کاوە (کوێستانی)، س. پ، ل266- 267؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل24- 30).

[541] پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل127، 128.

[542] حمید شوکت: نگاهی از درون بە جنبش چپ ایران، گفتوگو بە ایرج کشکولی، ل129.

بـەعس بێنێتـە کايـەوە ، نەوشـێروان مسـتەفا ئـەمین لـەم بارەيـەوە دەڵێت: "گفتوگۆی یـەکێتی – بـەعس لەڕێگـەی لایـەنی سێیەم حدکا بەتايبـەتی د.قـاسملوو دەسـتی پـێ کـرد، سـەرەتا د.قـاسملوو ڕاسـپاردەو قسـەکانی سـەرکردايەتیی عێـراق و یـەکێتیی ئـەهێناو ئەبردو بەم جۆرە مانگی تشرینی دووەمـی 1983 بڕیاردرا گفتوگۆ دەسـت پـێ بکرێـت. لەبـەر ئـەوە یـەکێتی خـۆی هـیچ کـەناڵێکی ڕاسـتەوخۆی پەيوەنـديی لەگـەڵ عێـراق نـەبوو، ئـەو بڕيـارە ديسـان لەڕێگـەی لايـەنی سـێیەم (قـاسملوو) بـەعێراق ڕاگەیـەنراو داوا لەقاسملوو کرا ڕێو شوێنی چوونی دەستەی نوێنەرايەتیی یەکێتی بۆ بەغدا داین بکاو بەم شێوەیە لەسەرەتای کانوونی یەکەمی 1983دا دوو هاليکۆپتەر لە زيخان نيشتنەوەو دەستەی نوێنەرايەتیی یـەکێتی لەگەڵ قاسملوو بەرەو بەغدا ڕۆيشتن".[543]

بەم شێوەيە قاسملوو بەدرێـژايی ئـەم ماوەيـە هـەوڵی زۆری دا بـۆ سـەرکەوتنی گفتوگـۆی یـەکێتی و عێـراق، بۆيـەش لەسـاڵی 1984دا نەخشێکی بەرچاوی بینـی لـە کۆکردنـەوەی ی. ن. ك و ڕژێمـی بەغدا لەسەر مێزی گفتوگۆ کردن.[544] لـەبارەی ڕۆڵـی قاسملوو لـە گفتوگۆی نێـوان یـەکێتی و بـەعس دا، عەبـدوڵڵا حەسـەن زادە دەڵێـت: "شـاراوە

---

[543] خولانـەوە لـەناو بازنـەدا، ديـوی نـاوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراق 1984- 1988، چ2، ناوەنـديی چـاپەمەنی و ڕاگەيانـدنی خـاك، سـلێمانی، 1999، ل7، 10.

[544] حميـد شـوكت: نگـاهی از درون بـه جنـبش چـپ ايـران، گفتوگـو بـه ايـرج كشكولی، ل347؛ حاجی حسين حداد: س. پ، ل198.



www.pertwk.com

نییە کە حدکاو بەتایبەتی خودی قاسملوو ڕۆڵی لەگفتوگۆکانی ساڵەکانی 1983 -1984ی نێوان یەکێتیو دەوڵەتی عێراقدا هەبوو، ڕۆڵی قاسملوو زیاتر پێکهێنانی ئیمکانی یەکتر دیتنو پێکەوە دانیشتن بوو، ئەوەی لەسەر مێزی گفتوگۆ گوتراوە ئەگەرچی لەبەشێکیدا د.قاسملووش ئامادە بووبێت، بەڵام بیروڕای دوولایەنی وتووێژ بووە". [545]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت قاسملوو بەردەوام پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیو خودی جەلال تاڵەبانی هەبووە، لەم پێناوەشدا بەردەوام هەوڵی داوە بۆ ڕێککەوتنی ئاشتییانەی نێوان یەکێتیو دەوڵەتی عێراق، هەروەك خۆی لە وتووێژێکدا دەڵێت: "ی. ن. ك کە ڕێکخراوێکە بەڕێبەریی جەلال تاڵەبانی گەورەترین ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی عێراقە. هەڵبەت ئەوە مەسەلەیەکی شاراوە نییە، کە من لەنێوان دەوڵەتی عێراقو تاڵەبانی دا نێو بژیم کرد. ئەم وتوێژانە سێ ساڵ درێژەی کێشا، وەرکاتێکی دیکەش عێراقو یەکێتی مەسەلەی وتووێژ بە جدی وەرگرن من ئامادەم ببمە نێو بژیوان". [546] بۆیە بەدرێژایی بوونی قاسملوو لە حدکا، پەیوەندیی نێوان یەکێتیو حدکا پەیوەندییەکی دۆستانەو برایانە بووەو کەم وابووە گرژیو ناخۆشیی بەخۆیەوە ببینێت، بەڵکو لەهاوکاریو یارمەتی دانی یەکتری زیاتر بەولاوە شتێك نەبووە. [547]

---

[545] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[546] وتووێژی سکرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل51.

[547] چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا هیجری)، کۆیە، 2006/1/25.

### د- لەگەڵ پارتەکانی دیکە:

قاسملوو وەك چۆن هەوڵی داوە لەگەڵ شیوعی و یەکێتی پەیوەندیی باش بێت بەهەمان شێوەش هەوڵی داوە لەگەڵ پارتەکانی دیکە پەیوەندیی دۆستانەو هاوکاریی هەبێت، لەسەر ئەم بۆچوونەشی پەیوەندیی لەگەڵ پاسۆك و حسك و...هتد هەبوو، بەڵام بۆماوەیەك پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ ئەم پارتانە بەتایبەتی پاسۆك و حسك گرژ بوو، بەهۆی بڕیارێکی حدکا کە دەری کردبوو نابێت ئەم پارتانە هاتوچۆ بکەن بۆ نێو خاکی ئێران، چونکە پەیوەندی لەگەڵ خومەینی دەبەستن، بەڵام پاشان لە 1981/10/18دا کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوانیاندا ئەنجام دراو دوای گفتوگۆیەکی زۆر بڕیارەکەی حدکا لەبارەیانەوە هەڵوەشایەوە.[548]

بۆیە دەکرێت بڵێین قاسملوو پەیوەندیی لەگەڵ بەشێکی زۆری پارتەکانی باشووری کوردستان پەیوەندییەکی دۆستانە بووەو ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ پشتیوانییان جگە لەپارتی، وەك لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری (یەنی گوندەم)ی تورکی دەڵێت: "ئێمە پێمان وایە پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی کوردو هاوکاری لەگەڵ ئەوان شتێکی پێویستە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی وڵاتانی دیکە بەمانای دەست تێوەردانی کاروباری

---

[548] ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل421- 423.



www.pertwk.com

نێوخۆی ئەو ولاتانە نیە، ئەم ئەسڵە چ لەعێراق و چ لە تورکیاو لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو بزوتنەوەکانی کورددا ڕاستە، ئێمەش ئیجازە بە هیچ کەس نادەین دەست لەکاروباری نێوخۆییمان وەردا. بۆیە بە لەبەرچاو گرتنی ئەسڵی هاوکاری و پشتیوانی بێ مافی دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆی یەکتر، لەگەڵ هەموو ڕێکخراوو هێزە کوردییەکان لەباشووری کوردستان بێجگە لە کوڕانی بارزانی پێوەندیی باشمان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بارزانیەکان بە ناهەق شەڕیان لەگەڵ کردین پەیوەندیی دۆستانەمان لەگەڵیان نییە".[549]

قاسملوو لەشوێنێکی دیکەش دا دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان لەعێراقدا، پێوەندیی زۆر چاکمان هەیەو هیچ هەنگاوێك بەدژی وان هەڵ ناهێنینەوە، پێم وایە وەزعی جیۆپۆلەتیکی ئێمە زۆر دژوارە. کەوا بوو زۆر سروشتییە کە ئەوانیش لەگەڵ دەوڵەتی ئێران پەیوەندییان هەبێ و ئەگەر لەگەڵمان بەشەڕ نەیەن قەیدێ ناکا".[550]

---

549 بڕوانە:(مەسەلەی کورد لە تورکیە، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (131)، ڕەزبەری 1366هـ – ئۆکتۆبەری 1987ز، ل1، 8، 9.

550 بەشێك لە وتووێژەکانی هاوڕێ سکرتێری گشتیی لەگەڵ ڕاگەیاندنە گشتییەکانی ڕۆژئاوا، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (120)، خەزەلوەری 1365هـ – نوامبری 1986، ل7.


www.pertwk.com

## باسی دووەم
## پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان

### یەکەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی باکووری کوردستان:-

#### أ- حزبی سیۆسیالیستی کوردستانی تورکیا:

قاسملوو وەك ڕێبەری حدکا پەیوەندیی لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا هەبووە، ئەمەش لەسەر بنەمای دۆستایەتیو هاوکاری کردنی یەکتری بووە. بۆ نموونە کەمال بورقای سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا ساڵی 1981 لە بنار قەندیل لای قاسملوو ماوەتەوەو چەند جارێك سەردانی کردوە بەمەبەستی هاوکاری کردنو ڕاوێژپێکردن لەخەباتدا.[551]

جگە لەمەش کەمال بورقای هەوڵی داوە پەیوەندیی باشی لەگەڵ قاسملوو هەبێتو بەردەوامیش ئەم پەیوەندییە دۆستانەیە لەنێوانیاندا هەبووە، هەر بۆیە لە پەیامی سەرەخۆشیی د.قاسملوودا، کەمال بورقای دەڵێت: "د.قاسملوو یەکێك لەدۆستانی گەورەی حزبی

---

[551] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب7، ل169- 170.

ئێمە بوو، کە لەپەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان حیزبی ئێمەو حدکادا نەخشی بەرزی هەبوو".[552]

## ب- پارتی پێشەنگی کرێکاریی کوردستان لە تورکیا:

پەیوەندیی قاسملوو بە کوردەکانی تورکیاوە زیاتر وەك پەیوەندییەکی دۆستانەو هاوکاریی نێوانیان بووە، بۆیەش پەیوەندیی لەگەڵ پارتی پێشەنگی کرێکاریی کوردستان لە تورکیا هەبوو، ئەمەش دوای تیرۆرکردنی قاسملوو لە پەیامی سەرەخۆشیی ئەو پارتە دەردەکەوێت، کەدەڵێن: "شەهید بوونی د.قاسملوو نەك هەر بۆ حیزبی ئێوە (مەبەست لە حدکایە) و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو بۆ حیزبی ئێمەو هەموو گەلی کورد لە تورکیا بوو بەهۆی خەمو پەژارەیەکی گەورە. گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا د.قاسملوویان باش دەناسی و وەك سەرۆکێکی کورد رێزو حورمەتێکی تایبەتییان بۆ دادەناو پڕ بەدڵ خۆشیان دەویست".[553]

---

[552] پەیامی حزب و رێکخراوو شەخسیەتە کوردییەکان، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندی حدکا، ژمارە (152)، گەلاوێژی 1368هـ- ئابی 1989، ل11.

[553] پەیامی حزب و رێکخراوو شەخسیەتە کوردییەکان، س. پ، ل16.

### ج- پارتی کرێکارانی کوردستان (پ. ك. ك):

د.قاسملوو بەردەوام ڕەخنەی لەسیاسەتەکانی تورکیا دەگرت چ سەبارەت بەبارودۆخی ژێر دەستەیی باکوری کوردستان و چ هاوکاری و پشتیوانی کردنی تورکیا لە ڕژێمی خومەینی دژ بە حدکا.[554] لەهەمان کاتدا پەیوەندیی لەگەڵ (پ. ك. ك)ش باش نەبوو، چونکە پێی وابوو (پ. ك. ك) کاری تێکدەرانەو دوور لە ئوسوولی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەنجام دەدەن. لەم بارەوە لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "ئێمە بێجگە لە (پ. ك. ك) لەگەڵ زۆر لە ڕێکخراوەکانی کوردی تورکیا پەیوەندیمان هەیە... بێگومان هەر ڕێکخراوێك بەپێی هەل‌ومەرجی خەبات ستراتیژیی دیاری کراوی خۆی هەیە، وەك ئوسوول و قاعیدەیەکی گشتی. بارمتە گرتن یان فڕۆکە ڕفاندن شێوەی کاری ئێمە نین، چونکە ئێمە لەخەباتی خۆماندا خەڵکی ئاسایی ناکەینە نیشانە، هەربۆیە شێوەی خەباتی (پ. ك. ك) تەئیید ناکەین و لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە هیچ چەشنە پەیوەندییەکمان نیە".[555]

قاسملوو ڕەخنەی لە (پ.ك.ك) دەگرت و ڕای دەگەیاند کە ئەمانە نوێنەری بزووتنەوەی کورد نین، خۆی لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت: "بەکردەوەکانی (پ. ك. ك) ئیعتیباری گەلی کورد لەجیهاندا خەوش

---

[554] بۆ زیاتر بڕوانە: (فاشیستەکانی ئێران و تورکیە لە سەر گەلی کورد هاودەنگن، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (95)، بانەمەڕی 1363هـ – مای 1984ز، ل19- 21، 24- 27).

[555] مەسەلەی کورد لە تورکیە، س. پ، ل9.

دار دەبێ، بێگومان حکومەتی تورکیاش دەتوانێ ئەم کارانە بکات بەبیانوو و لە دژی خەباتی گشتیی کوردەکانی تورکیا کەڵکی لێوەرگرێت و کەڵکیشی لێ وەرگرتوە،....، بەناچار دەبێ بڵێم جەرەیانێکی وەك (پ.ك.ك) نوێنەری خەباتی گەلی کورد نیە. بەئەرکی خۆمی دەزانم ئەم ڕاستییە بڵێم، چونکە خەڵکی کووچەو کۆڵانو یان بەشێوەیەکی گشتی هەموو کەس نازانن ئەو چەشنە کارانە تەنیا لە (پ.ك.ك) دەوەشێتەوە، ئەوان ئەم کارانە وەپاڵ هەموو گەلی کورد دەدەن، بۆیە ئەم چەشنە کردەوانە دەدرێنە پاڵ ئێمەش.[556]

لێرەدا پێویستە بڵێین هۆکاری ڕەخنە گرتن لە (پ. ك. ك) لەلایەن قاسملووەوە بەهۆی پەیوەندی بە تورکیاوە نەبووە، چونکە وەك گوتمان قاسملوو بەردەوام هەڵوێستی ڕەخنە گرانەی لە سیاسەتەکانی تورکیا دەگرت، وەك لەچاوپێکەوتنێکی دا دەڵێت: "تورکیە بەهەموو هەوڵیەوە خەریکە بچێتە نێو بازاڕی موشتەرەکی ئەورووپاو زۆر لەڕێکخراوەکان، بەتایبەت حزبە سۆسیالیستو کۆمۆنیستەکان لەو بڕوایەدان هەتا تورکیا مەسەلەی میللەتەکان حەل نەکاو دیموکراسی لە تورکیە دانەمەزرێ نابێ تورکیا وەربگیرێت".[557]

---

[556] بەشێك لە وتووێژە چاپەمەنیەکانی هاوڕێ د.عبدالرحمن قاسملوو لە ئیسپانیا، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (130)، خەرمانانی 1366هـ- سبتامبەری 1987ز، ل6.

[557] وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ سکرتێری گشتی حدکا د.قاسملوو، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (129)، ئوتوی 1987، ل3.



www.pertwk.com

قاسملوو ڕەخنەی لە (پ.ك.ك) دەگرتو ڕای دەگەیاند کە ئەمانە نوێنەری بزووتنەوەی کورد نین، وەکوو خۆی لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت: "بەکردەوەکانی (پ. ك. ك) ئیعتیباری گەلی کورد لەجیهاندا خەوش دار دەبیٚ، بێگومان حکومەتی تورکیاش دەتوانیٚ ئەم کارانە بکات بەبیانوو و لە دژی خەباتی گشتیی کوردەکانی تورکیا کەڵکی لێوەرگرێتو کەڵکیشی لیٚ وەرگرتوە،....، بەناچار دەبیٚ بڵێم جەرەیانێکی وەك (پ.ك.ك) نوێنەری خەباتی گەلی کورد نیە. بەئەرکی خۆمی دەزانم ئەم ڕاستییە بڵێم، چونکە خەڵکی کووچەو کۆڵانو یان بەشێوەیەکی گشتی هەموو کەس نازانن ئەو چەشنە کارانە تەنیا لە (پ.ك.ك) دەوەشێتەوە، ئەوان ئەم کارانە وەپاڵ هەموو گەلی کورد دەدەن، بۆیە ئەم چەشنە کردەوانە دەدرێنە پاڵ ئێمەش".[558]

**دووەم: پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان:**

قاسملوو لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێوخۆییەکانیدا لەگەڵ پارتو ڕێکخراوە کوردییەکان لە سووریا پەیوەندییەکی دۆستانەو پتەوی هەبوو، ئەم پەیوەندییەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵەکانی پەنجای سەدەی ڕابردوو، بەتایبەت کاتێك لەگەشتەکانیدا کە بۆ ئەوروپا دەیکرد، لەلای کوردەکانی سووریا دەمایەوەو لە نزیکەوە هاوکاریی

---

[558] بەشێك لە وتووێژە چاپەمەنیەکانی هاوڕیٚ د.عبدالرحمن قاسملوو لە ئیسپانیا، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (130)، خەرمانانی 1366هـ- سبتامبەری 1987ز، ل6.

دەکردن لەسەر مەسەلەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە سووریا.[559]

لەپەیامی هەردوو پارتی کوردی سووریا (پارتی پێشڕەوی کورد لە سووریا)و (حیزبی یەکێتیی گەلی کوردی سووریا) ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆ نموونە سەلاح بەدرەددین سکرتێری گشتیی حزبی یەکێتیی گەلی کوردی سووریا، بەم جۆرە باس لە پەیوەندیی نێوان خۆیان و قاسملوو دەکات و دەڵێت: "هاوڕێ قاسملوو ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی کوردستانی ئێران و شەخسیەتێکی کاریگەرو بەناوبانگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو، بۆیە شەهید بوونی نەك هەر بۆ حیزبی ئێوە (مەبەست لە حدکایە) و گەلی کورد لەئێراندا، بەڵکوو بۆهەموو هێزەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا زیانێکی گەورەیە، قاسملوو دۆستێکی خۆشەویستی حزبەکەمان بوو، لەپتەوکردن و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانماندا بەشداربوو".[560]

سەلاح بەدرەددین لەیادی دە ساڵەی شەهیدبوونی قاسملوودا نووسیویێتی: "ئێمە دۆستی قاسملوو بووین، ئێمە لەسەر داوای قاسملوو هاوکاریی حدکامان دەکردو ڕێگەمان بۆ خۆش کردن، کە نووسینگەی حدکا لە بەیرووت بکەنەوە".[561]

---

[559] چاوپێکەوتن لەگەڵ (پ. د.عیزەددین مستەفا رەسوڵ)، سلێمانی، 2006/2/9.

[560] پەیامی حزب و ڕێکخراوو شەخسیەتە کوردیەکان، س. پ، ل13.

[561] بڕوانە: (صلاح بدرالدین: الذکری العاشرة لرحیل د.عبدالرحمن قاسملو، الاتحاد (مجلة)، عدد (31)، تموز 1999، ل18).



www.pertwk.com

جگــە لەمانــەش قــاسملوو لــەپێناو بەرژەوەنــدیی سەرانســەری بزووتنـەوەی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەوەی پەیوەندییـەکی باشـی لەگـەڵ پارتە کوردییەکانی سووریا هەبووە، لەهەمان کاتدا لەسالانی حەفتای ســەدەی رابــردوودا بەشــداریی لەگەڵــدا کــردوون بــۆ پێکهێنــانی بەرەیــەکی یــەکگرتووی کوردســتانی.[562] هــەروەها هــەوڵی داوە بــۆ پتەوکردنو یەك ڕیزیی بزووتنەوەی کوردی سووریاو لـەم پێناوەشـدا هەنگاوی گرنگی ناوە، وەك سەلاح بەدرەددین دەڵێت: "د.قاسملوو لە بەیرووت داوای لـە حیزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتانی سـووریە کـرد کەیەك بگرنو ئێمـە هـەمووومان ئـەو پێشـنیارەی قاسملوومـان زۆر پـێ خـۆش بـوو و قبووڵمـان کـردو سیاسـەتو هەڵوێسـتی خۆمـانو هـۆی ناکۆکییــەکانمان بــۆ ڕوون کــردەوە، بــەڵام بەداخــەوە لایــەکی دیکــە پێشــنیاری د.قاسملوویــان قبــووڵ نــەکرد. بــەهۆی ئــەو کــارەوە د.قـاسملوو لـە نوختـە نـەزەری ئێمـە بەتـەواوی ئاگـادار بـۆوە. ئێمـە ئەوکات ئەو هـەنگاوەی د.قاسملوومـان زۆر لـەلا بـەنرخ بـوو و لەسـەر گرنگی دانی ئێمە بەمەسەلەی کوردستانی ئێران شوێنی دانا".[563]

ئەم پەیوەندییانەی قاسملوو لەگەڵ پارتو ڕێکخراوە کوردییـەکانی کوردسـتان لـە عێـراقو تورکیـاو سـووریا. لەسـەر ئاسـتی پەیوەنـدیی دۆســتانەو هاوکــاری یــەکتری گەیشــتۆتە ئــەوەی کــە هــەوڵ بــدەن بەیەکـەوە بـیر لـە دامەزرانـدنی بەرەیـەکی هاوبەشـی کوردسـتانیو پەرەدان بەخەبات لە بزووتنەوەی سەرانسـەری کوردسـتاندا بکەنەوە.

---

[562] بڕوانە:(عبدالحمید درویش: أضواء علی الحرکة الکردیة في سوریا، ط2، السلیمانیة، 2003، ل231- 245).

[563] س. پ، ل18.


www.pertwk.com

لەم بارەیەوە کەریمی حیسامی نووسیویێتی: "ڕۆژی 2ی دیسامبری (کانونی یەکەم) 1977 حیزبە پێشکەوتووەکانی کوردستان کۆبوونەوەی هاوبەشیان لە بەیرووت پێك هێناو د.قاسملوو وەك نوێنەری حدکا تیایدا بەشدار بوو، لەم کۆبوونەوەیەدا د.قاسملوو بەرنامەی کاری خۆی پێشکەش کردو لەلایەن حیزبە کوردستانییەکان بەبڕیاری کۆبوونەوە پەسند کرا، لەوێ دا جەخت لەسەر پەیوەندییە نیشتمانیو کوردستانییەکان لەگەڵ یەکتر کرا بۆ دانانی یەك بەرنامەی ستراتیژیی درێژ خایەن بۆ کاری هاوبەشی خەبات لەبزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیدا".[564]

لێرەدا هەرچەند ئەم کارەی پارتە کوردییەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشی کوردستانی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام دەتوانین بڵێین قاسملوو توانی هەوڵ بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی سەرانسەری کوردستان بداتو پەیوەندیی باشو دۆستانەیان لەگەڵ دابمەزرێنێت. چەند ساڵێك پێش تیرۆرکردنی دەڵێت: "هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەر دۆستانەیە، حیزبی ئێمە هەروەك جاران لەهەموو پارچەکانی کوردستان پشتیوانی لە بزووتنەوەی میللی – دیموکراتی گەلی کورد دەکاو هەروەك ڕابردوو ئامادەیە یارمەتیی هێزە دیموکراتو شۆڕشگێڕەکانی کوردی بدات".[565]

دەکرێت بڵێین قاسملوو وەك خۆی زیاتر برەوی بە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ پارتە کوردستانییەکان داوە نەك وەك حدکا، کە ئەم

---

[564] لەبیرەوەریەکانم، ب5، ل187– 190.

[565] ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا بۆ کۆنگرەی هەشتەم، ل42.

پەیوەندییانەشی زۆرجار بۆتە مایەی زیان بۆ حیزبەکەی و لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حدکاوە گلەیی لێ کراوە، هەروەك گادانی دەڵێت: "ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گلەییان لەسەر ئەوە لە د.قاسملوو هەبوو، کەلەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان ڕێککەوتنی کردوە، چونکە هەم بەبێ ئاگاداریی کۆمیتەی ناوەندی بووە، هەمیش بۆ هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی دانیشتووی عێراق بۆتە مایەی دەردەسەری"،[566] بەلاّم قاسملوو دوور لەم گلەییانەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حدکا، بەردەوام پەیوەندیی خۆی لەگەڵ پارتە کوردییەکان درێژە پێ دا، ئەمەش دوای تیرۆرکردنی زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێك بەشێکی زۆری پارتە کوردییەکان پەرۆشی و ماتەمی خۆیانی بۆ ڕادەگەیەنن.[567]

---

[566] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل185.

[567] بڕوانە: پەیامی حزب و ڕێکخراوو شەخسیەتە کوردییەکان، س. پ، ل11-20.

## باسی سێیەم

## پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵە لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،[568] لەسەرەتاوە باش نەبوو، پڕ لە کێشەو تێك نەگەیشتن بوو، پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی چوو، هۆکاری ئەو زیاتر ئاڵۆز بوونەش دەگەڕایەوە بۆ هەندێك لێکدانەوەی هەڵەی کۆمەڵە دەربارەی حدکا،[569] چونکە کۆمەڵە خۆی بە حیزبێکی کۆمۆنیستی دادەنا کە نوێنەری چینی چەوساوەو کرێکاران و جوتیارانن، حدکایان بە بۆرژواو دوژمنی سەرسەختی چینی کرێکار دەزانی.[570]

پێوەندیەکانی قاسملوو وەك ڕێبەرێکی حدکا لەگەڵ کۆمەڵەدا خراپ بوو، تا گەیشتە ڕادەی شەڕ لەنێوانیاندا لەسەرەتای

---

[568] سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە بە کۆمەڵە ناسرابوو لەساڵی 1978 – 1979 دامەزرانی خۆی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند، بەڵام ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە سەرەتاکانی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی 1969 پاشان لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەت بوونی تێ کەوت و کۆمەڵەی سەرەکی بوو بە کۆمەڵەی کۆمۆنیستی سەرانسەری ئێران. (چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاحوددینی موهتەدی)، دوکان، 31/ ئاب/ 2005).

[569] یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران..، ل391.

[570] محەمەدی حاجی مەحمود: س. پ، ب2، ل257؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (پێشڕەو (گۆڤار): کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات دوو سیاسەت لەبزووتنەوەی کوردستاندا، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە، ژمارە (13)، نەورۆزی 1364هـ– 21ی مارسی 1985ز، ل1– 4، 25).



www.pertwk.com

ساڵی1980.[571] هـۆی ململانێـی قـاسملوو لەگـەڵ کۆمەڵـەو خراپیـی پەیوەندیی نێوانیـان زیـاتر لەسـەر ململانێـی فیکـریو گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات بـووە لـەنێوانیان، چـونکە کۆمەڵـە هـەوڵیان دەدا خۆیـان لـە کوردسـتان دەسـەڵاتدار بـن تـا بتـوانن نوێنەرایـەتیی چینـی کرێکـارو چەوساوەی کوردسـتان بکـەن، لەهـەمان کاتـدا قـاسملوو وەك ڕێبـەری حدکا خـۆی بەتاکە حیزبـی دەسـەڵاتداری کوردسـتان دەزانـیو داوای دەکـرد دەبێـت کۆمەڵـە ڕابەرایـەتی کردنـی بزووتنـەوەی کـورد لەلایـەن حـدکاوە پەسـەند بکـات.[572] تەنانـەت قـاسملوو پەسـند کردنـی کۆمەڵـەی وەك ئەنـدامێکی دەسـتەی نوێنەرایـەتیی گـەلی کـورد بـۆ گفتوگـۆ لەگـەڵ ڕژێمـی ئێـران بەسـتبووەوە بـەو مەرجـەی، کـە حـدکا ڕابـەری شۆڕشـی کوردسـتانی ئێرانـەو مـافی قسـەکردنی هەیـە، ئێمـە کاتێك بەبەشداریی کۆمەڵە ڕازی دەبین کە ئەم ڕابەرایەتییـەی ئێمـەی پەسندبێت.[573]

بـەم شـێوەیە پەیوەندییـەکانی قـاسملوو لەگـەڵ کۆمەڵـە گەیشـتە ئاسـتی شـەڕی چـەکدارانەی نێوانیـانو چـەندین کارەسـاتی لـێ کەوتـەوە، لەسـەرەتای سـاڵی 1980 – 1981 ناکۆکییـەکانیان زیـاتر بـوو، کاتێـك قـاسملوو پەیوەسـت بـوونی حـدکای بـە شـووورای

[571] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل69، 90.

[572] جەمال نەبەز: س. پ، ل111.

[573] فاتح رەسوڵ: س. پ، ب1، ل256.

نیشتمانییەوە ڕاگەیاند.[574] ئەم ناکۆکییانەی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵە زیانی بەبزووتنەوەی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند، چونکە جگە لەوەی نەیان توانی بە کۆدەنگی بەرامبەر بەڕژێمی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەن، لەهەمان کاتدا ساڵی 1981 کە هەوڵی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی کوردستانی لەهێزەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان درا، بەهۆی ناکۆکیی نێوان حدکاو کۆمەڵە، ڕازی نەبوونی قاسملوو بەبەشداری کردنی کۆمەڵە لەم کۆنگرەیەدا، هەوڵەکان تووشی شکست بوون.[575]

بەم جۆرە شەڕی کۆمەڵەو حدکا جارێکی دیکە ساڵی 1982 لەناوچەی مهاباد سەری هەڵ دایەوەو پاشان بەڕێکەوتنێکی نێوانیان بارودۆخەکە ئاسایی بۆوە، دوای ئەم گۆڕانکارییانە د.قاسملوو لەپەیامێکی ڕادیۆییدا سەبارەت بە کۆمەڵە دەڵێت: "لەپێشمەرگەکانی حدکا داوا دەکەم لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەشەڕی دژی خومەینیدا هاوکاری بکەن. ئەم هاوکارییە لەزۆر جێگا کە پێشمەرگەی حیزب و کۆمەڵە لەیەك سەنگەردان پێك هاتوە، بەڵام پێویستە پەرەی پێ بدرێت. دەبێت پێشمەرگەی هەردوولا ئەو ڕاستییەیان لەبیربێت کە دوژمنی هاوبەشمان ڕژێمی خومەینییە".[576]

---

[574] دیڤد ماکداوڵ: س. پ، ب2، ل571- 572؛ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی...، ب2، ل84-85.

[575] ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل388- 389.

[576] بڕوانە: جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل292.



www.pertwk.com

لەڕاستیدا پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵەدا هەر نەیتوانی بەباشی بەردەوام بێت و جارێکی دیکە بەهۆی ململانێکانی نێوانیان شەڕی چەکدارانەیان دەست پێ دەکاتەوە، کە گرنگترینیان لەشەڕەکانی نێوانیان ناسراوە بە کارەساتی هەورامان لەساڵی 1984دا، کە کۆمەڵە تاوانەکەی خستۆتە سەر ڕێبەرانی حدکاو بانگەوازی ئەوەی کردوە پێویستە شەڕ لە دژی کۆماری ئیسلامی بکەین نەك لەگەڵ یەکتری.[577] لەهەمان کاتدا قاسملوو کۆمەڵەیان بەوە تاوانبار کردوە کەهێرشی تۆڵەی کردۆتە سەر حدکا لە هەورامان و شەڕو کوشتارێکی زۆر ڕووی داوەو ئەمەش لە ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵە بەشانازی لەقەڵەم دراوە.[578]

پاش ئەم گرژییانە کۆمەڵە داوای گفتوگۆ دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام قاسملوو ڕای دەگەیەنێت گەر پێشتر هەوڵی وتووێژ درابێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوا حدکا ئەم کارەساتەی 1984/1/26ی بەخاڵی گۆڕانێکی گرنگ لە پەیوەندیی نێوان هەردوولا داناوە، بۆیەش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵە ڕاستەوخۆ

---

[577] کارەساتی هەورامان، هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (لەڕۆژی 29ی خەزڵوەرەوە هەتا 9ی سەرماوەرز) سەبارەت بەڕووداوی هە ورامان (1)، ئینتیشاراتی ناوەندیی کۆمەڵە، سەرماوەرزی 1363ه، (کانوونی یەکەمی 1984ز)، ل6، 16.

[578] کارەساتی هەورامان، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (102)، بەفرانبارو ڕێبەندانی 1363ه– ژانویەو فوریەی 1985، ل9.



www.pertwk.com

شەڕی لەدژی حدکا سازکردوە وتوویژی لەگەڵ کۆمەڵە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕەت کردۆتەوە.[579]

سەبارەت بەسیاسەتی کۆمەڵە بەرامبەر بە حدکاو داواکارییەکانی قاسملوو لە کۆمەڵە، بۆخۆی لە وتوویژێکدا دەڵێت: "ئەوەی ڕاستییە لە سیاسەتی کۆمەڵە ناگەم. ئەوان دەیانهەوێ ئەوە بەسەر ئێمەدا بسەپێنن، کە شەڕ لەگەڵ بۆرژوازی دەکەن لە کوردستاندا، بەڵام خۆ ئێمە بۆرژوازی نیین، ئێمە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێران ڕێبەری دەکەین. هیچیشمان لە کۆمەڵە ناوێ بێجگە لەوە ئەوە بسەلمێنێ، کە حدکا جوولانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، ئەوەش لەبەر ئەوە نیە پێویستمان بەسەلماندنی کۆمەڵە هەبێت لەو بارەوە، بەڵکوو بەخاتری داهاتووی کوردستانە".[580]

لێرەدا ئەوە تێ دەگەین کە قاسملوو مەبەستی لەنێوبردنی یەکجاریی کۆمەڵە نەبووە، بەڵکوو هەوڵی داوە لەڕێگەی شەڕو ململانێوە بە کۆمەڵە بسەلمێنێ حدکا بەهێزترو خاوەن دەسەڵاتی زیاترە لە کوردستان. ئەمەش زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێك قاسملوو لەنامەیەکیدا بۆ فەرماندەی هێزەکانی سەبارەت بە کۆمەڵە دەنووسێ: "جەخت دەکەمەوە کە مەبەستی من لەم شەڕە ماندوو کردن و زەربە لێدان و کز کردنی ورەی کۆمەڵەیە، بۆیە تکاتان لێ

---

[579] هەڵوێستی حزبی دیموکرات بۆ وتوێژ لەگەڵ کۆمەڵە، وتارێك لەدەنگی کوردستانی ئێران، ئینتیشارات و تبلیغات کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران، اسفندماە، 1363ھ (1984ن)، ل1-2.

[580] وتوویژ لەگەڵ گۆڤاری (الیوم السابع)، س. پ، ل32.



www.pertwk.com

دەکەم ئەوەتان بیرنەچێ... من پێم وایە لەشێوەی شەڕ کردن و تاکتیکی خۆمان لەگەڵ کۆمەڵە دەبێ تەجدیدی نەزەر بکەین و خۆمان باشتر بۆ شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە ئامادە بکەین".[581]

گەر قاسملوو سوور بووە لەسەر ئەوەی بەدرێژەدان بەشەڕ دژی کۆمەڵە دەسەڵاتی زیاتری خۆی بەکۆمەڵە دەسەلمێنێ، لەهەمان کاتدا کۆمەڵەش جگەلەوەی داخوازییەکانی قاسملوویان پەسند نەکردوە، ئامادەیی خۆیان زیاتر بۆ شەڕ لە دژی دەربڕیوە، هەروەکوو دەبینین بۆچوونی ڕێبەرانی کۆمەڵە بەرامبەر بە حدکا بەم شێوەیە بووە: "حدکا حزبێکە بورژوا، دژی شۆڕش و بەشێك لەئیمپریالیزمی جیهانی، حدکا دوژمنی چینایەتییەو دەبێ خەباتێکی چینایەتیی لەئاشتی نەهاتوو بەدژیەوە بەڕێوە بچێ، لەنێوان حدکاو کۆماری ئیسلامیدا فەرق و جیاوازییێکی ئەوتۆ نیە، تەنیا فەرقێکیان ئەگەر هەبێ ئەوەیە حدکا لە کۆماری ئیسلامی خراپترە!، بەهێزی نیزامی دەبێ حدکا وەك دوژمنی پرۆلیتاریا لەبەین بەرین، چونکە حدکا خاڵی لاوازە لەڕێگای گەشەکردنی جولانەوە".[582]

پەیوەندییەکانی قاسملوو لەگەڵ کۆمەڵە بەردەوام بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت، لەڕاستیدا ئەو قۆناغەی پەیوەندیی نێوان قاسملوو وەك ڕێبەری حدکا لەگەڵ کۆمەڵە، بەقۆناغێکی تاریکی بزاڤی

---

[581] بڕوانە: (لێکدانەوەیەك لەسەر شەڕی کۆنەپەرستانەی حزبی دیموکرات لە دژی کۆمەڵە (زنجیرە وتارێکی دەنگی شۆڕشی ئێران، لەبلاوکراوەکانی کۆمەڵە، خەرمانانی 1364هـ، (1985ز)، ل57- 58).

[582] هەڵوێستی حزبی دیموکرات بۆ وتووێژ لەگەڵ کۆمەڵە، س. پ، ل9.

ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەژمێردرێت، چونکە دووبەرەکیی نێوان حدکاو کۆمەڵە لەدوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران تۆوی دووبەرەکیو نائومێدیی لەدڵی خەڵکی کوردستاندا چاند.[583] قاسملوو لەنامەیەکیدا بۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە 1985/8/17 سەبارەت بەچەکدارەکانی کۆمەڵە خۆشحاڵیی خۆی دەربڕیوەو نووسیویێتی: "شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە ڕاوەستاوە، بەڵام ڕۆژ نیە چەند کەس لەچەکدارەکانی کۆمەڵە نەیەن بۆلای حیزب، تا ئێستە نزیکەی بیست کەس هاتوونو وادیارە زیاتریش دەبن".[584]

بەم جۆرە قاسملوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵە درێژە پێ دەداو پاشان لەساڵی 1986 تا ساڵی 1987 شەڕ لەدژیان بەردەوام دەبێت.[585] ئەمەش زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند، چونکە بووە هۆی خۆتەسلیم کردنەوەی کادیرو پێشمەرگە بەرژێم، دانیشتنی هێندێك لەئەندامانی سیاسیو سەربازی حدکا، سەرەتای کزو لاواز بوونی شۆڕشوبێ هیوا بوونی خەڵك بەشۆڕش، هەروەها بەهێزکردنی بەکرێگیراوانی ڕژێمو دوژمنانی کورد.[586]

---

[583] هاوڕێ باخەوان: ئالای کورد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسییە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، ل116.

[584] دەقی نامەی قاسملوو بۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە 1985/8/17، بۆ دەقی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (8).

[585] عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار): چێشتی مجێور، ل574.

[586] سەعید کاوە " کوێستانی": س. پ، ل296.



www.pertwk.com

لەم بارەیەوە گادانی ڕایەکی پەسندی هەیە کە دەڵێ:"هەرچەند کۆمەڵە سیاسەتی چەوتیان بەرامبەر بە قاسملوو گرتەبەر، بەڵام قاسملووش وەك ڕێبەری حدکاو جوولانەوەی نەتەوایەتیی کورد بێ تاوان نەبوو لە ململانێی لەگەڵ کۆمەڵە، چونکە شەڕی کۆمەڵەو حدکا زیانی زۆری بەبزووتنەوەی کورد گەیاندو دوژمن سوودی زۆری لێ بینی، ئەمەش بەتەنیا هەڵەی د.قاسملوو نەبوو، بەڵام ئەو ڕێبەری حدکا بوو".[587]

لەهەمان کاتدا ساڵانی دواتر ڕێبەرانی کۆمەڵە دانیان بەهەڵەی خۆیان داناوە لە سیاسەتەکانی خۆیاندا، وەك عەبدوڵڵا موهتەدی لەچاوپێکەوتنێکیدا دانی بەوەدا ناوە بەرنامەی کۆمەڵە لەساڵی 1985دا هەندێك کەموکووڕیی هەبووەو بەشێکی زۆری بەرنامەکانیش جێگەی پەسندی خۆشمان نەبوون.[588] ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، قاسملوو گەر هەڵەی بووبێت لەهەڵگیرسانی شەڕی چەکداری لەگەڵ کۆمەڵە، بەڵام کۆمەڵەش لە سیاسەتەکانیاندا بەرامبەر بەخودی قاسملوو هەڵەی گەورەیان هەبووە، بۆیە دەبینین بەدرێژایی تەمەنی ڕێبەرایەتی کردنی قاسملوو لەنێو حدکادا، تا

---

[587] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.

[588] وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی، گوزارش و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پووشپەڕی 1373هـ- ژووئیەی 1994ز، ل128.



www.pertwk.com

تیرۆرکرانـی لەسـاڵی 1989دا پەیوەنـدیی لەگـەڵ کۆمەڵـە گـرژو پـڕ لەناکۆکیو ناتەبایی بووە بەتایبەت لەبواری فکری دا.[589]

---

[589] کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی حـدکا، ژمـارە (154)، ڕەزبـەری 1368- ئۆکۆتبـەری 1989، ل1؛ بـۆ زیـاتر بڕوانـە:(کۆمەڵـەی یەکسـانیی کوردسـتان- ئێـران:شـەڕی نـاوخۆیی لـە کوردسـتان "لێکۆڵینەوەیـەك لەسـەر شـەڕی ناشۆڕشـگێڕانەی حزبـی دیمـوکراتو کۆمەڵـە"، ب. ش، ڕێبەنـدانی 1363ه،(شوباتی 1984ن)).

# بەشی پێنجەم
# دیبلۆماسیەتی دەرەکیی قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا

## باسی یەکەم
## دیبلۆماسیەتی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دا

یەکەم: پەیوەندیی قاسملوو بە پارتە ئێرانییەکانەوە:

أ- توودە.

ب- ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەڵکی ئێران

ج- موجاهیدینی خەڵکی ئێران

دووەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لەسەر ئاستی ئێران دژ بەڕژێمی کۆماری ئیسلامی:

أ- خەباتی قاسملوو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرگری

ب- هەوڵی قاسملوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی لەسەرانسەری ئێران دا

## باسی دووەم
## دیبلۆماسیەتی قاسملوو لە سەرئاستی دەرەوە

یەکەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیان

أ- عێراق

ب- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین

ج- کۆماری دیموکراتی یەمەنی

د- لەگەڵ وڵاتانی دیکە

دووەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەبیروڕای گشتیی جیهان

## باسی یەکەم

## دیپلۆماسیەتی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دا

### یەکەم: پەیوەندیی قاسملوو بە پارتە ئێرانییەکانەوە:

لەسەر ئاستی بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران قاسملوو باوەڕی بەچارەنووسی هاوبەشی گەلانی ئێران هەبوو، بۆیەش هەوڵی دەدا پێوەندیی هاوخەباتی لەتەك بزووتنەوەی ڕزگاریخوزانەی ئێراندا ببەستێت،[590] چونکە لەگەڵ ئەوەی خۆی بەنیشتمان پەروەرێکی ئێرانی زانیوە، ڕێگەشی بەکەس نەداوە کەخۆی لەو بەئێرانی تر بزانێت و باوەڕی بەهاوچارەنووسیی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران هەبووە، پێی وابووە گەلی کورد بەبێ هاوکاریی گەلانی دیکەی ئێران ناتوانێت بە ئامانجەکانی بگا.[591] لەسەر ئەم بیروبۆچوونانەی پەیوەندیی لەگەڵ پارتە ئێرانییەکان بەست.

### أ- حزبی توودەی ئێران:

قاسملوو لەگەڵ حزبی توودەی ئێران مێژوویەکی تایبەتیی هەیە، بەهۆی ئەوەی لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لەمهاباد بۆ ماوەیەکی زۆر حدکاو توودە یەك ڕێکخستنیان هەبوو، قاسملووش پەیوەندییەکی یەکجار نزیکی لەگەڵ توودەو ڕێبەرەکانی هەبوو، جگە لەمەش نزیك بە بیست ساڵ لە حزبی توودە ئەندام بوو، پاشان

---

[590] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژ.(37)، ئووتی 1975، ل1- 3.

[591] تێکۆشان لەدەرەوەی وڵات، کوردستان (ڕۆژنامە)، ژ. (145)، بەفرانباری 1367- کانوونی دووەمی 1989، ل6.

گەڕایەوە بۆ ڕیزەکانی حدکا.[592] بۆیە دوای دوورکەوتنەوەی قاسملوو لە توودە، پەیوەندییەکانی بەرەو گرژی ڕۆیشت، بەتایبەتی کە لەساڵی 1971دا بوو بەسکرتێری حدکا، ئەو حزبەی بەرەو سەربەخۆیی لە توودە بردو جیای کردەوە، بۆیە توودەش لەگەڵی کەوتە ململانێ و پەیوەندییان بەرەو خراپی چوو.[593]

لەگەڵ ئەوەی توودە دژایەتیی خۆیان بۆ قاسملوو دەربڕیوە، بەڵام ئەو بەردەوام هەوڵی داوە لەڕێگەی گفتوگۆو دانوستانەوە توودە بەوە ڕازی بکا، کەدان بە حدکاو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بنێت. لەم بارەیەوە گادانی نووسیویێتی: "لەمەڕ پەیوەندیی د.قاسملوو لەگەڵ حیزبی توودە دەبینین لەسەرەتای مانگی ئابی 1974، کە د.قاسملوو لەگەڵ دوو ئەندامی دیکەی حدکا لەگەڵ حیزبی توودە لەبەرلین کۆدەبنەوە، سەرەنجامی بەهیچ ناگات، چونکە (کیا نوری) لە حیزبی توودە ئامادە نابێت حدکا بەڕەسمی بناسێ و ڕێبەری حدکاش (مەبەست د.قاسملووە) بەمەڕازی نابێت، پێشنیاری بۆ دەکەن وەك کوردێکی پێشکەوتنخواز بناسێنرێت، نەك وەك سکرتێری حدکاو دان نان بە حیزبەکەی".[594]

هەوڵەکانی قاسملوو بۆ ڕازی کردنی توودە بێ ئاکام مانەوە، سەرەنجام توودە هەڵوێستی توندتری بەرامبەر بە قاسملوو و حدکا

---

[592] بڕوانە: باسی یەکەمی بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی قاسملوو لە حیزبی توودەی ئێران دا).

[593] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل169.

[594] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل174.

گرتەبەر کاتێك لەساڵی 1975دا پلانێکی دارشت بۆ هەڵوەشاندنەوەی حدکا،[595] پلانەکەش ڕاگەیاندنی پەیامێك بوو لەلایەن توودەوە بەناوی "پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودەی ئێران بۆ تێکۆشەرانی گەلی کوردستانی ئێران"، کە لەودا داوای لە حدکا کرد خۆی هەڵ وەشێنێ و ببێت بەبەشێك لە حیزبی توودە، بەڵام قاسملوو زۆر بەتوندی ئەو داوایەی توودەی ڕەت کردەوەو بەهەموو شێوەیەك داکۆکیی لەسەربەخۆیی حدکا کرد.[596] پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ توودە بەم جۆرە مایەوە تاکوو شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی 1979دا کە چوونەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم قۆناغەدا قاسملوو هەوڵی دا پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ توودە دابمەزرێنێتەوە، بەڵام سیاسەتی حیزبی توودە پێچەوانەی بۆچوون و سیاسەتەکانی قاسملوو بوو لەم قۆناغەدا.[597]

حدکا بەڕابەریی قاسملوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، نەچووە ژێر باری سیاسەتی حیزبی توودەوە، ناکۆکییەکانیان قوڵتر بوو، بەتایبەتی کاتێك توودە پشتیوانیی بێ چەندو چوونی لە ڕژێمی ئیسلامی کرد بەبیانووی ئەوەی دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایە، بەپێچەوانەوە حدکا لەکێشەو شەڕدا بوو لەگەڵ ئەم

---

[595] هاوڕێ باخەوان: هاوڕێ نامە بۆ مێژووی...، ل268.

[596] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (37)، ئووتی 1975، ل1- 3.

[597] بۆ زیاتر بڕوانە: (د.یاسین سەردەشتی: هەڵوێستی حیزبی توودە، ل88-108).

ڕژێمەدا، چونکە مافەکانی کوردی نەدەسەلماند.[598] عەبدوڵڵا حەسەن زادە سەبارەت بە پەیوەندیی قاسملوو و توودە لەم قۆناغەدا، دەڵێت: "خودی قاسملوو هەوڵێکی زۆری دا پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ توودە بپارێزێت، بەڵام ڕێبەرانی توودە ڕێگەیەکی دیکەیان گرتە بەرو زۆر دژایەتیی حدکایان کردو دووبەرەکیو لەت بوونیان لەنێودا پێك هێنا، تەنانەت بەشێك لە توودەییەکان بەسوودی ڕژێمی خومەینی جاسووسییان لەسەر حدکا دەکرد، بۆیە پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ توودە بەناچاری تێك چوو".[599]

دوای گرژ بوونی پەیوەندییەکانی قاسملوو لەگەڵ توودە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، توودە سوور بوو لەسەر پەسەند نەکردنی حدکا بەو شێوە سەر بەخۆیەی کە هەبوو، هەر هیوایان ئەوە بوو قاسملوو بگەڕێتەوە نێو حیزبی توودە،[600] بەڵام لەبەر ئەوەی قاسملوو سوور بوو لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی حدکا، ڕابەرانی توودە قسەی ناشیرینیان پێ گوتو بە خیانەتکاریان ناو برد، وەك (ئیحسان طبری)[601] لەیادداشتەکانیدا نووسیویێتی: "قاسملوو بە پلیکانەی خیانەتدا سەرکەوتو، بووە

---

[598] نەوشیڕوان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل169.

[599] چاوپێکەوتن ەگەڵ (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

[600] اربعون عاما من الكفاح من اجل الحرية، ل8.

[601] ناوبراو کە قاسملوو بە خائین ناو دەبات، کەچی خۆی خیانەتی کردو بەرائەتی دا.

یـەكێك لەناسـراوترین دوژمنـانی شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران".[602]
هەروەها فاتح رەسوڵ دەڵێت: "كیا نوری سكرتێری توودە نارەزایی بەرامبەر بە شۆڕشی كورد دەردەبڕیو هێرشی ڕاستەوخۆی دەكردە سـەر د.قـاسملوو و قسـەی ناشـیرینی پـێ دەگـوت، هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆ ئـەوەی حیـزی تـوودە پێی وابـوو كۆماری ئیسلامیی ئێران ڕژێمێكی دژی ئیمپریالیزمەو دەبێ ئێمە هاوكاریی بكـەین نـەك دژایـەتیی بكـەین.[603] بەمـەش دەبیـنین هەڵوێسـتی تـوودە بەرامبـەر بەكێشـەی كـورد لەڕۆژهـەلاتی كوردسـتان بـاش نـەبووە، چـونكە بەزیادەڕۆییەوە پشتیوانییان لەحكوومەتی خومەینی دەكرد.[604]

توودە هـەر بـەوە نەوەسـتا قاسملوو بـەخائینو ئاژەوە گێڕ لەقەڵەم بدات، بـەڵكوو دوای ئـەوەی كـە لەگەڕانـەوەی قاسملوو بـۆ نێـو تـوودە بێ هیوا بوون، هەوڵیان دا حدكا لێك هەڵ وەشێننو تۆڵـە لـەقاسملوو بكەنـەوە، بەتایبـەت لـەكۆنگرەی چـوارەمی حـدكا لەسـاڵی 1980دا، هانی غەنی بلووریانیـان دا دژی قاسملوو بجوولێتـەوەو پاشـان دوای نەگەیشـتن بەیـەك، لـەت بـوونی لـێ كەوتـەوەو تـاقمی حـەوت كەسـی دروسـت بـوون كەپاشـان بەپـەیڕەوانی كـۆنگرەی چـوارەم ناویـان دەركرد.[605]

---

[602] خاطراتی از تاریخ حزب توودە، چ1، انتشارات امیر كبیر، تهران، 1366ھ، (1987ز)، ل36.
[603] س. پ، ب2، ل331.
[604] ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل390.
[605] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێكۆشان، ب1، ل228- 238.


www.pertwk.com

لەم بارەیەوە ایرج کشکولی دەڵێت: "دوای هێرشی ئێران بۆسەر کوردستان و گرژبوونی پەیوەندیی نێوان قاسملوو و توودە، قاسملوو دەیگوت ئێوە دەبێ دۆستایەتی و دوژمنایەتیی خۆتان لەگەڵ ئێمە یەك لایی بکەنەوە...، قاسملوو کەسێکی ڕێك و ڕاست بوو دەیگوت ئێمە چاوەڕوانیی زۆرمان لە ئێوە هەبوو، ئێوە دۆستی دێرینی ئێمە بوون، ئەم هەڵوێستانە چیە بڵاوکراوەکانتان دژی خەڵکی کوردستان وەری دەگرن".[606] بۆیە دەکرێت بڵێین پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ توودە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو، ئەمەش بەهۆی سیاسەتەکانی توودە بوو بەرامبەر بە خودی قاسملوو و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان شان بەشانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ڕابەرانی توودە هەڵوێستیان بەرامبەر بە قاسملوو پێچەوانەی پەیوەندییەکی دۆستانە بوو، ئەمەش لە قسەکانیاندا دەردەکەوێت بەتایبەتی کاتێك ایرج کشکولی دەڵێت: "سیاسەتی ئێمە لە کوردستان هەڵە بوو، بەردەوام قسەکانی قاسملووم بیردەکەوێتەوە کەپێی دەگوتم: کاکە لەگەڵ ئێمەدا هاوڕێ بن، چاوەڕوانیمان لەئێوە ئەوەبوو لەگەڵمان بن، لەگەڵ ئێمە بەرگری لەمافەکانی کورد بکەن، ئێوە هەموو کاتێك تەئکیدتان لەسەر مافی گەلان لەدیاریکردنی چارەنووس دەکردەوە، تەئکیدتان دەکردەوە کە ئەبێت ڕێز لەمافی گەلان بگیرێت، بۆچی سەنگەرتان گۆڕیوە".[607]

---

[606] حمید شوکت: نگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتگو با ایرج کشکولی، ل192.

[607] حمید شوکت: س. پ، ل192.



www.pertwk.com

قاسملوو بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ توودە دەکرد، بەڵام توودە بەردەوام دژایەتیان بۆ قاسملوو دەنواند، سەرەنجام سیاسەتەکانیان تەنیا بەزیانی قاسملوو کۆتایی نەهات، بەڵکوو بەزیانی خۆشیان لەئێران کۆتایی پێ هاتو ساڵی 1983 زۆر لەڕێبەرانو کادیرەکانیان لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گیرانو ئەو ڕژێمەش هەڵوەشاندنەوەی توودەی لەناوەندەکانی دادگا ڕاگەیاندو بڕیاری لەسەردا.[608]

دوای ئەم ڕووداوە قاسملوو لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "حیزبی توودە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پەیوەندییان هەبوو، بەڵام ڕژێم وەك چۆن لەدژی ئێمە دەستی دایە چالاکیی چەکدارانە، لەدژی ئەوانیش ڕێگەی دوژمنایەتیی گرتەپێش، زۆر لەڕێبەرانی توودە گیرانو ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە لێك هەڵوەشێت، ڕێبەرانی توودە چ لەڕادیۆو تەلەفزیۆنو چ لەکەناڵەکانی دیکەی پڕوپاگەندەی ڕژێمەوە دانیان بەهەندێ شت دانا، کەلەگەڵ بناغەی بیروباوەڕو بەرنامەو بۆچوونەکانی حیزبی توودە، هەروەها لەگەڵ کۆمۆنیزمو یەکێتیی سۆڤیەت ناتەبایی ئاشکرای هەبوو، ئەم مەسەلەیە بوو بەهۆی ئەوەی ئەو حیزبە ئیعتیبارو پرستیژی خۆی بەیەکجاری لەدەست بدات، بۆیە قسەکردن لەبوونی توودە لەئێراندا کارێکی بێ جێیە".[609]

---

[608] سەردار محمد: س. پ، ل84- 85.

[609] بڕوانە: مەسەلەی کورد لە تورکیە، س. پ، ل8.

لێرەدا پێویستە بڵێین لەگەڵ هەموو ئەو کارە ناڕەوایانەی حیزبی توودە بەرامبەر بەقاسملوو دەیان کرد، هێشتا ئەو بەرامبەر بە توودە نەرمیی نواندوە و ڕێگەی خەباتی لە کوردستان لەبەردەمدا ئاوەڵا کردوون، وەك گادانی دەڵێت: "کاتێك لەبەهاری ساڵی (1983)دا حکوومەتی خومەینی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی توودەی ڕاگەیاندو دەستی کرد بەڕاوەدوونان و گرتنی ئەندام و کادیرەکانی، حدکا لەژێر ڕێبەرایەتیی قاسملوو لەبەیانێکیدا بەم جۆرە هەڵوێستی خۆی بۆ توودەییەکان دەردەخات: حدکاو ئەندامەکانی بەبوونی تێگەیشتنی بەرزی سیاسی و هەست کردن بە مەسئولیەت بەرامبەر بەو ئەرکە قورسەی لەسەر شانیانە، بێ ئەوەی هەستی تۆڵەکردنەوەیان هەبێت، ئەو توودەییانەی پەنا بۆ سەنگەری ئازادی کوردستان بێنن پەنا دەدەن و لە ئەمنیەتی ئەوان پارێزگاری دەکەن".[610]

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قاسملوو لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەرانسەری ئێران دا، هەوڵی داوە بەردەوام دۆستایەتی لەگەڵ توودە بپارێزێت، ئەو ڕاستییەش زیاتر دەردەکەوێت لەسەر هەڵوێستی باشی قاسموو بەرامبەر بە توودە، کاتێك لەنامەیەکیدا بۆ سەعید کاوە نووسیویێتی: "زۆر کەس ئێستا چارەنووسی حیزبی توودەی پێ خۆشە، من پێم ناخۆشە، بەڵام هەروەك لە أطلاعیەی دەفتەری سیاسی دا هاتوە، سیاسەتی دوور لە ئوسوول ئاکامی هەر ئەوەیە".[611]

---

[610] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل290- 291.

[611] بڕوانە: (سەعید کاوە (کوێستانی)): س. پ، ل250).



www.pertwk.com

## ب- ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەڵکی ئێران[612]:

پەیوەندیی قاسملوو بەم ڕێکخراوەوە زیاتر بۆ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕێتەوە، چونکە قاسملوو باوەڕی بەچارەنووسی هاوبەشی گەلانی ئێران هەبوو، هەمیشە هەوڵی دەدا حیزبەکەی باشترین پەیوەندیی هاوکاریو هاوخەباتیی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی سەرانسەری ئێران هەبێت. لەم بارەشەوە درێخی نەکرد، بەتایبەتی لەکاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا بۆخۆی لە تاران بوو بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پەیوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران بگرێ.[613] یەك لەو هێزانەش ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەڵکی ئێران بوو.

---

[612] ئەم ڕێکخراوە لە ناوەڕاستی 1960 دامەزرێنراوە، کەسەرەتا بڕوایان بەخەباتی پارتی زانی دەشتو کێوەکان هەبوو، پاشان چالاکییەکانیان بۆ شێوازی تەقاندنەوەی شارەکان گۆڕی، سەرەتای ساڵی 1970 لەلایەن ساواكو ڕژێمی شاهەنشاهی گورزێکی توندیان پێکەوت، کەبەشێکی ئەندامو ڕێبەرەکانی کوژران یان زیندانی کران. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لەساڵی 1979 یەکەمین ڕێکخراوە سەرانسەرییە ئێرانییەکان بوو، کە ژمارەیەکی لە ئەندامەکانی ناردە کوردستانو ڕێکخستنەکانی بەسەرپەرشتی (محەمەد ئەمین شێرخانی) دامەزراند. (د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل397).

[613] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.

قاسملوو وەك هەر ڕێكخراوێكی دیكەی گۆڕەپانی سیاسی ئێران پەیوەندییەكی ئاسایی لەگەڵ ڕێكخراوی چریكە فیدائیەكان بەست، بەڵام پەیوەندییەكەی لەسەرەتاوە بەهێز نەبوو، هەرچۆنێك بێت بەهۆی ئەوەی ئەو ڕێكخراوە نفووزیان لەئێران هەبوو حدكا حیسابی بۆ دەكردن، بەڵام ئەو پەیوەندییانە تەنیا بۆ یەكجار توندیو پتەویی بەخۆیەوە بینی، ئەویش لەدوای پێكهێنانی "دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی كورد"، كەیەكێك لە ڕێكخراوەكانی ئەندام، ڕێكخراوی كوردستانی چریكە فیدائیەكان بوو، پاشان پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو پارت بەرەو كزیو ساردبوونەوە ڕۆیشت،[614] چونكە چریكە فیدائیەكان پەیوەندییان لەگەڵ كۆمەڵە پتەو كردو بەمەش پەیوەندییان لەگەڵ ڕێبەرانی حدكا (بەتایبەتی قاسملوو) گۆڕا، بۆیە دوای ئەوەی ئەم ڕێكخراوە شان بەشانی كۆمەڵە كەوتنە دژایەتی كردنی حدكا، نەیان توانی لەگەڵ حدكا یەكێتیەكی بەهێز دروست بكەن دژ بە ڕژێمی كۆماری ئیسلامی ئێران.[615]

لێرەدا قاسملوو پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕێكخراوە خراپ بوو، بەهۆی ناكۆكیی فیكریو بیروباوەڕی سیاسیی جیاواز، بەڵام هەوڵی دا ئەم ناكۆكییانە نەگەنە ئاستی شەڕی چەكدارانەو بۆیەش ناتەباییەكانی لەگەڵ ئەم ڕێكخراوە نەگەیاندە ئاستی شەڕ لەدژیان، چونكە قاسملوو جگە لەوەی بزووتنەوەی میللی– دیموكراتیی خەڵكی كوردستانی ڕێبەرایەتی دەكرد، كوردستانی كردبووە

---

[614] یاسین سەردەشتی: كوردستانی ئێران....، ل398.

[615] ئەحمەد بانیخێلانی: س. پ، ل369.

سەنگەری ئازادیی سەرانسەری ئێران، بۆیەش لەهەوڵدا بوو باشترین پەیوەندی لەنێوان بزووتنەوەی کوردو بزووتنەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێران پێك بێنێت، لەبەر ئەوەی زۆر باش توانیبووی ناتەبایی نێوان کورد بوون و ئێرانی بوون چارەسەر بکات، سەلماندبووی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نەك هەر لەگەڵ خەبات بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی ئێران ناتەبا نییە، بەڵکوو لەخەبات بۆ دابین کردنی دیمۆکراسی و دادپەروەری لەسەرانسەری ئێراندا، بەشێکی جیا نەکراوەیە.[616]

## ج- موجاهیدینی خەڵکی ئێران:

پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران)،[617] بەگشتی بۆ دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانی ساڵی 1979 دەگەڕێتەوە.

---

[616] بەیادی ڕێبەری شەهید (د.قاسملووی مەزن)، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (211)، پووشپەڕی1373هـ- ژووئیەی 1994،ل9- 10.

[617] ساڵی 1970 دروست بووە لەچوارچێوەی ئێران و بەتایبەت تاران،ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتادا خۆی وەك ڕێکخراوێکی ئیسلامی ناساندو،هەڵوێستی جێگیری نەبوو، چونکە سەردەمێك وەك ڕێکخراوێکی ئیسلامی و پاشان وەك هاوکاری کردنی ڕێکخراوە مارکسییەکان کاری کردوە.(د.احمد عثمان ابوبکر: س.پ،ل116- 117).

قاسملوو سەرەتا پەیوەندییەكانی بەموجاهدینەوە باش نەبوو، بەتایبەتی كاتێك وەك حدكا بۆ دامەزراندنی بەرەیەكی یەكگرتووی هاوبەش لەگەڵ هێزە سیاسییەكانی ئێران، هەوڵی دا بەڵام ئەم داوایە لەلایەن موجاهدینەوە پەسەند نەكرا، بەهۆی نزیكیو دژایەتی نەكردنی ئەم ڕێكخراوە بۆ كۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمەش كەمێك دووریی خستە پەیوەندییەكانی نێوان قاسملوو لەگەڵ ئەم ڕێكخراوە.[618]

قاسملوو دوای ئەمە بەردەوام هەوڵی دا پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ موجاهدین دابمەزرێنێ، ئەمەش كاتێك هاتەدی كە پەیوەندییەكانی موجاهدین لەگەڵ كۆماری ئیسلامیی ئێران (1981) تێك چوو، بۆیەش دوای ئەمە قاسملوو و موجاهدین زیاتر لێك نزیك بوونەوە.[619]

پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ موجاهدین لەدوای پەیوەندی تێكچونیان لەگەڵ خومەینیو لادانی بەنی سەدر لەسەرۆك كۆماریی ئێران بەرەو باشی دەچێ، قاسملوو لەپەیامێكی ڕادیۆیی خۆیدا بەبۆنەی 36 ساڵەی دامەزرانی حدكاوە سەبارەت بە موجاهدین گوتی: "لەبەشەكانی دیكەی ئێران جگە لەكوردستان، ئێستە موجاهدین لەهەموان زیاتر كەوتوونەتە بەرهێرشی دڕندانەی ڕژێمو خومەینی خۆی، ئەوەش شتێكی ئاساییە، چونكە ئەو ڕێكخراوە لە ئێراندا گەورەترینو ڕێكو پێكترین هێزی ئۆپۆزیسیۆنە...،

---

[618] د.عبدالرحمن قاسملوو و عبدالله حسن زادە: س. پ، ل397- 398.

[619] ھ. س، ل397- 398.

پشتیوانیی بۆ درێخی حدکاو گەلی کورد لەخەباتی ئازایانەی ئەوان لەسەرانسەری ئێران دەردەبڕین".[620]

لێرەدا پێویستە بڵێین مەبەستی قاسملوو لەو وتارە ڕاکێشانی سەرنج بۆ پشتیوانی کردن و هاوکاری کردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو، بۆیە پەیوەندیی نێوان قاسملوو و موجاهدین ڕوو لەباشی دەکات بەتایبەتی ساڵی 1981 کاتێک قاسملوو لە دەرەوەی وڵات دەبێت لەسەر داوای موجاهدین گفتوگۆ دەکەن و لاپەڕەیەکی نوێ لەپەیوەندیی نێوانیان هەڵ دەدەنەوە، کەئەمەش تاڕادەیەك سوودی بۆ گەلی کورد هەبوو، چونکە حکوومەتی خومەینی نەی دەهێشت بەهیچ جۆرێك دەنگی ناڕەزایی و زۆر لێکراویی خەڵکی کوردستان بەگەلانی ئێران و دنیای دەرەوە بگات، بەلام بەهۆی پەیوەندیی باشی قاسملوو وەکوو حدکا لەگەڵ موجاهیدین لەڕێگای بلاوکراوەی (مجاهد)ەوە وتووێژ لەگەڵ قاسملوو دەکراو پاشان کێشەی کوردی تێدا باس دەکراو لەتاران بلاودەکرایەوە.[621] بۆیە پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ موجاهدین، لەپایزی ساڵی 1981 زیاتر گەشەی کرد، بەتایبەتی کاتێك چوونی حدکای بۆ نێو شووراى نیشتمانیی بەرگری، کە موجاهیدین سەرۆکایەتی دەکرد ڕاگەیاند.[622]

---

[620] بڕوانە: (جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل268).

[621] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل269.

[622] دیڤید ماکداوڵ: س. پ، ب2، ل570؛ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی و ...، ب2، ل72- 73.



www.pertwk.com

پەیوەندیی باشی قاسملوو لەگەڵ موجاهدین بەردەوام بووە، لەم پێناوەشدا قاسملوو هەوڵی داوە سوود لەم پێوەندییە وەربگرێت و زیاتر بزووتنەوەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان بەسەرانسەری ئێران بناسێنێت،[623] بۆیە بەردەوام دڵنەوایی موجاهیدینی کردوەو سیاسەتی خۆی وەك حدکا بۆ روون کردوونەوە. لەم بارەشەوە قاسملوو لەوتارێکی رادیۆییدا دەربارەی موجاهیدین دەڵێ: "لەمێژە ئاشکرا بووە، کە حدکا لەگەڵ رێکخراوی موجاهیدینی خەڵك هاوکاری دەکات، ئەو هاوکاریو هاو ئاهەنگییە شتێکی تاکتیکی و سیاسەتی رۆژ نیە، بەڵکوو هاوپەیمانییەکی ستراتیژیك و درێژ خایەنەو لەرۆژێکدا پێك نەهاتوە، بەڵکوو چەند ساڵە لەنێوان ئەو دوو رێکخراوە شۆرشگێرەدا هەوڵ دەدرێ".[624]

بەم جۆرە قاسملوو لەماوەی ساڵانی 1981–1985دا پەیوەندیی لەگەڵ موجاهیدین باش بوو و هەوڵی دا بەردەوام ئەم پەیوەندییە بپارێزێت، بەڵام پاشان بەهۆی سیاسەتی خراپی موجاهیدین بەرامبەر بەرێکخراوەکانی نێو شوورا، بەتایبەتی قاسملوو و حدکا، ئیدی پەیوەندییان بەرەو خراپیو لێك دوورکەوتنەوە چوو، قاسملوو لە وتووێژێکیدا سەبارەت بەمە دەڵێت: "ماوەی چوار ساڵ لەگەڵ موجاهیدین لەشوورای نیشتمانیی بەرگریدا هاوکاریمان کرد، لەو

---

[623] د.قاسملوو لەسەر باوەری ئێرانی بوونی خۆی بەردەوام لەهەوڵی باشکردنی پەیوەندیەکانی بووە لەگەڵ پارتە ئێرانیەکان، کەچی ئەمانیش هیچ کاتێك لەبەرنامەو ستراتیجی دوارۆژیاندا باسی مەسەلەی کوردیان نەکردووە.

[624] بروانە: (جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل271).

ماوەیـەدا بۆمـان دەرکـەوت هاوکـاری لەگـەڵ موجاهیـدین زۆر دژوارە، ئەگەرچـی موجاهیـدین دەڵـێن بایـەخ بـۆ دیموکراسـی دادەنـێین، بـەڵام لەشـووڕای نیشـتمانیی بەرگریـدا نـەزەری ڕێکخراوەکـانی دیکـەیان بەهێنـد نـەدەگرت و تەنانـەت دەیانویسـت دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر ڕێکخراوەکـانی دیکـەدا بسـەپێنن، موجاهیـدین لەلایەکـەوە لـە دژی خومـەینی، کـەخۆی بەنوێنـەری خـودا لەقەڵـەم دەدا خـەبات دەکـەن، لەلایەکی دیکە پلەو پایەی مەسعود ڕەجەوی سەرۆکی موجاهیدینیان تا پلـەی ئایـەتوڵڵایی بردۆتـە سەرێ بەچەشـنێك، کـە بێجگـە لـەخودا لەبەرامبەر هیچ کەسی دیکەدا بەرپرس نیە. ئێمە بەلەبەرچاو گرتنی ئـەو چەشـنە ناتەباییانـە لەگـەڵ موجاهـدین لـە شـووڕای نیشـتمانیی بەرگری هاتینە دەرێ، لـەماوەی ئـەو سـێ ساڵەدا، کە لـە شـووڕا جیا بووینــەوە هــیچ پەیوەندییــەکمان لەگــەڵ موجاهــدین نــەماوە، هــەر جــارێکیش ویســتبێتمان هــەنگاوێك بــەرەو هاوکــاری و یــەکێتیی نێوانمان هەڵگرین، لەلایەن ئەوانەوە بێ وەڵام ماوەتـەوە"،[625] چونکە حکومەتی عێراقی ڕۆڵی خراپی بینی لە تێکدانی پەیوەندی نێوانیان.[626]

لەڕاسـتیدا پەیوەندییـەکانی نێـوان قـاسملوو وەك ڕێبـەری حـدکا لەگەڵ موجاهـدین بـە قۆنـاغێکی باشـدا تـێ پـەڕی تـا ئەوکاتـەی حـدکا لەنێو ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرگریدا بوو، بەڵام بەدەرچوونی حـدکا لــە ئەنجومــەن بــەهۆی چـاوپێکەوتنێکی نوێنــەرانی حــدکا (ســاڵی

---

[625] بڕوانە: (مەسەلەی کورد لە تورکیە، س. پ، ل8).

[626] جەمال نەبەز: س. پ، ل128، 129.

1984) لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی ئێران، پەیوەندییەکانی لەگەڵ موجاهیدین تێك چوون، بەتایبەت کاتێك قاسملوو ڕەخنەی لە موجاهیدین گرت و بەخۆسەپێنی لەقەڵەم دان، بەمەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ موجاهیدین چوونە قۆناغێکی ساردو سڕەوە.[627]

بۆیە هەرچەندە قاسملوو لەسەرەتاوە بۆ ماوەی نزیك بە پێنج ساڵ پەیوەندیی باشی لەگەڵ موجاهیدین دامەزراند، بەڵام دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانیان بەدرێژایی ئەو ماوەیەی قاسملوو لەژیاندا مابوو، پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نەبەستەوە.

[627] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیو ...، ب2، ل85.



www.pertwk.com

## دووەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لەسەر ئاستی ئێران دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی:

### أ- خەباتی قاسملوو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرگریدا:

لەسەرەتای دامەزرانی شووورای نیشتمانیی بەرگری و لە (1981/8/25)دا کاتی سەرۆکایەتی کردنی لەلایەن مەسعوود ڕەجەوی یەوە، نامەیەك ئاراستەی د.قاسملوو دەکات، وێڕای ئەوەی وێنەیەك لە ڕەشنووسی بەرنامەی شوورای لەگەڵ دەنێرێت، لە هەمان کاتدا داوای لێ دەکات ببێت بەیەکێك لە ئەندامانی شوورا، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی و ئازادی و کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامی بێننە کایەوەو خودموختارییش بۆ کوردی ئێران بەدەست بهێنن.[628] دوو ڕۆژ دوای ئەم نامەیە، قاسملوو لە (1981/8/27ز) بەنامەیەك وەڵامی دەداتەوەو دەنووسێ:" ...بەدوای وتووێژێکی لەمەڕ شووراو ئامانجەکانی و چلۆنایەتیی ئەو، بەلەبەر چاوگرتنی بەرنامەی شووراو دەوڵەتی کاتیی کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامی ئێران، کە بەواژۆی هاوبەشی ئێوەو بەنی سەدر بڵاوکراوەتەوە، وێڕای ڕازی بوونی حدکا لەگەڵ خاڵە سەرەکی و گشتی یەکانی ڕاگەیەندراوو جەخت لەسەر ئەسڵی پیرۆزی خودموختاریی کوردستان، بەم شێوەیە هاتنە ناو شوورای میللی مقاوەمەت بەشێوەی ڕەسمی ڕادەگەیەنین ...".[629] پاشان قاسملوو بەناوی م.س حدکا بەیاننامەیەك لە (1981/9/17ز)

---

[628] بڕوانە: (عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل12- 13).

[629] بڕوانە: (جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل272- 273).

ڕادەگەیەنێت بەبۆنەی ڕێککەوتنی لەگەڵ موجاهیدین و بەفەڕمی چوونە نێو شوورای نیشتمانیی بەرگری.[630]

سەبارەت بەهۆی چوونە نێو شووراو پەسەندکردنی بەرنامەکانی لەلایەن قاسملوو خۆیەوە لەچاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت: "چوونی ئێمە بۆ نێو شوورا لەئەنجامی باوەڕێکەوە بوو، کەهەمان بوو. ئێمە هەرچەند ڕێکخراوێکین زۆرترین چالاکیمان بەبەراوردکردن لەگەڵ تەواوی ڕێکخراوەکانی دیکە لەئێراندا هەیەو ڕێکخراوێکین بەهێزی نیزامی لەڕژێمی خومەینی دەدەین و لەسەر ئەو باوەڕین دەتوانین ڕژێم لاواز بکەین و لەدرێژخایەندا پێداویستیەکانی ڕووخانی ئەو پێك بێنین، بەڵام ناتوانین جێگای ئەو بگرینەوە، بۆیە بەتەنیا لەتواناماندا نیە ببینە ئەلتەرناتیف، لەبەر ئەوە بەتەواوی دەبێت لەبیری وەدەستهێنانی هاوپەیمان دا بین، ئەم مەسەلەیە لە ئوسوولەکانی بیروباوەڕی ئێمەوە سەرچاوە دەگریٚ و بەهیچ شێوەیەك لایەنی تاکتیکی نیەو ستراتیژیی ئێمە بەحیساب بیٚ. لەبەر ئەم هۆیە بوو چووینە نێو شوورا، چەند هۆیەکی تریش وەکوو شوورا پیٚ لەسەر لایەنەکانی دیموکراتیکی مەسەلەکان دادەگرێت و یەکێکی تریش خودموختاریی کوردستانی پەسند بوو".[631]

لێرەدا پێویستە بڵێین هەرچەندە قاسملوو پێویستیی بەهاوکاری و یەکگرتوویی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی سەرانسەری ئێران لەنێو شوورای بەرگری نیشتمانی هەبوو، بەڵام ئەم کارەی بەتەنیا وەك تاکە

[630] بۆ دەقی بەیانەکە بڕوانە: (جەلیل گادانی: س. پ، ب1، ل273- 274).

[631] وتووێژی سکرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل42- 43.

کەس ئەنجام داوە، وەك سكرتێری حدكا پرس و ڕاوێژی بەئەندامانی ڕێبەری حیزبەکەی نەکردوەو ئەمەش بۆتە مایەی نیگەرانی و ڕەخنەگرتن لێی لەلایەن خودی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەکەیەوە. وەك گادانی نووسیویەتی: "یەکێك لەو ڕەخنانەی ئاراستەی د.قاسملوو دەکرێت پرس پێ نەکردنی بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوو لەبەشداری کردن و چوونە نێو شووراى نیشتمانی بەرگری لەگەڵ موجاهدین".[632] هەروەها عەبدوڵلا حەسەن زادەش دەڵێت: "هەروەك لەنامەی د.قاسملوودا هاتوە، حدكا تەنیا ئەسڵە گشتییەکانی بەرنامەی شووراى نیشتمانیی بەرگریی قبوڵ کردو هیچ وەخت بەند بەندی ئەو بەرنامەیەی پەسند نەکردوەو خۆی بەرامبەر بەوان بەبەرپرس نەزانیوە، بەو حاڵەش ئەوی ڕاست بێت چوونی حیزب بۆ نێو شوورا جۆرێك پەلەپەل و هەڵنەسەنگاندنی تێدا بوو، هۆی ئەم پەلە پەلەش دوو شت بوو: یەکەم ئەوە کە بمانەوێت نەمانەوێت کۆماری ئیسلامی بەهاوکاریی هاوپەیمانە کۆمۆنیستەکانی جۆرێك تەریك مانەوەی بەسەر حدکادا سەپاندبوو، حیزبی ئێمە زۆر کەم دەنگی بەبەشەکانی دیکەی ئێران و دونیای دەرەوە ڕادەگەیشت، بەو پێیە پێویستییەکی زۆری بەدەرهاتن لەو وەزعە هەبوو، کە دوژمن بەسەریدا سەپاندبوو. هۆی دووەمیش ئەوەبوو کە ئێمە لەشاخ و شوورا لەپاریس ئیمکانی وتووێژی زیاترمان نەبوو، تەنانەت بۆ مێژوو بگوترێ باشە، کەنامەی د.قاسملوو بەخەتی خۆی نەنووسرابوو، بەڵکوو کاغەزی مۆرو ئیمزا

---

[632] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل273.



www.pertwk.com

کراوی دابوو بە د.شەرەفکەندی، کە ئەگەر لەپاریس بەسەلاحی زانی نامەیەکی لەو بابەتە بۆ ڕەجەوی بنووسێ و تەسلیمی بکا، کاتی نووسینی نامەکەش دەرەتانی وتووێژ لەبارەی چەندو چۆنی مەسەلەکەوە نەبوو".[633]

هەوڵە سیاسییەکانی قاسملوو لەتەك بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران، لەنێو شووورای نیشتمانیی بەرگریدا جەخت کردنەوە لەسەر جێ بەجێ کردنی بەڵێنەکانی شوورا بەرامبەر بە کوردو ڕاگەیاندنی پەسند کردنی گەڵاڵە نامەی خود موختاری کوردستان بوو، کە لەلایەن قاسملووەوە پێشکەشیان کرابوو، بەڵام بەدیهێنانی ئەم پرۆژەیەو دان پێدانانی شووورای نیشتمانی بۆ خودموختاریی کوردستان، هەروا ئاسان نەبوو، چونکە لەنێو شووورای نیشتمانیی بەرگری دا لەسەر گەڵاڵەنامەی پێشنیار کراوی حدکا بۆ خود موختاری کوردستان، لەسەر دوو خاڵیان ناکۆکیی بیروڕا هەبوو، ئەوانیش سنووری کوردستان و هێزی پێشمەرگە بوو.[634]

بەڕای بەنی سەدر دەبوو سنووری کوردستان تەنیا ئوستانی کوردستان بێت، کە تەنها سنووری پارێزگەی سنە دەگرێتەوە، ناوچەکانی دیکەی ئازربایجانی ڕۆژئاوا کە کورد نشینن بەڕای ئەو ناخرێنە سنووری کوردستان، چونکە ئەمە دابەش بوونی پێکهاتەی وڵاتەو دەستکاری کردنی دەبێ هەڵگرین بۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی

---

[633] نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل14- 15.

[634] حمید شوکت: نگاهی از درون بە جنبش چپ ایران، گفتگو با مهدی خانبابا تهرانی، ل438- 439.

خومـەینی و ئـەوکاتیش دەبێـت بەڕیفرانـدۆم لەلایـەن خـەڵکی ئـەو ناوچانەوە بڕیاریان لەسەر بدرێت. هەروەها لەسەر هێزەکانی سوپاو ئاسایشـی نێوخـۆ ڕای وابـوو دەبـێ سـەر بەحکومـەتی ناوەنـدی بـن، بـەڵام بـەپێی گەڵاڵـە نامـەی پێشـنیار کـراوی حـدکا، دەبـێ هێـزی پێشـمەرگەی ئێسـتە لـەئێرانی دیموکراتیـکو ئـازادی داهـاتوودا، وەك هێـزی ئاسایشـی کوردسـتان بناسـرێت، بـەڵام ئەمـە لەلایـەن بـەنی سەدرەوە پەسەند نەبوو و دەیگوت سوپا لەنێو سوپا دایە، پاشان لە کۆتاییـدا ڕێـك کـەوتن لەسـەر ئـەوەی، کـە ڕێکخسـتنی ئاسایشـی کوردسـتان بـەبڕیاری حکوومـەتی ناوەنـدی پـاش ڕەزامەنـدیی ئەنجومەنی هەرێمایەتی کوردستان بێت.[635]

پـاش هەوڵـەکانی قـاسملوو لـەنێو شـوورای نیشـتمانی بـەرگریو لابردنی کۆسپەکان لەبەردەم گەڵاڵەنامەی خودموختاریی کوردستان، لەسەر ئەو باوەڕەی هـەی بوو، کە کێشـەی کورد بەڕێگـەی سەربازی چارەسـەر نـاکرێو پێویسـتە بەشـێوەیەکی ئاشـتیخوازانە چارەسـەر بکرێـت، قـاسملوو لەسـاڵی 1983 لـەپاریس لـەنێو نیشـتمانیی بەرگریـدا گفتوگـۆی چـڕوپڕی لەمـەڕ هێنانـەدیی خودموختـاریی کوردسـتان خسـتەڕوو و بەشـداریی چـالاکانەی لەداڕشـتنی ئـەو پرۆژەیـەدا کـرد. ئـەوە بـوو لـە 17ی تشـرینی دووەمـی 1983 دا ئەنجومـەنی نیشـتمانیی بـەرگری ئـەم پرۆژەیـەی دوای ئـەوەی پەسەندی کرد، بڵاو کردەوە. کەبەپێی ئەم پرۆژەیە هەرکاتێك شوورا

[635] هـ. س، ل557.

جڵەوی دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست، ئەوا کوردی ئێران خاوەنی خودموختاریی خۆی دەبێ.[636]

ئەمەش بەیەکێك لەکارە سەرکەوتووەکانی قاسملوو دادەنرێت لە بواری دیبلۆماسییەوە لەتەك بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران بۆ دابین کردنی مافەکانی کورد لەئێرانی دوای ڕژێمی خومەینی دا، چونکە پەسەندکردنی پرۆژەی خودموختاریی کوردستان لەلایەن شووراوە گرنگی و بایەخی تایبەتیی خۆی هەبوو. لەم بارەشەوە د.قاسملوو لە دیدەنیەکیدا دەڵێت: "ئەمە بۆ یەکەم جارە لەمێژووی ئێراندا، کە چەندین ڕێکخراوو کەسایەتیی سیاسی لەسەر بابەتێکی یەکجار ئاڵۆزی وەك بابەتی خودموختاری یەك هەڵوێستیان دەبێ".[637]

هەروەها لەنامەیەکی تایبەتیدا قاسملوو لە 11ی نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم)ی 1983 دا بۆ مەسعود ڕەجەوی لێپرسراوی شووراى نیشتمانیی بەرگری، سەبارەت بەگرنگیی ئەم پرۆژەیە نووسیویێتی: "سەرەڕای ئەوەی کە گیروگرفت لەکاتی نووسینی گەڵاڵە نامەکەدا هاتە پێشەوە، و ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لەگەڵاڵە نامەی سەرەتاییدا کران بەتێکڕای دەنگ لە شوورا پەسند کرابوو، بووە هۆی کەم کردنەوەی ڕۆڵی هاندەرانەی لەتێکۆشانی خوێناویی خەڵکی

---

[636] بۆ زیاتر بڕوانە: (ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حدکا، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (104)، بانەمەڕی 1364هـ- مایسی 1985، ل1، 4- 6، 25، 26).

[637] بڕوانە: (كل العرب (مجله)، العدد (72)، يناير 1984، ل27).



www.pertwk.com

کوردستان، لەهەلومەرجی دژواری ئێستەدا پێویستی بەم هاندانە نیە، لەگەڵ ئەوانەشدا گەلاڵە نامەی پەسند کراو، پەسندکراوو ڕاگەیەندراو لەلایەن شووراوە دەتوانرێت بە هەنگاوێکی مێژوویی و بەرێگە چارەی کێشەی نەتەوایەتی، کە بەیەکێك لەکێشە بنەڕەتییەکانی وڵات ئەژمێردرێت دابنرێت".[638]

قاسملوو وەك ئەندامێکی شوورا، بەردەوام هەوڵی داوە ڕۆڵی دیبلۆماسییانەی خۆی بەباشی لەنێو بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران بەگشتی و شووڕای نیشتمانی بەتایبەتی بگێڕێت، لەم بارەشەوە بەردەوام ڕێنمایی و پێشنیاری باشی بۆ شوورا کردوە تا لەرێگەیەوە خەبات زیاتر پەرە پێ بدەن بۆ ڕووخانی ڕژێمی خومەینی.

لەم بارەوە قاسملوو لەنامەیەکی تایبەتدا بۆ لێپرسراوی شوورا، نووسیویێتی: "شەڕ لەگەڵ عێراق و شەڕ لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەتوندی بەردەوامە، لەم بارودۆخەی ئێستەدا چارەنووسی ڕژێمی خومەینی زیاتر لەهەرشتێك بەچارەنووسی شەڕەوە گرێ دراوە. هەم شکستی ڕژێم لەجەنگداو هەم سەپاندنی ئاشتی بەسەر ڕژێمدا دەتوانێ ڕووخانی ڕژێمی خومەینی خێراتر بکات، بۆیە دروشمی ئاشتی دەتوانرێت بکرێت بە تەوەرێکی بنەڕەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێم.

---

[638] دەقی دەستنووسی نامەی قاسملوو بۆ مەسعود ڕەجەوی سەرۆکی شوورای نیشتمانیی بەرگری لە (30ی خەزەڵوەری 1362ھ– 11ی نۆڤەمبەری 1983ز)؛ بۆ دەقی نامەکە بەفارسی و وەرگێردراوی بۆ کوردی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (9).

هـەر لەبـەر ئـەم هۆیەشـە پێشـبینی دەکـەم، کـە شـوورای بـەرگریی نیشـتمانی لەهـەموو توانـای خـۆی بـۆ بـرەودان بـەدروشمی ئاشـتیو گەشـەپێدانی ئـەو دروشمـە لـەنێو چینو توێـژەکانی خـەڵکی ئێـران سوود وەرگرێت... تکای من ئەوەیە کە شوورا ڕاگەیاندنی دروشمی ئاشـتیو برەودانـیو گـۆڕینی بـۆ دروشمێکـی تـەوەرەیی بەڕووکـەش وەرنەگرن، ولەم ڕێگەیەدا هەنگاوی زۆر جدی بنێن".[639]

قاسملوو بۆ ماوەی نزیك بە چوار ساڵ (1981– 1985) درێژەی بەخەباتی سیاسیی خۆی دا لەنێو شوورای نیشتمانیی بەرگری دا شان بەشانی پارتەکانی دیکەی ئێران، کە لەم بارەشەوە سوودی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو پارتەکەی گەیاند، کە حدکا ڕۆژ بەڕۆژ لەنێو خەڵکی ئێران بەگشتیو سیاسەتمەدارو دیموکراسی خوازانو ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێران بەتایبەتی دەرکەوت.[640]

دوای ئەمانەش قاسملوو لەهەوڵە دیبلۆماسییەکانی خۆی لەنێو شورادا کەمتەرخەم نەبووەو لەهەمان کاتیشدا سەربەخۆیی سیاسیی حدکای پاراستووەو هەرکاتێك هەلی وتووێژی بۆ هەڵکەوتبێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بەجیا ئەم وتووێژەی ئەنجام داوە، کەئەمەش لەلایەن ئەندامانی شووراو بەتایبەت موجاهدین وەك پارتی سەرەکیی نێو شوورا بۆتە مایەی ڕەخنەگرتنو بیانوو بە قاسملوو.

---

[639] هـ.س.پ.

[640] Commemorating Dr. Ghassemlous Martyrdom, P.2, 20/6/2005, http//:www.pdk-iran.org

لە بارەی مامەڵەکردنی دیبلۆماسییانەی قاسملوو لەنێو شووراو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دا، گادانی نووسیویێتی: "لەمەڕ سیاسەتو دیبلۆماسیەتی د.قاسملوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا، دەبینین کە د.قاسملوو زۆر کات هەوڵی داوە هونەری دیبلۆماسیەت بە دوولاوە گرێ بداتو هەولەکان بەفیڕۆ نەداتو هەموو لاکان بگرێتو سوودی کوردی لێ بەدی بهێنێت، هەروەك چۆن کەلەسەروبەندی هاتنە دەرەوە لە شوورای نیشتمانیی بەرگریو دانوستانو وتوویژ لەگەڵ ڕژێمی خومەینی لەساڵی (1984) دا، د.قاسملوو پێی وابوو دەتوانێ هەم لە شووراداا بمێنێتەوەو هەم هەرکات هەلو مەرج لەڕوانگەی ئەوەوە هەلی گرت، بتوانێ لەگەڵ ڕژێم وتوویژ بکات".[641]

لێرەدا پێویستە بڵێین ئەم سیاسەتانەی قاسملوو زیاتر لە خزمەتی بزووتنەوەی کوردو بەدەستهێنانی مافەکانی دا بووە لە چوارچێوەی ئێران بەشێوەیەکی ئاشتیانە، بەڵام ئەم هەڵوێستانەی لەلایەن بەڕێوەبەرانی شووراو خودی موجاهدینەوە وەك سەرۆکی شوورا پەسند نەبووەو بۆیەش ڕەخنەیان ئاراستەی قاسملوو کردوەو بەلادان لەبنەماکانی شووراداا کە ئەمەش ناکۆکیی لێ کەوتەوە لەنێوان هەردوولادا، لەم بارەشەوە قاسملوو لە وتوویژێکدا دەڵێت: "ئێمە هەرکارێك لەدەستمان هات بۆ باشتر کردنی شوورا ئەنجامماندا، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگات. زۆر پێشنیارمان بۆ شوورا کرد، یەکێك لەپێشنیارەکانی ئێمە ئەوە بوو هەلی بەشداری

---

641 50 ساڵ خەبات، ب1، ل314- 316.



www.pertwk.com

کردنی تەواوی ڕێکخراوو کەسایەتییەکانی دژی ڕژێم لەشووراداو هاتنی ئەوان بۆ سەر ڕێگەی خەباتی یەکگرتوو بۆ ڕووخاندنی ڕژێم پێك بێت...، بەڵام بەداخەوە موجاهیدین لەسەر ڕێگەی هاتنی ئەوان کۆسپیان نایەوە".[642] جگە لەمەش لەدیدەنیەکی دیکەدا بەم شێوەیە ئاماژە بەناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ شوورا دەکاتو دەڵێ: "کێشە لەسەر وتووێژ نیە، ئێمە دەمانەوێت لەسەر مافی سەربەخۆ بڕیاردانی خۆمان بەرامبەر بە شوورا پێ دابگرین. ئازاد بوون بۆ وتووێژ بەو مانایەیە نەك بەمانای پاشە کشە یان بەمانای چوونە ژێرباری هیچ کەس، بەڵگەش بۆ ئەوە قبوڵ نەکردنی داواکانی ڕژێمە. کەوا بوو بۆ چوونی شوورای نیشتمانیی بەرگریو کێشەی سەرۆکی ئەو شوورایە مەسعود ڕەجەوی لەگەڵ بنەڕەتی سەربەخۆیی بڕیاردانی ئێمە ناتەبایی هەبوو".[643]

قاسملوو لەگەڵ ئەوەی هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی لە شوورادا بمێنێتەوەو وەك ئەندامێکی کاریگەرو خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لەچوارچێوی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دا درێژە پێ بدات، بەڵام سیاسەتەکانی شووراو خودی سەرۆکی شوورا دەستیان دایە بیانوو گرتنو ڕایان گەیاند کە حدکا بەبێ پرسی شوورای نیشتمانی گفتوگۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کردوە، بۆیە حدکایان ناچار کرد لە شوورا بچێتە دەرەوە. سەبارەت بەمە عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسیویێتی: "شوورای نیشتمانیی بەرگری لەژێر فشاری

---

[642] وتووێژی سکرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل43.

[643] وتووێژ لەگەڵ گۆڤاری (الیوم السابع)، س. پ، ل11- 12.



www.pertwk.com

موجاهدینـدا بـە کـردەوە هـەموو پەیوەندییـەکیان لەگـەڵ حـدکادا پچڕاندبوو، لەکۆبوونەوەی مانگی (نیسانی 1985)دا بڕیاریان دابوو بـەدەرکردنی حـدکا لـە شـوورای نیشـتمانی، بـەبێ ئـەوەی نوێنـەری حـدکا ئامـادە بێـت، بـەڵام دوای مانگێـكو لـە (1985/4/30) حـدکا بەیاننامـەی جیابوونـەوەی خـۆی لـە شـوورا ڕاگەیانـد، کـە یـەك مـانگ پێشـتر لـە لایـەن شـووراوە بڕیـاری دەرکردنـی درابوو، بۆیـە دەتـوانین هـەم بـەدەرکردن و هـەم بەهاتنـە دەرەوە نـاوی بـەرین".[644] بـەڵام لەڕاستیدا دەرکردنی قاسملوو بوو لە شوورا.

بـەم جـۆرە پـاش چـوار سـاڵ ئەندامـەتی حـدکا لـەنێو شـوورای نیشـتمانیی بەرگریـداو پاشـان ناکۆکییـەکانی لەگـەڵ شـوورا بـۆ دیموکراتیزە کردنی شووراو پشتگوێ خستنی پێشنیارەکانی حدکاو بیانوو پێگرتن لەسەر وتووێژکردنی لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حدکا بەڕێبەری قاسملوو بەتەواوی پەیوەندیی لەگەڵ شوورا پچڕاندو دوای دەرکردنی بەناچاری لێی هاتە دەرەوە.[645]

### ب- هـەوڵی قـاسملوو بـۆ پێکهێنـانی بەرەیـەکی یـەکگرتووی نیشـتمانی لەسەرانسەری ئێران دا:

قـاسملوو بەدرێـژایی سـاڵانی 1980- 1989 لەهـەوڵی ئـەوەدابوو بەرەیەکی یـەکگرتووی نیشـتمانی لەسەرتاسـەری ئێـران دا پێـك بێنـێ بۆ بەرەنگاربوونـەوەی ڕژێمـی خومـەینی، چونکە قاسملوو لایـەنگری

---

[644] نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل109- 121.

[645] ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی حدکا، س. پ، ل5، 25.



www.pertwk.com

نیزامی کۆماری بوو، و نیزامی کۆماریی بە ئەلتەرناتیڤێك دەزانی کە پێویستە هەموو هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بۆ هێنانە سەرکاری خەبات بکەن.[646] جگە لەمەش باش لەو ڕاستیە گەیشتبوو، کە ڕژێمی خومەینی لەنێوەڕاستی سالانی هەشتادا بەرەو کزیو لاوازی دەچوو، چ بەهۆی شەڕی لەگەڵ عێراقو چ بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆن لەنێوەوەو دەرەوەی ئێران لەدژی، بەلام هیچ یەکێك لەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانە بەتەنیا ناتوانن خەبات بۆ ڕووخانی ڕژێمی خومەینی درێژە پێ بدەن. هەروەك قاسملوو لە وتوێژێکدا دەڵێت: "ڕژێمی ئێستەی ئێران کزو داماوەو لەقەیران دایە، بەلام هێزێکی ئەوتۆ کە بتوانێت ڕژێم برووخێنێ نیە. ڕەمزی مانەوەی ڕژێم لەهێزو توانای ئەودا نیە، بەڵکوو لەپەرشو بلاویی ئۆپۆزسیۆنو نەبوونی ئەلتەرناتیڤێکی دیموکراتی دایە. ئێستا بۆ پێکهێنانی ئەلتەرناتیڤێکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی بەشداری پرۆسەی خەبات دژی ڕژێمی خومەینی (واتە ئەو ڕێکخراوانەی لایەنگری گەڕانەوەی پاشایەتی نین) لەپەیوەندیو وتووێژ داین، هەڵبەت هەوڵدان بۆ پێکهێنانی وەها ئەلتەرناتیڤێك کارێکی زۆر هاسان نیەو ڕەنگە پێویستیی بەچەندین ساڵ تێکۆشان هەبێت".[647]

دوای دەرچوونی حدکا لە 1985/4/30 بەڕێبەری قاسملوو، زیاتر ئەم هەوڵەی لەلا چڕ بۆوە، کەپێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی

---

[646] د.قاسملوو و بزوتنەوەی سەرانسەریی ئێران، س. پ، ل10.

[647] کوردستان لەڕاگەیاندنە گشتیەکاندا، کوردستان (ڕۆژنامە)،ئۆرگانی حدکا، ژمارە (133)،1988، ل13.


www.pertwk.com

نیشتمانی کارێکی پێویستەو دەبێ ئەنجام بدرێت بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی خومەینی، قاسملوو لەڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حدکا( لەڕۆژانی 17-1986/12/21)دا پێ لەسەر ئەم ڕاستیە دادەگرێتو دەڵێت: "پاش دەرچوونی حیزب لە شوورای نیشتمانیی بەرگری، مەسەلەی پێکهێنانی بەرەیەکی پانو بەرین لەنێوان هەموو هێزەکانی دیموکراتیو پێشکەوتنخوازدا بۆتە مەسەلەی ڕۆژ. بەرەی دیموکراتیو دژی ئیمپریالیستی، کە حیزبی ئێمە پێشنیاری دەکا دەتوانێ هەموو هێزە ڕەسەنەکانی کۆماری خوازی وڵات، کە دژی ڕژێمی خومەینی خەبات دەکەن لەڕیزی خۆیدا کۆبکاتەوە. بەرنامەی ئەم بەرەیە بریتی دەبێت لەڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیو هێنانە سەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی لە سەربەخۆیی ئێرانو بەڕێوەبردنی سیاسەتی خۆنەبەستنەوەی کاری سیاسیو ئازادییە دیموکراتیەکان، دابین کردنی مافی نەتەوایەتی گەلانی زۆر لێکراوی ئێران بەشێوەی خود موختاری یان فیدراڵیو جێبەجێ کردنی داخوازە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی زەحمەتکێشان".[648]

قاسملوو هەوڵەکانی خۆی بۆ پێکهێنانی بەرە زیاتر کردو لەپەیامی نەورۆزیی ساڵی 1986دا دووپاتی کردەوەو گوتی: "لەساڵی 1986 دا دەبێ خۆمان بۆ خەبات دژی ڕژێمی خومەینی باشتر ئامادە بکەین... تێ بکۆشین هێزە دیموکراتییەکانی سەرانسەری ئێران،

[648] بڕوانە: (ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حدکا، ل37).

بەتایبەتی گەلانی زۆر لێکراوی دیکەی ئێرانیش، دەست بەجوولانەوە بکەون. هەوڵ بدەین هەموو یەك گرو یەك پارچە بەخەباتی پان و بەرین و توندو تیژ، ئاشتی خوازانەو چەکدارانە، ڕژێمی خومەینی ناچار بکەین چۆك دادا".[649]

دەکرێت بڵێین د.قاسملوو گرنگی دەدا بەیەکگرتن و یەکێتیی هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران، و سەربەخۆیی ئێرانی بەیەکەم ئامانجی هاوبەشی هەموو هێزە شۆڕشگێڕو ڕەسەنەکانی ئێران و هۆیەکی گرنگی لێك نزیك بوونەوەو یەکگرتنی ئۆپۆزسیۆنی پێشکەوتنخوازی ئێران دەزانی. وەك ڕێبەری حدکا هەوڵی زۆری دا لەپێناوی پێکهێنانی بەرەیەکی پێشکەوتوو لەهێزە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانی ئێران و پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتی لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لەلای گرنگ دەبوو. هەر لەسەر ئەم بۆچوونەشی لە ساڵی 1987 دا گەڵاڵە نامەیەکی بەناوی (گەڵاڵەنامەی پێشنیار کراوی حدکا بۆ پێکهێنانی بەرە) خستە بەردەمی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی بۆ ئەوەی زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکەن و بۆچوونەکانی هەڵ سەنگێنن.[650]

قاسملوو لەدەقی ئەو گەڵاڵە نامەیەدا بەم شێوەیە پێویستی پێکهێنانی بەرە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: "بارودۆخی ئاڵۆزی

---

[649] پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حدکا، س. پ، ل16.

[650] دەقی نامەی قاسملوو بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حدکا لە ساڵی 1987، سەبارەت بە هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی لەنێو هێزە سیاسییە ئێرانییەکان؛بڕوانە پاشکۆی ژمارە (10).



www.pertwk.com

نیشتمانەکەمانو ئەو ڕاستییە کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ کام لە خواستە دیموکراتییەکانی گەلانی ئێران نایەتەدی. ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەکەنە پێویستییەکی مێژوویی، لەهەلو مەرجی ئێستەدا هیچ ئەلتەرناتیفێکی دیموکراتی نییە، کە بتوانێت خواستەکانی زۆربەی خەڵکی نیشتمانەکەمان کە لەفەرمانڕەوایی تاك ڕەوانەی سەدەکانی نێوەڕاستیی ئاخوندەکان تەنگاو بووەو لەهەمان کاتدا ئامادەیی گەڕانەوە بۆ دواوەو پەسەندکردنی ڕژێمی سەڵتەنەتییشی نیە تێی دا ڕەنگ بداتەوە. پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەك لە هەموو هێزە دیموکراتییەکان لەم ڕاستییەوە سەرچاوە بگرێت. لەم ڕووەوە بەرە دەبێت چ بۆشایی ئێستە پڕ بکاتەوەو چ لەدوای ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییش ببێت بەئەلتەرناتیڤ".[651]

دەکرێت بڵێین قاسملوو نەی توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێتو ئامانجە سیاسییەکانی خۆی لەپێکهێنانی ئەو بەرەیە بێنێتەدی، بەڵام ئەمەش بەتەنیا هۆی لاوازی یان شکستی قاسملوو دانانرێت، بەڵکوو هۆیەکانی سەرنەکەوتنی پێکهێنانی بەرە دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیو یەك نەگرتنو لێك تێنەگەیشتنیان.

---

[651] دەقی دەستنووسی گەڵاڵە نامەی پێشنیار کراوی حدکا بۆ پێکهێنانی بەرە لەلایەن قاسملوو لە 1987؛ بۆ دەقی دەستنووسی گەڵاڵە نامەکە بە زمانی فارسیو وەرگێڕدراوی بۆ کوردی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (11).



www.pertwk.com

ئەوەی گرنگە قاسملوو لە ساڵانی دواییش‌و دوای هەوڵە شکست خواردووەکانیشی بۆ پێکهێنانی بەرە، لەهەوڵە دیبلۆماسییەکانی درێغی نەکردو لەسەر هەوڵەکانی بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام بوو، تا ساڵی 1989 بەر لەتیرۆرکردنی، ئەم ڕاستییەشمان لە زمانی خۆی بۆ دەردەکەوێ کە لەوتووێژێکیدا دەڵێت: "ئێمە لەمێژە بەو ئاکامە گەیشتووین، کە دەتوانین ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بێ هێز بکەین، دەتوانین ئەو ڕژێمە ناچار بەپاشە کشە بکەین‌و تەنانەت دەتوانین لەباشترین حاڵەتدا هەل‌و مەرجێکی وا پێك بێنین کە ڕژێم بەرەو ڕووخان بچێت، بەڵام ئێمە لەهیچ هەل‌و مەرجێکدا بەتەنیایی ناتوانین ببین بە ئەلتەرناتیڤ، ئێمە بەهیچ جۆرێك بەتاقی تەنیا پێمان ناکرێ ببین بەجێ نشینی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، چونکە بڕوایەکی قووڵمان بە پلوورالیزم (فرە نەتەوەیی) هەیە لەم ڕووەشەوە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین تا لەبەشەکانی دیکەی ئێراندا هاوپەیمان پەیدا بکەین‌و بۆیەش هەروەك ئاگادارن هەوڵ‌و تێکۆشانێکی زۆرمان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین لەهێزە دیموکراتییەکان‌و شەخسیەتەکان، لەخۆمان نیشان داوەو هەرواش درێژەیان پێ دەدەین. ئەوە کە تا ئێستە بەرە پێك نەهاتوە نابێتە هۆی دڵساردیی ئێمە لەو هەوڵ‌و تێکۆشانە، چونکە ئێمە دەزانین پەرش‌و بڵاوی‌و ناکۆکیی زۆر هەیە، کۆسپ زۆرەو لەبەشێکی زۆری ڕێکخراوەکاندا کاتێکی زۆر پێویستە تا دوگمەکان لەنێو بچن‌و زەمینە بۆ بەرە ئامادە ببێ. من لەو بڕوایە دام، ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە من بۆ داهاتووی ئێران پێشبینیم کرد، بەقبوڵ کردنی ئاگربەس، دەستی پێ کردوەو

بەڕۆیشــتنی خومــەینی خێراتــر دەبــێ. لــە فەزایــەکی ئــازادتردا ئیمکانـاتێکی زیـاتر بـۆ پێکهێنـانی بەرەیـەکی لـەو بابەتـە پێـك دێ. هەڵبەت دیسان دووپاتی دەکەمەوە کەبەرەیەکی ئەوتۆ بەبێ چەپێکی بـەهێز، داهێنـەرو سـەربەخۆو ئـازادبیر راپـەڕی پێویسـتو تـەواوی نابـێ".[652] هەرچـەندە قـاسملوو لەبەشـێکی ئـەم بۆچـوونانەی بـۆ پێکهێنــانی بــەرە ڕاســتی بۆچــووە، بــەڵام لەبەشــێکی دیکــەی بۆچــوونەکانیدا ســەبارەت بــەڕووخانی ڕژێمــی خومــەینی دوای وەستانی شەڕی عێراقو ئێران بەهەڵە داچووە.[653]

لێــرەدا پێویســـتە بڵــێین هەرچــەندە قــاسملوو لەهەوڵــەکانی ســەرکەوتنی بەدەســت نــەهێنا، بــەڵام وەك کەســایەتییەکی سیاســی لەنێو بزووتنـەوەی سەرانسـەریی ئێـران بـەو هەوڵانـەی خـۆی لـەپێناو یەکگرتنی هێـزە سیاسییەکانی ئێرانو پێکهێنـانی بەرە مێژوویـەکی پــڕ لەشــانازیی بۆخــۆی تۆمــار کــرد، کەئەمــەش دوای تیرۆرکردنــی لەلایــەن هێــزە سیاســییە جیــا جیاکــانی ئێرانــی بــەدەر دەکــەوێتو ستایشی ئەم هەوڵانەی دەکەن. بۆ نموونە کۆماری خوازانی میللیی ئێران لەپەیامی سەرەخۆشیی خۆیاندا بەبۆنەی تیرۆرکرانی قاسملوو ئەم ستایشە دەردەبڕنو دەڵێن: "د.قاسملوو و حدکا لەچەند ساڵی

[652] چەند بەشێك لە وتووێژەکانی هاوڕێ "د.عبدالرحمن قاسملوو" لەگەڵ "راه ارانــی"، کوردســـتان (ڕۆژنامــە)، ئۆرگــانی ناوەنــدیی حــدکا، ژمــارە (145)، بەفرانباری 1367ھ– ژانویەی 1989ز، ل7.

[653] بڕوانە باسی دووەمی بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە (هەڵەکانی قاسملوو لە گفتوگۆدا).


www.pertwk.com

ڕابـردوودا، هـەوڵو تەقەلایـەکی بـەنرخیان بەمەبەسـتی هاوکـاریو یـەکێتیی نێـوان هـەموو کۆمـاری خـوازانی ئـازادی خـوازی ئێـران بـەکارهێنا. ئێمـە لـەو هـەوڵو تەقەلایانـە ڕێـز دەگـرینو هیـوادارین بەسـەرکەوتنو پتـەوبوونی بۆچـوونە دیموکراتیکـەکان لـەنێو لایەنـە سیاسـییە جـۆراو جۆرەکـانی ئێرانـدا، بناغـەی هـاو هـەنگاویو هاوکاریی هەرچی زیاتری ئازادی خوازان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خەڵك لەئێراندا پێك بێ".[654]

654 بڕوانە: (ڕێو ڕەسمی ساڵڕۆژی شەهیدبوونی قاسملووی مەزن لەئەورووپا، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی حـدکا، ژمـارە (164)، گەلاوێـژی 1369هـ- ئووتی 1990، ل19).

# باسی دووەم
# دیپلۆماسیەتی قاسملوو لە سەرئاستی دەرەوە

## یەکەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیان

### أ- عێراق:

سەرەتای پەیوەندیی نێوان قاسملوو و حکوومەتی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سالأنی 1959- 1960، کە ئەوکات قاسملوو لەعێراق وەك مامۆستایەکی زانکۆ لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا وانە بێژ بوو، بەڵام دواتر بەهۆی ململانێی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیقو پشتیوانی نەکردنو دژایەتی کردنی لەلایەن مستەفا بارزانیو نەیارەکانی لەکۆتایی ساڵی 1960 دا لەعێراق دەردەکرێت بەبیانووی بیروباوەڕی مارکسیتی، بەڵام دوای ئەوە لە ساڵی 1970 دەگەڕێتەوە بۆ عێراقو کاروباری حدکا دەگرێتە دەستو دەبێتە سکرتێر، بۆ پەیداکردنی یارمەتیو هاوکاری کردنی لەلایەن عێراقەوە هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێك بخاتەوە.[655] ئەمەش بەسەرەتای دامەزراندنەوەیی پەیوەندی قاسملوو لەگەڵ عێراق لەسایەی ڕژێمی بەعس دا دادەنرێت.

---

[655] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل163.



www.pertwk.com

سەبارەت بەچۆنیەتیی گرێدانی پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ حکومەتی عێراق، عەبدوڵلا حەسەن زادە نووسیویێتی: "د.قاسملوو بۆخۆی بنچینەکانی ئەو پەیوەندییەی هێنایە سەر کاغەزو کران بەعەرەبی و تەسلیمی نوێنەری بەعس کران، کە لەلایەن ئەوانیشەوە پەسەند کرا. بەداخەوە دەقی ئەو نوسراوەیە ئێستا لەدەستدا نیە، بەڵام لەبیرمە هێندێ خاڵی هاوبەش لەنێوان حدکاو حیزبی بەعسدا باس کرابوون، کە لەواندا جگە لەخاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان، هاوسەنگی ڕاگرتن لەگەڵ پارتی ڕاگیرابوو".[656] هەروەها درێژەی پێ دەداو دەڵێ: "د.قاسملوو لەنێو حیزب و ڕێکخراوو شەخسیەتە عێراقییەکاندا دۆست و برادەری زۆر بوون. ئەوی ڕاستی بێ ئێستەش نازانم لەڕێگەی چ کەسێکەوە یەکەمین ئەڵقەی پەیوەندییەکانی دامەزراند".[657]

قاسملوو بۆ پەیدا کردنی هاوکاریو یارمەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بەشێوەیەکی سروشتی مامەڵەی دیبلۆماسییانەی خۆی لەگەڵ عێراق دامەزراندوە بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی لەو وڵاتە، لەم پێناوەشدا بەهۆی هاوسنووریی عێراق و ئێران، عێراق بۆ ئەو گرنگ بوو، چونکە جگە لەوەی عێراق ئامادەیی هاوکاری کردنی بۆی هەبوو، لەهەمان کاتدا دەوڵەتی عێراق بەردەوام لەگەڵ حکومەتی شاهەنشاهی ئێران بەهۆی یارمەتی دان و پشتیوانی کردنی لە بزووتنەوەی کورد لەباشووری کوردستان لەکێشەدا بوو. هەرچەندە

---

[656] نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل64- 65.

[657] هـ. س، ل64.

قاسملوو هەوڵی داوە پەیوەندیو هاوکاریی عێراق بەدەست بێنێ، بەڵام هەرگیز نەی ویستوە پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای دژایەتی کردنی شۆڕشی کورد لەباشووری کوردستان بەڕێبەرایەتیی پارتی ببەستێت و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لەدەست بدات، ئەمەش تارادەیەك لەلایەن عێراقەوە بەرامبەر بە قاسملوو بەرپەرچ دانەوەی خۆی هەبووە، کەلەم بارەشەوە گادانی دەڵێ: "سەبارەت بە پەیوەندیی قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی عێراق کاتێك د.قاسملوو دەبێتە سکرتێری گشتیی حدکا ئەو بڕە پارەیەی، کەپێشتر حکوومەتی عێراق دەیدا بە دیموکرات دەبڕێ، چونکە د.قاسملوو وەك ڕێبەرێك ئامادە نابێت بچێتە ژێر باری عێراق و ئەو وڵاتە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆی و دوور لەسەربەخۆیی سیاسیی دیموکرات بۆخۆی بەکاربهێنێت".[658]

بۆیە پەیوەندییەکانی قاسملوو لەگەڵ عێراق هەندێك جار ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەبینی.[659] هەرچەندە لەگەڵ عێراق هەر لەساڵی 1970 وە پەیوەندیی خۆی لەسەر بنەمایەکی پتەو دامەزراند، بەڵام بەردەوام هەوڵی داوە لەسەر حیسابی کوردی عێراق نەبێت، بەڵکوو پەیوەندییەکی ئاسایی بێت،[660] بۆیە بەدرێژایی ساڵانی 1970 – 1979 پەیوەندیی نێوانیان لەسەر هەڵوێستە نیشتمانیو

---

[658] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل163– 164.

[659] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل127.

[660] کۆمسیۆنی چاپەمەنی حدکا: وتووێژ لەگەڵ عبداللە حسن زادە سکرتێری گشتیی حدکا، ل28.

نەتەوەییەکانی قاسملوو بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا چەند جارێك گرژیو ناکۆکیی بەخۆیەوە بینیوە.

ناکۆکیی قاسملوو لەگەڵ عێراق ئەو کاتە تەواو دەرکەوت، کە عێراق لەگەڵ شای ئێران پەیمانی جەزائیری لە 1975/3/6 مۆرکرد بۆ لەنێو بردنی بزووتنەوەی کورد لەباشووری کوردستاندا. بۆیەش قاسملوو ژیانی تایبەتیی خۆی لەعێراق گواستەوە بۆ ئەوروپا، چونکە پاش ئەم مۆرکردنە بڕوای بە بەعس نەماو زۆرجار لەو هەڵوێستەشی زیانی پێ گەیشتوە، بەتایبەتی کاتێك کادیرەکانی حدکا لەژێر فشاری زۆری بەعسدا بوون، بەڵام قاسملوو دەیگوت عێراق بەجێ بهێڵن.[661]

بەم شێوەیە قاسملوو ساڵی 1975 دەگەڕێتەوە بۆ ئەورووپاو لەچاوپێکەوتنێکیدا بە توندی دژی عێراق قسە دەکاتو ڕەخنەی توندی لێ دەگرێت، ئەم هەڵوێستەشی دەوڵەتی عێراق تووڕە دەکاتو داوا لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حدکا دەکات، کە قاسملوو یان ئەو قسانە بەدرۆ بخاتەوە، یان جارێکی دیکە بە بەرژەوەندیی عێراق قسە بکات، بەڵام ناچێتە ژێر ئەم بارەوەو لەسەر دژایەتی کردنی سیاسەتی عێراق بەرامبەر بە کورد بەردەوام دەبێت.[662]

لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانەی قاسملوو، دەوڵەتی عێراق کاردانەوەی توند بەرامبەر بە قاسملوو و حدکا دەنوێنێ، هەروەك

---

[661] کەریمی حیسامی: س. پ، ل145.

[662] حاجی حسین حداد: س. پ، ل68.



www.pertwk.com

حیسامی نووسیویێتی: "دوای ڕێککەوتنی شای ئێران و حکوومەتی عێراق و هەرەسی شۆڕشی کورد، حدکا تووشی دۆخێکی دژوارو سەخت بووبۆوەو دەبوو بەسەرنج و تێڕامانەوە بڕیار بدەن، بەتایبەت پاش ئەوەی حیزبی بەعس ڕۆژنامەی کوردستانی (ئۆرگانی ناوەندیی حدکا)ی داخستو چاوەدێریی هاتوچۆی خستە سەر کادیرەکانی، کە تارادەیەکی زۆر گرفتی بۆ دیموکرات دروست کردبوو، ... بەلاّم لەسەرووی ئەمانەشەوە بەردەوام بۆچوونی د.قاسملوو لەسەر بەعس ئەوە بوو، کە بەعس جێگەی بڕوا نیە، چونکە دوای ئەوەی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی تێك دەچێت ئێمەش دەکەوینە بەرپەلاماری، بۆیە بەردەوام پێشنیاری ئەوە بوو، کە کادیرەکان و ئەندامانی ڕێبەری حدکا لەعێراق بچنە دەرەوە".[663]

هەڵوێستی قاسملوو بەرامبەر بەعێراق لەسالاّنی دواتریشدا ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی سیاسیی ئەو هەبوو لەماوەی خەباتی سیاسیی لەعێراق و درێژەدان بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق لەسەر بنەمای هاوکاریی و دۆستایەتی بوو، ئامادە نەبوو سەربەخۆیی سیاسیی خۆی و حیزبەکەی بخاتە ژێر دەسەلاّتی بەعس. لەم بارەیەوە جەلیل گادانی لەچاوپێکەوتنێکدا گوتی: "شانازییە بۆ د.قاسملوو و حدکا کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەعس نەبوو، واتە ئەوان زۆر شتیان بۆ ئێمە دەکرد، وەك شوێن کردنەوەو مانەوەمان لەعێراق، بەلاّم ئێمە ئامادە نەبووین سەربەخۆیی خۆمان بدۆڕێنین، چونکە هەرگیز لەگەڵ بەعس

---

[663] کەریمی حیسامی: لەبیرەوەرییەکانم، ب5، ل71، 75.

هاوکار نەبووین و بەشداری شەڕمان لەدژی کورد نەکرد، هەرچەندە بەعس زۆر هەوڵی دا لەدژی بزووتنەوەی کورد شەڕ بکەین و یان کارەکانیان لەرۆژنامەی حدکا مەحکووم بکەین، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش هەڕەشەی داخستنی رۆژنامەو دەرکردنی ئەندامەکانی دەکردین، ئێمە رۆژنامەمان داخست و دژی کوردو عێراق و بارزانی شەڕمان نەکرد، لەرۆژنامەش بەخراپ لەسەرمان نەنووسین ".[664]

دوای رووخانی رژێمی شاو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، قاسملوو درێژەی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق دا، کە نهێنی پەیوەندییەکانی لەدوای ساڵی 1979 تەنیا لای خۆیی و باوەڕ پێکراوەکانیەوە جێ بەجێ دەکرا،[665] ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆرجار هێرش و تۆمەتی ئەوەی بکرێتە سەر، کەسەر بەحکومەتی عێراقە.[666]

هەرچەندە د.قاسملوو ئەم تۆمەتانەی بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ عێراق خراوەتە پاڵ، بەڵام لەدرێژەدان بە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ عێراق بەردەوام بوو، لەهەمان کاتیشدا عێراق درێژەدانی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ قاسملوو وەك سکرتێری حدکاو رێبەری بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێ باش بوو، چونکە دوای راپەرینی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری خومەینی، عێراق کەوتە دژایەتی کردنی رژێمی نوێی ئێران، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم کارەش لەدوای

[664] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.

[665] غەنی بلووریان: س. پ، ل282.

[666] ئەحمەد بانیخێڵانی: س. پ، ل341.

نەیارانی حکوومەتی ئێران دەگەڕا،[667] کەیەکێك لەنەیارە بەهێزەکانی ڕژێمی نوێی ئێران قاسملوو بوو.

لەڕاستیدا قاسملوو مەبەستی بوو پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراق درێژە پێ بدا، بەلاَم لەگەڵ درێژە پێدانی ئەم پەیوەندییەش ئامادە نەبوو سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات، بۆیە پێمان وایە لەپێناو بەدەستهێنانی پشتیوانیو هاوکاری کردنی بزووتنەوەی کورد لەڕۆژهەلاَتی کوردستان لەلایەن دەولَەتی عێراقەوە، قاسملوو درێژەی بەم پەیوەندییە داوەو هەرلەوکاتەدا ڕەچاوی جیاوازییەکانی نێوان خۆیو عێراقی لەبەرچاوگرتوە. لەم بارەوە لەچاوپێکەوتنێکیدا دەلَێ: "ئێستە ئێمەو عێراق بە کردەوە لەخەباتی دژی ڕژێمی خومەینیدا کەوتووینەتە یەك لا، لەو ڕووەوە دەلَێم کەوتووینەتە لایەك، کە ئامانجی هەردووکمان یەکەو ئەویش ڕووخاندنی ڕژێمی خومەینییە، بەلاَم لە زۆر لایەنی دیکەوە جیاوازیمان هەیە".[668]

یەکێك لەو جیاوازییانەی کە د.قاسملوو لەبەرچاوی گرتوون بریتی بووە لەپاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی خۆیو حیزبەکەی، چونکە لەساڵی 1980 کاتێك عێراق فشاری خستە سەری بۆ ئەوەی لەگەڵ

---

[667] نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری...، ل127.

[668] وتووێژی سکرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل54.

ڕژێمـی خومـەینی گفتوگـۆ نـەکات، ئـەو نەچـووە ژێـر ئـەم بـارەوەو گفتوگۆی کردو بەقسەی عێراقی نەکرد.[669]

قاسملوو بەم جۆرە درێژەی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێـراق دا، لـەو ڕێیەشـەوە تـوانی بەشـێك لەپێداویسـتییەکانی بزووتنـەوەی کـورد لەڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان دابـین بکـات. وەك بۆخـۆی دەڵێـت: "لەئێستەدا عێـراق یارمـەتیمان دەدات، هەنـدێك پێداویسـتیی خۆمـان لەڕێگەی خاکی ئەو وڵاتەوە دابین بکەین و سەرەڕای ئەوەش لەڕێگـەی عێراقـەوە یارمـەتیی پزیشـکی و ئینسـانی بەئێمـە دەگـا. دکتۆرەکـانی ئەندامی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانیش هەر لەم ڕێگەیەوە دێن".[670]

بەمەش دەبینین هاوکارییەکانی عێراق بۆ قاسملوو و بزوتنەوەکەی زیاتر لایەنی مرۆیی بووە، نەك دابین کردنی پێداویستییەکانی شـەڕو پێدانی چەك و تەقەمەنیی پێویست، چونکە دوای ئەوەی حکوومـەتی ئێـران پـەلاماری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانی دا، هـەموو جـۆرە چـەکێکی قـورس و سـووکی بـەکاردەهێنا، بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی هێزەکـانی ئێـران، قـاسملوو پێویسـتیی بەچـەکی نـوێ و قـورس هـەبوو ئـەو چەکانەش تەنیا عێراق دەی توانی بۆی دابین بکات، بەڵام حکوومەتی بەعس تەنیا کۆمەڵێك چەکی کۆنی پێ دابوون.[671] جگە لەمە عێـراق نەك هاوکاری باشی قاسملوو و حدکای نەکرد لەڕووی پێدانی چەکی

---

[669] کۆمسیۆنی چاپەمەنیی حدکا: وتووێژ لەگەڵ عبدالله حسن زادە سکرتێری گشتیی حدکا، ل28.

[670] وتووێژی سکرتێری گشتیی لەگەڵ گۆڤاری (الصیاد)، س. پ، ل54.

[671] کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و...، ب2، ل70-71.

گەورەو قورس، بەڵكوو هەوڵی دا زیاتر ململانێ و ناكۆكییەكانی نێوان قاسملوو و پارتە كوردییەكان بەتایبەت لەگەڵ (پ. د. ك) قووڵتر بكات، بۆگەیشتن بەم ئامانجەش لە هەوڵی ڕفاندنی تەرمی مستەفا بارزانی و پاشان گەورەكردنی لەكەناڵەكانی ڕاگەیاندنیدا درێخی نەكرد.[672]

قاسملوو لە پێشبینیەكانی بۆ داهاتووی بزووتنەوەی كورد لەڕۆژهەڵاتی كوردستان و بەستنەوەی بەچارەنووسی ئەو بزووتنەوەیە دا لەسەر بنەمای پەیوەندییەكانی بەلێزانی مامەڵەی كردوە، وەك لەوەڵامی پرسیارێكیدا، كەلێی كرا (ئایا بیر لەوە ناكەنەوە كە ئێوەش هەروەك مەلا مستەفای بارزانی ببنە قوربانیی بەرژەوەندیی ئاشتیی نێوان عێراق و ئێران؟)، قاسملوو گوتی: "ئێمە بۆهاوكاری لەگەڵ هەر دەوڵەتێكی دیكە هێندێ مەرجمان بۆ خۆمان داناوە، ئێمە بەهیچ جۆرێك خۆمان پێوەندیی هیچ دەوڵەتێكی دیكە ناكەین، ئیدی پێوەندیی ئێمە بەعێراقەوە بەهیچ جۆرێك بەزیانی خەڵكی كوردستان تەواو نابێت.[673] لەپاڵ ئەمەدا بەردەوام هەوڵی داوە ئامانجە سیاسییەكانی بزووتنەوەی كورد لە ئێران بەدی بێنێت، بۆیە لەكاتی شەڕی ئێران– عێراق دا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی دەوڵەتی عێراق، بەناوی حدكا ڕای گەیاند، كە ئامادەیە شان بەشانی برا ئێرانییەكانی دژی بەعس شەڕ بكات، بەمەرجێك

---

[672] محمد حاجی محمود: س. پ، ب2، ل434.

[673] بڕوانە: (جەمال نەبەز: س. پ، ل128).

ئیمام خومەینی مافی خود موختاری بە کورد بدات.[674] بۆیە وەك ڕێبەری حدکا لەماوەی هەشت ساڵ شەڕی نێوان عێراق و ئێران دا، هیچ کاتێك لەهەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی لای نەداو هاوبەشی و هاوکاریی شەڕی لەگەڵ عێراق دژ بەئێران نەکرد، بەڵکو زۆرجار پەلامارەکانی عێراقی بۆ سەر شارە کوردییەکان مەحکووم دەکرد،[675] نەك هەر ئەوە بەڵکوو قاسملوو لە ململانێی عێراق لەگەڵ ئێران سوودمەند نەبوو بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی تەواوی عێراق بۆخۆی، چونکە کەوتەبەر هەڵستی کردنی عێراق سەبارەت بە داپلۆسینی نەتەوەکەیی و بەکارهێنانی گازی کیمیایی لەشاری هەڵەبجە ساڵی 1988 بۆ لەنێو بردنی شۆڕشی کورد.[676] بۆیە لەکۆتاییەکانی شەڕی عێراق لەگەڵ ئێراندا لە ساڵی 1988 دا پەیوەندییەکانی ساردی تێ کەوت و خۆشی ئەمەی باش دەزانی کە هەرکاتێك شەڕی عێراق لەگەڵ ئێران بوەستێ، عێراق یارمەتییەکانی خۆی بۆ بزووتنەوەکەی دەبڕێت.[677] بۆیە بەدرێژایی تەمەنی تا ڕۆژی

---

[674] چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە، 2005/12/27.

[675] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل260.

[676] میر بصری: س. پ، ل53؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (کل العرب (مجلە)، عدد (72)، ینایر 1988، ل30- 33).

[677] بڕوانە: (د.عبدالرحمن قاسملوو: شەڕی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەو شەڕە لەسەر جولانەوەی نەتەوایەتی کورد (وتارێك لە ئەنستیتووتی هاودەردی لەگەڵ ئەمەریکای لاتین و ئەفریقا)، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (144)، دیسامبەری 1988ز، ل11- 12، 16).


www.pertwk.com

تیرۆرکردنی، نەکەوتە ژێر بڕیارو بەرژەوەندییەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق.

## ب- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین:

قاسملوو وەك ڕێبەری حدکاو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەوڵی داوە لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نێوچەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست پەیوەندی دۆستانەی هەبێتو پاڵپشتیو هاوکاریی خۆی بۆ دەربڕیونو لەهەمان کاتدا هەوڵیشی داوە ئەوانیش پشتیوانی لەمافی کوردو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی بکەن.

لەنێوان قاسملووزۆر لەڕێبەرانی فەڵەستینو لەسەروویانەوە یاسر عەرەفات پێوەندییەکی نزیکی دۆستانە هەبوو. دوای شەهید بوونی قاسملوو ئەم ڕاستییە ڕوون بۆتەوە لەنێوان قاسملوو و یاسر عەرەفات، بەتایبەتی کاتێك یاسر عەرەفات لەچاوپێکەوتنی وەفدێکی حدکادا گوتوویەتی: "ئەمن کەم وایە گریانم بێ، بەلام کاتێك هەواڵی شەهیدبوونی قاسملووم بیست بەخۆم نەبوو گریام".[678]

جگەلەمەش لەپەیامی سەرەخۆشیی یاسر عەرەفات دا لە بۆنەی تیرۆرکردنی قاسملوو، زیاتر ئەو پەیوەندیو دۆستایەتییە دەردەکەوێت، کەیاسر عەرەفات گوتوویەتی: "خوالێخۆشبوو د.عبدالرحمن قاسملوو خەباتگێڕێکی مەحکەمو هەڵکەوتووی گەلی

---

[678] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.



www.pertwk.com

برامـان بـوو، ژیـانی خـۆی وەقفـی مافـەکانی گـەلی کـورد کـرد. ئـەو بەهـــەموو تێکۆشــانو دڵســۆزییەکەوە، بــۆ پتــەوکردنی پێوەنــدیی دۆستایەتیو خۆشەویستی لەگەڵ گەلی خەباتگێڕی فەلەستین هەوڵی داو لەهەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا دیفاعی لەمەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان لــەپێناوی مــافی دیــاری کردنــی چــارەنووسو دانــانی دەوڵــەتی نیشتمانیی سەربەخۆی بەڕێبەرایەتیی تەنیا نوێنەری قانوونیی خۆی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستیندا، یارو پشتیوانی بوو".[679]

## ج- کۆماری دیموکراتی یەمەن:

د.قـاسملوو پەیوەنـدیی لەگـەڵ حکوومـەتی کۆمـاری دیمـوکراتی یەمـــەن هـــەبوو، بەتایبـــەتی کاتێـــك لەســـەرەتای ســـاڵی 1977 دا بەهاوڕێیەتی لەگەڵ کەریمی حیسامی دەچن بۆ یەمەنو لـەوێ بـەجیا چـاویان بـە هەریـەك لـە (عبـدالفتاح ئیسـماعیل) سـکرتێری گشـتیی بـەرەی نەتەوایـەتی یەمـەنی دیمـوکراتیو سـەرۆك کۆمـار (سـالم ربیع علی) دەکەوێت.[680]

د.قاسملوو لەم چاوپێکەوتنو سەردانانەی بۆ کۆماری دیموکراتی یەمــەنی ، باســی هاوکــاریو بــیرو ڕاگۆڕینــەوە لەســەر بــارودۆخی

---

[679] ئـەوەی لەسـەر د.قـاسملوو گوتراوە،کوردسـتان(ڕۆژنامـە)،ئۆرگـانی حـدکا، ژمارە(211)،پووشپەڕی 1373ھ- ژووئیەی 1994ز، ل15.

[680??] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل181- 182.

کوردستانی ئێران و یارمەتی دانی حدکا قسەی کردوەو ئەوانیش لەبەرامبەردا بەڵێنی یارمەتییان پێ داوە.[681]

مەبەستی قاسملوو لەم پەیوەندییدی بەدەست هێنانی هاوکاری و یارمەتی دانی ئەو حکوومەتە بووە بۆ پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو هەرلەوکاتەدا سوود بینین لێیان بۆ پەروەردەکردنی کادیری سیاسی و سەربازی، بۆ ئەم مەبەستەش هەر لەسەر پەیوەندیی باشی قاسملوو لەگەڵ ئەم حکومەتە بووە، کە حدکا لەساڵی 1977 دا توانیویەتی (10) کادیر بنێرێتە کۆماری دیموکراتی یەمەن بۆ بینینی خولێکی سیاسی و سەربازی کەزیاتر لەچوار مانگ لەوێ ماونەتەوە.[682]

## د- لەگەڵ وولاتانی دیکە:

جگە لەمانەش قاسملوو لە دیبلۆماسیەتی خۆیدا هەوڵی داوە سوود لەزۆربەی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی وەربگرێت و سەرنجیان بۆ لای کێشەی کورد بەگشتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەت ڕابکێشێ تا پشتیوانی لەمافەکانی کورد بکەن.

بۆ ئەم مەبەستەش د.قاسملوو لەکاتی بەستنی پێنجەمین کۆنفرانسی ولاتانی ئیسلامی لەولاتی کوێت لەرۆژەکانی 26- 29ی کانوونی دووەمی 1986دا، حدکا لەژێر ڕێبەرایەتیی د.قاسملوودا

---

[681] کەریمی حیسامی:: لەبیرەوەرییەکانم، ب5، ل126.

[682] جەلیل گادانی: س. پ،ب1، ل183.

پــەیامێکی ئاراســـتەی کــۆنفرانس کـــردوەو کــە تێیـــدا هـــاتوە: "چارەسـەرێکی گونجاو بـۆ شـەڕی نێوان عێراق و ئێـران بدۆزێتـەوەو شەڕی هەشت ساڵەی خومەینی بۆ سەر کوردستان مەحکوم بکرێت و هیوادارین وڵاتانی ئیسلامی سەرنج بدەنە دژواریی گەلی موسوڵمانی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران، وحکوومـەتی خومـەینی بـۆ بـەڕەسمی ناسینی مافە ڕەواکانی کورد بخەنە ژێر فشار"،[683] بەڵام هیچ یەکێك لەو وڵاتانە لەسیاسەتی ژینۆسایدی خومەینی دژ بەکورد دەنگ یان لێ نەهات.

بـەم جـۆرە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە قـاسملوو لەهـەموو ڕوویەکـەوە هەوڵی داوە بـۆ بەدەسـتهێنانی مـافی کـورد لەڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان و لـەم ڕووەشـەوە پەیوەنـدیی باشـی لەگـەڵ زۆر لـە وڵاتـانی عـەرەبی و ئیســـلامی و بزووتنـــەوە ڕزگاریخوازەکانیـــان هـــەبووەو کـــەم و زۆر ئـەوانیش پشـتیوانیی خۆیـان بـۆ دەربڕیـوە، بـەڵام پێویسـتە ئـەوەش بـزانین لـەنێو وڵاتـانی عـەرەبی دا قـاسملوو هەڵوێسـت و پەیوەنـدیی لەگـەڵ هـەردوو دەوڵـەتی سـوریاو لیبیـا بـاش نـەبووە[684]، ئـەویش بـەهۆی ئـەوەی ئـەم ولاتانـە هاوسـۆزو هاوکـارو پشـتیوانی ڕژێمـی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، ئەمەش سروشتییە کە پەیوەندییان بە قاسملوو و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەئێران بەهێز نەبێت.

---

683 هـ. س، ل331- 332.

684 بڕوانە: (ئۆریانا ڤالاچی: س. پ، ل45-50).

### دووەم: دیبلۆماسیەتی قاسملوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەبیروڕای گشتیی جیهان:

سەرەتای خەباتی دیبلۆماسیی د.قاسملوو لەسەر ئاستی دەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی خوێندنی لە ئەوروپا لە کۆتاییەکانی ساڵی 1949 دا کە لەچیکۆسلۆڤاکیا بوو، وێڕای خوێندن، لەکارەکانی نێونەتەوەیی خوێندکارانیشدا چالاکانە ڕۆڵی خۆی گێڕا. ساڵی 1951 وەك نوێنەری خوێندکارانی ئێران لەکۆنگرەی لاوان دا بەشداربوو، هەر لەچیکۆسلۆڤاکیا بۆ زیاتر ناساندنی کوردو مەسەلەی کورد ماوەیەك لاپەڕەیەکی لەڕۆژنامەی یەکێتیی نوسەرانی چیکۆسلۆڤاکیای وەرگرتبوو کە لەوێ دا کۆمەڵێ وتاری باش و وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی پێشکەش بەخوێنەرانی ئەو وڵاتە کرد.[685]

لەساڵانی دواییشدا د.قاسملوو زیاتر هەوڵی دا دبلۆماسیەتی خۆی وەك خەباتێکی سیاسی بخاتە کار بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەبیروڕای گشتیی جیهان، چونکە قاسملوو لەو باوەڕەدابوو کەدەبێ مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی نێوخۆیی بێتە دەرەوەو ببێتە مەسەلەیەکی نێو نەتەوەیی و لەهەموو ڕوویەکەوە بەڕای گشتیی جیهان بناسێندرێ. دیارە هەر چەند ڕەوایی و ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بۆ دونیا دەرکەوتبێ، مەسەلەی کورد زیاتر چۆتەپێش و دەرکەوتوە. بۆیەش لەسەر ئەم بنەمایە د.قاسملوو

---

[685] د.عزالدین مصطفی رسول: د.عبدالرحمن قاسملوو، ئاسۆ (ڕۆژنامە)، ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی یە دەزگای ڕۆژنامەنووسی و بلاوکردنەوەی ئاسۆ دەری دەکات، ژمارە (51)، بەغدا، 1990/7/21، ل2.

لەدیدەنییەکی دا لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان دەڵێ: "بەتەجروبە دەرکەوتوە کەهەرچی زیاتر لەمەسەلەی کورد بزانن، ئەوەندەش زیاتر پشتیوانی لەخەباتی گەلی کورد دەکەن".[686]

دوای ئەوەی د.قاسملوو لەساڵی 1970 دا سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتە دەستو بوو بەسکرتێری گشتی حدکا، لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانو خەباتی دیبلۆماسی بۆ ناساندنی کێشەی کورد بەبیروڕای گشتیی جیهان زیاتر هەوڵیدا، چونکە د.قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەبەرئەوەی بزووتنەوەیەکی ڕەواو دادپەروەرانەیە، توانای ئەوەی هەیە کە بکرێتە مەسەلەیەکی جیهانیو نێونەتەوەیی. هەر بۆیەش بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بەبیروڕای گشتیی جیهان هەوڵێکی زۆری داو لەم مەیدانەشدا نەخشێکی تاقانەی هەبوو.[687]

لەم بارەیەوە خێزانی قاسملوو (هێلینا کرۆلیش) دەڵێ: "قاسملوو لە ئەوروپا هاوڕێی زۆر بوو کە قسەکردنو گفتوگۆی لەگەڵیان زیاتر لەباری سیاسییەوە بوو. زۆر لەو ئەوروپاییانەی کە لەدۆزی کورد ئاگاداربوون لە ڕیگەی عەبدولڕەحمانەوە بوو. عەبدولڕەحمان بوو کە زۆر لەئەوروپاییەکانی بەوە ڕازی کرد کە دۆزی کورد بەدۆزی خۆیان بزانن".[688]

---

[686] وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ سکرتێری گشتی حدکا د.قاسملوو، کوردستان (ڕۆژنامە)،ژ.(129)، ئوتووی 1987، ل3.

[687] د.قاسملوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، س. پ، ل8.

[688] وەڵامی فاکسی (هێلینا کرۆلیش) بۆ توێژەر لە 2005/8/15 (پاریس).

بۆیە دەبینین د.قاسملوو لەماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا، بەو تایبەتمەندییە بەرچاوانەی کەهەیبووە، توانیویەتی لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە بیروباوەڕو هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی و حیزبەکەی بەبەشێکی زۆر لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و تەنانەت دەوڵەتەکانیش بناسێنێ.[689] سەبارەت بەپەیوەندییە دەرەکییەکانی قاسملوو، عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسیویێتی: "د.قاسملوو لەڕیزی پێشەوەی ئەو ڕێبەرە کوردانە دا بوو، کەلەبایەخی پێوەندیی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان تێ گەیشتبوون و بۆپێکهێنانی ئەو پێوەندییە هەوڵیان دەدا".[690] هەروەها کەریمی حیسامی نوسیویێتی: "لەچوارچێوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا د.قاسملوو بەردەوام هەوڵی داوە خزمەت بە حدکا و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بکات و لەم بارەشەوە کەمتەرخەمیی نەکردوەو بەردەوام هەوڵی داوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی. لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندیی باشی لەگەڵ (ئەمنێستی ڕێکخراوی لێ خۆشبوونی نێونەتەوەیی) دامەزراندوە، کەتا لەڕێگەیەوە گیراوە کوردە ئێرانییەکان لە زیندانەکانی شا ئازاد بکات".[691]

---

[689] وێنەیەك لەقەدر زانین، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (163)، 1990ز، ل17.

[690] نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل140- 141.

[691] لەبیرەوەرییەکانم، ب5، ل166.

قاسملوو بەدرێژایی سالانی 1970- 1981 لەڕێگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆیدا هەوڵی داوە بۆ دامەزراندنی کۆمیتەیەك بۆ ئازادییە مرۆییەکان لە کوردستان، لەم بارەشەوە (تۆماس هامربێرگ) سکرتێری گشتیی کۆمیتەی سوید بۆ پشتیوانی لەمافە مرۆییەکانی نەتەوەی کورد لەوتارێکیدا بەبۆنەی تیرۆرکردنی د.قاسملوو لە گۆڕستانی پیر لاشێز دەڵێ: "ئەم کۆمیتەیە زیاتر بە هەوڵ و پێشنیاری (عەبدولڕەحمان قاسملوو) دامەزراوە، یەکەمجار لەیەکەم ساڵەکانی دەیەی 1970دا لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا، کە لەبارەی مافی مرۆڤەوە تێ دەکۆشن پەیوەندیی گرت بۆئەوەی کۆمەك بەزیندانییانی کوردی ئێران بکات، بەم جۆرە ئەو هاوکارییە کە لەبیست ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ کردبوو بەڕێك و پێکی درێژەی هەبوو تا سەرەنجام لەژێر کاریگەریی ئەو و بەپێشنیاری ئەو، ئەم کۆمیتەیە بۆ ئازادییە ئینسانییەکان لە کوردستان دامەزرا کەتەواوی حیزبە سیاسییەکان، کلێسەکان، سەندیکا کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ تێیدا بەشدارن".[692]

د.قاسملوو لەڕێگەی ئەم پەیوەندییانەی بە وڵاتانی دەرەوە هەوڵی داوە کۆمەك و یارمەتی بۆ بزووتنەوەی کورد دەستەبەر بکات تاڕادەیەکیش لەم کارەیدا سەرکەتوو بووە، لەم بارەیەشەوە گادانی نووسیویێتی: "لەساڵەکانی 1980-1981 دا کاری دیبلۆماسی

---

[692] تۆماس هامربێرگ: قسەکانی تۆماس هامبێرگ لەسەر گڵکۆی شەهیدان لە پیر لاشێزی پاریس، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (153)، گەلاوێژی 1368- ئابی 1990، ل34.



www.pertwk.com

لـەدەرەوەی وڵات خـەریکی پەرەسـەندن بـوو، بەتایبـەتی دکتـۆرە فەرەنسـییەکان وردە وردە دەهاتنـە کوردسـتانو هاوکـاریی حیزبیـان (مەبەست حدکایە) دەست پـێ کردبوو، دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵـەتو میللـەتی فەرانسـەش خـۆش بـوو بـوو".[693] هـەروەها (د.بێرنـارد گرانـژۆن)،[694] دەڵـێ: "نابـێ ئـەوەمان لەبیربچـێ ئـەو کەسـەی ڕێگـەی چـوون بـۆ کوردسـتانو ئاشـنایەتی لەگـەڵ خـەڵکی کوردسـتانی بـۆ خۆش کردین د.قاسملوو بوو".[695]

د.قاسملوو زۆر جار هـەوڵی ئـەوەی داوە دەنگـی نـاڕەزایی حـدکاو کۆمـەڵانی خـەڵك بـەدونیای دەرەوە ڕابگەیـەنێت، بۆیـە دوای ئـەوەی لەسـاڵی 1980 دا جـارێکی دیکـە سـەرکوتکردنی بزووتنـەوەی کوردسـتان لەلایـەن ڕژێمـی خومـەینی یـەوە دەسـتی پێکـردەوە، د.قـاسملوو ڕۆژی 1980/4/25 لەنامەیەکیـدا، بـۆ ڕێکخـراوە دیموکراتو پێشکەتووەکانی جیهانو کەسایەتی یە سیاسیو مرۆڤ دۆسـتەکانو ئەنجومەنـە مـرۆڤ دۆسـتەکانو ڕێکخراوەکـانی بـەرگری لـەمافی مـرۆڤ، ڕای گەیانـد کەپێویسـتە کۆمـەكو هاوکـاریی کـورد بکرێتو دژی خومەینی بکەونە کار.[696]

---

[693] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل263.

[694] سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان.

[695] ڕێزگرتن لەیادی د.قاسملوو و یادێك لەبیرەوەری یەخۆشەکانی کوردستان، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی (حـدکا)، ژمـارە (273)، 31 پووشپەڕی 1378هـ- 22 ژووئیەی 1999ز، ل13.

[696] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب1، ل245- 247.



www.pertwk.com

بەمەش قاسملوو ڕێگەی دیکەی خەباتی بۆ بزووتنەوەی کوردستان، بەگشتی نەك تەنیا بۆ حدکا ڕەچاو کردوە، ئەویش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە خەبات بۆ ئازادیی کوردستان و بەدەستهێنانی مافی میللەتی کورد، مەیدانەکەی هەر کوردستان نیە، بەڵکوو دونیای دەرەوە هەمووی مەیدانی خەباتە، مەیدانی تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەماف و ئازادیی کوردستان.[697]

بۆیە قاسملوو بەردەوام گەشتە دیبلۆماسییەکانی خۆی بۆ ولاتانی ئەورووپای ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا درێژە پێ دەدا، بەلاّم باش لەوەش گەیشتبوو، کە بەسەفەرەکانی خۆی بۆ دەرەوە بەتەنیا ناتوانێ مەسەلەی کورد بەو ڕادەیەی کەپێویستە بەجیهان بناسێنێ.[698] لەم ڕوانگەشەوە دامەزراندنی مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری لە دەرەوە بووە ئاواتێکی گەورەی، کەپاش هەوڵ و تەقەلایەکی بی ئەندازەی خۆی و بەیاریدەی چەند ڕووناکبیرێکی دیکەی کورد، توانی لەساڵی 1983دا ئەنستیتووتی کورد لەپاریس دابمەزرێنی، کەنەخشێکی بەرزی لە بەنێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورددا گێڕاوە.[699] بەمەش قاسملوو

---

[697] کۆڕێك بەیادی شەهیدانی وییەن، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (211)، پووشپەڕی 1373هـ– ژووئیەی 1994ز، ل6.

[698] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (152)، ئوتوی 1989، ل30.

[699] بلال غازی کاك أمین: دیبلۆمات و سیاسەتمەداری گەورەی کورد شەهیدی نەمر د.عبدالرحمن قاسملوو، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (177)، ساڵی یەکەم، ئەڵقەی چوارەم، هەینی 1992/8/28، ل3.

توانی لەڕێگەی ئەم مەڵبەندەوە خزمەتێکی گەورە بەمێژوو و ئەدەبی کورد بکاتو لەم ڕێگەیەشەوە توانی تاڕادەیەکی باش ناسنامەی گەلی کوردو دۆزە ڕەواکەی بەگەلانی جیهان بناسێنێ.[700]

جگە لەمە د.قاسملوو بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد لەهەموو دەرگەیەکی دەدا. لەو گەشتە دیبلۆماسییانەی بۆ دەرەوەی دەکردن بەهۆی چاوپێکەوتنی بەڕۆژنامەنووسو ئیزگە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی یەکانەوە مەسەلەی گەلەکەی دەگەیاندە بەرگوێو دیدەی گشت خەڵکی ئەو ولاتانە بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی یان بۆ لای مەسەلەی کورد.[701] هەروەها لەسەر ئاستی کەسایەتییە دیارەکانی وڵاتانی ئەوروپا هەوڵی داوە پەیوەندی دۆستانە دابمەزرێنێتو لەڕێگەیەوە دۆزی کوردیان پێ بناسێنێت، وەك کریس کۆچێرا دەڵێ: "قاسملوو زۆر کاری تێ کردم بۆ ئەوەی لەسەر کورد بزانمو مێژووەکەی بنووسمەوە".[702] هەروەها هێلینای خێزانی قاسملوو دەڵێ: "بڕوام وایە د.قاسملوو کاریگەریی لەسەر مەدام میترانو بێرنارد کۆشنەر هەبوو بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر کورد بزانن".[703]

---

[700] تۆماس هامربێرگ: س. پ، ل34؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (ئەحمەد قەرەنی: دیدارێك دگەل سەرۆکی ئەنستیتویا کوردی ل پاریسێ، ئاسۆی پەروەردە (گۆڤار)، ژ.(16)، شوباتی 2002، هەولێر، ل6– 18).

[701] بلال غازی کاك امین: س. پ، ئەڵقەی چوارەم، ل3.

[702] وەڵامی ئیمەیلی (کریس کۆچێرا) بۆ توێژەر لە 2005/9/7، (پاریس).

[703] وەڵامی فاکسی (هێلینا کرۆلیش) بۆ توێژەر لە 2005/8/15، پاریس.



www.pertwk.com

جگــە لەمانــە هــەوڵی دا پەیوەنــدیی لەگــەڵ وڵاتــانی ئــەورووپی و بەتایبەت سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا بەهێز بکات و لەڕێگەیەوە بتوانێـت کێشـەی کـورد بـە دونیـای دەرەوە بناسـێنێ و پشـتگیری و هاوکاری بۆ بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی کـورد بەدەست بێنـێ، کەلـەم بارەشەوە د.جەوهەر شاوەیس دەڵێ: "د.قاسملوو لەساڵانی 1975-1989 دا ڕۆڵـی زۆری بینـی لـە ڕیزەکـانی سۆسـیال دیمـوکرات و کەسایەتییە ئەورووپییەکان دا، بۆیە دەبێت نرخی قاسملوو بزانین و هەر لەچوارچێوەی حدکا نەی بینین، چونکە سۆسیال دیموکرات زۆر گرنگـە لـە ئـەورووپا چ لەدەسـەڵات دابـن یـان ئۆپۆزسـیۆن بـن، لەبـەر ئـەوەی لایـەنگیریان زۆرەو ڕۆڵیـان دیـارە. بۆیـە پەیوەنـدیی قاسملوو لەگــەڵ ئەمانــە کاریگــەریی زۆری هــەبوو لەســەر بزووتنــەوەی نەتەوایـەتیی کـورد, کەلـەم ڕێگایـەوە بچـێتە نێـو دونیـای ئـەورووپی و جیهانەوە".[704]

بۆیـە حـدکا لـەئاکامی هـەوڵ و تێکۆشـانی د.قاسملوودا لەکۆنـەوە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ بەشێکی زۆری حیزبە سۆسیالیست و سۆســیال دیموکراتــەکانی ئــەورووپای ڕۆژئــاوا هــەبووە. لەڕێگــەی وانیشـەوە د.قـاسملوو هـەوڵی زۆری دا کـە حـدکا دەرگـەی کـۆنگرەو کۆبوونەوەکانی (ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی)[705] بۆ بکرێتەوە،[706]

---

[704] چاوپێکەوتن لەگەڵ (د.جەوهەر شاوەیس)، هەولێر، 2005/12/29.

[705] ئەنتەرناســیۆنالی سۆسیالیســتی ڕێکخراوێکــە ســاڵی 1951 دامــەزراوە، بەدەیان حیزبی سۆسیالیست و دیموکرات و سۆسیال دیموکرات کەلایەنگری سۆسیالیزمن لەو ئەنتەرناسیۆنالەدا کۆبوونەتەوە.


www.pertwk.com

چـونکە بـەهۆی بیروباوەڕەکانیـەوە تـوانی لەئاسـتی نێودەوڵـەتی دا پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێبـەرو کەسـایەتییە ئەوروپاییـەکان دابمـەزرێنێت، وەك (کرایسـکی سـەرۆك وەزیرانـی پێشـووی نەمسـا، ئۆلـف پالمـە سەرۆك وەزیری پێشووی سوید، پێ یەر موروا سەرۆکی ئەوکاتـەی حیزبـــی سۆسیالیســـتی فەڕەنســـا)[706]. ڕەنگدانـــەوەی ئـــەم پەیوەندییانـەی بـووە هـۆی ئـەوەی لەسـاڵی 1986 دا بـۆ یەکـەم جـار قـاسملوو وەك میـوان لەحەڤدەهـەمین کـۆنگرەی ئەنتەرناسـیۆناڵی سۆسیالیسـتدا کـە لـە لیمـای پێتـەختی پـیرۆ لـە ئەمـەریکای لاتینـی (باشوور) گیرا بەشداربێ[707].

ئـەم بەشـدارییە گرنگیـی تایبـەتیی خـۆی هـەبوو، قـاسملوو لـە وتووێژێکیدا سەبارەت بـەگرنگیی بەشداربوونەکەی دەڵـێ: "بۆیەکـەم جار بوو نوێنەری ڕێکخراوێکـی کوردستانی وەك میوان لە کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیستدا بەشدار دەبوو"[708]. هـەروەها لـەبارەی

---

[706] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل141.

[707] م. ئـەمین: ئەنترناسـیۆنالی سوسیالیسـت و مەسـەلەی کـورد، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی حـدکا، ژمـارە (259)، جـۆزەردانی 1377ھ- ژووئەنی 1988ز، ل9.

[708] جـەلیل گـادانی: 50 سـاڵ خـەبات، ب1، ل330؛ عبداللـە حسـن زادە: نیـو سەدە تێکۆشان، ب2، ل141.

[709] وتووێــژ لەگــەڵ ســکرتێری گشــتیی حیــزب (د.قـاسملوو)، کوردسـتان (ڕۆژنامـە)، ئۆرگـانی ناوەنـدیی حـدکا)، ژمـارە (120)، خـەزەلوەری 1365ھ- نوامبەری 1986ز، ل5.

مەبەستی بەشداربوونەکەشی دەڵێ: "مەبەستم ئەوە بوو کە هەم بە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن، خۆشەویستی بیروڕای گشتیی جیهانی و ڕێکخراوە دیموکراتیی و بەشەر دۆستەکان بۆ لای خەباتی حیزبە خۆشەویستەکەمان و جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو گەلانی ئێران دژی ڕژێمی خومەینی ڕابکێشم، هەم داوای پشتیوانیی سیاسی و مەعنەوی لە دۆستەکانی خۆمان لەدەرەوە بکەمو هەم لەو ڕێکخراوانە کە مرۆڤ دۆستن داوای ناردنی پزیشك و دەرمان و ...هتد بکەم".[710]

بەم شێوەیە د.قاسملوو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان درێژە پێ داو بەشداریی کۆنگرەکانی دەکردو بەفەرمی لەلایەن ئەوانەوە بانگهێشت دەکرا، بۆ نموونە لەڕۆژانی 6- 7ی دیسەمبەر(کانونی یەکەم)ی 1988 قاسملوو لە کۆبوونەوەیەکی شووڕای ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیستدا لە پاریس بەشدار بوو، لە وتەیەکیدا گوتی: "گەلی کورد لەمافە دیموکراتیی و نەتەوەیی و ئینسانییەکانی بێ بەشەو یەکێکە لە زۆر لێکراوترین گەلانی جیهان".[711]

ئەم وتەیەش لەلایەن (فرانسوا میتران) سەرۆك کۆماری پێشووی فەڕەنساو (ویلی برانت) سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئەڵمانیا و سەرۆکی ئەوکاتی ئەنتەرناسیۆنال پشتگیری کراو دواتر ڕێکخراوی

---

[710] هـ. س. ل2.

[711] تێکۆشان لەدەرەوەی وڵات،کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی حدکا، ژمارە (144)،دیسامبەری 1988،ل20-21.



www.pertwk.com

ئەنتەر ناسیۆنال ڕەزامەندیی لەسەر کێشەی کورد دەربڕیو لە وتەیەکیاندا گوتیان: "گەلانی ناوچەکە دەبێ لەدەستکەوتەکانی ئاشتی بەهرەمەندبن و سولح نابێ (مەبەست لەڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێرانە لەساڵی 1988) دا بەزەرەری گەلان، یەکێك لەوانە 25 ملیۆن کوردە تەواو بێت".[712] بەمەش قاسملوو هەوڵی دا نەخشی بەرچاوی خۆی لەنێو سۆسیال ئینتەرناسیۆنال دا بۆ خزمەت کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بخاتەڕوو. لەم بارەشەوە (پییر گیدۆنی) سکرتێری بەشی نێو نەتەوەیی حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا سەبارەت بەڕۆڵی قاسملوو دەڵێ: "قاسملوو لەکۆبوونەوەکانی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسادا بەشدار دەبوو، و بۆناساندنی گەلی خۆی بەبیروڕای گشتیی جیهان پێش قەدەم بوو، بەڕاستی لەم مەیدانەدا ڕۆڵی دیار بوو، چونکە قاسملوو دەی توانی لەگەڵ هەرکەس بەزمانی خۆی قسە بکاو هەمیشە شتی تازەی هەبوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەزموون و تەجرەبەی لەڕادەبەدەری ناوبراو".[713]

بۆیە دەبینین لەئاکامی ئەو خەباتە دیبۆماسییەی قاسملوو تا پاش تیرۆرکردنی حدکا لە 11ی ئەیلولی 1996بوو بەئەندام لە

[712] هـ. س، ل20-21.

[713] ڕێو ڕەسمی ساڵڕۆژی شەهیدبوونی قاسملووی مەزن لەئەورووپا، س. پ، ل9.

ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست،[714] ئەمەش بۆ هەوڵو تەقلاّ دیبلۆماسییەکانی د.قاسملوو لەو بوارەدا دەگەڕێتەوە.[715]

دیبلۆماسییەتی قاسملوو نەك تەنیا لەڕێگەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست دابوو، بەڵکوو پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ولاّتانی ئەورووپیو حیزبە سیاسییەکانیشدا بەست، یەکێك لەوانە ولاّتی فەڕەنساو حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا کە لەماوەی ساڵانی 1980 دا پەرەی زیاتری بەم پەیوەندییە داو بەشداریی لە کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسادا کرد.[716]

لەمەڕ پەیوەندیی قاسملوو بە ولاّتی فەڕەنساو حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنساوە، بۆخۆی لە وتووێژێکدا دەڵێ: "ئێمە پەیوەندییەکی باشو ڕێكو پێکمان لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسادا هەیە، هەر بۆیەش کاتێك کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا بەسترا حدکا تەنیا ڕێکخراوی سیاسیی ئێرانی بوو بانگهێشت کرابوو".[717] قاسملوو لە دیدارێکدا سەبارەت بە ولاّتی فەڕەنساو پشتیوانی کردنی لە کورد دەڵێ: "ولاّتێکی وەك فەڕەنسا

---

[714] عبدالله حسن زادە: نیو سەدە تێکۆشان، ب2، ل134- 135.

[715] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (239)، خەزەلوەری 1375هـ- نوامبەری 1996ز، ل3؛ ساڵرۆژی ئەندامێتی حزب لە ئەنتەرناسیۆنالدا، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (249)، خەرمانانی 1376هـ- سێتەمبەری 1997ز، ل9.

[716] جەلیل گادانی: 50 ساڵ خەبات، ب1، ل335- 336.

[717] وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ سکرتێری گشتی حیزب د.قاسملوو، س. پ، ل2.



www.pertwk.com

کە ئێمە زیاتر لەوێ کارمان بۆ کراوە، ئامادەیی زۆر زیاتری هەیە بۆ ئەوەی هەم لەمەسەلەی کورد باشتر حاڵی بن، هەم پشتیوانیمان لێ بکەن".[718]

د.قاسملوو بەم پەیوەندییە دیبلۆماسییانەی لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا توانی هاوکاریو پشتوانی بۆ بزووتنەوەی کورد بەدەستبهێنێتو بەتایبەتی دوای هاتنە سەر کاریان ڕێگەیان دان دەفتەرێك (نووسینگە) بکەنەوەو لەباری ئینسانییەوە یارمەتیان پێکردن.[719]

جگە لەمەش قاسملوو هەر لەفەڕەنسا لەهەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنساش کەمتەرخەمیی نەکرد، ساڵی 1988 لەدیدەنیەکیدا لەگەڵ (ماکسیم گرۆمیتس) ئەندامی م. س حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنساو بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەم حیزبەو (ژاك فات) بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا بۆ ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا، داوای کرد کە چالاکانە لەخەباتی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران پشتیوانی بکەن.[720]

---

[718] هـ.س، ل3.

[719] بەشێك لە وتووێژە چاپەمەنیەکانی هاوڕێ د.عبدالرحمن قاسملوو لە ئیسپانیا، س. پ، ل5.

[720] تێکۆشان لەدەرەوەی وڵات،کوردستان(ڕۆژنامە)،ئۆرگانی حدکا، ژمارە(145)،بەفرانباری 1367- ژانویەی 1989،ل18.



www.pertwk.com

د.قاسملوو نەك تەنیا لەفەڕەنسا، بەڵكوو هەوڵی دا لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی پەیوەندیی هەبێتو پشتیوانی لە بزووتنەوەی كورد زیاتر بەدەست بێنێ، هەر بۆیەش یارمەتیی مرۆیی و جۆراوجۆری لەوڵاتانی سویدو نەمسا وەرگرتووەو هەوڵیشی داوە لەگەڵ وڵاتی ئیسپانیا پەیوەندی دابمەزرێنێت.[721] لەم بارەیەشەوە گادانی دەڵێت: "ساڵی 1987 بۆیەكەم جار د.قاسملوو گەشتێكی سیاسیی ئیسپانیای كردبوو، سەرەڕای دەربڕینی ڕەزامەندیی خۆی لەم گەشتە، ئەویی وەك دەروازەی ئەمەریكای لاتینی دانابوو كەدەبێت كەڵكی لێ وەربگیرێت".[722]

لەم بارەشەوە قاسملوو لە وتووێژێكدا سەبارەت بە ئیسپانیا دەڵێ: "بۆیەكەم جار سەفەری ئیسپانیام بۆ هاتەپێش (ساڵی 1987)، كە 8 ڕۆژی خایاند، بۆمن دەركەوت ئیسپانیا وڵاتێكە هەم ڕێكخراوە سیاسییەكانیو هەم خەڵكەكەی ئامادەییەكی تەواویان هەیە بۆ ئەوەی پشتیوانیی سیاسی لەخەباتی گەلی كورد بكەن"،[723] بۆیەش لەكاتی سەردانی قاسملوو بۆ ئیسپانیا پەیوەندیی ڕەسمی لەگەڵ حیزبی كۆمۆنیستی ئیسپانیا دامەزراند.[724] جگە لەمەش قاسملوو گرنگیی بە ئیسپانیا دەدا تا لەوێ دەنگی بزووتنەوەی كورد

---

[721] بەشێك لە وتووێژە چاپەمەنیەكانی هاوڕێ د.عبدالرحمن قاسملوو لە ئیسپانیا، س. پ، ل5.

[722] 50 ساڵ خەبات، ب1، ل336.

[723] وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ سكرتێری گشتی حیزب د.قاسملوو، س. پ، ل2.

[724] كوردستان لەڕاگەیێنە گشتی یەكاندا، س. پ، ل14.



www.pertwk.com

بگەیەنێتە ئەمەریکای لاتین و پشتیوانیی وانیش بۆ بزووتنەوەی کورد دەستەبەر بکات. سەبارەت بە گرنگیی ئیسپانیا قاسملوو دەڵێت: "ئیسپانیا بۆ ئێمە گرنگە، چونکە لەواقیعدا دەرگەی قارەیەکی تەواوە وەك ئەمەریکای لاتین کە زیاتر لە 300 ملیۆن کەس دەگرێتەوەو ئەگەر بتوانین لە ئیسپانیا باش خەبات و ژیانی خۆمان بناسێنین ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانین دەنگی خۆمان بە ئەمەریکای لاتینیش رابگەیەنین".[725] هەروەها درێژەی پێدەداو دەڵێ: "تەواوی رێکخراوەکانی سیاسی ئەمەریکای لاتین لە واقیع دا زۆر لە رووناکبیرانی بەناوبانگ یان لە ئیسپانیا دەژین یان هاتوچۆی ئیسپانیا دەکەن. لە واقیعدا ئیسپانیا مەرکەزێکی فەرهەنگی سیاسییە بۆ هەموو ئەمەریکای لاتین و جێگای ئیستیفادەیە بۆ ئێمە".[726]

بەم جۆرە قاسملوو بەردەوام هەوڵی داوە پەرە بە پەیوەندییە دەرەکییەکانی خۆی بدات و لەم پێناوەشدا لەژیانی سیاسیی خۆی دا چەندین گەشتی دیبلۆماسیی بۆ ولاتانی ئەورووپی ئەنجام داوەو چاوی بەنوێنەرانی زۆر لەو وولاتانە کەوتوە، بۆ نموونە ساڵی 1988 سەردانێکی سێ مانگەی بۆ وڵاتانی ئەورووپا ئەنجام دا، لەوانە (فەرەنسا، سوید، چیکۆسلۆڤاکیا، ئیسپانیا)و چاوی بەزۆر لەکاربەدەست و نوێنەرانی رێکخراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە کەوت و لەوێدا باسی کیمیابارانی هەڵەبجەو وەستانی شەڕی نێوان

[725] وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ سکرتێری گشتی حیزب د.قاسملوو، س. پ، ل2.
[726] هـ. س، ل3.

ئێـران– عێـراق و ئـەو زیانانـەی لەگـەڵ کـورد دراون لەئـەنجامی ئـەم جەنگـەدا کـردووەو هـەوڵی داوە پاڵپشــت بــۆ ئــەم مەســەلانە پەیــدا بکات.[727]

قاسملوو لەپەیوەندییـە دەرەکییەکانیـدا بەتـەنیا پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتـان و ڕێکخـراوو پارتـە سیاسـییەکان نەوەسـتاوە، بـەڵکوو هـەوڵی داوە لەکاتی گۆڕانە سیاسی یە گەورەکان و هاتنە پێشەوەی دەرفەتی لەبار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دا، پەنا بەرێتە بەر ڕێکخراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان و خاچــی ســووری جیهــانی بــۆ ئــەوەی مەینەتیەکانی گەلی کوردیان پێ نیشان داو دەستی یارمەتی بۆ کورد بکەنەوە.

لــەم بارەیەشـــەوە قـــاسملوو بۆخـــۆی لـــەوەڵامی پرســـیاری ڕۆژنامەنووسـێکی بیـانی دا سـەبارەت بـەهاوکاری و یارمـەتی دانیـان لەلایـەن ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکان و خاچـی سـووری جیهـانی یـەوە، بـەم شـێوەیە دەڵـی: "مـن خـۆم نوێنـەری (سـەلیبی سـووری جیهانی)و (دەفتەری ڕێکخراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان بۆ پـەنادان)م بانگهێشــت کــردوە، کەبەمەبەســتی لێکۆڵینــەوەو چــاوپێکەوتنی مەوقیعییەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێمە بێنە کوردستان، بەڵام هەرگیز بانگهێشتی ئێمەیان قبوڵ نەکرد..." .[728]

---

[727] تێکۆشــان لــەدەرەوەی وڵات، کوردســتان (ڕۆژنامــە)، ئۆرگــانی حــدکا، ژ.(144)، دیسامبەری 1988،ل15.

[728] کوردستان لەڕاگەیێنە گشتی یەکاندا، س. پ، ل12.

لەگەڵ ئەمانەش قاسملوو لەسەر هەوڵە سیاسییەکانی خۆی بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە دونیای دەرەوەو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساردنەبۆتەوەو بۆیەش لەکاتی وەستانی شەڕی عێراق و ئێران دا، نامەیەك ئاراستەی (پێرس دێکۆیلار) سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 1988/8/3 دەکات، وێڕای باس لە مەینەتەکانی گەلی کورد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد داوا لەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لەپاڵ ئاشتی لە ئێران و عێراق دا، ئاشتی بۆ کوردستانیش دابین بکرێت و مافی کورد بدرێت، هەروەها نووسیویێتی: "مەسەلەی کورد لەئێران مەسەلەیەکی نێو خۆ نیە، لە کوردستان سەرەتایی ترین مافی ئینسانی و میللیی گەلێك پێشێل دەکریّ و ئێوە وەزیفەتانە بەمەبەستی دیفاع لەمافی مرۆڤ و مافی مەوجوودیەتی یەکێك لەڕەسەن ترین و کۆنترین گەلانی ئەم ناوچەیە هەنگاوی پێویست هەڵێننەوە، ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکانی ئێوەین و ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاریی تەواو لەم پێیەدا ڕادەگەیەنین، بەڵام جارێکی دیکە بەڕاشکاوی تەواو ڕادەگەیەنین کە ئەگەر ئێمە وە بەرچاو نەگیرێین هەوڵ و تەقەلای ئاشتی خوازانەی ئێوە سەرکەوتنی تەواو وەدەست ناهێنیّ و بەرپرسیارەتیی ئەم سەرنەکەوتنەش لەئەستۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبیّ".[729]

---

[729] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (140)، گەلاوێژی 1367هـ – ئابی 1988ز، ل12– 13؛ بۆ دەقی نامەکەی قاسملوو بڕوانە پاشکۆی ژمارە (12).

جگە لەمەش کاتێك وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی یەکێتیی سۆڤیەت، (ادوارد شوارد نادزە) گەشتێکی بۆ ولاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست کرد. د.قاسملوو لە 1989/2/20 نامەیەکی کراوەی بۆ نوسی و تێیدا نووسیبووی: "بەڕاگەیاندنی تەقە وەستان لەنێوان ئێران و عێراقدا، شەڕ لە ولاتی ئێمەدا تەواو نەبووەو، بەربەرەکانیی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بۆ دابین کردنی دیموکراسی لە ئێران و خود موختاری بۆ کوردستان هەروا درێژەی هەیە، شەڕ کاتێك بەتەواوی کۆتایی پێ دێ کە داخوازەکانی گەلی کوردیش سەرنجیان بدرێتێ و مەسەلەی کورد لەڕێگەی ئاشتی خوازانەوە جێبەجی بکرێ".[730]

هەوڵە دیبلۆماسییەکانی د.قاسملوو بۆ دابینکردن و پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەردەوام بوو، بەتایبەتی کاتێك لەمانگی 1988/10 لە (مەدرید) وتارێکی لە ئەنستیتوتی هاودەردی لەگەڵ ئەمەریکای لاتین و ئەفریقا سەبارەت بەشەڕی عێراق و ئێران و کاریگەریی ئەم شەڕە لەسەر جوولانەوەی نەتەوایەتیی کورد پێشکەش کرد، تێیدا دەڵێ: "داخوازی خودموختاری، داخوازێکی ڕەواو سادەیە. ئێمە خوازیاری پاراستنی فەرهەنگی خۆمانین و دەمانەوێ زمانی کوردی لەکوردستانی ئێراندا بە زمانی ڕەسمی بناسرێ. لەکوردستان دەبێ فێرکردن و بارهێنان بەزمانی کوردی بێ، دەسەلاتی سیاسی دەبێ لەپاوانی یەك ناوەند بێتە دەرو، کاروباری نێوخۆی کوردستان بدرێتە دەست نوێنەرانی

---

[730] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (147)، نیسانی 1989ز، ل17، 18؛ بۆ دەقی نامەکەی قاسملوو بڕوانە پاشکۆی ژمارە (13).



www.pertwk.com

گـەلی کـورد کەبەشـێوەی دیموکراتێـك هەڵدەبـژێردرێن و مەبەسـتی بنـەڕەتی لـەم داخوازانـە ئەوەیـە کـە کوردەکـان چـی دیکـە لـەوڵاتی خۆیانـدا وەك بێگانـە چاویان لێ نـەکرێ و بـەهاووڵاتی دەرەجـە دوو و تەنانەت دەرەجە سێ نەژمێردرێن".[731]

لێرەدا پێویستە بڵێین هەرچەندە قاسملوو توانی پەیوەندی بکات بە کەسایەتیی ڕۆشـنبیرو مـرۆڤ دۆسـت و سیاسـەتمەدارو ڕێکخـراوو پارتـە سیاسـیەکانی ولاتـانی ئـەوروپا، بـەڵام ئەمانـە هیچـیان بڕیـار بەدەستی دەوڵەتەکان خۆیان نەبوون و، بۆیەش پشتیوانی کردنیان لە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد تـەنیا لەمەیـدانی تیۆریـدا مـابۆوەو پڕاکتیـزە نـەکراو بەڵێنـەکانیان بەرامبـەر بـە کـورد جێبـەجی نـەکرد، چونکە وەك دەبینین قاسملوو بۆ خۆشـی دانی بەم ڕاستییەدا ناوەو کاتێـك پرسـیاری لێ دەکـەن سـەبارەت بـەهۆی سـەرنەکەوتنی لەهـەوڵ دان بۆ دەنگدانەوەی مەسـەلەی کورد لـەڕادەی نێو نەتـەوەیی دا، بـەم شـێوەیە وەڵام دەداتـەوەو دەڵـێ: "لەجیهانـدا حکوومـەتێك نیـە لایەنگری و پشتیوانیمان لێ بکا، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئێمـە لـەنێوان چـەند وڵاتـی وەك تورکیـە، سـووریە، ئێـران و عێـراق دا دابـەش کراوین".[732]

هەروەها (دانیال میتران) سەبارەت بەمە دەڵێ: "قاسملوو لەپێناوی وە دەسـت هێنـانی پشـتیوانیی وڵاتـە دیموکراتـەکانی ئـەوروپا

---

[731] بڕوانە: (د.عبدالرحمن قاسملوو: شەڕی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەو شەڕە...، ل17.

[732] کوردستان لەڕاگەیێنە گشتی یەکاندا، س. پ، ل12.

بەمەبەستی بەرەو پێش بردنی ئەو خەباتە، زۆر تێ کۆشا، بەڵام بەداخەوە دیموکراسییەکانی ئەوروپا بایەخێکی ئەوتۆیان بەمەسەلەکە نەدا. قسەکانی قاسملوو لە دوا دیدارمان لەپاریسدا هەر لەگوێم دا دەزرینگێتەوە. ئەو بە نارەحەتییەوە گوتی: چیت عەرز کەم خانمی بەڕێز، چونکە ئێمە خەڵکی بێ تاوان بە بارمتە ناگرین، لەفڕۆکە رفاندن خۆ دەپارێزین و پەنا نابەینە بەر تیرۆریزم، زۆر بەکەمی باسمان دەکەن. وڵاتە ڕۆژئاواییەکان کە ڕۆژ نیە بەردی دیفاع لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە سنگیان نەدەن و قسە لەخەبات بەدژی بنیاتگەرایی نەکەن، کردەوەو قسەکانیان دوورن، ئەوان نەك هەر پشتیوانمان لێ ناکەن، بەڵکوو سەبارەت بەو کوشتارو قەڵاچۆیانەی لە نیشتمانی کوردەکاندا بەڕێوە دەچێت، ئازایانە بێ دەنگیان کردۆتە پیشە".[733]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا قاسملوو لەهەوڵە دیبلۆماسییەکانی خۆی لەگەڵ ولاتانی ئەوروپا درێخی نەکردووەو بەردەوام لەم ڕێگایەوە خەباتی سیاسیی درێژە پێ داوە، هەروەکوو بۆخۆی دەڵێ: "بۆ ئێمە گرنگە، کە لەدەرەوە وێنەیەکی دروستی جووڵانەوەی کورد بەخەڵکی ئەوروپا بدەین و تێیان بگەیەنین کە کورد تیرۆریست نین، مەسەلەن حدکا نەك هەر قەت تیرۆری نەکردووە، قەت بارمتەی نەگرتووە، تەیارەی نەڕفاندووە، بەڵکوو بەپێچەوانە زۆر جاریش یارمەتیی داوە بەئازادی

---

[733] قسەکانی دانیال میتران لە پەرلەمانی ئینگلستاندا، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (207)، ڕەشەمەی 1372هـ- مارسی 1994ز، ل14.

پارمتـــەکان و حیزبێکـــی دیموکراتـــەو ئیحترامـــی بـــۆ دیموکراســـی هەیە".[734] هەر لەم بارەیەوە درێـژەی پـێ دەداو دەڵـێ: "دەتوانم بڵێم کە ڕۆژ بەڕۆژ مەسەلەی کورد باشتر لەدەرەوە دەناسرێو ئەوەنـدە کـە باشـتر دەناسـرێ ئەوەنـدەش زیـاتر سـەرنج و پشـتیوانیی گـەلانی ئەورووپا بۆ لای جووڵانەوەی کورد ڕادەکێشرێ".[735]

بۆیە دەبینین هەوڵەکانی قاسملوو لەخەباتی دیبلۆماسی دەرەوەیدا بـۆ بەنێونەتـەوەیی کردنـی کـوردو ناسـاندنی جووڵانـەوەی کـورد بەبیروڕای گشتیی جیهان لـە دواساتەکانی ژیانی ڕووناکیی زۆری لێ بـــەدی دەکـــرا، بەتایبـــەتی کەپێشـــتر قـــاسملوو لەلایـــەن وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە ڕێگای پێ نەدەدرا سەردانی فەرمیی ئەو وڵاتە بکاتو داوا کارییەکانی کورد بخاتە ڕوو، بەڵام لەدوا ساتەکانی ژیـــانی دا بەفـــەرمی لەلایـــەن وڵاتـــە یـــەکگرتووەکانی ئەمـــەریکاوە بانگهێشـــت کرابـــوو بـــۆ ئـــەوەی داواکارییـــەکانی بزووتنـــەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد بخاتـە ڕوو، بەداخـەوە مـەرگ دەرفـەتی ئـەم هیـوا لەمێژینەیەی پی نەدا.[736]

لەمەش گرنگتر هـەر لەئـەنجامی هـەوڵ و تێکۆشـانەکانی قاسملوودا بوو، کەلەدوای مەرگی ئەو لـەڕۆژەکانی (14و 15ی تشـرینی یەکـەمی 1989) دا کۆنفرانسێکی نێو نەتـەوەیی بەنـاوی (کـورد، مـافی مرۆڤو

---

[734] وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ سکرتێری گشتی حیزب د.قاسملوو، س. پ، ل3.

[735] هـ. س، ل3.

[736] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵلا حەسەن زادە)، کۆیە، 2005/9/3.


www.pertwk.com

کەسایەتیی فەرهەنگی ئەوان) لەشاری پاریس بەستراو پێشکەش بەیادی د.قاسملوو کرا.[737]

لێرەدا پێویستە بڵێین، کەپەیامی قاسملوو بۆ کۆمەڵەو حیزبە نێو دەوڵەتییەکان زۆر کاریگەرو بەنرخ بوو، لەبەرئەوەی هەر پەیوەندییەك کەلەنێوان حدکاو ڕێکخراوو حیزبە نێوخۆیی و نێو دەوڵەتییەکان هەبووبێت، ئەنجامی کاردانەوەی بەرگری کردن و بەرنامەی حدکا نەبووە، بەڵکوو ئەنجامی لێزانی و ڕەچاوکردنی باری کەلتوری و سیاسیی ولاتانی خۆرهەلات و خۆرئاوا بووە، کە قاسملوو زۆر زیرەکانە کاری لەسەر ئەم بابەتانە دەکردو، توانی وێنەیەکی ڕاستی حیزبی دیموکرات بەجیهان نیشان بدات.

بۆیەش زۆربەی ئەو کەسانەی لەبارەی د.قاسملووە وە دووان، قاسملوویان بە دیبلۆماتێکی شارەزاو کارامە ناوبردوە، چونکە تێکۆشان لەچەندین بواردا قاسملووی کردبوو بە دیبلۆماتێکی شارەزا جگە لەقسە خۆشی، قسەزانی و زانینی چەند زمانی زیندووی جیهان، دیفاع لە قازانجەکانی کورد بەگشتی، پاراستنی

---

[737] کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (154)، ڕەزبەری 1368- ئۆکتۆبەری 1989، ل20؛ بۆ زیاتر بڕوانە: (کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (155)، خەزەلوەری 1368هـ- نوامبری 1989، ل1-3، 6).

سەربەخۆیی و پەیداکردنی دۆست لەسەرانسەری جیهاندا خاڵی بەهێزی دیبلۆماسییەتی د.قاسملوو بوون.[738]

لەم بارەیەشەوە (د.صادق شەرەفکەندی) سکرتێری پێشووی حدکا وتویێتی: "خودی د.قاسملوو چەندین مانگ لەمەیدانی خەباتی کوردستان دوورکەوتۆتەوەو هەوڵی داوە بۆ ئەوەی زیاتر رووبکاتە تێکۆشانی نێونەتەوەیی لە دەرەوەو ناساندنی کێشەی کورد پێ یان.[739]

هەروەها عەبدوڵڵا حەسەن زادەش وەك سکرتێری پێشووی حدکا لە جەژنی 67 ساڵەی لەدایك بوونی قاسملوودا، دەڵێ: "بەڕاستی دەڵێم حیزبی ئێمە (مەبەست حدکایە) یەکێك لەباوەڕپێکراوترین حیزبە کوردستانییەکانە لەئاستی نێو نەتەوەیی دا، هەر لەوکاتەدا دەتوانم بڵێم بەربڵاوترین پێوەندیی نێونەتەوەییشی هەیە. ئەوەش

---

738 مستەفا مەعرووفی: بەبۆنەی 16 ساڵەی شەهید بوونی د.قاسملووی نەمر، بەشی یەکەم، ئاسۆ (ڕۆژنامە)، ڕۆژنامەیەکی سیاسییە، دەزگای پەخش و وەشاندنی خەندان دەری دەکات، ژمارە (113)، پێنجشەممە 2005/7/14، ل6.

739 پەیامی هاوڕێ سکرتێری گشتیی حیزب لە زانستگای سۆربۆنی پاریس، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (163)، گەلاوێژی 1369هـ- ئووتی 1990ز، ل3.


www.pertwk.com

هەر دەبێ بە دڵنیاییەوە بەئەنجامی کارو کۆشش‌و شوێنەواری کەسایەتیی نێو نەتەوەیی د.قاسملوو دابنێین". [740]

ئەمانەش لەڕۆژی بەخاك سپاردنی د.قاسملوودا زیاتر دەرکەوتن، کاتێك چەندین کەسایەتیی ناوداری ئەوروپایی ئامادەی مەراسیمەکە بوون، وەکوو (برنارد کوشنر وەزیری تەندروستی‌و کاروباری مرۆڤایەتی لەفەرەنسا)و (لینویل ژۆسپەن)و (برنارد گرانژون سەرۆکی ئیفتخاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان)و (فلورەنس فریدریك)و (میشیل بۆتۆ)و زۆر کەسی دیکە. [741]

بۆیە دەتوانین بڵێین هەرچەندە خەبات‌و تێکۆشانی دیبلۆماسیی قاسملوو لەدەرەوەی کوردستان‌و جیهاندا، وەك پێویست نەبووە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی بڕیار بەدەست‌و کۆڕو کۆمەڵە نێو دەوڵەتییەکان نەیانویستووە بەکردەوە پشتیوانی لە کورد بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قاسملوو توانی پشتیوانیی چەندین سیاستمەدارو مرۆڤ دۆست‌و ڕووناکبیری ئەوروپا بۆ گەلی کورد بەدەست بێنێت.

---

[740] عبداللە حسن زادە: دوو جێژن، دوو وتار لەسەرەتاو کۆتایی کۆنگرەدا- جێژنی 67 ساڵڕۆژی لەدایك بوونی د.قاسملووی نەمر، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (253)، بەفرانباری 1376ه- ژانویەی 1998ز، ل3.

[741] بۆ زیاتر بڕوانە: (د.قاسملوو لەڕوانگەی کەسایەتیە ڕۆژئاواییەکانەوە، کوردستان (ڕۆژنامە)، ئۆرگانی ناوەندیی حدکا، ژمارە (272)، 13ی تەموزی 1999ز، ل8).



www.pertwk.com

# ئەنجام

**لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:**

1- د.قاسملوو لەسەرەتای تەمەنی لاوییەوە، لەپاڵ قۆناغەکانی خوێندن، خەباتی سیاسی لەنێو ڕێکخراوە پیشەییە کوردییەکانی وەکوو (یەکێتیی لاوانی دێموکرات، سازمانی خوێندکارانی توودەو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا) دەست پێ کردووە.

2- د.قاسملوو لەبیروباوەڕیدا مارکسی بووەو لە ساڵانی 1948-1968 بۆماوەی نزیك بە (20) ساڵ ئەندامێکی چالاکی حیزبی توودەی ئێران بووە، لەهەمان کاتدا ساڵی 1953- 1960 لەنزیکەوە وەك ئەندامێکی ڕێبەری حدکا، خەباتی سیاسیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد درێژە پێداوە.

3- د.قاسملوو کەسێتیەکی بەهێزی هەبووە، چ لە کوردستانو چ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی، چونکە کەسێتیەکەی دەرهاویشتەی کلتوری ڕۆژهەلات بەگشتیو ئەورووپای ڕۆژهەلات بەتایبەتی بووە،


www.pertwk.com

بۆیە لەهەوڵ و تێکۆشانی ژیانی و ڕۆڵی سیاسیی لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، بەرز سەیر کراوە لەلایەن خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و ئێران و جیهان بەگشتیی.

4- د.قاسملوو وەك ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕۆڵی دیاری بینیووە لە گەشەپێدانی بزووتنەوەی سیاسیی و چەکداری لە کوردستان لەماوەی دەسەلاتداریێتی ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران، بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی 1970 تا 1978 لەهەوڵی بەردەوامی خەباتی سیاسی دابووە، بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد لە چوارچێوەی دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.

5- د.قاسملوو دە ساڵی کۆتایی تەمەنی تەرخان کرد، بۆ درێژەپێدانی خەباتی سیاسیی و دیبلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەدرێژایی سالانی 1979- 1989، وەك ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ڕۆڵی خۆی نواندو توانا و شارەزایی و لێوەشایی دەرکەوت لەسەرکردایەتی کردن و ڕێکخستن و کۆکردنەوەی جەماوەری ڕۆژهەلاتی کوردستان و سوود وەرگرتن لێیان بۆ خەباتی چەکدارانە دژ بەڕژێمی ئێران.


www.pertwk.com

6- د.قاسملوو لەپاڵ خەباتی چەكداری، پەرەی بە خەباتی سیاسیی و دیبلۆماسی داوە دژ بەڕژێمی ئێران لەپاڵ پارتە نەیارەكانی ئێرانی، كە خەباتی لە ئەنجومەنی نیشتمانی بەرگری پەرەپێداوەو هەروەها بەردەوام لەهەوڵی پێكهێنانی بەرەیەكی یەكگرتووی نیشتمانی لەسەرانسەری ئێران بووە. لەپاڵ ئەمەش دیبلۆماسیەتی خۆی پەرە پێداوە لەگەڵ پارتە كوردییەكان لەسەرانسەری كوردستان و لەگەڵ زۆربەیان پەیوەندی هاوكارانەو دۆستایەتی دامەزراندووە.

7- د.قاسملوو لەبیركردنەوەو داهێنانی دا زیاتر لە بیست ساڵ پێش نەتەوەكەی كەوتبوو، ئەمەش دوای هەرەسی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی دەركەوت كە ئەو سەركردەیە چەند وردبین و دووربین بووە لەبیركردنەوەو لێكدانەوەی دۆخی سیاسی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و جیهان.

8- د.قاسملوو لەگەڵ هەموو تەقەلاكانیدا نەیتوانی ببێتە هەڵگری ستراتیژێكی نەتەوەیی سەرانسەری بۆ كوردستان، بەڵكو دروشم و ستراتیژی زێتر خۆبەستنەوە بووە بەئێران و لەوسیاسە تەشیدا نەیتوانی هێزە بەرهەڵستكارە ئێرانیەكان بكاتە دۆستی كوردو دان بەمافە ڕەواكانی خەڵكی ڕۆژهەلاتی كوردستاندا بنێت. ئەم

سیاسەتەی قاسملووش وەك سیاسەتی هەریەكێك لەسەركردەی حیزبە كوردستانیەكانی دیكە وابوو، كەهیچ یەكێكیان بەجەڕاندنی مەسەلەی كورد لەو وولاتانەدا سەركەوتنیان بەدەست نەهێنا.

9- د.قاسملوو لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا توانیبووی ببێتە دیپلۆماتێكی گەورەو تەقەلاكانی سەرجەم بۆ ناسینی مەسەلەی كوردو هاوكاری كردنو داننان بوو بەچارەنووسی دوواڕۆژانەی کورددا، بەڵام سیاسەتی بەرژەوەند پەرستانەی گەورە دەوڵەتان گەلێك لەوە گەورەتر بوو وەك لەوەی بڕیارێكی سیاسیانە سەبارەت بەچارەنووسی كورد بدەن.

10- د.قاسملوو لەخەباتی سیاسیو دیبلۆماسی لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كورد، هەوڵی داوە پەیوەندی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەكانی دابمەزرێنێتو لەم بوارەشدا پەیوەندی هەبووە لەگەڵ (عێراق، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی فەڵەستینو كۆماری دیموكراتی یەمەن). هەروەها پەرەی بە خەباتی دیبلۆماسی داوە لەسەر ئاستی جیهان بۆ ناساندنی كێشەی كورد بەبیروڕای گشتیی جیهانو لەم بوارەشدا پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ (سۆسیال دیموكراتەكانی ئەوروپا،

فەرەنسا و چەندین پارت و ڕێکخراوو کەسایەتی دیاری وڵاتانی ئەوروپا) هەبووە.

11- د.قاسملوو قوتابخانەیەك بووە بۆ مرۆڤایەتی و هەستی نەتەوەیی، ئەو گۆڕانکارییانەی کە هێنایە نێو حدکاو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر کاریگەر بوون، بەڵام بەهۆیەوە لەساڵانی 1980- 1988 ڕووبەڕووی ململانێ و دووبەرەکی نێوخۆیی بۆوە، کە قاسملوویان بەرەو لاوازی برد شان بەشانی گۆڕانە نێوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکان، بەتایبەتی وەستانی شەڕی عێراق- ئێران لە 1988/8/8، چونکە بەرەو سیاسەتێکی نادرووستیان برد، سیاسەتێك بۆ گفتوگۆو دانوستان لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە ئاکامەکەی بە تیرۆرکردنی قاسملوو لە 1989/7/13 لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کۆتایی پێهات.

12- د.قاسملوو دوای زیاتر لە (40) ساڵ خەباتی سیاسی و (20) ساڵ ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن ڕژێمی ئێران تیرۆرکرا، بەڵام تیرۆرکردنی لە زۆر ڕووەوە شوێنەواری گەورەی لەدوای خۆی جێهێشت، جگە لەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێك لەڕێبەرە لێوەشاوەکانی خۆی لەدەست داو حـدکای تووشـی لاوازی بوویـەوە، بـەڵام لەلایـەکی دیکـەوە تیرۆرکردنی لەڕاکێشانی هەستی هاودەردیو هاوپێوەندیی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، شوێنەواری یەکجار بەرچاوی داناوە.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم: کتێبەکان بەزمانی کوردی:**

**ئەحمەد بانیخێڵانی:**

1) بیرەوەرییەکانم، سوید- ستۆکهۆڵم، 1997.

**ئیبراهیم جەلال:**

2) خـوارووی کوردسـتانو شۆڕشـی ئـەیلوول بنیاتنـانو هەڵتەکانـدن 1961- 1975، چ3، چـاپخانەی ژیـار، سلێمانی، 1999ز.

**ئۆریانا ڤالاچی:**

3) گفتوگـۆ،" ئیمـام خومـەینی، مەهـدی بازرگـان، سـەرهەنگ قـەزافی، شـارۆن، لێخفالێسـا، راکۆفسـکی، محمـد ڕەزا پەهلـەوی (شـا)"، و. محەمـەد جـەواد مسـتەفا، لـەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2000.

**پیتر پیلچ:**

4) ئیسکۆرت بەرەو تاران، د. قاسملوو چۆن بەرەو مەرگ رکێش کرا، و. لەئەڵمانیەوە: حەسەن ئەیوب زادە، چ1، ب. س، ب. ش.

**جەلیل گادانی:**

5) 50 ساڵ خەبات، ب1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، ب. س.

6) 50 ساڵ خەبات، ب2، چاپخانەی هیوا، ڕانیە، 2004.

7)بانەبێتە درۆی پاش مردو، ب. س، ب. ش.

**جەمال نەبەز:**

8) ئێستەو پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لەبەر گڕی ئاگری جەنگی عێراق و ئێراندا، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆڵم، 1989.

**ح. ماردین:**

9) چەپکە بۆچوونێك لەسەر گەورە شەهیدی گەلی کورد د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، چ1، سوید، زستانی 1994.

**حاجی حسین حداد:**

10) کوا ئاوێنەی ڕاستی یەکان؟، ب. ش، سەرماوەرزی 1380هـ- نوامبری 2001ز.

**درك کینان:**

11) کوردو کوردستان، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 1999.

**دیڤید ماکداوڵ:**

12) مێـژووی هاوچـەرخی کـورد، و. ئەبوبـەکر خۆشـناو، ب2، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی 2003.

ڕامین جەهانبە گلو:

13) مۆدێرنیتـــە، دیموکراســـی و ڕۆشـــنبیران، و. موســـڵح ئیروانـــی و مـــراد حـــەکیم، چ1، چـــاپخانەی وەزارەتـــی پەروەردە، هەولێر، 2002.

سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر:

14) یـەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتان، دامەزرانـدن و دەسـت پێکردنەوەی شۆڕش 1975-1976، سلێمانی، 2002.

سەعید کاوە "کوێستانی":

15) ئاوڕێـك لەبەسـەرهاتی خـۆم و ڕوداوەکـانی نێـو حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب. ش، ب. س.

سەید ڕەزا درووودگەر

16) کورتەی ژیانی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـران 1324-1384ه/ 1945-2005ز، لەبڵاوکردنـەوەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یادی 60ساڵەی دامەزراندنی حزب، 1384ه.

سەید عەلیی ڕەحمانی:

17) بەشێك لەبیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ژیـانم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، 2005.

سعید یزدان پناە:

18) یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان باشتر بناسین، ب. س، ب. ش.

**گوینتەر دێشنەر (دکتۆر):**

19) کورد، گەلی لەخشتەبراوی غەدرلێکراو، و. محمد کریم عارف، چ2، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1999.

**عبدالرحمن قاسملو (دکتۆر)و عبدالله حسن زادە:**

20) کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چ1، کۆمسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، 1381هـ- 2002ز.

